# خەبات
# بەرەو سەرکەوتن

دیدارێک لەگەڵ ئیبراهیمی عەلیزادە تایبەت بە
مێژووی کۆمەڵە و کوردستانی ئێران و بزووتنەوەی چەپ

بەرگی دووەم

چاپی سێیەم

بەهمەنی سەعیدی

2012




ناوی کتێب: خەبات بەرەو سەرکەوتن – بەرگی دووەم
ئامادەکار: بەهمەنی سەعیدی
چاپی یەکەم:کوردستان – 2009
چاپی دووەم: سوید –2009
چاپی سێیەم: کوردستان – 2012
چاپ: ئینتیشاراتی ناوەندی کۆمەڵە
ساڵی چاپ: 2012
نرخی هەردوو بەرگەکە:10.000دینار

لەبڵاوکراوەکانی کۆمەڵە
ڕێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران

# کۆنگرەی دەیەمی کۆمەڵە
# ٢٠٠٢ (زرگوێز)

# کۆنگرەی (١٠)ی ڕێکخستنەوەی کۆمەڵە
# -٢٠٠٢- زرگوێز

**×کۆنگرەی (١٠) وەکو وخۆتان ڕاتانگەیاندووە لە (٢٨)ی پوشپەر تا (٤)ی گەلاوێژی (١٣٨١) بەرامبەر بە (١٨ تا ٢٥)ی ژوییەی (٢٠٠٢) جارێکی دیکە لەزرگوێز بەرێوەدەچێ و (٣١) کەس بۆ کۆمیتەی ناوەندی تازە و(٧) کەسیان ژنن بەشداریدەکەن، ئەگەر پێمبلێیت کۆنگرەی (١٠) دیارە جیاوازییەکی تایپەتی هەبوو، لەو سەرو بەندەدا کە ئینشعاب ڕوویدا بوو لەناو کۆمەڵەداو کۆمەلەی جارێکی دیکە تووشی کۆمەڵێک کێشەو گرفت کردبوو، ئەم کۆنگرەیە بۆ ئەوەبوو کە ئێوە بتوانن جارێکی دیکە خۆتان ڕێکخەنەوەو ئەو ئینشعابەی کە کرابوو پێتانەوە دیار نەبێ، بەحس و نەزەراتی تازە لەرووی فیکرییەوە چی بوو و ئەو ئینشعابو کێشانەتان چۆن دایە بەر لێکۆلینەوەو تاچەند کاریگەری لەسەر کۆمەڵە هەبوو و ئەو کۆنگرەیە تاچەند بەبەراورد بەکۆنگرەکانی تر جیاوازتر بوو، بەحسەکانی چڕ و پرتر بوو و سەرکەوتوو تر بوو؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: کۆنگرەی (١٠) بۆ ئێمە دوو تایبەتمەندی هەبوو، تایبەتمەندیەکی ڕێکخراوەییو تایبەتمەندیەکی سیاسی، کۆنگرەی پێشووتر، واتە کۆنگرەی (٩) بەهۆی ئەو جیابوونەوەیەی کەتێیدا ڕوویــدا، زۆر لەژێر کاریگەری کەشوهەوای جیابوونەوەدابوو. لەم کۆنگرەیەدا ئەو جۆرەی کە پێویست بوو نەپەرژاینە سەر مەسەلە سیاسییە گرنگەکانی ئەو سەردەم،زۆرترین هەولەکان رووی لەدەربازکردنی کۆمەڵە للەو کێشەدا بوو کەتووشیبوو،لەکاتی بەرێوەچوونی کۆنگرەی(١٠)دا تەپوتۆزی ئەوهەلومەرجەی ئەوکات نیشتبۆوەوئێمە مەجالی

ئەوەمان بۆ پەیدابوو کە لەکەشوهەوایەکی ئارامتردا وەڵامی مەسەلە سیاسییەکانی سەردەم بدەینەوە. ڕێکوپێکیو ئامادەیی ڕێکخراوەی باشترمان هەبوو، دوو ساڵ دوای جیابوونەوەیەک کەلە کۆمەڵەدا ڕوویدابوو، ئیمکانی ئەوە پەیدا بوو کە ئینسجام و بەردەوام بوونی خەتی کۆمەڵە دوای ئەو جیابوونەوەیش لە مەحەک بدرێتەوە. بەخۆدا هاتنەوەو تەسبیتکردنی سەرجەمی خەت و جیهەتی خۆمان، ئەوە تایبەتمەندی ڕێکخراوەی کۆنگرەی (١٠) بوو.

تایبەتمەندی سیاسییەکەی هەڵدەگەڕێتەوە بۆ هەلومەرجێکی سیاسی کە ئەوکات لە ئێران لەکایەدا بوو. ئەوە هاوکاتە لەگەڵ بەڕێوەچوونی پرۆژەی ئیسلاحاتی حکومەتی لەئێران. بەشێک لەو پرۆژەیە ڕووی لە کوردستان بوو، ڕیفۆرم خوازەکانی حکومەتی هەولیاندا ڕێگایەکی تایبەت بەخۆیان بدۆزنەوە بۆ ئەوەی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان بێننە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان. داخوازییەکانی خەڵکی کورد تا ئاستی چەند ڕیفۆرمێکی فەرهەنگی و چەند ڕیفۆرمێکی ئیداری دابشکێنن. خەڵکی کورد لەرابوردووی خۆی و خەباتێک کە کردوویەتی پەشیمان کەنەوە. هەستی ڕەنج بەخەساری و بێ حاسلی خەباتێک کەتائەوکات لەژێرڕێبەری حزبە سیاسییەکانی کوردستان بەڕێوەچوو بوو، پەرەپێبدەن. وا بنوێنن کە گوایە ئازادی لەکوردستان دەتوانێ لە ئاکامی ڕیفۆرم لەژێر چاوەدێری دەزگای دەسەڵاتداردا بەدیبێت، ڕەوتی شۆرشگێر لە بزووتنەوەی کوردستاندا، بەتاق بخەنەوە. لە هەمانکاتدا دەیانویست بەدەسەڵاتدارانی باڵی توندڕەوی ڕژێمیش نیشانبدەن کە ئەوان دەتوانن لەڕێگایەکی نوێیەوە، جیاواز لەوەی کە تا ئەوکات ڕژێمی ئێران پەیرەویکردبوو، بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان کۆنترۆڵکەن، لەباری بەرن. کۆنگرەی ئێمە دەبوایە وەڵامی ئەو هەلومەرجە نوێیەی داباوە.

ئەگەر پرۆژەی ئیسلاحاتی ڕژێم لەسەردەستی خاتەمیو

هاوبیرانی لەئاستی ئێراندا لایەنگرانێکی هەبوو، لە کودستانیش کەم نەبوون ئەوانەی کەمو زۆر دلیان بە ئاکامی ئەو پرۆژەیە خۆشکردبوو. تەنانەت دەتوانم بلێم تارادەیەک کاریکردبووە سەر بۆچوونەکانی ئۆپۆزسیۆنی کوردیش. هەلوێستەکانو تەبلیغاتو رادەربرینی ئەو کاتی ئەو حزبانە، نیشاندەدات کەخۆشباوەری بەرانبەر بەم رەوتە لە ناو ئەوانیشدا کەم نەبووەو سیاسەتەکانیان کەوتۆتە ژێر کاریگەری رەوتی ئیسلاحاتی حکومەتی.

کۆنگرەی (١٠)ی کۆمەلە بۆ ئێمە فۆرسەتێک بوو بۆئەوەی کە خوێندنەوەی خۆمان بۆ ئەو وەزعە بەیان بکەین. وەلامی پێویست بۆ هەرکام لەم بوارانە کەپرۆژەی ئیسلاحاتی رژێم رووی تێکردبوو، بدەینەوە دەبوایە وەلام بەو مەسەلانەی کەلەرابوردوودا وەلامیان وەرگرتبووەوە لەم روانگەیەشەوە جارێکی دیکە وەلامیان پێبدرێتەوە. ئەگەر لە پەسەندکراوەکانی ئەو کۆنگرەیە وردبنەوە دەبینین کە هەولمانداوە تێیاندا سنووری خۆمان لەگەل ئەو پرۆژەیە لەهەموو بوارێکدا هەر لەرێگای چارەسەری کێشەی نەتەوایەتییەوە بگرە هەتا خەباتی چەکداری، هەتا بوارەکانی خەباتی ژنان، خەباتی کرێکاران سنووری خۆمان لەگەل ئەم پرۆژەیە دیاریبکەین و رێگای بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی خەلکی کوردستان، دیاریبکەین.

## تەشکیلاتی نهێنی بەشداری کۆنگرە دەکەن

**×لەو کۆنگرەیەدا نوێنەری تەشکیلاتی نهێنی شارەکانیش بەشداربوون، هەمووجار لەکۆنگرەکاندا تەشکیلاتینهێنی ناوشارەکان بەشدارئەبن، تاچەند زەحمەتە پەرینەوەیان لە سنوورو لێرە لەسەیتەرەکانو تاچەند مەترسی ئەوەیان هەیە ئاشکرا بن، ئەم کێشەیە بەردەوام لەکۆنگرەکانی ئێوە هەن تائێستا چۆن چارەسەرتانکردووەو کێشەو گرفتەکانی چۆنە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: بە بۆنەی وەڵامی ئەو پرسیارەی ئێوەوە، دەمەوێ ئاماژە بۆ دوو گرفتی خۆمان لەهێنانی نوێنەرانی بەشی نهێنی بۆ کۆنگرەکانمان بکەم. یەکەم گرفت ئەوەیە کە بە هۆی هەلومەرجی کاری نهێنی، ئیمکانی ئەوە نییە کە ئەندامانی ئەو بەشە لە دەوری یەک کۆببنەوەو یان بەشێوەیەک لەشێوەکان هەڵبژاردن بکەن، نوێنەرانی خۆیان بۆ بەشداری لەکۆنگرە دەستنیشان بکەن. هیچ ڕێگایەک نییە غەیری ئەوەی کە کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە یان کۆمیتەی سەرپەرشتکاری تەشکیلاتی نهێنی خۆی، ئەو کەسانە دەستنیشان بکاتو دەعوەتیان بکات. ئەوەش هەمیشە ئەو پرسیارە دەهێنێتە گۆڕێ کەچەند کەس دەعوەت بکات؟ بە پێی سوننەت تائێستا هەولدراوە بەپێی هاوسەنگیەکی مەنتقی ئەو ژمارە دیاریبکرێ و دواجار سەرجەم بابەتەکەو مەسەلەی خاوەن دەنگبوونی یەکە یەکەی ئەو کەسانەی کە بانگکراون لە کۆنگرەدا یەک لایی بکرێتەوە. ئەوە کارێکە کە هەمیشە لەسەرەتای هەر کۆنگرەیەکدا جێبەجێدەکرێ. مەعمولەن ئەو ژمارەیەی کە دەعوەت دەکرێنو دەتوانن خۆیان بگەیەننە شوێنی کۆنگرەکان زۆر کەمترە لە وەزنێکی واقیعی کە تەشکیلاتی نهێنی ئێمە بوویەتی.

گرفتی دووهەم: گرفتی ئەمنیەتییە. ئەوە بەلامانەوە گەلێک گرنگە کە بەهۆی بەشداربوونیان لە کۆنگرەدا ئەمنیەتیان نەکەوێتە مەترسییەوە. هەولمان ئەوەیە ئەو کەسانەی کە دێن بۆ ئێرە لەرێگەی ئاساییەوە بێن، لەرێگەی ئێمەوە نەیەن. وەکو هەر هاوڵاتییەکی کوردی ئێران کە دەیهەوێ سەفەر بکات بۆ کوردستانی عێراق، بە قاچاغ بێ یان بە ئاشکرا، وەکو خۆی ئیمکاناتی هاتنەکەی ئامادە دەکاتو سەفەرەکەی بکات. بەهۆی خزم و کەسیانەوە، بەهۆی ئاشناو رۆشنایانەوە، بەبیانووی مەعامەلەوە و رێگای دیکەی لەو چەشنە. تائێستا زۆر کەم واهەبووە کە کەسێکی ئێمە بەهۆی بەشداری لە کۆنگرەوە

لەکاتی گەرانەوەیدا و لە ئێران گرفتێکی ئەمنی بۆ پێش هاتبێ.

**× هەر لەو برپارنامەیەدا کۆنگرە راتانگەیاندووە "کە کۆمەڵگای ئێران تینووی ئاڵوگۆڕە، بورژوازی و رژێمی ئیسلامی بەهەموو تواناوە هەولدەدەن ئەو ئەزمەیە ئێستا بەقازانجی خۆیان چارەسەر بکەن. پرسیارەکەی من ئەوەیە پاش چەند ساڵ لەم قسانە هێشتا ئاڵوگۆر پێکنەهات، ئەوەی کە خەڵک تینووی ئاڵوگۆڕە، کێ بەرپرسە لەوەی کە ئەو ئاڵوگۆڕە پێکنەهات؟ ئێوە وەکو هێزە سیاسییەکان؟ یان جەماوەر بەرپرسە لەوەی کە خۆپیشاندان و ئەو ئاڵوگۆڕەی پێکنەهێناوە یان ئێرانە رێگەی لە هەموو ئەوانە گرتووە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: کۆمەڵگا هەرکات ئێمە ویستمان، یان بڵێین تەنیا لەرووی هەولی ئێمەوە پێ نانێتە دەورەیەکی شۆرشگێرانەوە، لە سەد ساڵی رابوردوودا کۆمەڵگای ئێران تەنیا (٣) جار مەجالی ئەوەی بۆ رەخساوە کە ئاڵوگۆڕی سیاسیو کۆمەڵایەتی جدی تێدا پێکبێت. ئەوەی کەجەماوەر تینووی ئاڵوگۆرە هێشتا وەڵامی ئەوە ناداتەوە کە کەی دەتوانن ئەو ئاڵوگۆرە پێکبێنێ. ئێمە دەتوانین کۆمەڵگا لەو هەلومەرجە نزیککەینەوە، دەتوانین لەرەوتی ئەو نزیککردنەوەدا یارمەتی بدەین کە ژیانی خەڵک باشتر بێ، بەڵام کەس ناتوانێ ئەوە دیاریبکات کە کۆمەڵگایەک کەی پێدەنێتە هەلومەرجێکی شۆرشگێرانەوە.

یەکێک لە ئامانجەکانی درێژە پێدانی شەر لەگەڵ عێراق لەلایەن رژێمی کۆماری ئیسلامییەوە سەرکوتکردنی پاش ماوەکانی شۆرشی ساڵی (١٩٧٩)ی ئێران بوو. رژێم توانی لەژێر سێبەری ئەو شەرەدا ئەو ئەرکەی خۆی بەئەنجام بگەیەنێ. دوای کۆتایی هاتنی شەر رژێم داوای لە خەلک کرد کە مۆڵەتی پێبدەن وێرانکارییەکان و ئاسەواری شەر لە کۆمەڵگای ئێران بسرێتەوە. رەفسەنجانی لە سەر بنەمای ئەم بەڵێنییە (٨) ساڵ حکومەتی کرد. نارەزایەتییەکانی جەماوەر ولاميان وەر نەگرتەوە. کۆمەڵگا هەروا

تینووی ئاڵوگۆڕ بوو و نارەزایەتییەکان پەرەیاندەسەند. پرۆژەیەکی تازە هاتەکایەوە، ئەویش پرۆژەی ڕیفۆرمی حکومەتی بوو.

خاتەمی وەعدەیدا کە سەرخانی سیاسی پێویست بۆ ئالوگۆڕی ئابووری پێکدێنێ. بەڵێنی کۆمەڵێک ڕیفۆرمی سیاسی بە خەڵکدا. جارێکی دیکەش جەماوەر ئەو دەرفەتەیان بەرژیمداو ئەویش (٨) ساڵ حکومەتی کردو ژیان لەکۆمەڵگای ئێراندا بۆ زۆرینەی خەڵکی ئەو وڵاتە ئالوگۆڕێکی ئەوتۆی تێدا پێکنەهات.

خەباتی جەماوەری کرێکاران، ژنان، خوێندکاران و خەبات لە کوردستان، پەرەیدەگرت. ڕیفۆرمخوازەکان بەرامبەر بەمەترسییەک کە لەئاکامی ئەو بزووتنەوانەدا هەرەشەی لەرژێمەکەیان دەکـرد، لەبەڵێنییەکانیان پاشگەزبوونەوەو چوونەوە باوەشی مەحافزەکارەکان. پێگەی کۆمەڵایەتی رژێم لە چوارچێوەی دەســتو پێوەندەکانو ئەو کەسانەی کە بەرژەوەندی خۆیان لەبەردەوامی رژێمدا دەدی، بەرتەسک بووەوە لەدەورەی ئەحمەدی نەژاد دا بەشداری خەڵک لەهەڵبژاردنەکاندا بە نزمترین ئاستی خۆی گەیشت و ئەحمەدی نەژاد لەشێوە کودەتایەکی سوپای پاسداراندا هاتە سەرکار. ئێستا خەڵک بە پانایی هەموو ئێران لە رژێم نارازییە. بەڵام بەدیلێکی جەماوەری بۆ ڕوخاندنی ئەو رژێمەو بۆ هێنانە سەرکاری رژێمێکی نوێ هێشتا شکڵی نەگرتووە. بۆ ئەوەی کۆمەڵگای ئێران پێ بنێتە دەورەیەکی شۆڕشەوە پێویستە هەم جەماوەر نەیانهەوێ بەشێوەی جاران حکومەتیان بەسەردا بکەن،و نەرژێم بتوانێ بەشێوی جاران حکومەتیان بەسەردابکات.

## جەماوەر دەبێ ئاڵوگوڕ پێکبێنێت

**×لەیەکێک لەباسەکانی کۆنگرەدا هاتنە سەر لێکدانەوەی مەسەلەی بزووتنەوەی کرێکاریو زۆر مەسەلەی تر، هەمیشە لە بەحسەکانی کۆنگرەدا ئەم مەسەلە پێشنیار ئەکرێ، پێتانوایە**

**گەیشتوونە ئەوەی کەڕێگا چارەی شیاوی بۆ بدۆزنەوە و لەڕێگای ڕێکخراوە ناحکومییەکانەوە کرێکاران لە کوردستان ڕێکبخەن و بتوانن دەور و نەقشێکی جدیتان هەبێ. لەو مەسەلەدا، یان ئەمانە تەنها کاری شکڵی کۆنگرەکانە کە بەردەوام ئەوتریتەوە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: گۆڕانکاری لەکۆمەڵگادا لەسەردەستی جەماوەر پێکدێت وجەماوەر ناتوانێ لە خەباتی نهێنیدا دەور و نەقشی خۆی بۆ ئەو گۆڕانکارییانە بنوێنێ. کەوایە هەلومەرج ئیستبدادی بێ یان کەشوهەوای سیاسی کـراوە بێ، هیچ ڕێگایەک نییە غەیری ئەوەی کەخەباتی ئاشکرای جەماوەری بۆ گۆڕانکاری شکلبگرێ. بۆ ئەو مەبەستەش جەماوەری خەڵک پێویستی بە ڕێکخراو بوون هەیە. ڕێکخراو بوون لەئاستی جەماوەریدا. پەرەپێدانی ڕێکخراوەی حزبی وەلاّم بەم پێویستییەناداتەوە. هەر بۆیە ئێمە لە هەموو کۆنگرەکاندا بەردەوام لەسەر پێویستی پێکهاتن و پەرەسەندنی ڕێکخراوە جەماوەریەکان پێدادەگرین. ڕاستەکەئیستبدادی سیاسی گەلێک ڕێگری لەمبابەتەوەدروستدەکات، بەلاّم لام وایە کەلەژێردەسەلاّتی ڕەشترین ئیستبدادیشدا دەتوانین مەجالی جۆرێک لە چالاکی عەلەنی بدۆزینەوە. پێموانییە کاری ئێمە لەم بواردا بێئاکام بووبێ. ئەگەر ڕێکخراوەی سەرانسەری و بەهێزیش پێکنەهاتبێ گەلێک ڕێکخراوەی مەدەنی، مەحەلی بۆ ئامانجی دیاریکراو پێکهاتوون کە دەوریان هەیە لەبەرەوپێشبردنی خەباتی خەڵک لە کوردستان. پتەوترکردنی کاری ڕێکخراوی نهێنی حزبی گەلێک گرنگەو بنچینەی چالاکی ئێمەیە، بەلاّم بۆ نزیککردنەوەی کۆمەڵگای کوردستان لە هەلومەرجێکی شۆڕشگێرانە، بۆ بەرەوپێشبردنی ڕەوتی خەباتی هەر ڕۆژەی خەڵک، ڕێگایەک نییە غەیری ئەوەی کە جەماوەر لە ڕێکخراوەکانی مەدەنیدا خۆیان ڕێکبخەن.

# خەباتی چەكداری تەنها ڕێگا نییە

**×بەحسێكی تر، مەسەلەی خەباتی چەكدارانەیە كە باس‌و خواستەكانی كۆنگرە بووە، هەمیشە قسە لەسەر ئەوە ئەكەن كە خەباتی چەكداری یەكێكە لەو چەمكانەی كەبەدەست كۆمەڵەوەیەولەهەركاتێكی پێویستدا بەكار دێن‌و مانای ئەوە نییە كە كۆمەڵە وازی لەخەباتی چەكداری هێناوە، بەڵام پرسیارەكەی من و هەم خەلكیش ئەوەیە واز نەهێنان چۆنە؟ وەختێك كە تۆ لە ماوەی (١٠– ١٥) ساڵی رابردوودا هیچ عەمەلیاتێكی چەكداری‌و كارێكی چەكداری ناكەی لە ناوخۆی ئێران و لەسنوورەكانەوەو تەنها لەئۆردوگایەكدان‌و بەشێك لەئەو ئینشعابانەی كەلەناو كۆمەڵەشدا روویـداوە زۆر كەس ئەیگەرێنەوە بۆ ئەوەی كە كۆمەڵە، یان ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی بووە بە حزبی ئۆردوگا نشین و بەپێچەوانەوە هیچ چالاكییەكی نییە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێستاكە باسی كۆنگرەی (١٠)ی كۆمەڵە دەكەین، زۆرترین باس لەسەر هەلومەرجی ئێستای خەباتی چەكداری لەكوردستان لەم كۆنگرەیەدا كراو بناغەی سیاسەتی تا ئێستاشمان لەم دەورەیەدا هەر لەسەر باس و پەسەندكراوەكانی ئەم كۆنگرەیە دامەزراوە.باسم بۆكردی كەكۆنگرەی(١٠)لە دەورەیەكدابەستراكەپرۆژەی ئیسلاحاتی دەورەی خاتەمی روویك ردبووەكوردستانیش‌وژمارەیەك ڕێفۆرمخوازی كورد كە زۆربەیان هەردەست‌وپێوەندەكانی حكومەت بوون لەكوردستان كەوتبوونە خۆوهەولیاندەدا كەخەلكی كورد لەرابوردووی خۆیان پەشیمان كەنەوە، هەستی رەنج بەخەساری لەنێویاندا پەرەپێبدەن و لەحزبە سیاسییەكانی كوردستان دووریانخەنەوەو پرۆژەی خۆیان بۆ ڕێفۆرم لەسەر ئەساسی جێ خستنی وەها بۆچوونێك بینابكەن. یەكێك لەو بوارانەی كە هێرشێكی تەبلیغاتی و رەوانییانكردبووە سەری، خەباتی چەكداری بوو. ئەوان بەردەوام بە خەلكیان

دەگوت کە بەهەڵەچوون ئەگەر رۆژێک لەرۆژان پشتگیرییان لەم شێوە خەباتەکردووە. ئەم بۆچوونە تەنانەت لە ناو هەندێک لە حزبە سیاسییەکانی ئۆپۆزسیۆن لەکوردستانی ئێرانو هەروەها هێزە سیاسییەکانی دۆست لەکوردستانی عێراق جێگەی خۆی کردبووەوە.

کۆنگرەی (١٠)ی کۆمەڵە لە هەموو بوارەکانداو بەتایبەت لە بواری خەباتی پێشمەرگانە لەکوردستاندا هەولیدا ئەو هێرشە ئێعلامی و سیاسیە بەرپەرچبداتەوە. کۆنگرە لەسەر مافی گەلی کورد بۆئەوەی بەمەبەستی بەرگری لە گیانو ژیانی خۆی بۆ بەدەستهێنانی ئازادی خۆی دەست بە چەک بەرێ پێیداگرتو جەختکردەوە کە ئەوە رژێمە دیکتاتۆر و سەرکوتگەرەکانن کەخەڵکی کوردستان ناچار دەکەن بۆ بەدەستهێنانی مافە سەرەتاییەکانی خۆیان دەست بۆچەک بەرن.هەروەها کۆنگرە بەلێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی کۆنکرێتی خۆی نیشانیدا کە ئەگەرچی خەباتی چەکداری لەکوردستان هەموو ئامانجەکانی خۆی نەپێکاوە، بـەڵام مۆقاومەتێکی شەرافەتمەندانەو سەربەرزانەیکردووە و ئەگەر ئەومۆقاومەتەی نەکردبایە،زیانی گیانی زیاتریشی بەردەکەوت. ئەگەر کوردستانی ئێران لەرووی ژمارەی ئێعدامکراوەکانی و لەرووی ژمارەی ئەو کەسانەی کەلە مەیدانەکانی شەری ئێران و عێراقدا گیانیان لەدەستدا، لەکاتێکدا رژێم نەیدەوێرا لەو ناوچەیە سەربازگیری بکات، بەراورد بکەین لەگەڵ باقی شوێنەکانی ئێران، خەسارەتی گیانی خەڵکی کورد لە هەردووڵا رووەو کەمتربووە.دەستکەوتە سیاسییەکانی ئەومۆقاومەتەش کەبزووتنەوەیەکی شۆرشگێرانەی لەکوردستان جەماوەری کردۆتەوەو سەرمایەی بەنرخی خەباتی لەوەوە داوییەتی بە جێگەی خۆی.

بەهەمووی ئەوانەوە ئێستاو لەسەر بنچینەی بنەمای ئەم باسانە ئێمە سیاسەتێکی روونمان بەرامبەر بە خەباتی چەکداری هەیە. لە

مەسەلەی خەباتی چەکداریدا پێویستە دوو لایەنی ئەو مەسەلەیە لێک جیابکەینەوە. یەکیان حزبی چەکدارە و ئەویتریان خەباتی چەکداریە لەکوردستان. حزب یان ڕێکخراوێکی دیاریکراو دەتوانێ لەهەر هەلومەرجێکدا بە پێی بڕیاری دەزگای ڕەهبەرییەکەی، چەکدار بێ. زەمان و شێوە، و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئەوبڕیارەخۆی دیاریدەکات.کەیوچۆنوبەچ شێوەیەک بەکاریدێنێ،بڕیارێکی ڕێکخراوەییە.بەڵام خەباتی چەکداری لەکۆمەڵگایەکی وەکوکوردستاندا،پەیوەندی هەیەبەپێویستییە سیاسییەکەی، پەیوەندی هەیە بەڕادەی ئامادەیی جەماوەر بۆ بەشداریکردن تێیداو بۆ پشتیوانیکردنی. خەباتی چەکداری لەوڵاتێک ناتوانێ لەسەر بنچینەی ئەوە دابمەزرێ کە داخوا وڵاتە پاڵدەستییەکەی هاوسنوور، سنوورەکانی بۆ دەکاتەوە یان نا؟ ئەگەر زەرورەتو ئیمکانی هەڵگیرسانی وەها خەباتێک لە وڵاتێکی دیاریکراو پێگەیشت، ئەوجار دەکرێ بیرلەوەش بکرێتەوە کە چۆن ئاسانکاری بۆ بکرێ، یان لەناکۆکی ئەموئەوبۆپەرەپێدانی کەڵکی دیاریکراووەربگیرێ.بەڵام ناکرێ هەڵگیرسان و یان کوژاندنەوەی بەسیاسەتو بەرژەوەندی لایەنیکی دیکەوە گرێ بدرێ کە بڕیاری بەدەستی ئێمە نییە.

خەباتی چەکداری لەکوردستانی ئێران بەدوای هێرشی کۆماری ئیسلامی لە (٢٨)ی گەلاوێژی (١٣٥٨)ی هەتاوی دەستیپێکرد، بەبێ ئەوەی گرێدرابێ بەسنوورکردنەوە یان سنووربەستنی دەولەتی عێراق. ئەو خەباتە پەرەیسەند،جەماوەری بۆوە و بە ئیعتباری زەرفیەت و هێزێک کە هەیبوو توانی تارادەیەک لەناکۆکییەکانی دوو دەوڵەتی ئێرانو عێراق کەڵک وەربگرێ. ئەگەر خەباتی چەکداری لەکوردستانی ئێران زەروری بێ، دەبێ بتوانێ بەبێ ئەوەی کە پشتی جەبهەیەکی لەوڵاتێکی پاڵ دەستی بۆ فەراهەم بێ، بتوانێ خۆی ئیدامە بەکارەکەی خۆی بدات. ئەگەر نەتوانێ ئیدامە بەکارەکەی خۆی بدا دیارە نەزەروریە

نەئیمکان پەزیرە. چونکە ئاخر ئەگەر شتێک زەرورەتەکەی بوو خۆناتوانی بڵێی مەسەلەن زەرورەتی کۆمەڵایەتی، زەرورەتی سیاسی بۆ خەباتی چەکداری پێگەیشتووە بەڵام بەداخەوە فلانە دەولەت کۆمەکم پێناکات. ئەگەر گەیشتووە دەبێ بتوانی بیکەی. لە ئامریکای لاتین لە کوبا، کێ پشت جەبهەیان بوو وەختێک فیدل کاسترۆ و یارانی دابەزین. بە هەر بەدبەختی و هەر رەنجێک بوو ئەسلەحەیان پەیداکرد، پشتی جەبهەیان دروستکرد، مەنتەقەی ئازادیان دروستکرد خەڵکیش بوو بە پشتیوانیان. لە "ڤیتنام"یش هەر وابوو، ئەوان کاتێک کە خۆیان بوون بەبزووتنەوەیەکی جەماوەری بەهێز توانیان لەیارمەتی شۆرەوی و چین بەهرەمەند بن.

**×بۆ ئێوە ئەوە ناکەن؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەوە دەبێ زەرورەتەکەی لەکۆمەڵگاکەدا پێکهاتبێ.

**×بۆ پێکنەهاتووە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: بوو، تاساڵی (١٩٨٤) هەبووە ناوچەی ئازادکراویش هەبوو، کۆنگرەی (١٠) وەڵامێکی بەم پرسیارەدایەوە کە تائێستاش سیاسەتی کۆمەڵە لەبواری خەباتی چەکدارییەوە هەر لەسەرئەو بنەمایە دامەزراوە. مەقتەعی کۆنگرەی (٩و١٠) بەو لاوە کەوتراوە کۆمەڵگای ئێران تینووی ئاڵوگۆرە ئەمە هەر مۆشاهدە دیتنێکی سادەنەبوو، ئەمە واقعیەتێکی سیاسی عەمەلیش بوو کەلەکۆمەڵگای کوردستاندا لەگۆراندا بوو. مەسەلەن بۆ نمونە دەڵێم بە دەیان رۆژنامەو گۆڤار کە هەڵوێستی رەخنەگرانەیان بەرامبەر بە گەلێک شت بەرامبەر بەرژێم هەبوو هاتبۆکایەوە، کۆمەڵێکی زۆر رێکخراوەی مەدەنی وردە وردە سەریانهەڵدابوو "ئێن.جی.ئۆ"وەکان و هەموو ئەوانە. جۆرێک لەخەباتو نارەزایەتی لەئەشکالی جۆراوجۆردا کەراستەوخۆ پەیوەندیشی نەبوو بەحزبە سیاسییەکان، بەڵام لەواقیعی کۆمەڵگای کوردستاندا هەبوو، ئەم

ڕەوتە کە لەو وەختەوە دەستپێکردبوو تائێستاش ئیدامەی هەیە. یەکەم پرسیار بۆ ئێمە ئەوە بوو کە ئایا دەچینەوە سەر دەورەی پێشوو کە خەڵک هەر چاوەڕوان بێ قارەمانانی پێشمەرگە ڕێگای نەجاتی پێنشاندەن یا خۆی دەجولێ و بروا بە خۆی پەیدادەکاو کارێکدەکات؟ قسە لەسەرئەوە بوو. مەسئەلە تەنیا ئەوەنەبوو کە یەکێتی نیشتمانی، پارتی و حکومەتی هەرێم ڕێگامان دەدەن لە سنوورەکان چالاکی بکەین یا نە؟ مەسەلە ئەوە بوو کە ئێمە لەو دەورەیەدا بەو نەتیجە گەیشتین کە ئەگەر بەشێوەیەکی نابەوەخت ئێستا پەرەبدەین بەخەباتی چەکداری دوو زەرەری تێدادەکەین.

## پێشمەرگە باسکی چەکداری کۆمەڵەیە

یەکەم ئەوە کە ئەم جۆش‌و خرۆشە جەماوەرییەی کە کەوتووەتە ڕێ و زۆریش هیوابەخشە ئەوە دادەمرکێتەوە.

یەعنی خەڵک دووبارە هەر ئومێد بە پێشمەرگەوئومێد بە پێشمەرگایەتی تێیدا دەبێت بە ئەسل و هەڵسوراوان و تێکۆشەرانی ئەو بزووتنەوەیە، ڕەهبەرانی دووبارە ڕوو دەکەنەوە پێشمەرگایەتی‌و کۆمەڵگا لەو بابەتەوە تووشی بۆشاییەک دەبێ. ئەوە لەلایەکەوە، لە لایەکی دیکەوە مەجال فەراهەم دەبێ بۆ کۆماری ئیسلامی کۆمەڵگای کوردستان جارێکی دیکە بە هێزێکی زۆرترەوە میلیتاریزە بکا، ئەو میلیتاریزەکردن و نیزامیکردنەوەی کۆمەڵگای کوردستانیش لە لایەکی دیکەوە دووبارە زەربەیەک بدات لەو حەرەکەتە جەماوەرییە کە کەوتووەتە ڕێ.

ئێمە لێکدانەوەکەمان ئەوە بوو، پەس ئەگەر وایە نەتیجەی ئـەوە چییە؟ نەتیجەکەی ئەوەیە لەلایەکەوە ئێمە نابێ خەباتی چەکداری وەکو ڕێگایەک لەبەردەم ئەو خەڵکە لە بیربەرینەوە، نابێ زەرفیەتەکانی خۆمان بۆ زیندووکردنەوەی‌و بۆ

تەقویەت‌وبەهێزکردنی کەمبکەینەوەبەڵکودەبێ بیشی پارێزین، بەڵام لە هەمانکاتدا نابێ نا بەوەخت‌وبەشێوەیەکی نامەسئوڵانەش بەکاریبێنین.نەتیجەکەی وتمان هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە وەکو باسکی چەکداری رێکخراوێکی سیاسی دەپارێزین‌و پەرەشی پێدەدەین.

ئەگەر رێگام بـدەن دەمــەوێ لە کۆتایی ئەو باسەدا مۆلاحزەیەکیش لەسەرتەعبیری ئۆردوگانشینی کەلەپرسیارەکەی ئێوەدا هاتبوو، بڵێم. ئەوە راستە کە مەقەراتی ناوەندی ئێمەو زۆربەی ناوەندەکانی کۆمەڵە لە شوێنێکی وەکو زرگوێز دامەزراوە، بەڵام کاری ئێمە تەنها بەرێوەبردنی ئەم مەقەراتە نییە. ئێمە پەیوەندی بەردەوام و رۆژانەمان لەگەڵ ناوەوەی وڵات هەیە. تەشکیلاتی ئێمە راستەوخۆ، یان ئەو هێزو کەسانە کە لەسەر رێبازی سیاسی ئێمەن، بەڵام سەربەخۆن، لەناوەوەی وڵات بەردەوام خەریکی چالاکین، مانگرتن رێکدەخەن، خۆپیشاندان بەرێوەدەبەن، خەبات دەکەن بۆ باشترکردنی ژیانی خەلک. جگە لەوە هەڵسوراوانی ئێمە کە ژمارەیان گەلێک لەو کەسانەی ئێستا لە بارەگاکانی ناوەندی ئێمە لەکوردستانی عێراقن زیاترە، لەسەرتاسەری دونیا لەگەڵ رەوتی ئێمە کاردەکەن. کەنالی رادیۆوتەلەفزیۆنی ماهوارەیی بەرێوەدەچێ، لەکۆروکۆمەڵەکانی کەلەئاستی جیهانیدالەسەرمەسەلەی کوردبەرێوەدەچن، بەشداری دەکەین‌و چەندین بواری دیکەی تێکۆشان. ئەوەی کە هەمووی ئەو هەوڵانە بە "ئۆردوگا نشینی" پێناسە بکرێ و ئەوجار بەهۆکاری ئینشعاب و جیابوونەوەش دابنرێ، واقیعی نییە.

# نابێ خەڵکی کوردستانی عیراق نیگەران بکەین

**×باسی ئەوەتکرد کەهێزەکانی باشوور یان حکومەتی هەرێم زۆرجار بەئێوەیان راگەیاندووە و لەراگەیاندنەکانی خۆشیان باسی ئەوە ئەکەن کە پێویستە هێزەکانْ لەرێگای دیالۆگ‌و خەباتی سیاسی و چالاکی مەدەنی‌و دیمۆکراسییەوە بەشداریبکەن‌و ئاڵوگۆر پێکهێنان، بەڵام تۆ پێتوا نییە ئەم سانسۆر خستنەسەری ئێوە، خۆ دزینەوە لەوەیە کەئەوان نایانهەوێ ئێران یان تورکیا لەسنوورەکانیان نیگەران بن، تۆپبارانیان بکەن، کێشەیان بۆ دروستکەن و پێئەچێ کە ئیتفاقیەیەکی نهێنی ئەمنیش هەبێ لە بەینیاندا؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێمە بۆهەردووکیان موشکیلەمان هەبوو. لەلایەکەوە ئێمە پێمانخۆش نییە لەسەرسنوورەکان کارێکی وابکەین کەخەڵکی کوردستانی عێراق تووشی گیروگرفتی نەخوازراوبن، رێگەی هاتوچۆیان لێببەسترێ، تووشی گەمارۆی ئابووری بن، بەتایبەت لە ساڵانی نەوەددا کەهەلومەرجی ژیانی کوردستانی عێراق گەلێک دژوار بوو، ئەمە مەسەلەیە گرنگییەکی زیاتری هەبوو. ئێمە پێش ئەوەی کە مۆلاحزەی حکومەتی هەرێممان هەبێ، مۆلاحزەی ژیانی ئەو خەڵکەمان بوو کە ژیانیان لەرێگەی ئەو سنوورانەوە ئەگوزەرێ. ئێمە دەڵێین خەباتی چەکداری ئێمە نابێ لەسەرحیسابی ژیان‌و بەرێچوونی خەڵکێک بێ کە ئەمە بە ئیشی خۆیان نازانن. خەڵکی کوردستانی ئێران پشتیوانی لێدەکەن‌و فیدارکاریشی بۆ دەکەن، بەڵام خەڵکی کوردستانی عێراق کە نایانهەوێ ژیانیان، ئەمنیەتیان، بەرێچوونیان بخەنە پێناوی خەباتی چەکداری لەلای ئێمە بەحیسابی ئەوەی کە کوردن خۆ نابێ ئێمە ژیانیان لێ تالبکەین. لەبەر ئەوە ئێمە موشکیلەیەکمان بوو بەرامبەر هەر دانە تۆپێک کەدەکەوتە هەر

ئاوایەکی کوردستانی عێراق، بەرامبەر بە هەر گەمارۆیەک کە دەکەوتە سەر ژیانی خەڵک و خواردن و خۆراکی نەدەهێشت بێت بۆ ئەو لایە و گرانی لێ دەکەوتەوە، نیگەران بووین. ئەمە کێشەیەک بوو، کێشەی حکومەتی هەرێمیش کێشەیەک بوو. تا ئەو جێگەیەی کە بەحکومەتی هەرێم مەربووتە بەراستی هیچ وەخت بەرەسمی نەهات بڵێن ئەوە مەکەن‌و ئەوە بکەن. بەڵام تەبعەن بە عەمەلی ئێمە لێیان حالی دەبووین، واتە دەمانزانی و حالیبووین کە ئەگەر بەعزە کارێک بکەین لەگەڵ کاردانەوەی توندی ئەوان بەرەو روو دەبین.

**× ئەو دیعایەی ئەوان جەخت ئەکەی کە ئەڵێن ئەوەتا کورد نمایەندەی لە پەرلەمان هەیە و سەرۆکی شارەوانی هەیە یا تۆ پێتوایە ئەمانە نوێنەرایەتی ئەسلی خەڵکی کوردستان بکەن پیاوی رژێمن؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: بە هیچ شکلێک لەشکڵەکان نوێنەرایەتی خەڵکی کورد ناکەن.

## پژاک ئەمریکای لەپشتە

**× بۆ تۆ وتت ئێمە پشتی جەبهەمان نییە و زروفی زاتی‌وبارودۆخی پێکنەهاتووە، بەڵام بۆ (پژاک) دەستیداوەتە ئەم کارە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: من لام وایە پژاک بۆ ئەم چالاکییانەی خۆی لە ئیمکاناتێک بەهرەمەندە کە ئێمە نەمانویستووە کەڵکی لێوەربگرین. پژاک بەبێ جۆرێک لەچاوپۆشی ئەمریکاییەکان لەعێراق لەسنوورەکان نەیدەتوانی ئەو چالاکیانە بکات. ئێمە ئەوەمان پێ سیاسەتێکی زیانبارە و تائێستاش نەیتوانیوە پێشکەوتنێکی لەخەباتی جەماوەری خەڵکی کوردستان لەدژی رژێمی کۆماری ئیسلامی لێ بکەوێتەوە.

**×بۆ حکومەتی هەرێم جۆرەها رێگریێ بۆ ئێوە دروست ئەکات، بەڵام بۆچی ناتوانێ دەست بخاتو رێگری کارەکانی پەژاکەوە، لەم سەر بۆ ئەو سەری سنوور چالاکی ئەکەن و پاسدار ئەکوژن؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: عێراق تائێستاش وەکو وڵاتێکی داگیرکراو لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوەیەو بریاری کۆتایی لەمەر گەلێک لەکێشەکان دەچێتەوە لای ئەوان. ئەگەرچی خۆ دیارە حکومەتی مەرکەزی پێکهاتووەو حکومەتی هەرێمی کوردستانیشمان هەیە، بەڵام بەهۆی هەلومەرجی عەینییەوە، دەسەڵاتی یەکەم تائێستاش هەر ئەمریکاییەکانن و هەرچی ئەوان لەسەری ساغ ببنەوە و بریاری لەسەربدەن، بنچینەی بەرێوەدەچێ.

## بەڵێنمان بەیەکێتی و پارتی نەداوە خەباتی چەکداری نەکەین

**× ساڵی (٢٠٠٢) یەحیا رەحیم سەفەوی فەرماندەی سوپای پاسداران لە سنە رایگەیاند "کۆمەڵە و دیموکرات بەڵێنی رەسمییانداوە بە یەکێتی و پارتی کە هیچ چەشنە چالاکییەکی نیزامی دژی ئێران نەکەنو وتی "ئێران حیساب بۆ کۆمەڵە و دیموکرات ناکات، چونکە مردوون دیارە ئێوە ئەبێ بەڵێنتاندابێ بەحکومەتی هەرێم، بەیەکێتی و پارتی کەنابێ هیچ جۆرە چالاکییەک بکەن کاتی خۆیشی وەڵامی ئەم بۆچوونەی یەحیا رەحیم سەفەویتاندایەوە، پێتانوانییە ئەو قسانەش بەشێکی راستی تێدا بێ؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: هیچ رێککەوتنێکی رەسمی سەبارەت بەخەباتی چەکداری لەنێوان ئێمەوحکومەتی هەرێمدانەکراوە. بەڵام ئەوەی کەبە کردەوە بەرێوەمانبردووە ئەوە بووە کە لەسنوورەکانی کوردستانی عێراق بۆ هێرشبردنە سەر بنکەکانی

سوپا و ئەرتەشی ئێران کەڵکمان وەرنەگرتووە. ئەم سیاسەتەی ئێمە لەلایەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بنەمایانەی کە پێشتر باسمکردن و لەلایەکی دیکەشەوە ئێمە کە زەرفیەتەکانی رژیمی ئێران دەناسین، ئێمە کە نیگەرانییەکانی یەکێتیو پارتی دەرک دەکەین، لەیەک حالی بوونێکی بەکردەوەی لە نێوانماندا هەیە. پێویستە ئەوەش دووپات کەمەوە کەدرێژەی خەباتی چەکداری وەکو لایەنێکی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی خەڵکی کوردستان لەگەڵ بوونی باڵێکی چەکدار بۆ کۆمەڵە، لەگەڵ کەڵک وەرگرتن یان وەرنەگرتن لەسنوورێکی دیاریکراو بۆ ئۆپەراسیۆنی چەکداری سێ بابەتی جیاوازن.

## بەرنامەی کۆمەڵە بۆ نەتەوەی کورد زۆرباشە

**×لەسەروبەندی کۆنگرەکەی ئێوە عەبدوڵڵاموهتەدی رایگەیاندووە "کەکۆنگرەکەیان شکستخواردووبووەو جارێکی تریش هەر لەسەرئەوە کە ئیبراهیم عەلیزادە لە جیهانی ئیمروزدا وتویەتی کەگوایە من بەرگری لە خودموختاری دەکەم نەک لەمافی چارەی خۆ نووسین؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەم جۆرە لێدوانانە دەچنە خانەی پروپاگەندەی غەیرە مۆستەنەدەوە. ئەگەر کەسێک بیەوێ هەڵسەنگاندنێک بکات، لەسەرکۆنگرەکانی ئێمە یان لەسەرئەم یا ئەوبۆچوونی ئێمەبۆ مەسەلەیەکی دیاریکراو پێویستە پشت ئەستور بێت بەبەڵگەنامەو لێدوانی رەسمی ئێمە نەک بە ئارەزووی خۆی هەرچی ویستی بیداتە پاڵ ئەمو ئەو. باسەکانی ئێمە لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی گەلێک شەفافترو کۆنکرێت تر لەوەن کەبکرێ بەم شێوەیە قەزاوەتی لەسەربکرێ. چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی بۆ ئێمە تێپەرکردنی قۆناغێکی زەرورییە کەنزیکمان دەکاتەوە لە پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی.

بەرنامەی کۆمەڵە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی بەهەموو لایەنەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتییەوە تائێستاش لەبەرنامەی هەموو ناسیۆنالیستێکی کورد واقیع بینانەتر و عەمەلی تر، رادیکالتر و ئینسانی ترە.

## حزبی کۆمۆنیست لایەنی بەهێزی چەپی ئێرانە

**×جگە لەوەی کە ئێوە لە کۆنگرەدا جەختتانکردۆتەوە لەسەرگرنگی حزبی کۆمۆنیستی ئێران و لەسەرراستگۆییەتیو لێبراوانە و ئارەزووە ئینسانی و سۆسیالیستییەکان. بەلام مۆهتەدی لەپەیوەند بەم مەسەلەیە، پێیوایە، لەوەلامی پرسیارێکدا لە دیدارێکدا لێی دەپرسن ئەڵێ" حزبی کۆمۆنیست مەحەلی ترین رێکخراوی چەپی ئێرانە"؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەم پروپاگەندە لە دژی حزبی کۆمۆنیستی ئێران پشتی بە هەلومەرجێکی دیکتاتۆری بەستووە کە ئێستا بەسەر کۆمەڵگای ئێراندا زاڵە. بەم حاڵەشەوە هیچ ئینسانێکی واقیع بینو مۆنسیفو راستگۆ ناتوانێ نکۆڵی لەوە بکات، کە حزبی کۆمۆنیستی ئێران بە هەموو کەموکۆرییەکانیشیەوە لە بواری رێکخراوەییدا، یەکێک لەلایەنە بەهێزەکانی چەپی مەوجودی ئێرانە لەئاستی سەرانسەریشدا. دروشمەکانو رێبازی بزووتنەوە جەماوەرییەکانی رادیکالو پێشرەوی ئێران ئەگەر چاولێبکەن بەئاسانی جێگا و شوێنی خەباتو رێبازی حزبی کۆمۆنیستی ئێرانیان تێدا دەبیننەوە. هەبوونی حزووری حزبی کۆمۆنیستی ئێران وەکو ئیدئۆلۆژی، وەکو بەرنامە، وەکو ستراتێژ و تاکتیک، وەکو سوننەت، لەهەموو بزووتنەوەکانی وەکو بزووتنەوەی کرێکاران، بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی خوێندکاران و هەر جولانەوەیەکی بەناوەرۆک رادیکالو چەپ لە ئێراندا نکۆڵی لێناکرێ. بەلام سەرەرای ئەوانە هێشتا یەکەم، ئەم نفوزە

لەو ئاستەدا نەچووەتە بواری ڕێکخراوەییەوەو ئەوەش خۆی ئەساسەن هەڵدەگەڕێتەوە بۆ هەلومەرجی دیکتاتۆری لە ئێران، دووهەم، لەچاو ئەو زەرفیەتانەی کە لەو کۆمەڵگایەدا هەیە ئەو ئامانجانەی کە ئێمە دیاریمانکردووە، گەلێک لاوازە. هەر ئەم لاوازبوونەیە کە مەجال بە نەیارانی حزبی کۆمۆنیست ئەدات لێرە و لەوێ ئەم جۆرە پروپاگەندەیە لەدژی بکەن. ئەوەی تائێستاکراوەو دەکرێ بەردی بناغەی کارێکی گەورەیە بۆ داهاتووی کۆمەڵگای ئێران.

## کۆمەڵە بەشێکە لەحزبی کۆمۆنیست

**×بەڵام تۆ پێتوا نییە ئەمانە نفوز و ئیدئۆلۆژی کۆمەڵەن تا حزبی کۆمۆنیست؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: بۆچی دەبێ هی هەردووکیان نەبێ ؟ ئێمە باسی پەیکەرەیەکی واحید دەکەین، لەرووی بەرنامەو ستراتێژو تاکتیک‌و سیاسەت‌و ئیدئۆلۆژییەوە. نفوزی کۆمەڵە لە کوردستان ڕێگا خۆشکەربووە بۆ پەرەسەندنی ڕێبازی کۆمۆنیستی لەهەموو ئێران،کۆمەڵە بەشێکە لەحزبی کۆمۆنیستی ئێران. ئەوە شانازیەکە لەمێژوودا بۆ جوڵانەوەی چەپ لەکوردستان تۆمار دەکرێ.

**×باشە بۆ تۆ ڕاستی ناکەیتەوەو بڵێی حزبی کۆمۆنیست بەشێکە لە کۆمەڵە؟ بۆ هەمیشەئەڵێی کۆمەڵە بەشێکە لە حزبی کۆمۆنیست؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەو دوو قسەیە لە ڕوانگەی ئێمەوە لەناوەڕۆکی خۆیاندا جیاوازیان نییە. جیاوازیەکە کاتێک دەردەکەوێ کەبتهەوێ نەتیجەیەکی دیاریکراوی لێوەربگری. ئەوکات ڕووندەبێتەوە کەلەوانەیە سەرچاوەی ئەو بۆچوونە بگەڕێتەوە بۆ دوو ڕێبازی سیاسی وبەرنامەیی و فیکری جیاواز. ئەو مەجالانەی کە بۆ کۆمەڵە ڕەخساوە لە کوردستان هێشتا

ئەو مەجالانە بۆ حزبی کۆمۆنیستی ئێران نەرەخساوە تاهەموو زەرفیەتڕو تواناییەکانی خۆی لەئاستی ئێراندا نیشانبدات. لە یەک ،دوو سالی رابوردوودا کە تارادەیەک کەشوهەوای سیاسی ئێران بەرەو رادیکالتربوونەوەو چەپ تربوونەوەچووە، تارادەیەک جێ پەنجەی حزبی کۆمۆنیستی ئێرانیش دیارە.

## ژنان لەکۆمیتەی ناوەندیدا کەمن

**×لەو کۆنگرەیەدا ئێوە (٣٠) کەستان هەڵبژارد بەکۆمیتەی ناوەندیو(٧) یان ژن بوون بەپێچەوانەوە لەکۆنگرەکانی داهاتووتردا ئەوانەی دوای ئەوە دێ ژنان کەم بوونەوە، مەبەستم ئەوەیە بە پێی ئەو ریزبەندییە کە هەموو جارێ ئێوە لە دوایین راگەیاندنی سەبارەت بەکۆنگرەکان ئەیکەن ئەو ناوانە ریزئەکەن مەبەستیان ئەوەیە کە هەر کەس بەپلەبەندی زۆرترین دەنگی هێناوە یان ئەکەوێتە سەرچی و بۆچی ئەو هەموو ژنە لەوێ هەڵبژێردران جارێکی تر لە کۆنگرەکانی داهاتوودا پاشەکشەی کرد ریژەی ژنان؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: بەنیسبەت ریزبەندییەکەوە پەیوەندی بەژمارەی دەنگەکانەوە نییە، بەڵکوو لەرووی پیتی "ئەلف و بێ"یە، بەڵام سەبارەت بەژمارەی ژنان لەناو کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەدا ئەو راستییە پێویستە بگوترێ کە ئەوە کەموکۆرییەکی جدییە کەبەسەرجەمی کاروچالاکییەکانی ئێمەوە دیارە. بەداخەوە لەوەی کە ژنان لەناو دەزگای رێبەرایەتی ئێمەدا دەورێکی کەمتر لەوەی کە شیاوی هەن، دەبینن. ئەم هەلومەرجە هۆکاری تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام ئەوە بزانن کەمن ژمارەی هاورێیانێکی ژن کە خۆیان کاندید بکەن بۆ رێبەرایەتی و دەنگیان پێنەدرێ. دیارە لە ناو ئێمەشدا ئەو هەلومەرجە بەتەواوی نەرەخساوە کەژنان ئەوەندە بروا بەخۆ پەیدابکەن کە خۆیان لەئاستی سەرکردایەتی حزبەکەیاندا ببینن.

# خیلافمان لەگەڵ حیکمەتیست هەیە

**×لەسەروبەندی ئەم کۆنگرەو پێشترو دواتر هێرشێکی زۆر کراوەتە سەر تۆ و کۆمەڵە لەسەرئەو پەیوەندیەی کە ئێوە هەتانە لەگەڵ جەماعەتی مەنسور حیکمەت‌و هاتووە کەگوایەتۆ " ئیبراهیم عەلیزادە" پێداگری لەسەرتەبلیغاتی خۆی دژی کۆمەڵە و بێدەنگی لەئاست جنێوفرۆشییەکانی ئەم ئاژاوەگێرییەی جەماعەتی مەنسوور حیکمەت دەکاو عەبدوڵڵا موهتەدی پێوایە عەلیزادە هیچ سنوور بەندییەکی فیکری لەگەڵ خەتی مەنسوور حیکمەت نییە و لەهێرشی چەند ساڵەی مەنسوور بۆ سەر کۆمەڵە تۆ بێدەنگ بووی و سوخەنرانییەکتکردووە لەساڵی(٢٠٠١) دا لەلەندەن‌و لەئەڵمانیا بەشێکی زۆری بەشداربووان جەماعەتی مەنسوور حیکمەت و کۆمۆنیزمی کاریگەری بوون، ئەم تۆمەتانە راستەو ئەم پەیوەندییە لەگەڵ ئێوە هەیە لەکاتێکدا مەنسوور حیکمەت‌و کۆمۆنیزمی کارگەری زەربەیەکی گەورەیان لەرێکخراوەکەی ئێوەداوەو خیلافێکی سیاسی‌و فیکری‌و ئایدلۆژی زۆریشتان هەبووە و تاگەیشتووە بە ئینشعابێکی گەورە و زەربەیەکی گەورە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەو کۆبوونەوەی کە ئاماژەتان پێکرد لە شاری کۆڵن لە ئەڵمانیا بووە و نەک لە لەندەن. کۆبوونەوەکەکراوەبوو و هاتن بۆ هەمووان بوو. راستە کە ئێمە ئیختلافاتێکی سیاسی‌و ستراتێژیکمان لەگەڵ باڵەکانی جۆراوجۆری کۆمۆنیزمی کرێکاری هەیە، بەڵام ئەولەویەتی ئێمە نە تەبلیغات دژی ئەوانەو نە وەڵامدانەوە بە پروپاگەندەی ئەوان کە گەلێک جار بەشێک لە باڵەکانیان زۆر نامەسئولانە بەرێوەی دەبەن. بۆ ئێمە ئەوبابەتانەگرنگن بۆوەڵامدانەوە کەکاریگەری هەبێت لەسەر بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی لەناوەوەی وڵات. جۆرێک لەدەم بە دمە بەناوی خەباتی سیاسی‌و ئیدئۆلۆژیک لەناو ئۆپۆزسیۆنی ئێران‌و لەوانە باڵەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری

ڕۆژانە بەڕێوەدەچێ کە ئێمە نەمانویستووە و نامانەوێ بچینە ئەو مەیدانەوە. تەنانەت بۆ ئەو باڵانەی کە بەناوی کۆمەڵەشەوە کاردەکەن هەر ئەو سیاسەتە بەڕێوەدەبەین. سەرچاوەوهۆکاری کێشەکان لەرابردوودا بە ئەندازەی پێویست روونکراونەتەوەو ئەگەر کەسێک پێویستی پێیان هەبێ دەتوانێ لە ئارشیودا بیاندۆزێتەوە.

**×مەنسووری حیکمەت ویستی لەو ڕێگایەوە نزیکبوونەوەیەک هەبێت لەگەڵ ئێوە یان مەبەستی ئەوەبوو کەزیاتر باڵی مۆهتەدی نیگەران کات؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەو کۆبوونەوەیە کەباسکراوبەشداری ئەندامانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری تێیدا، گەلێک ئاسایی بووەو هیچ لێکدانەوەیەکی لەم چەشنە هەڵناگرێ. بەردەوام کۆبوونەوەی لەو چەشنە بەڕێوەدەچێ و لایەنگرانی ئەم یا ئەو ڕێکخراویش لـەدەرەوەی وڵات بەشداری تێدادەکەن. بەڵام ئەوەی کە بەشێوەیەکی گشتی مەنسوور حیکمەت تا ئەو کات کە لەژیاندا بوو هەوڵێکی لەو چەشنەی دابێت، زۆر لە واقیع نزیک نییە.

## ئێمە لەموهتەدی زیاتر دۆستی حیکمەتیستین

**×کەواتە تا ئێستا ئێوە دۆستترن؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: بە هەموو جیاوازیکیشەوە کە ئێمە لەگەڵ باڵەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری هەمانە، کە بە لامانەوە جیاوازییەکان گەلێک جیددین، ئەوان هەر لەناو بەرەی چەپی ئێراندا پێناسەدەکەین. سیاسەتو هەڵسوکەوتیشمان بەنیسبەت ڕادەی کاریگەری ئەوان لەبزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی واقیعی ناو کۆمەڵگای ئێران دیاری دەکەین. لەرووی عەمەلییەوە لامان وایە کە لە دوای مەرگی مەنسوور حیکمەتەوە تائێستا ئەوان هەتا هاتووە لەناو ئەو بزووتنەوانەدا لاوازترو بە تاق کەوتووتربوونەتەوە.

ئەوەش بەتایبەت هەڵدەگەڕێتەوە بۆ هەڵسوکەوتی ئەو بەشەیان کە لەبۆچوونەکانی مەنسوور حیکمەت، ئایین و ئیدئۆلۆژیەکی نوێیان خولقاندووە و دەمارگرژانە پەیرەوی لێدەکەن. ئەوەی ئەوان بەم شێوەیە کەوتوونەتە شوێنی لەڕاستیدا مارکسیزم نییە، بەڵکو هەر وەکوبۆخۆیان دەڵێن حیکمەتیسە، بەڵام بەنیسبەت ڕێکخراوەکەی کاک عەبدوڵڵاوە کە باستانکرد لەڕوانگەی ئێمەوە ئەوان ڕێکخراوێکی ناسیۆنالیستی کوردن و هێشتاش نەیانتوانیوە خۆیان بە بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە کوردستاندا گرێبدەن. بۆ ئێمە ئەوان جێگاو شوێنێکی هەروەکو باڵەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیان هەیە.

## لەگەڵ گروپی حەمیدی تەقوایی پەیوەندیمان باشە

**×ئەو ئینشعابە خێرایانە دواتر لەناو (حزبی کۆمۆنیستی–کرێکاری حیکمەتیست)و ئەوانە روویدا جیابوونەوە لەگەڵ حەمید تەقوایی‌و دواتر چەند لایەنی ترو ئەوانە چیبوو ئەو هەموو فاکتەرە ئەساسییەکانی چیبوو و پەیوەندی ئێوە لەگەڵکام لایەنەیان بەهێز بوو؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: جیابوونەوەکانی ناو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری هۆکاری جۆراوجۆریان هەیە. بەڵام بەبروای من گرنگترینیان ئەوەیە کەئەوان بۆچوونەکانی مەنسوور حیکمەتیان وەکو مەزهەبێک لێکردووەو دەستیانکرد بە خوێندنەوەی جۆراوجۆری بنەماکانی ئەو بۆچوونانەو هەرکامەیان لەسەرئەساسی تەفسیرێک کەخۆیان لەو بۆچوونانەبوویان ڕێگایەکی جیاواز لەیەکتریان هەڵبژارد. خوێندنەوەی جیاواز بۆ نووسراوەکانی مەنسوور حیکمەت نەک لەرووی کاریگەرپان لەسەررەوتی خەباتی سیاسی و چینایەتی لەکۆمەڵگادا بەلکو

ئاوێتە بوو لەگەڵ کێشمەکێشی روناکبیرانە و زێهنی و هەروەها جاروباریش کێشەی ناوخۆیی لەسەردەسەڵات و هی تر.

ئەوەندەی کە من مەنسور حیکمەتم ناسی بێت، ئەو هەرگیز شەیدای بۆچوونەکانی خۆی نەدەبوو، ئامادەیی هەبوو لەژێر ناوی گەشەپێدان و بەرەوپێشبردن بە ئاسانی لێیان تێپەر بێ و لەگەڵ هەلومەرجی نوێ بیانگونجێنێ. جێنشینانی نە ئەو توانایییەیان هەیەو نە ئەو بروا بەخۆیە. هەربۆیە دەمارگرژانە لە هەر وشەیەکی بەرگریدەکەن، کارێک کە مەنسور حیکمەت خۆی هەرگیز نەیدەکرد. لەو کاتەدا کە ئەو گوفتوگۆیە دەکەین ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ باڵی ناسراو بەحزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران کە حەمید تەقوایی سەرکردایەتی دەکات، ئاساییە، بەبێ ئەوەی تائێستا هیچ چەشنە هاوکارییەکی لێکەوتبێتەوە.

**×پرنسیپەکانی حیکمەتیزم چییە؟ من بۆچوونم وایە کە (حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران- حیکمتیست) ویستی مەنسوور حیکمەت زۆر مۆقەدەس کاتەوەو هەر ئەمەش بوو کە ئەم کۆپییە دروستبوو و تەنانەت تائاستی مۆقەدەسی مەنسوور حیکمەتو هێنانی ناوی لیدەر و شتی سەیر سەیر؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەو پرەنسیپانە تێکەڵاوێکن لە مارکسیزم و لێنینیزم و چەند داهێنانێکی سیاسی لەلایەن مەنسور حیکمەتەوە کەلادان بوو لەسەرەتاکانی مارکسیزم. ئەوانە گەشەپێدانی مارکسیزم نەبوون، بەڵوو پێداچوونەوە و لادان بوون لە بنەماکانی ئەندێشەو بەرنامەو ستراتیژی مارکسیستی. لەگەڵ گەشەکردنو بەرەوپێشچوونی خەباتی چینایەتی لە ئێران ئەم جۆرە داهێنانەش وردە وردە کاڵدەبنەوە. ئەوان وەکو حزبی سیاسی بەپیرۆز راگرتنی ئەم هەڵوێستو بۆچوونانەی کەلەزەمانی ژیانی مەنسورحیکمەتیشدا کاریگەریەکی ئەوتۆیان نەبوو، ئێستا کە زەمانیشیان تێپەر بووە، هەتا دێت زۆرتر تەریک دەکەونەوە.

**×ئەمە جۆرێک نییە لەوەهم، وەختێک مەنسوور دەبێتە کارێزما و لیدەر و ئێستا لەژیاندا نەماوەو حزبێک بەناوی حیکمەتیستەوە بکرێ جۆرێک نییە لە وەهم و دروستکردنی کارێزما و جۆرێک لە خولقاندنی دیکتاتۆرییەت؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەم بۆچوونە ئەگەر لە ناو حزبەکەی خۆیاندا کارێزما و دیکتاتۆر دروستدەکات، ئەوەندەی کە نفوزی لەناو بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیدا هەبێت، سێکتاریزم پەرەپێدەدات و بەکردەوە زیان بە بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەکە دەگەیەنێ.

## مەنسورم خۆشدەویست

**×تۆ بۆ شەخسی خۆت هیچ خۆشەویستییەکت هەبوو بۆ مەنسوور حیکمەت یا هیچ ئیعجابێکت هەبوو بۆ تەفسیرەکانی؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: تائەوکات کە مەنسور حیکمەت لەناو حزبی کۆمۆنیستی ئێراندا بوو خۆشمدەویست پەیوەندیەکی هاورێیانەی نزیکمان پێکەوە هەبوو، ئەوکاتیش کە لە حزبی کۆمۆنیستی ئێران جیا بووەو حزبێکی دیکەی دروستکرد، سەرەرای کۆمەڵێک خیلافی سیاسی کەلەگەڵی هەمبوو، سەرەرای وشە و رستەی نامۆنسیفانە کە لەدژی لایەنی ئێمە بەکاریدەهێنا،من هەروەکو تێکۆشەرێکی سیاسی و یەکێک لە دامەزرێنەرانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران رێزم بۆی هەبوو، لام وابوو بە هەموو لادانەکانیشیەوە هەر خەباتی لەچوارچێوەی بەرەی رانەگەیەندراوی چەپ و رادیکاڵی ئێران دایە. مەنسور حیکمەت ئینسانێکی سیاسی و تاکتیسیەنێکی وریا و تیژ بوو، بەڵام تێئۆریسیەن و نەزەریە پەردازێکی سەرکەوتوو نەبوو.

**×بە مردنی مەنسوور حیکمەت، بزووتنەوەی چەپ لەدونیاداو بزووتنەوەی چەپ بە تایبەتی لەئێران زەرەرێکی گەورەی لێنەکەوت؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: من لە دڵەوە بۆ مەرگی مەنسور حیکمەت وەکو هاورێیەکی دێرینی خۆم بەداخەوەبووم. پێش مردنی مەنسور حیکمەتیش زۆر کەس دەیزانی کە دوای ئەو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ناتوانێ ئینسجامی خۆی بپارێزێ. زیانێکی گەورەبوو لەو رەوتە. لەداهاتووی ئێرانیشدا دەیتوانی چ دەورێک ببینێ، قابیلی پێشبینی کردن نییە.

## کۆمەڵە ئاڵای خۆی هەیە

**×لەسەرو بەندی کۆنگرەی (١٠)ی ئێوە، کۆنگرەی (٩)ی کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانیش ئەبەسترێ و لەو بەحسانەدا مۆهتەدی باسی ئەوە ئەکات کەجگەلەوەی کە فیدراڵی رائەگەیەنن و بەرنامەی کۆمەڵە بۆ حکومەتی فیدراڵی ئەخەنە روو و پێیانوایە ئەوە یەکێک بووە لەو خالانەی کە ئێوە پێشتر نەتانکردووە و باسی فێدراڵی و ئەوەتان نەکردووە و ئاڵای کوردستان بەرز دەکەنەوە و باس لەوەش ئەکا کە ئێوە لەگەڵ‌موهتەدی کەپێکەوە کارتانکردووە لەو سەروبەندەیەدا رێککەوتوون کە رێفراندومێک بکەن لەسەرمان و نەمانی حزبی کۆمۆنیست و باسیش لەوە دەکات کە (٨ تا ١٢) مانگ درێژەی پێدراوە، بەڵام دواتر ئێوە بێدەنگەتان لێکردووە و نەچوونە ژێر ئەو بارەوە، مەبەستم ئەوەیە کەبەرنامەی کۆمەڵە بۆ حکومەتی فێدراڵ ئێوە لەو بارەیەوە شتێکتان هەبوو یان تەرحی تازەی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان کە تائێستا ئێوە نیتانە و مەسەلەی ئەو ریفراندۆمە لەسەرحزبی کۆمۆنیست تا چەند راست بوو؟قەناعەتێکتان بە ئاڵای کوردستان نییە ئێوە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: پرسیارەکان زۆر بوون پێویستە یەکە یەکە وەڵام بدرێنەوە:

یەکەم، تا کاتێک کاک عەبدوڵڵا و هاورێیانی لەگەڵ ئێمە

مابوون، داوایەک بۆ ڕیفراندۆم نەهاتە گۆڕێ، هەتا ئێمە پەسەندی بکەین یان نەیکەین. بەڵام لەسەروبەندی کۆنگرەی (٩)دا ئێمە خۆمان ئەو پێشنیارەمان کرد، ئەویش بۆ پاراستنی یەکگرتوویی کۆمەڵە و حزبی کۆمۆنیستی بوو. ئەوان ئەوەندە نەمانەوە کە ئەو ڕیفراندۆمە بکرێ. دوای ڕۆیشتنی ئەوانیش، ژمارەیەک لەهاوڕێیانی ئێمەش بوون کە داوای نەمانی حزبی کۆمۆنیستیان دەکرد. ئێمە چەند مانگ دوای کۆنگرە ئەو ڕیفراندۆمەمان کرد و لەوێدا زۆرینەی ئەندامان دەنگیان بە مانەوەی حزبدا. مەرجەکانی ئەوان بۆ مانەوە، ئەوە نەبوو، شتێکی دیکە بوو کە ئەگەر لە بیرم مابێ پێشتر لەو وتووێژانەدا باسمانکردووە.

دووهەم: سەبارەت بە دروشمی فێدرالیسم، تا ئەوکات کە کاک عەبدوڵڵا لەناو ئێمەدا بوو، قسەیەک لەبەرنامەی فێدرالی نەبوو. تا ئەوکات بەرنامەی ئێمە لەسەربنەمای مافی دیاریکردنی چارەنووس دارێژرا بوو. کە لە ساڵەکانی دەیــەی(٨٠)دا ئێمە ستراتێژی خۆمان بۆ گەیشتن بەو مافە لەچوارچێوەی بەرنامەیەکی دیاریکراو بۆ خۆدمۆختاریدا بەیان کردبوو.

سێهەم: سەبارەت بە ئاڵای کوردستان، ئێمە ئێستا ئاڵای خۆمانمان هەیە. وەکو هەر حزب و ڕێکخراوێکی دیکە. حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ئاڵای خۆی هەیە. کۆماری مەهابادیش لەکاتی خۆیدا کە نیمچە دەوڵەتێک بووە، ئاڵای خۆی هەبووە، دوای سەرکەوتنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان، یان دوای هاتنەسەر کاری حکومەتێکی کرێکاری لە ئێران، چ ئاڵایەک دیاری دەکرێ، پەیوەندی بەناوەندەکانی بڕیاردەری جەماوەری ئەو کاتەوە هەیە.

# ئاڵای کوردستانمان قبوڵە

**× ئەگەر بڕیار بێتە سەر ئەوە کە ئەم ئاڵایەی کوردستان هەڵکەن ئێوە قبووڵی دەکەن؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێمە ئەوکاتیش وەکو ڕێکخراو ئاڵای خۆمانمان دەبێت و ئاڵای حکومەتیش هەرچی بێ بە ڕەسمی دەناسین. کێشەی ئاڵا، کێشەیەکی گرنگ نییە.

**×لەو سەروبەندەی کە کۆنگرەی ئێوە ئەبەسترێ، بە چەند مانگ دوای ئەوە بەعس ئەڕووخێ، ساڵی (٢٠٠٣) ئێوە هیچ ئاگاداری ئەوە هەبوون کە بەعس ئەڕووخێ؟ پەیوەندییەکتان لەگەڵ ئەمریکییەکان هەبوو یا لەڕێگەی حکومەتی هەرێم و ئەوانەوە هیچ ئامادەسازییەکتان کردبوو بۆ ئەوەی کە ئەو ئاڵوگۆڕە جیدییانە بەسەر عێراق دێ و بەشێک بوون لە کوردستاندا بوون تاچەند چارەنووسی ئێوەی پێوەبەستراوە؟ کاریگەرییەکانی چارەنووس سازنەبوون لەسەرئێوە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: پێشبینی کردنی ئەوەی کەرژێمی بەعس دەڕوخێ کارێکی ئاسان بوو، چونکە ڕژێمی بەعس سەرەرای ئەوەی کە لەژێر زەختی ئامریکاو ڕۆژئاوادا بوو، لەناو خۆشیدا ڕزیبوو. لەراستیدا ئێمە بەرانبەر بەم ڕووداوە غافڵگیر نەبووین. تەنیانوسینگەیەکمان لەبەغدا هەبوو کەزۆر سووک بارمانکردبوو. هاتوچوونەکانیشمان بۆ بەغدا زۆر دەمێک بوو کە کەمکردبۆوە.

بەهۆی ئەوەی کە ئەولەوییەتی کاری ئێمە لەکوردستانی عێراق نەبوو، بەهۆی ئەوەی کە بوونی ئێمە لەکوردستانی عێراق و لە عێراق تەنیا بەشێک لە چالاکی ئێمەی پێیەوە گرێدرابوو. نەفسی ڕووداوەکان کاریگەریەکی زۆریان لەسەرئێمە نەبوو. کاری ئێمە بە ڕەوالی عادی خۆی دەچووە پێشەوە و چارەنووسی هەڵسووڕانی ئێمە بەو ڕووداوانەوە نەبەسترا بوونەوە. بەنیسبەت ئەمریکاییەکانەوە، ئەوان هەر لە سەرەتایی حزووری پۆل بریمەر

بەڕێوەبەری کاروباری ئەمریکا لە عێراقەوە، هەیئەتێکیان هاتنە لامان و داوایانکرد کە وەکو هەموو هێزێکی چەکدار لە عێراق ئێمەش بە پێی بریارێک کە دەرچوو بوو چەکەکانمان تەسلیم بکەین. بەلآم خۆتان دەزانن ئەو بریارەی چەککردنی حزبە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران و عێراق کەلەلایەن بریمەرەوە دەرچووبوو، بەهۆی ڕووداوەکانی دوایی لەعێراق، لەبیرچۆوەو ئێمە چەکە قورسەکانمان لەلای شوێنێکی باوەڕپێکراو دانا و چەکە سووکەکانمان بە ئاشکرا پاراست.

## یەکێتی هێزەکانی دیموکراتی رزگارکرد

**× موهتەدی لەراگەیاندنێکدا ئەڵێ: ئێمە زۆر خۆشحاڵین بە رووخانی بەعس لە مانگی (٤ی ٢٠٠٣) ئێوەش بە هەمانشێوە خۆشحالبوون و راگەیاندنێکی وەهاتاندا؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: بەڵێ، ئەو راگەیاندنە هەیە و لام وایە پێش هەموو حزبەکانی دیکە دەرچووە و ناوەڕۆکێکی دەولەمەندی هەیە.

**×ئێوە لەرۆژی (٢٧)ی رەشەممە رۆژی شەهیدانی گوردانی شوان، رۆژێکی مێژووییە بەنیسبەت کۆمەڵەوە، کە ئەکاتە(١٨)ی مارس، بالی موهتەدی ئەمەیانکردووە بەرۆژی گیانبەخت کردووانی خۆیان، ئەمەوێ هەم بلێم ئێوە تاچەند قەناعەتتان بەوە هەیە، ئەگەر بە وردتر باسی کارەساتی هەڵەبجە و تێداچوونی ئەو گوردانەم بۆ بکەی رەنگە شتێکی مێژوویی و دەقیق بێ، بۆچی ئەو گوردانەتان ئاوا تێدا چوو، پاشەکشەی نەکرد بە پێچەوانەی هێزەکانی حزبی دیموکرات ئەوکاتە لەو مەنتیقەیە بوون زوو پاشەکشەیانکرد؟ ئەو گوردانە یەکێک بوو لەهەرە هێزە کار لێهاتووەکان؟**

# بەسەرهاتی تێداچوونی گوردانی شوان لەهەڵەبجە

ئیبراهیم عەلیزادە: بەهۆی ئەوە کە هەر وەک ئێوەش باستانکرد تێداچوونی گوردانی شوان ڕووداوێکی گرنگە لە مێژووی خەباتی کۆمەڵەوهەمووخەڵکی کوردستاندا، پێم باشە کە باسی وردەکارییەکانی ئەم ڕووداوەتان بۆ بکەم.

لە ڕۆژی (٢٥) ی ڕەشەمەدا،واتە مانگی ئەسفەند هاوڕێیانی ئێمە ئاگاداربوون کە جەبهەکانی شەر جموجۆڵی تازەی تێکەوتووە و لەوانەیە لەم جەبهەیەدا شەرێکی قورس بەرێوە بێ. کۆمیتەی ناوچەی سنەی کۆمەڵە بریاریدا کە ئەو هێزەی کەلە ئاوایی بیارە جێگیر بوو پاشەکشە بکات. ئاوایی بیارە یەکێک لەو ئاواییە سنووریانە بوو کە دیاریکرابوو بۆئەوەی گوردانی شوان یەکێک لەگوردانەکانی سەر بەناوچەی سنە بۆ حەسانەوە و پشتی جەبهەی خۆیان لەوێ کەلک وەر بگرن.

هاوڕێ شۆکێ خەیرئابادی فەرماندەی گوردان بوو. دوو ڕێگا بۆ پاشەکشە هەبوو، ڕێگایەکیان بە ناوەراستی جەبهەکاندا تێپەردەبوو کەناوچەی کوێستانی سورێن بوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە بە هێزی دوژمن تەنرا بوو، ڕێگەیەکی پر مەترسی بوو. هەر ئەوکات هێزێکی حزبی دیموکرات بە ڕێنوێنی و هاوکاری هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی توانیبویان لەو ڕێگەیەوە دەرباز بن. ئێستاش بە وردی نەزانراوە کە هۆی چی بوو هێزەکەی ئێمە ئەو کات نەیتوانی لەو هاوکاریە بەهرەمەند بێ. ڕێگایەکی دیکەش ڕێگای دەشتایی بوو کە ڕێگای دەشتایی ئەگەرچی بە ڕواڵەت ئەمین تر دەکەوتە بەرچاو، بەڵام ئەویش لەبەردەم نووکی هێرشی هێزەکانی رژێمی ئێراندا بوو. هاوڕێیانی ئێمە ڕێگای دەشتاییان هەڵبژارد و هاتن بەرەو لای ئاواییەک بەناوی عەنەب، کە گەیشتنە ئەو ئاواییە، ئاگاداربوون،کە هێرشەکە بەربلاوتر بووە

لەوەی کە پێشبینی دەکرا و لە هێرشێکی کوت و پردا هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بەهاوکاری هێزەکانی بەرەی کوردستانی بەشێکی زۆر لە ناوچەکەیان گرتبوو و پردی ئەسلی ڕێگای پاشەکشە، کە سەید سادقی بە هەڵەبجە دەبەستێتەوە، پردی زەڵم، وێرانکرابوو. بە رووخانی ئەو پردە ڕێگایەک نەدەما غەیری ئەوەی کە لەدەریاچەی دەربەندیخان بپەڕنەوە. هێزێکی یەکجار زۆری ئەرتەشی عێراق لەو ناوچەیە بڵاو ببۆوە و هاوڕێیانی ئێمە پێشبینی دەکەن کە پردێکی مۆەقەت لە شوێنێکی چۆمی سیروانەوە لێبدرێ و ئەوانیش بتوانن کەڵکی لێوەربگرن. هەر بۆیە مەسیرەکەی خۆیان درێژە دەدەن بەو هیوایەی کە ڕێگایەک بۆ پاشەکشە بکرێتەوە، دێن بەرەو شارۆچکەیەک بە "ناوی سیروان" یان "دۆجەیلە" کاتێک ئاگادار دەبن کە دەوروبەری ئەو شارۆچکەیەش شەری تێدایە و هێزەکانی کۆماری ئیسلامی خۆیان گەیاندۆتە ئەو شوێنەش ناچار دەبن بچنە ناو شارۆچکەکە و لەوێش بەنهێنی لە چەندماڵدا خۆیان بشارنەوە تادەرفەتێکی باشتر بۆ دەربازبوون بدۆزنەوە.

بەیانی تا ئێوارە دەمێننەوە و لە چەند ماڵدا خۆیان حەشار دەدەن، بەڵام ئەو مانەوەیان هاوکاتە لەگەڵ ئەوەی کە تەواوی ناوچەکە بۆمبارانی شیمایی دەکرێ و بەشێک لە گاز و ژەهرێک کە لەو ناوچەیە بڵاو ببۆوە، روو لە ناو شارۆچکەی سیروانیش دەکا و هاوڕێیانی ئێمەش ژاراوی دەبن، بەشێکیان بە تووندی و بەشێکیان بە سووکی. لە لایەن کۆمیتەی ناوچەوە بە بیسیم پەیوەندییان پێوە دەکرێ و ڕێنوێنی دەکرێن بۆ ئەوەی کە بێن بەرەو شوێنێک لەدەریاچەی دەربەندیخان تالەوێوە بەبەلەم بپەڕێنەوە، ئەم هاوڕێیانە بەهۆی ئەوەی کەلەناوچەکەدا شەربوو ناچار دەبن ڕاوەستن تا ئێوارە کە کەمێک هەوا تاریک دەبێ بەرەو دەریاچە وەرێکەون. ڕێگای شارۆچکەی سیروان تا دەگاتە ئەو شوێنەی کە قەرار بوو لەوێ کاری پەرینەوەکەیان ڕێکبخرێ،

نزیکەی دوو سەعاتە، بەڵام ئەوان لە بەر ئەوەی کە یەکەم مەسمووم بوون، دووهەمیش ڕێگاکە شارەزا نەبوون، ئەم ڕێگا دوو سەعاتەیان بە (٧) سەعات بری و سەرئەنجامیش نەیانتوانی خۆیان بگەیەننە لێواری دەریاچەکە و ئەو شوێنەی کە قەرار بوو بەلەمەکانی ئێمە بچنە ئەوێ.

لەم بەری دەریاچەکەوە گوردانێکی تری ناوچەی سنە و ژمارەیەک لە هاوڕێیان پەیوەندییەکانی کۆمەڵە لە عێراق لەسەرلێواری ئاوەکە چووبوون بە هانایانەوە و هەوڵیاندەدا کەپێویستییەکانی دەربازبوونیان بۆ ئامادەکەن، هاوڕێیانی بەرپرس بریاردەدەن کە بەلەمێک بنێرنە ئەوبەر بەکەسی شارەزاوە، بۆ ئەوەی ڕێنوێنی یان کەن و بیانگەیەننە لێواری دەریاچەکە و بیانهێنن. تەنیا نزیکەی (٢٠) دەقیقە یان نیو سەعاتیان مەودا مابوو کە خۆیان بگەیەننە سەر لێواری ئاوەکە کە بەهۆی تاریکی بۆیان نەدەدۆزراوە. (٥) پێشمەرگە لە بەلەمێکدا بەرەو ئەوبەری ئاوەکە ڕێدەکەون، بەڵام لەو فاسلەیەدا هێزەکانی کۆماری ئیسلامی خۆیان گەیاندبووە لێواری دەریاچەکە و ئاگاداری نزیکبوونەوەی ئەو بەلەمە دەبن. پێش ئەوەی کە بەلەم بگاتە قەراغ ئاوەکە، تەقەی لێدەکەن و (٤) هاوڕێ سەرنشینی بەلەمەکە گیانبەخت دەکەن و یەک کەسیان بە دیلی دەگیرێ. کاتێک روون دەبێتەوە کەکاری ئەم بەلەمە بە ئاکام نەگەیشتووە و ئیمکانی ئەوەی کە هاوڕێکانمان خۆیان بگەیەننە قەراغ ئاوەکە تەئمین نەبووە،

دیسان هەوڵدەدەن کە جاریکی دیکە ڕێنماییان بکەن و لە ڕێگای بێسیمەوە بەشکەم ئامادەیان بکەن بۆ ئەوەی کە خۆیان بگەیەننە شوێنێکی تر لە قەراغ ئاو، (١٠) بەلەم لەمبەر ئاوەوە بۆ عەمەلیاتی پەرینەوەیان ئامادەدەکرێ. هێزی یارمەتیدەر ئامادە دەبێ تا بە تەقەکردن ڕێگای پەرینەوەی هاوڕێیان خۆشکات، لەوکاتەدا هاوڕێ شۆکێ خەیر ئابادی بە بێ سیم فەرماندەی هێزەکانی کۆمەڵە لەوبەری ئاو ئاگادار دەکاتەوە کە بەشێک

لەهێزەکانمان لەگەڵ دوژمن دەرگیر بوون. ئەو دەرگیرییە ماوەیەک بەردەوام دەبێ، دوای ماوەی نیو سەعاتێک، رەنگە کەمتر یان زۆرتر، پەیوەندی لەگەڵ فەرماندەی گوردان قەتع دەبێ. بەمجۆرەیە کە ئیتر ئاخرین وتەکانی هاورێیانی فەرماندەی ئەمبەر و ئەوبەر بە یەکەوە رەد و بەدەڵ دەکرێن دوای ئەوە ئیتر هیچ پەیوەندییەک بە گوردانی شوانەوە نامێنێ.

رووداوەکــان کەم کەم و بە پێی زەمان روون بوونەوە. هاورێیانمان کە ناتوانن بگەنە سەر لێواری دەریاچەکەو شەو دەبێ و بەتاریکی رێگا وون دەکەن. لە ناو زۆنگ ئاوەکانی ئەم ناوچەیەدا خۆیان حەشار دەدەن و لەبەرئەوەی بەشێکی زۆریان مەسموم دەبن و توانای شەرکردنیان زۆر کەمدەبێتەوە، هێزەکانی رژێمیش دەزانن کە بەلەمێکی ئێمە پەریوەتەوە بۆ ئەوبەر خەریکی بەرنامەیەکە، بەوە پەیدەبەن کە دەبێ واحیدێکی ئێمەلەو ناوچەیەدا گیری خواردبێ، بۆیە هێزێکی یەکجار زۆری بۆ کۆدەکەنەوە و شوێنەکە بە تەواوەتی گەمارۆدەدەن.

هاورێیانی ئێمە زۆر دلێرانە مۆقاومەت دەکەن تا ئاخرین فیشەکیان و تا ئاخرین هەناسەیان تسلیمی دوژمن نابن. مەگەر ئەوانەی کە برینداربوون و ئیتر هیچ توانای شەرکردنیان نەمابوو (١٢) کەسیان بە ئەسیری دەگیرێن و بەبرینداری دەبردرێنە شاری سنە و دوای ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر (١١) کەسیان ئێعدام دەکرێن. دوو هاورێش لەناوچەکە دەرباز دەبن و ماوەیەک دواتر خۆیان دەگەیێننە ریزەکانی کۆمەڵە و باقییەکەیان لەمەیدانی شەرەکەدا گیانیانبەخت دەکەن و تەرمەکانیشیان تا ماوەیەکی زۆر هەر لەوێ دەمێنێتەوە. دواجار لە فورسەتێکی تر کە ناوچەکە ئەمین بۆوە، تەرمەکانیان راگواستران بۆ شوێنێکی تایبەت بە گیانبەخت کردووانی کۆمەڵە کە لە سلێمانی تەرتیب کرابوو.

ئەم رووداوە گەلێک دلتەزێن بوو، هاورێیانی ئێمە بەدرێژایی شەری ئێران و عێراق زۆر هەولیاندا، بۆ ئەوەی کە خۆیان لەئاگری

ئەو شەڕە بپارێزن. مەیدانەکانی شەڕکێشرابووە کوردستان و ئێمە هەولمانُ دەدا بۆ ئەوەی کە شەڕی خۆمان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی سەربەخۆ لەو شەڕە بەرێوەبەرین و بەپێچەوانەی مەیلی خۆمان بەداخەوە ئەمجارە لەو شوێنە کەوتینەداوی شەڕی ئێران و عێراق. بەڵام ئەمە کارەساتێک نەبوو هەر بەتەنیا بۆ ئێمە، بەلکو کارەساتێک بوو کە بە هەزاران ئینسانی دیکەش گیانیان تێیدا لەدەستدابوو. بەمجۆرە خوێنی تێکۆشەرانی کۆمەلەش تێکەڵ بەخوێنی خەلکی لێ قەوماوی هەلەبجە بوو.

## قسەکانی ڕەزا کەعبی و عومەری ئیلخانیزادە پڕوپاگەندەن

**×سێپتەمبری (٢٠٠٣) ڕەزا کەعبی بە بۆنەی (٣) ساڵ بە سەرهاتنەدەری کۆمەڵە لە حزبی کۆمۆنیست لەمەقالەیەکدا دەڵێ: کۆنفرانسی ساغکردنەوەی کۆمەڵە وڵامێکی دروست و گونجاو و سیاسییانە بوو چونکە ساڵەها بوو هەست بەوە دەکرا کەحزبی کۆمۆنیستی ئێران قسەیەکی نییە بۆ خەڵکی کوردستان و ئەو پێوابوو کە حزبی کۆمۆنیست کۆمەڵەشی لەگەڵ خۆی تووشی سەر لێشێواویکردبوو، قسەی ڕەزا کەعبی و دواتر کە ئیلخانی زادەش لە مەقالەیەکی تردا هەمان شتدووبارەئەکاتەوە و ئەوکات پێیوابوو ئێستا کۆمەڵە توانیویەتی متمانەی بەرینی کۆمەلانی خەلک بۆ خۆی دروستدەکات، ئەم بەحسانە لەنەزەر چییەوەبوو لەکاتێکدا دواتریش دێنەسەر ئەوانە خودی خۆیان تووشی جارێکی دیکە ئینشقاق و ئینشعابێکی جیا بوونەوە لەسەرئەوەیە ئەم بانگەشەیە لەگەڵ ئینشعابەکەی خۆیاندا یەکیناگرێتەوە. ئەمانە تەنها فشارێک بوو لەسەرئێوە لەرووی ئیعلامییەوە یان حەقیقەتێکی تێدا بوو؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەو قسانە دەچنە خانەی پروپاگەندەی ڕێکخراوەییەوە و واقیعی نین. حزبی کۆمۆنیستی ئێران و ڕێکخراوی

کوردستانی ئەو حزبە واتە کۆمەڵە شەفافترین و رادیکاڵترین رێبازو هەڵوێستیان بووە بۆ سەر خستنی خەباتی خەلکی کوردستان. لام وانییە تائێستا هیچکام لە حزبە سیاسییە کوردییەکان بەم روونییە، بەم شێلگیریە بەرگرییان لە بەرژەوەندییەکانی ئەمرۆ و داهاتووی خەلکی کورد لە کوردستانی ئێران کردبێ. ئەمە دیعایە نییە بەلکە راستییەکە کە پشتی بە مێژووی واقیعی (٣) دەیەی رابوردووی کوردستان و بەڵگەنامەکانەوە بەستووە. هۆکاری جیابوونەوەی ئەوان لەکۆمەڵە و لەحزبی کۆمۆنیست هەڵدەگەرێتەوە بۆ دوورکەوتنەوەیان لەئامانجی کۆمۆنیستی و کەوتنە شوێن رێبازی ناسیۆنالیستی. ناسیۆنالیزمی کوردیش بێ توانایی خۆی لە چارەسەرکردنی کێشەکانی نەتەوەی کورد لەکردەوەدا نیشانداوە، ئەوانیش هەر ئەم بێتوانایی و نەزۆکییە لەگەل خۆیان کێشدەکەن. سەرچاوەی کێشەکانی ئێستا و جیابوونەوەکانی ئەم دواییانەشیان هەر هەڵدەگەرێتەوە بۆ ئەو رێبازە و ئەو رێ و شوێنە کەلەژێر ناوی کۆمەڵەدا گرتوویانەتەبەر. کۆمەڵە کالآیەکی بە قەدەر بالآی ئەو رێبازەی ئەوان نییە. ئەو ناتەباییە بەردەوام لە گەڵیان دەمێنێتەوە. حزبی کۆمۆنیستی ئێران لە هەمان کاتدا کە ئامرازێکە لە خزمەت خەباتی سیاسیو چینایەتی ئەمرۆو دوارۆژی هەموو ئێران، زەمانەتی پاراستنی کۆمەڵەیەکی کۆمۆنیستیشە لەکوردستان، بەپێگەی بەهێزی کۆمەلآیەتییەوە.

**×ئەوان زۆرجار باس لەوە دەکەن کە بەلێ نفوز و گەشەیەکی بەرچاویان کردووە بەدوای هاتنە دەریان لە حزبی کۆمۆنیست؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: گەشەکردن دیاردەیەک نییە کە بکرێ ئیدیعای بکەی بەلکە دیاردەیەکە دەبێ ببینی. ئەوان نەیانتوانیوە نوێنەرایەتی هیچ بزووتنەوەیەکی کۆمەلآیەتی واقیعی لە کوردستان بکەن.

**× رەنگە یەکێک لەخیلافەکانی ئێوە ئەوە بێ، موهتەدی لەو کۆنگرەیەدا کە دوابەدوای ئێوە بەستیان لە (٢٠٠٤/٨/١٠)دا ئەڵێ**

**کۆمەڵە حزبێکی کوردستانییە، بەڵام لەئاستی ئێراندا سیاسەتی سەرتاسەری ئێرانی هەیە، تۆ پێتوایە ئەمە هەموو ئەو خیلافە بوو کە لەگەڵ ئێوە هەییوو؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: خاڵی لاوازی ئەوان لەوەدا نابینرێتەوە کە ئەوان ئێرانین یان کوردستانی. بەم رێبازەی کە ئەوان گرتوویانەتەبەر ئەو کێشانە هەمووی چاوەروان کراوبوون.

## کۆمەڵەو حزبی کۆمۆنیست دووانەن

**×تۆ تەئکیدی لەوەی کەئێستا سازمانی کوردستانی- حزبی کۆمۆنیستی ئێران "کۆمەڵە" ئەگەر لەئاستی کوردستانیشدا نەبێ بەڵام بەهێزترین شاخەی کۆمەڵەکانە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: کۆمەلە لەکوردستان رێکخراوێکی بەهێزە. حزبی کۆمۆنیستیش زەمینەی بەهێزبوونی لەئاستی ئێراندا زۆرە. ئەم دووانە ئەندامی پەیکەرێکن کە هەم بۆ دوارۆژی رزگاری گەلی کورد لەستەمی نەتەوایەتی و هەم بۆ دووارۆژی شۆرشێکی کرێکاری لە ئێران گونجاوترین ئامرازن. لە سالی(١٣٥٧ و ١٣٥٨)ی هەتاوی کاتێک کە جۆش و خرۆشێکی سەرتاسەری لە ئێران لە ئارادا بوو، رێکخراوێکی چەپی سەرتاسەری ئێرانی واتە رێکخراوی چریکە فیداییەکانی خەلکی ئێران، بە ئێعتباری چالاکی لەباقی شوێنەکانی ئێران لە کوردستان توانی لە ماوەیەکی کورتدا پێگەیەکی جەماوەری بەهێز بە دەست بێنێ. لام وایە بوونی حزبی کۆمۆنیستی ئێران لە هەمان کاتدا خالێکی بەهێزە بۆ کۆمەلەش لە کوردستان.

**×لەو سەروبەندانەیە لەگەڵ نزیکبوونەوەی کۆنگرەی(١١)ی ئێوە سالی(٢٠٠٤ )کۆنگرەی (٨)ی حزبی کۆمۆنیست ئەبەستن ئێوە، بەستنی کۆنگرەکانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران تاچەند پەیوەستە بەبەستنی کۆنگرەکانی کۆمەلەوە، تاچەند بەحسەکانیان**

**تێک ئەئاڵێ، یا تاچەند کاریگەری و تەئسیریان لەسەریەک هەیە، تا چەند ئێوە مۆهتەنمن  بە کۆنگرەکانی حزبی کۆمۆنیست تا کۆمەڵە لە کاتێکدا شەوق و زەوقێک بە کۆنگرەکانی کۆمەڵەوە زیاتر دیارە تا حزبی کۆمۆنیست؟**

ئیبراهیم عەلیزادە:  بریار و پەسەندکراوەکانی ئەم دوو کۆنگرەیە لەگەڵ یەکتر ناتەبا نین. ئەوان یەکتر تەکمیل دەکەن. لەکۆنگرەکانی کۆمەڵەدا تەرکیزی ئێمە زۆرتر لەسەربابەتە کوردستانییەکانە و لەکۆنگرەکانی حزبدا بابەتە سەرتاسەرییەکان. ئەو شەوق و زەوقەی کەئێوە باسی دەکەن هەڵدەگەرێتەوە بۆ جیاوازی سیاسی هەلومەرجی واقیعی ئێستای کوردستان لەگەڵ باقی شوێنەکانی دیکەی ئێران. بێگومان لەگەڵ گەشەکردنی خەباتی سەراسەری و لەگەڵ  گەشەکردنی چالاکی حزبی کۆمۆنیستی ئێران لەو ئاستەدا کۆنگرەکانی حزبیش گرنگی سیاسی تایبەت بە خۆیان پەیدا دەکەن.

## داهاتووی ئێران بۆ کۆمەڵەیە

**×بۆ تۆ بەردەوام هەروەکو سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە ئەمێنیتەوە و ناکرێی بە سکرتێری حزبی کۆمۆنیست؟**

ئیبراهیم عەلیزادە:  ئەو هەڵوێستە هەمیشە ئینتخابی خۆم نەبووە. من ئامادەبووم و ئامادەشم کەلە هەر شوێنێک کە بۆم دیاری بکرێ و لەوانە لەئاستی خەباتی سەرتاسەریدا ئەرکەکانی خۆم بەرێوەبەرم. بەڵام ئەم مەوقعیەتەی ئێستا ئەساسەن بەهۆی هەڵوێستی هاورێیانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە و کۆمیتەی ناوەندی حزبەوەیە کە لایان وایە لە بواری فەعالیەت لەکوردستاندا دەتوانم بە کەلکتر بم.

**×لەبەر ئەوە نییە کە هەست ئەکەی کۆمەڵە دواڕۆژێکی**

**گرنگی هەیە بۆ تۆ ئیمتازەو کەچی بەرگری  لە مانەوەی حزبی کۆمۆنیستیش ئەکەی؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: من بەدوارۆژی حزبی کۆمۆنیستی ئێران گەلێک گەشبینم و باوەرم بەوە هەیە کە ئەم حزبە دەتوانێ لەدوارۆژی سیاسی ئێراندا دەوری گرنگ ببینێ. لە هەمان کاتدا پێویستە هیچ فۆرسەتێکیش بۆئەوەی کۆمەڵەش لەکوردستان بتوانێ دەوری مێژوویی خۆی ببینێ، لە دەست نەدەین.

**× ئێوە باسی کاری رێکخراوەیی و کاری سینفی و پیشەیی دەکەن لە ناو جمهوری ئیسلامی، بۆچی نەتانتوانیوە هاوشێوەی "pkk" رێکخراوێکی وەکو "DTP" دروستکەن لە ناو کوردستانی ئێراندا؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: هەلومەرجی سیاسی ئێستای ئێران لەگەڵ تورکیا جیاوازە، بەڵام شەرت نییە هەروا بمێنێتەوە. ئێمە هەوڵدەدەین بۆئەوەی رێکخراوەکانی خەباتی رادیکالی مەدەنی لە ئێران لەچوارچێوەی چالاکی عەلەنی و قانونیدا پێکبێن، هەوڵدەدەین بۆئەوەی ئەم رێکخراوانە بە ئاراستەی ستراتێژ و ئامانجی ئەورۆ و دوارۆژی ئێمەدا بچێ. بەرەو پێشچوونی ئەو رەوتە، مومکینە بگاتە ئەوەی کە ئێمە بتوانین پاڵپشتی پێکهاتنی رێکخراوی سیاسی عەلەنی لە کوردستان بین. ئەمە ئەرکێکە پەیوەندی بەداهاتووەوە هەیە و هەر لەئێستاشەوە هەولی بۆ ئەدەین.

## حزبەکانی کوردستانی ئێران ئۆردوگانیشن نین

**×هەر لەسەروبەندی ئەم ئاڵوگۆرانە و کۆنگرەی ئێوە و کۆنگرەی موهتەدی و کۆمەڵێک ئاڵوگۆری جیدی تر لەناو ئۆپۆزسیۆنی ئێراندا دێتەکایەوە، مەسەلەن جارێکی دیکە ئینشقاقی حزبی دیموکراتەکانە، ئەم ئینشقاقانە و ئینشقاقی دواتر**

**ڕەوتی چاکسازی لە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشان، ئینشقاقێکی تر لە ناو شۆڕشگێران، ئینشقاقێکی تر لەناو خەبات، ئیلخانیزادە لەم بارەیەوە بۆچوونێکی تایبەتی هەیە پێیوایە "ئەوە فاکتەرێکی ئەساسی ئینشعابەکانی ناو کۆمەڵە کاری ئۆردوگا نشینییە، کە نەمانتوانیوە دەست بۆ خاڵە ئەساسییەکان بەرین کە پێویستە خەباتی چەکداری بکەین پێویستە خۆمان تەقویەت کەین لە ناوەوە، ئێمە تەنها بووینە حزبێکی ئۆردوگانشین" لەراگەیاندنەکانی کوردستانی باشوریشدا ئەم قسەیە زۆر ڕەنگیداوەتەوە کەلەبەر ئەوە ئەوان هیچ کارێکی دیکە نییە بیکەن تەنها کێشە ناوخۆییەکەیانە، پێتوایە ئەم بۆچوونانە راستە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: پێناسەکردنی حزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران بە حزبی ئۆردوگانشین واقیعی نییە، تەنانەت ئەگەر خۆشیان جاروبار خۆیان وا پێناسەبکەن. بەشێک لەو حزبانە لە ناوەوەی وڵات کەم و زۆر پێگەیان لەناو بەشێک لەخەڵکدا هەیە. ڕێکخراویان هەیە. لە دەرەوەی وڵات چالاکی بەربڵاوی تەبلیغی و سیاسییان هەیە. دیارە لەکوردستانی عێراقیش، مەقەراتیان هەیە. ئەوەی کە خۆیان یان خەڵکی تری دەرەوەی خۆیان بە حزبی ئۆردوگا نشین دەیانناسێنن بۆ ئەوەیە کە سەرچاوەی بنبەستی سیاسی و ستراتژیکی ئەوان ناناسن. هۆکاری سەرەکی گەورەبوونەوەی کێشەکانیان لەچوارچێوەی ئۆردوگاکانیاندا هەڵدەگەڕێتەوە بۆ شکستی سیاسەتەکانی رابوردوویان و یان سەرهەڵدانی خیلافی سیاسی واقیعی ئێستایان کە نایانهەوێ دانیپێدا بنێن.

بۆ وێنە ئەو هاورێیانەی پێشووی ئێمە کەلە کۆمەڵە و حزبی کۆمۆنیستی ئێران جیابوونەوە، بڕیاریاندا خەباتی چەکداری ببوژێننەوە، هەولیاندا بەرەی کوردستانی پێکبێنن، کە لەم هەولەدا ناکام بوون هەولیاندا لەچوارچێوەی بەرەیەکی ئێرانیدا خۆیان ببیننەوە، دەبینین کەلەهیچکام لەوانەدا سەرکەوتوو

نەبوون. زۆربەی حزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران جیا لە ئێمە، بەرامبەر بە رەوتی ریفۆرمی حکومەت لەدەورەی خاتەمیدا هەڵوێستی خاو و خەلیسک و سازشکارانەیان نیشاندا، کەدیتمان چ ئاکامێکی بوو. هەوڵیاندا خۆیان بە سیاسەتی ئامریکا لەناوچەکەوە گرێبدەن، هەوڵیاندا ببن بەبەشێک لە سیاسەتی ئامریکا لەو ناوچەیە، لەپێناوی ئەو بۆچوونەدا فەرهەنگ و هەڵوێستی سیاسی خۆیان گۆری، بەڵام دیتمان هیچ ئاورێکیان لێنەدرایەوە و ئەو تەرزەی کە خۆیان چاوەروانیاندەکرد بە هێند وەرنەگیران.

**×فاکتەرێکی تر هەیە جگەلەوانە بۆ ئەو ئینشعاب و ئینشقاقانە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: بەڵێ جیاوازی ستراتیژی و سیاسەت، گۆرانکاری فیکری و ئیدئۆلۆژیک کە بەسەر ئەندامانی حزبێکدا بێ، کردەوەی جیاوازی لێدەکەوێتەوە و لەوانەیە حزبێک بەرەو ئینشعاب بەرێ. ئەو حزبە لە مەقەراتێکی دیاریکراودا بێ، لەدەرەوەی وڵات بێ، لەناوەوەی وڵات بێ، مومکینە تووشی ئینشعاب بێ. وەها رووداوێک پەیوەندی بە ئۆردوگانشینییەوە نییە. پژاک لە چیاکانی قەندیلیش بوو، ئینشعابی بەسەردا هات. حزبی دیموکرات دەورەی پێشوو لە گەرمەی خەباتی چەکداری و حزووری لە ناوچەکاندا تووشی لەت بوون بوو.

## پەیوەندیمان لەگەڵ ئەمریکا نییە

**×تازەترین پەیوەندی ئێوە و ئەمریکا گەیشتووەتە کوێ؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێمە هیچ پەیوەندییەکمان بە ئەمریکاوە نییە. دوایین جار کە دەکاتە زیاتر لەساڵێک لەمەوبەر(٢٠٠٧)، هەیئەتێکی ئەمریکایی کەپێیان وتین وابەستەن بە ئیدارەی پێنتاگۆنەوە سەردانی ئێمەیان لەمەقەری ناوەندی کۆمەڵە لە زرگوێزکرد. لەو دانیشتنەدا ئێمە و ئەوان لەسەرهیچ چەشنە

هاوکارییەک لە هیچ بوارێکدا ڕێکنەکەوتین. ئێمە بەسەراحەتەوە پێمانوتن کە دەست تێوەردانی ئەوان لەکاروباری ئۆپۆزسیۆنی ئێراندا تا ئێستا تەمەنی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی درێژتر کردۆتەوە.

**×داوای هاوکاری ئێوەیانکرد؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: بەڵێ، بەڵام ئێمە ڕەتمانکردەوە.

**×ئەگەر ئێوە هاوکاری ئەمریکا بکەن، وەکو چۆن وتت (پەژاک) بە ئاگاداری ئەمریکا تەراتێن ئەکا لە سنوورەکاندا ئەوکاتە ئێوەش ناتوانن تەراتێن بکەن لە سنوورەکان و چالاکی و فەعالییەتی چەکدارییکەن و حکومەتی هەرێمیش ناتوانێ دەست بخاتە ڕێگاتان؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: خەباتی چەکداری لەکوردستانی ئێران، پێش هەموو شتێک پێویستە زەمینە و ئیمکانی ئیدامەکارییەکەی لەناوخۆی وڵاتەوە ئامادە بووبێ. ئێمە ناتوانین و نابێ پێ بنێینە وەها بوارێکەوە کەچارەنووسی هەڵگیرسان و یان خامۆشبوونی بەدەست لایەنی دیکەوە بێ.

**×بەڵام ئەگەر قسە ئەوەیە مادام پەژاک تەراتێن ئەکا، عەبدوڵڵا موهتەدی لە کۆنگرەی(١٠)ی خۆیاندا دەڵێ بە ئەرکی خۆمانی دەزانین پەیوەندی لەگەڵئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپا ببەستین، کە تۆ پێتوایە ئەوان پەیوەندییان بەستووە و وەکو منیش ئاگادارم ڕەنگە هەندێک لە دیموکراتەکانیش پەیوەندییان هەیە، کە ئەم پەیوەندییانە بەستراوە بۆ ئەمریکا ڕێگە بۆ ئەوانیش خۆش ناکات کاری چالاکی و فەعالیەت بکەن و هاوکارییان بکەن؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێمە نامانەوێ بکەوینە کێبڕکێ لەگەڵ سیاسەتێکی نادروست. ئێمە ڕێبازی سەربەخۆی خۆمانمان هەیە. ئەوان هەرچی دەیکەن ئیشی خۆیانە. لەوەڵامی بەشی دووهەمی پرسیارەکەتاندا، وا دیارە ئەمریکا لەو کاتەدا هەر

ئەوەندە زەختەی کە خستوویەتە سەر رژێمی کۆماری ئیسلامی پێ کافی بووە، باقییەکەی دادەنێ بۆ ئەو کاتەی کە پێویست بێ. ئەوەیە سەرچاوەی بەرتەسکبوونی پەیوەندی ئەو حزبانە لەگەڵ ئەمریکا. لەراستیدا تائێستا خۆشەویستی ئەوان بۆ ئەمریکا، خۆشەویستییەکی یەک لایەنە بووە.

## پارەمان لەئەمریکا وەرنەگرتووە

**×ئێوە پارەتان وەرگرتووە لە ئەمریکا تائێستا؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: نەخێر هەرگیز.

**×بەڵام هەندێ لە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیو کوردەکانی ئێران پارەیان وەگرتووە و بەردەوام پەیوەندییان هەیە لەگەڵئەمریکا؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: من بەڵگەیەکم لەم بابەتەوە لەبەردەست نییە و تەنیا دەتوانم لەسەرهەڵوێستی سیاسییان قەزاوەت بکەم.

**×ئێوە هەستناکەن بە هەر وەسیلەیەک بێ دۆستایەتی و گوێراڵێکردنی ئەمریکا بۆ ئێوە زەرور بێ؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: هەم مێژووی چەند دەیەی رابردوو و هەم لێکدانەوەی کۆنکرێتی سیاسی ئەو راستییە ئیسباتدەکەن کە گوێرایەلی بۆ ئەمریکا لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خەڵکی ستەم لێکراو و چەوساوە و ئازادیخواز لەئێران و لەکوردستان ناتەبایە. خۆ ئەگەر بۆ وێنە سیناریۆیەکی لەچەشنی ئەوەی لە عێراق روویدا لەئێرانیش دووپات بێتەوە، کە ئەگەری گەلێک لاوازە، ئەوکاتە ئێمەش پێویستە هەلوێستی گونجاو لەگەڵ وەها هەلومەرجێک بگرین بەجۆرێک کە لەزەرەرو زیانو ئازارەکانی وەها رووداوێک ئەوەندەی بتوانین کەمبکەینەوە.

**× لەژێر تەئسیری ئەو مانیفێست و ئایدۆلۆژیای حزبی کۆمۆنیست و مەسەلەی مارکسیزمە ناتانەوێ لە ئەمریکا نزیکبنەوە وەکو رێبەری باڵی سەرمایەداری، یان ئەوەیە کە**

**ئێوە ئەتانەوێ هەڵوێستێکی جیاوازتر و سەربەخۆتان هەبی و ئەزانن ئەمریکالە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستاندا نییە چالاکی و فەعالییەتی دژی ئێران؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەو هەڵوێستەی ئێمە پێش ئەوەی هەڵوێستێکی ئیدئۆلۆژیک بێ، هەلویستێکی سیاسی کۆنکرێتە. سەرمایەداری بوونی دەوڵەتی ئەمریکا ئەو حەقیقەتەمان پێدەڵێ کە ناتوانین چاوەروانی چاکەی لێبکەین.

## لەقەڵاچوالان لەگەڵ ئیتلاعات دانەنیشتووین

**×پەیوەندی ئێوە لەگەڵ جمهوری ئیسلامی چۆنە، زۆرجار من گوێم لێبووە یان ئاگاداربووم کە ئێوە لە قەلاچوالان لەرێگای یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە دانوستان بووە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێرانی ئێوە تاچەند بەشداری ئەو دانوستان و گفتوگۆ و مفاوزاتانەتانکردووە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێمە وەکو کۆمەڵە، رێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران، هەرگیز نەلەقەلاچوالان و نەلەهیچ شوێنێکی دیکە گفتوگۆمان لەگەڵ نوێنەرانی رژێمی ئێران نەبووە. دووایین گفتوگۆیەک کەبوومانە هەڵدەگەرێتەوە بۆسالی (١٩٨٠) لەشاری مەهاباد لەچوارچێوەی گفتوگۆکانی هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد لەگەل رژێمدا.

**×هێزە سیاسییەکانی تریش نەیان بووە، وەکو کۆمەڵەی شۆرشگێران یان حزبی دیموکرات؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: بۆ حزبی دیموکرات لانیکەم هەموو کەس لەوە ئاگادارە کە سکرتێری گشتی حزبی دیموکرات دکتۆر قاسملو گیانی لەرێگای وتووێژی نهێنی لەگەڵ رژێمی کۆماری ئیسلامی دانا. ماوەیەک لەوەوپێشیش لەسەرزاری یەکێک لەئەندامانی پێشووی دەفتەری سیاسی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

ئاشکراکرا کەلەم ساڵانەدا جارێک لەگەڵ نوێنەرانی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی دانیشتنیان بووە.

## باڵی موهتەدی لەگەڵ ئێران دانیشتووە

**×موهتەدی لە دوای کۆنگرەی (١٠)ی خۆیان لەرۆژنامەی (شـۆرش) لەژمارە (٤٢) لە ژانویەی (٢٠٠٥) دەڵـێ "هیچ وتووێژێکمان نییە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران و وتوومانە هەر وتووێژێک هەیە ئەبێ رەسمی و عەلەنی بێ؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: دەنگوباسی ئەو دانیشتنە لەگەڵ نوێنەرانی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی لەکوردستانی عێراق لەکاتی خۆیدا وەکو دەنگۆبڵاو بووەو ماوەیەک لەوەوپێشیش هەروەکو باسمکرد ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یان لەسەرتۆری ئینتەرنێت ئاشکرای کرد.

## بەڵگەم هەیە کە موهتەدی لەگەڵ ئێرانییەکان بەنهێنی دانیشتووە

**× تۆ پێتوایە مفاوزات هەبووە لەنێوان ئەواندا؟ ئەی چییە ئەو دانیشتنانە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: هیچکام لەم دانیشتنانە لەراستیدا ناچنە خانەی وتووێژەوە، بەڵکو پیلانی ئیتلاعاتین کە بەداخەوە ئەو حزبە سیاسییانەش بەدەمیەوە چوون. تەنیا حزبێک کەبروایەکی بەهێزی جەماوەر نەمابێ وەسوەسە دەبێ بچێتە ناو وەها پرۆسەیەکی بێ سەرئەنجامەوە. هەردووکی ئەو نمونانەی کە باسم بۆ کردن لە دەورەی پاشەکشە و زەعفی ئەو حزبانەدا روویانداوە و لەکاتێکدا بووە کە هاوسەنگی هێز لە هەموو روویەکەوە بەقازانجی رژێمی کۆماری ئیسلامی بووە. دەزگاکانی

ئیتلاعاتی بەمەبەستی جۆراوجۆری وەکو کۆکردنەوەی زانیاری ڕاستەوخۆ، دووبەرەکی نانەوە لەناو هێزە سیاسییەکان، بێ ئیعتبارکردنی ئەم هێز و ئەو هێز، وەها پیلانگەلێک ڕێکدەخەن.

**×لەم نزیکانە یان لە داهاتوویەکی نزیکدا مفاوەزات و گفتوگۆتان ئەبێ لەگەڵ ئێراندا؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: وتووێژ لەگەڵ دوژمن دەتوانێ بەشێک بێ لە خەباتی بەردەوام لەگەڵ ئەو دوژمنە. بەڵام ئیمکانی وتووێژ لەئەنجامی گەیشتنی هاوسەنگی هێز بەرادەیەکی دیاریکراو دەخولقێ. لەکاتێکدا کە هەلومەرجی سیاسی و هاوسەنگی هێز بە قازانجی لایەنی ئێمە نەبێ وتووێژ دەبێتە بوارێک بۆ پاشەکشە و لەنیهایەتدا بۆ ڕێککەوتن لەسەرچۆنیەتی تەسلیم بوون. لە هەر حاڵدا ئێمە دژ بەبەرێوەچوونی وتووێژی نهێنی لەگەڵ کۆماری ئیسلامین.

**×ئەی چۆن ئێوە کێشەکانتان یەک لا ئەکەنەوەو چۆن ئەتوانن ئەم ڕژێمە بروخێنن؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: هەروەک باسمکرد ئێمە وەکو سەرەتایەک دژ بەوتووێژ نین، بەڵام پێویستە هەلومەرجی وەها وتووێژێک برەخسێ. وتووێژ نابێ لەلایەن ئەم یان ئەو ڕێکخراوەوە بە جیا ئەنجام بدرێ. ئەگەر وتووێژ لەسەرمافەکانی گەلی کوردە، پێویستە وەکو ئەمرێکی نەتەوەیی چاوی لێبکرێ و لەلایەن نوێنەرانی خەڵکی کوردستانەوە بەرێوەبچێ. هەربۆیە لامان وایە ئەوەی کە ئەم لایەن یا ئەولایەن خۆیان بە تەنیا پێوەندی بگرن لەگەڵ دوژمن و ناوی بنێن وتووێژ بۆ دابینکردنی مافەکانی خەڵکی کوردستان شتێک نییە غەیری ڕێگا خۆشکردن بۆ پیلانەکانی ئەو ڕژێمە. خەبات بۆ روخاندنی کۆماری ئیسلامی خەباتێک نییە کە ئەرکەکەی هەر بە تەنیا لەسەرشانی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان بێ. ئەم ئەرکە پەیوەستە بەخەباتی سەرانسەری جەماوەری خەڵکی ئێران. ئێمە لەچوارچێوەی حزبی کۆمۆنیستی ئێراندا بۆ بەئەنجام گەیاندنی وەها ئەرکێک بەپێی ستراتیژێکی ڕاگەیەندراو هەوڵدەدەین.

# رووخانی ئێران دیار نییە

**×رووخانی کۆماری ئیسلامی نزیکبووەتەوە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: کەس ناتوانێ ئەمرۆ پێشبینیەکی ورد بۆ وەها ڕووداوێک بکات. ئێمە هەوڵ دەدەین پلە بەپلە کۆمەڵگای ئێران لە هەلومەرجێکی شۆڕشگێرانەی وەها نزیک کەینەوە کە هەم رژێمی کۆماری ئیسلامی بڕوخێ و هەم چینی کرێکار بە دەسەڵات بگات، یان لانی کەم هەلومەرجی بەدەسەڵات گەیشتنی لەبارتر بێ و لەبە دەستەوە گرتنی دەسەڵاتی سیاسی نزیک بێتەوە. هێزی دیکەش هەیە کە هیوای بە دەستێوەردانی دەرەکی بۆ روخاندنی کۆماری ئیسلامی بەستووە، بە لای ئێمەوە وەها هیوایەک تەوەهۆم بێ یان واقعیەت بەرژەوەندی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لە وەها ڕەوتێکدا نییە.

**×ئەی ئەو هەموو ئیدعایە ئەمریکا دەیکات چییە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ناکۆکی نێوان کۆماری ئیسلامی و ئەمریکا واقیعییە. ئەم دوو دەسەڵاتە بە هەموو شیر و تیرێکیش کە لە یەکتر ئەیکێشن، بەردەوام قازانجیش بە یەکتر دەگەیەنن. کۆماری ئیسلامی ئێران لە ئەفغانستان و لە عێراق لە سەرەتاوە یارمەتیدا بەبەرێوەچوونی سیاسەتی ئەمریکا لەو دوو وڵاتە، کار ئاسانی بۆ کرد. کێشەکانی دواجاریان لەسەرئەوە بوو و ئێستاش لەسەرئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی داوای پشکی خۆی لەم بەشداریکردنەدا دەکات و ئەمریکاش نایەوێ لەوەی زیاتر کە دەیکەوێ، بیداتێ. باشترین حاڵەت بۆ ئەمریکا ئەوەیە کە پێش بە زیادەرۆییەکانی کۆماری ئیسلامی بگرێ و لە زەرفیەتەکانی وەکو زلهێزێکی ناوچەیی بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆی کەڵک وەر بگرێ. ئەو زەختەی ئەمرۆ ئەمریکا بۆ کۆماری ئیسلامی دێنێ لە کردەوەدا بە وەها پرۆسەیەک خزمەت دەکات.

**×ئایا ئەو بەرژەوەندییانەی ئەمریکا ناتوانێ خۆی لە رووخانی جمهوری ئیسلامیدا ببینێتەوە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: وەڵامی ئەم پرسیارە پەیوەندی بەوە هەیە کەرژێمی کۆماری ئیسلامی لە چ رێگایەکەوە و لە ئاکامی چ پرۆسەیەکدا دەروخێ. ئەگەر رووخانی رژیمی ئێران تێکە و لێکەیەکی وەهای لێبکەوێتەوە کە ئەم وڵاتە پان و بەرینە لەشوێنێکی ژێئۆپۆلێتیکی وەها هەستیاردا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ رووی سەقامگیری بە خۆیەوە نەبینێ، وەها حالەتێک لە بەرژەوەندی ئەمریکادا نییە. هەروەها ئەگەر روخانی کۆماری ئیسلامی لە ئاکامی خەباتی شۆرشگێرانە و گەشەکردنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی پێشکەوتووی ئەم وڵاتەدا بێتە کایەوە، لام وا نییە ئەمریکا بەرژەوەندی خۆی لەوەها حالەتێکیشدا ببینێتەوە. هەر بۆیە لە ستراتێژی ئەمریکادا ئەگەر روخانی کۆماری ئیسلامی جێگایەکی هەبێ، پەیوەندی هەیە بە چۆنیەتی رووخانی ئەو رژێمەوە.

## پەیوەندیمان لەگەڵ (pkk) ئاساییە

**×پەیوەندی تازەی ئێوە و "pkk" لە کوێدایە و ئەوەی کە من ئەیبینم پەیوەندی ئێوە و "pkk" ئاساییتر ئەبینم بە پێچەوانەوە پەیوەندی "pkk" و کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشان زۆر خراپ ئەبینم و دایمە هێرشی توند ئەکەنەسەر یەکتر؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێمە پێوەندیمان لەگەڵ "pkk" ئاساییە، بەڵام ئەم پەیوەندییە نەچووەتە بواری هاوکاریکردنەوە.

# کۆنگرەی یانزەی کۆمەڵە
# ٢٠٠٤ (زرگوێز)

# کۆنگرەی (١١) و رۆتین -٢٠٠٤- زرگوێز

**×لە (٤ تا ٩)ی گەلاوێژی (١٣٨٣) واتە لە (٤ی ئوتی ٢٠٠٤)ی زایینی کۆنگرەی (١١)ی کۆمەڵە ئەبەستریٚ دیسان لەسلێمانی، هەمیشە کۆنگرەکانتان لە سلێمانییە یان لە زرگوێزە، کە ئەمەش مانای ئەوەیە کە کۆمەڵە جگەلەوەی کە ئاڵوگۆر لە رووی سیاسییەوە بە سەریدایە نەیتوانیوە جارێکی تر هەوڵبدات کۆنگرەکەی لە شوێنێکی تر بێت مەبەستم ئەوەیە لە ناوخۆی کوردستانی ئێران بێ، ئەم کۆنگرەیە چ جیاوازییکی تری هەبوو، هیچ جیاوازییەکی هەبوو لەگەڵ کۆنگرەکانی تر یان هەر ئەوە بوو هەر لە چاوەروانیدا مانەوە ئێوە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: بۆ ئاگاداریتان کۆنگرەکانی( ١ و ٢ و ٣)ی کۆمەلە لە کوردستانی ئێران بەرێوەچوون. کۆنگرەکانی (٤ و ٥ و ٦) یش لەشوێنەکانی ئازادی کوردستانی عێراق بوون. لەکۆنگرەی حەوتەوەبوو کەشوێنی بەرێوەچوونی کۆنگرەکانمان هاتە سلێمانی و زرگوێز. گومان لەوەدا نییە کە بەردەوام هەولمانداوە و هەولدەدەین بۆ ئەوەی ئەو هەلومەرجە بگۆرین. شوێنی بەرێوەچوونی کۆنگرە بە تەنیایی ئەوە نیشان نادات کە هاوسەنگی هێز لەچ ئاستێکدایە، هەلبەت دەتوانیٚ یەکێک لەفاکتەرەکان بیٚ، کۆنگرەی (١١) کۆنگرەیەکی رۆتین بوو. لێکدانەوەی هەلومەرجی سیاسی ئێران و ناوچەکەی کرد و تەئکیدی لەسەرپەسەندکراوەکانی کۆنگرەی (١٠) کردەوە. ئەم کۆنگرەیە لەکاتێکدا بەرێوەچوو کە رژێمی عێراق رووخابوو. دەولەتی ئەمریکا ئیدعای دەکرد کە پرۆژەیەکی دیموکراتیکی بۆ رۆژهەلاتی ناوەراستی گەورە بە دەستەوەیە. کەم نەبوون ئەو کەسانەی کە تەنانەت بیریان لەدووپات بوونەوەی سیناریۆی عێراق بۆ ئێرانیش دەکرد. لەم کۆنگرەیەدا ئێمە جارێکی دیکە ئەو راستیەمان تەئکیدکردەوە کە بەرژەوەندی

ئەمریکا و بەرژەوەندی کۆمەڵانی خەڵک لەکوردستان و لە ئێران یەکناگرنەوە. ئەو هەڵوێستە کە بەردەوام لایەنە جۆراوجۆرەکانی شیدەکرانەوە، لەکاتێکدا بوو کە شەپۆلێک لە پروپاگەندە بۆ خۆشباوەرکردنی خەڵک بەسیاسەتەکانی ئەمریکا لەوناوچەدا لەئارادابوو. تەنانەت لەناو خۆشماندا کەسانێک بوون کەبەرامبەر بەم لێکدانەوە و هەڵوێستەی کۆنگرە و کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە دردۆنگ بوون و لایان وابوو ناواقیعی و چەپ ڕەوانەیە. بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکان نیشانیان دا کە لێکدانەوەکانی ئەوکاتی کۆنگرەی(١١)ی ئێمە ورد و لە جێگای خۆی بووە.

**×ئەو باسانەی کە هەیە نارەزایەتیەک هەیە لەناو کۆمەڵە لێرە سەبارەت بە تێروانینیان لەسەرمەسەلەی حزبی کۆمۆنیست و کۆمەڵە لە رووی سیاسی و ڕێکخراوەیی ئیدئۆلۆژی و مێژووییەوە، لەو کۆنگرەیەدا قسە و باسی لێکرا یان ئەوە کۆنگرەی (١٢) یە کە ئەم بەحسە ئەوروژێ؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: کۆنگرەی (١١) نەچووە سەر ئەو باسە و هیچ بریارنامە یان دەستور جەلەسەیەک لەم بابەتەوە پێشنیارنەکرا. هەڵبەت چەند مانگ پێش بەرێوەچوونی ئەو کۆنگرەیە لە ناو تەشکیلاتی ئێمەدا لەسەرتێروانین ئەم هاورێیانە ڕێفراندۆم کرا و نزیکەی لەسەدا (٩٠)ی ئەندامانی ئێمە دژ بەم تێروانینە هەڵوێستیان دەربری. ئەو هاورێیانەی کە ئەو تێروانینەیان بوو نەهاتنە ناوکۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی ئەو کۆنگرەیەوە.

**×چیتانکرد لەو کۆنگرەیەدا بۆ ئەوەی کە لانیکەم جارێکی دیکە کێشەتان بۆ دروست نەبێ یا ئینشقاق و ئینشعابێکی دیکە دروست نەبێ یان هەوڵتاندا خەڵکانێکی تر جارێکی تر پەیوەست بکەنەوە بە خۆتانەوە، گرنگترین محاولاتەکانی ئەو کۆنگرەیە چی بوو ئێوە کردتان؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: لەم کۆنگرەیەدا هەوڵی سەرەکی ئێمە ئەوە بوو کە لێکدانەوەمان بۆ هەلومەرجی سیاسی لێک نزیک کەینەوە. هەوڵماندا بۆ ئەوەی کە ئەگەر خیلافێک هەیە لەبواری تەشکیلاتییەوە بگوازرێتەوە بۆ بواری سیاسی. بە گشتی هەوڵی ئێمە ئەوە بوو کە کێشەکان لەچوارچێوەی کێشە لەسەرقاڵبی تەشکیلاتی حزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە بگوازرێتەوە بۆ جیاوازییەکانمان لەبواری ستراتێژ و سیاسەت و هەڵوێستی کۆنکرێتدا.

**×لەو قائیمەی لەبەردەستی مندایە کە بەشێکیان کە کۆمیتەی ناوەندین هەندێکیان وازیان هێنا لە کۆمیتەی ناوەندی یان لە کۆمەڵە بە بێ ئەوەی بەشداری ئینشعابیش بکەن، ئەم خەڵەلە چییە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: لەم کۆنگرەیەدا هەوڵدرا بۆ ئەوەی کە ژمارەیەک لەو هاورێیانە خۆیان کاندید بکەن بۆ ئەندامەتی کۆمیتەی ناوەندی. بەڵام خۆیان ئەو داوایەیان قبوڵ نەکرد و لەدەرەوەی کۆمیتەی ناوەندیدا هەوڵیاندا بۆ ئەوەی بۆچوونەکانی خۆیان بەرنە پێش.

**×ئەو رەخنانە تاچەند راستن کە رێگری هەیە لەناو کۆمیتەی ناوەندی، رێگری هەیە بۆ سەرکەوتنی خەڵکی گەنج یان بۆ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کە بچێتە پێشەوە یەعنی دەسەڵات و سەلاحیەت و ئیمکاناتی زیاتری پێبدرێ، ئەم رەخنانە رەخنەی شەخسین؟ جیدین؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: من هەستناکەم بەوەی کە هیچ رێگرییەک هەبێ لەوەی کە گەنجەکان رێگا پەیدا بکەن بۆ ناوەندەکانی رەهبەری حزبی و کۆمەڵە بەڵام واقعیەت ئەوەیە لە کاتی دەنگداندا ئەوەی کە بەکردەوە بەرێوەدەچێ ئەو سوننەتەیە کە زیاتر متمانە بەکۆنەکارەکان دەکات. ئەوە کێشەیەکە کە لە هەمان کاتدا پەیوەندی بە هەلومەرجی سیاسیشەوە هەیە. شەرت

نییە ئەگەر ئێمە کۆنگرەکانمان لە هەلومەرجێکی شۆڕشگێڕانە و لەناوەوەی وڵات بەڕێوەبەرین، ئاکامەکانی لەم بابەتەوە هەر بەمجۆرە بێ کە لە هەلومەرجی وەکو ئێستادا هەیە.

# کۆنگرەی دوانزەی کۆمەڵە
# ٢٠٠٦ (زرگوێز)

# کۆنگرەی (١٢)و ئەگەری ئینشیقاق بەندی-٢٠٠٦-زرگوێز

**×لەبەرئەوەی ئەم کۆنگرەیە کەهەروەک وتت کۆنگرەیەکی رۆتینە ئەچینە سەر کۆنگرەی(١٢)، کۆنگرەیەکە ئاڵوگۆڕێکی جیدی لە مەنتیقە پێکهاتووە کێشەکان زیاتر بوون و ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی تووشی کێشە و قەیرانی زیاتر بووە، وردە وردە ئینشعاب و ئینشقاقی زیاتر روو ئەدات کۆنگرەی (١٢) لە پوشپەری (١٣٨٥) و لە ژوویەی(٢٠٠٦) لە زرگوێز بەرێوەئەچێ هێشتا کێشەکانتان بەردەوامە لەگەڵباڵی موهتەدی، بەڵام هەر لەو کۆنگرەیەدا چەند کەس لە ئێوە کە من بەڵگەکانیشم لەبەر دەستدایە لەسایتە ئینتەرنێتییەکانیش نووسیویانە لەسەرتان‌و جەماعەتێک لەخۆتان نارازین دەیانهەوێ ناوی حزبی کۆمۆنیست بگۆرن و پێیانوایە ئێوە کارێکی خراپ ئەکەن کە بەناوی کۆمەڵەوە قوربانی ئەدەن و حزبی کۆمۆنیست ئەیخوات؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: کۆنگرەی (١٢) هەوڵیدا لێکدانەوەیەکی شەفاف لەسەر ئەو هەلومەرجە ئاڵۆزە سیاسیەی کە باستانکرد بەدەستەوە بدات. لەسەربنەمای ئەو لێکدانەوەیە سیاسەت و تاکتیکی ئێمە بۆ هەموو بوارەکانی هەڵسوڕانمان دیاری بکات. هەر لەم کۆنگرەیەدا باس لەبەرنامەی کۆمەڵە بۆ دەسەڵاتداریەتی جەماوەر لەکوردستان کرا و بنەماکانی ئەو بەرنامەیە دیاریکرا. ئەو بەرنامەیە دواجار لەلایەن کومیتەی ناوەندی کۆمەڵەوە ئامادەکرا و وەکو بەڵگەیەکی رەسمی بڵاوکرایەوە. بەنیسبەت کێشەکانی ناوخۆشمان لەو کۆنگریەدا چەند لایەنێکی سیاسی جیاوازیەکان لەگەڵ هاورێیانی ئۆپوزیسیون خۆیان دەرخست و لە کۆی (٢٣) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی (٣) کەسیش لەو هاورێیانە هەڵبژێردران.

سەبارەت بە دوایین بەشی پرسیارەکەتان لە پێشدا با

ئەوەتان پێبڵێم ڕاستە کەئەو هاوڕێیانەی ئێمە نایانەوێ کۆمەڵە لەچوارچێوەی حزبی کۆمۆنیستی ئێراندا فەعالیەت بکات، بەڵام ئێستا ئەوە بە تەواوی ڕوونە کەکێشەی ئەوان تەنها لەگەڵ چوارچێوەی حزبی کۆمۆنیست نییە، بەڵکو لەگەڵ گەلێک لە بنەما فیکری و سیاسی و ستراتژیەکەکانی کۆمەڵەش ناتەبان. ئەوەی ئەوان دەیان هەوێ تەنیا گۆرینی ناو نییە، بەڵکو بە ووتەی ڕاگەیاندراوی خۆیان گۆرینی ڕێبازو ناوەرۆکی ستراتیژی سیاسی ئێمەشە.(٢٥) ساڵ لە پێکهاتنی حزبی کۆمۆنیستی ئێران تێپەردەبێ. لە هەموو ئەو ماوەیەدا کۆمەڵە پێگەی جەماوەری خۆی پاراستوە و بگرە بەهێزتریشی کردووە و لەچوارچێوەی حزبی کۆمۆنیستی ئێرانیشدا کاری کردووە. ئەگەر ئەو ڕێبازە لەکوردستان زەمینەی کۆمەڵایەتی نەبوایە ئەو ڕەوتە بەم شێوەیە چۆن دەپارێزرا؟ ئەوە ڕێبازێکی سیاسییە کە هەم ئێمە وەکو ڕەوتێکی رادیکالی سوسیالیستی پێویست بوو بیگرینەبەر و هەم کەم ژانەسەرترین ریگایە بۆ سەرکەوتنی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی کوردستان و بۆ لەناو بردنی ستەمی نەتەوایەتی.

## جیاوازی لەنێوان موهتەدی و ئیلێخانیزادەدا نابینم

**×لەسەرئەو جیابوونەوانە، ڕێکخراوێکی تر بە ناوی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران –ڕەوتی چاکسازیو گەشە، پێتوایە بەحسەکانیان ئەوەندە نەزەریبوون کەئەیانەوێ ئاڵوگۆڕێکی جیدی لە بواری سیاسیو فیکری پێکبێنن یان ئەوەیە کە دووبارەکردنەوەی ئینشعابەکانی پێشوەو یان ئەوە ڕاستەکە پێیانوایە ئەمە ڕیفۆرمە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: من هیچ جیاوازییەک لەبەرنامە و لەستراتیژی سیاسی ئەو دوو لایەنەدا نابینم. کێشەکانیان

لەسەرهەڵسوکەوت‌و شێوەکاری تەشکیلاتییان خۆی دەرخستووە، بەڵام من لام وایە هۆکاری سەرەکییەکەی ئەوەیە کە ئەو سیاسەتانەی وا لەماوەی چەند ساڵی دوای جیابوونەوەیان لەئێمە دایانرشتووە و هەمووشیان لە سەری کۆکبوون، هیچکامیان نەکەم و نەزۆر وڵامیان وەرنەگرتووەتەوە. لەوەها حاڵەتێکدا سەیر نییە ئەگەر کێشە ناوخۆییەکان لەسەرنەبوونی دیموکراسی بێ یان شەری دەسەڵات یان شتی تر، زاڵ بێتەوە.

**× لایەنی سێهەم کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو جارێکیتر هاتە ناو وەزعەکەوە، بەڵام نەیتوانی چارەسەری ئەم گرفتانە بکات پێتوایە لەهەموو کێشەکانی ئێوە یەکێتی جارێکی کە دیتەوە ناو دانیشتنەکانی ئێوە و دواتریش سەرکەوتوو نابێ، مەسەلەکە ئەوەیە کە یەکێتی زۆر دۆستی نزیکی ئێوەیە؟ ئەیهەوێ ئەمانە روو نەدا؟ یان فاکتەرێکە لە پشت ئینشعابەکانەوە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: من ئاگاداری وردەکارییەکانی هەیئەتی ناوبژیوانی یەکێتی نیشتمانی لەکێشەکانی ساڵی رابردووی ئەو رێکخراوەیە نیم. بەگشتی دەتوانم بڵێم کەکێشەکانی ناوخۆی حزبە سیاسییەکانی کوردستان هەموویان هۆکاری ناوخۆییان هەیە. هەڵبەت ئەگەر لایەنێک دڵنیابێ لـەوەی کەدوای جیابوونەوە یارمەتی ماددی بۆ دەستەبەر دەبێ، جیابوونەوەکە رەوتێکی خێراتر بەخۆیەوە دەگرێ. لەوانەیە ئەگەر ئەو فاکتەرە لە ئارادا نەبێ، ناوەرۆکی سیاسی ناکۆکییەکان لە رەوتێکی ئاساییدا زیاتر دەربکەون و رەوتی جیابوونەوە یان وەحدەتی سەر لە نوێ بەشەفافی و بەبەرچاوی خەلکەوە بەرێوەبچێ.

## بۆچوونەکانی ئیلێخانیزادە سەر پێیین

**× عومەری ئیلیخانیزادە لـەدوای جیابوونەوەکەی ئەڵێ "موهتەدی و عەلیزادە بەرپرسن لە وێران بوونی کۆمەڵە و چوونە**

**ناو حزبی کۆمۆنیست" ئەو پێیوایە ئەگەر کاک فوئاد بمایە ئەم وەزعە رووی نەئەدا؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: کاک عومەر خۆی لە بونیادنەرانی حزبی کۆمۆنیست بوو و مەنسوری حیکمەت هەمیشە شانازی بەبۆچوونەکانی ئیلخانیزادەوە دەکرد، ئەمە لێکدانەوەیەکی زۆر روکەشییە و هەڵسەنگاندنێکی ئیختیارییە. بەمانایەک بە کەمگرتنی هەموو ئەو ئینسانە سیاسی و بەئەزمونانەیە کە لەجەرگەی خەباتێکی چرو پرو پڕ لە هەڵسوکەوتی سیاسی و نیزامی و کۆمەڵایەتیدا ئەو رەوتەیان تا ئێرە هێناوە. ئەمە خۆدەربازکردنە لە لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی قوڵی سیاسی، لێدوانێکی سەرپێیە.

**× لە وەڵام بەو رەخنانەی کە هۆکاری جیابوونەوەن لە باڵی (رەوتی چاکسازی و گەشە) لەکۆمەڵەی زەحمەتکێشان ئیلیخانیزاد، موهتەدی تاوانبار ئەکات بەوەی کە هاوکاری ئەمریکای کردووە، کە نادیمۆکراتییە و دەسەڵاتی و پارە و پول و ئەوانە هەموو لەژێر کۆنترۆ لی خۆیدا ئەو پێیوایە کە سنترالێکی دەسەڵات هەیە کە لای عەبدوڵڵا کۆبووەتەوە و دەسەڵات لای سکرتێرە، و لەوەش خراپتر ئەڵێت لە کۆنگرەیە عەبدوڵڵا خۆی کردووە بە فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگە کە ئەم کلتوورە لەناو کۆمەڵەدا نەبووە. ئەم رەخنانە رەخنەی جیدی و دەقیقن یا ئەو کاتەی کە ئینشعاب رووئەدا هەموو شتێک ئەبێ بە و رەخنە و قسەکردن؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: بۆ ئەوان کە لەم (٨) ساڵەدا پێکەوە کاریانکردووە و شارەزای هەموو کێشەکان و رووداوەکانی ناوخۆیان هەن لەوانەیە ئەم رەخنانە واقیعی بن، من ناتوانم قەزاوەتێکی ورد لەم بابەتەوە بکەم. بەڵام بەبروای من ئەمانە تەنها دەتوانن بەشێک لەواقیعیەت بن نەک هەمووی. ئەگەر کاک عەبدوڵڵا و هاوفیکرانی سیاسەتەکانیان لەم ماوەیەدا سەرکەوتوو بووایە بەهەموو ئەو رەخنانەشەوە جیابوونەوە دەیتوانی روونەدا. ئەو رەخنانە دەبنە هەوێنی ماددەیەکی دیکە.

## کاک عومەر خۆیشی لایەنگری ئەمریکا بوو

**× بەڵام عەبدوڵڵا موهتەدی لەوەڵام بەو قسانەی عومەر ئیلێخانیزادەدا ئەڵێ هیچ فاکتەرێکی سیاسی نابینم بۆ جیایی جگە لە تەموحی شەخسی نەبێ؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەگەر جیاوازی سیاسی نەبوو یان ئەگەر جیاوازییەکان ئەساسی و جیددی نەبوون، جیابوونەوە لەسەر کێشەی تەشکیلاتی زۆر لە جێی خۆی نییە. لەسەرئەساسی کۆمەڵێک کێشەی تەشکیلاتی حزبی سیاسی جیددی بنیاتنانرێ. لەوەها کاتێکدا پێویستە هەموو هەولەکان بۆ مانەوە تاقی بکرێتەوە و ئەگەریش هەر بەجێ نەگەیشت رێگای دیکەش هەیە غەیری پێکهێنانی حزبێکی دیکە کە بە ناوەرۆک و بەرنامەی سیاسی و رێبازەوە هەروەکو ئەوەکەی پێشوو وابێ. دەتوانێ بە ئیشێکی سیاسی و یان کۆمەڵایەتی دیکەوە خەریک بی.

**× کێ دەعمی ئەم هێزانە ئەکات دەعمی مادییان ئەکات وا زوو ئەکەونە سەر سکە، رادیۆ، تەلەفزیۆن، ئۆردوگاو پارە و کێ ئەمانە؟ پێتوانییە فاکتەرێکی ئەساسین جارێکی تر بۆ ئینشقاق و ئینشعاب؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: بێگومان ئەو ئیمکاناتە نەبەسەروەتی شەخسی رێبەرانیان سازدەکرێ و نەبەپەلە پروزە یارمەتی جەماوەری بە فریایان دەگات. ئەگەر سەرچاوەی دارایی ئاسان و بێ دەردی سەر لەبەردەست نەبێ. ناچار دەبن زۆرتر بیری لێ بکەنەوە و رێگەی سیاسی تر رەچاوکەن.

**×عومەر ئێلخانیزادە پێیوایە کۆنگرەی (١٢)ی کۆمەڵە تەپڵی جیابوونەوە بوو بەو دەلیلەی سکرتێر بوو بە سکرتێری گشتی، هێزی چەکداریش خرایە ژێر دەسەڵاتی سکرتێرەوە، کە ئەمانە پێیوابوو بەشێکە لە ئیحتیکار و ئەم سوننەتە لەناو کۆمەڵەیا نییە، ئەمانەو رەخنەی دەقیقن پێتوایە ئەمە ئالوگۆرن ؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەمانە رەخنەن بەڵام پاساوی جیابوونەوە

نین، مەگەر بە شوێنیدا خیلافات لەسەربەرنامە و سیاسەت و ستراتیژ و تاکتیکیش دەرکەوێ.

**× لەکۆنگرەی (١٢)ی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشان ناوی کۆمەڵە یان کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشان بەفارسییەکەی بوو بە (حزبی کۆمەڵەی کوردستانی ئێران) پێتوابوو ئەمە چ جۆرە تاکتیکێکە، لەکاتێکدا بە ئینگلیزیەکەشی وا ئەکا بەڵام بەکوردییەکەی بۆ بوو بە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشان؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەمە کایە کردنێکە لەگەڵ ناو. سەرچاوەکەی هەڵدەگەڕێتەوە بۆ یەک تەناقوزی ئەساسی. ئەویش ئەوەیە بەرەو راست چوونی ئەوان لەگەڵ ناوی کۆمەڵە و سوننەتی کۆمەڵە ناتەبایە. ئەوان نە دەیانهەوێ دەست لە ناوەکەی کۆمەڵە هەڵبگرن و نەدەتوانن نوێنەرایەتی ڕێبازەکەی بکەن، ئەوەیە وا بە شوێن ناودا سەرگەردانی کردوون.

## عەبدوڵڵا کۆنەپۆشی نوێنەرایەتی کەس ناکات

**×بە دوای ئەم کێشانە لە دووهەمین پلینۆمی دوای کۆنگرەی (١٢) جارێکی دیکە کێشە ئەکەوێتە ناو کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشان، کەسێک بەناوی عەبدوڵڵا کۆنەپۆشی کەئەندامی کۆمیتەی ناوەندییە رووبەرووی کێشە ئەبێتەوەو ئەوانە ئەمە هەمووی خیلافی فیکرییە لەماوەی سێ سالدا چوار ئینشقاق رووبدا و لە ناو (١٠)کیلۆمەترییەکی قەزای قەراخدا چوار کۆمەڵە دروست بوویێت؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەو جیابوونەوانە نوێنەرایەتی هیچ بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی، هیچ رەوتێکی کۆمەڵایەتی لە ناو کۆمەڵگای کوردستاندا ناکەن. هەلومەرجی ئێستای کوردستانی عێراق وای کردووە کە ئەوان بتوانن هەرکامەیان

دام و دەزگایەک لەو ناوە بۆ خۆیان دابمەزرێنن و بەو مانایە هەبن.

**×قسەیەک هەیە کە باڵی مۆعتەریزی ناو ئێوە ساعیدی وەتەندوست و مینەی‌حسیامی، جەعفەری ئەمین زادە و ئەوانە دانیشتنی نهێنییان یان رێک کەوتنێک هەبێ لە نزیک بوونەوەیان لەگەڵ باڵی چاکسازی و گەشە و عەبدوڵڵا کۆنەپۆشی و جەوادی مشکی و ئەوانە، ئەمانە تا چەند راستە و پێتوایە ئەگەرێکە لە داهاتوودا روو بدات؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: هەرچەند ئێمە تا ئێستا نیشانەیەکی ئاشکرامان لە وەها نزیک بوونەوەیەک نەدیتووە بەڵام لام وایە ناوەرۆکی بۆچوون و تێروانینی سیاسی ئەو هاورێیانەی ئێمە جیاوازییەکی بنەرەتی لەگەڵ جیابوونەوەکەی (٨) ساڵ لەمەوپێش لە کۆمەڵە نییە و هەر بەو ئاراستەیەدا دەروات.

**× ئەمە تا چەند کارێکی شیاوە یا چەند ئەگەری جێ بە جێ کردنی هەیە کە لە داهاتوویەکی نزیکدا هەمووتان ببنەوە بە کۆمەڵە و هێزێکی گەورەی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەیەکی گەورە دروست کەنەوە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەگەر لەسەرئەساسی یەکگرتن لە بەرنامە و ستراتیژی سیاسی و بنەمایەکی ئوسولی رێکخراوەیی هاوبەش بێ، زۆر شیاوە. بەڵام بەم رێبازەی کە ئەم لایەنانەی وا لە کۆمەڵە جیابوونەتەوە گرتوویانەتەبەر، وەها یەکگرتنەوەیەک بە مۆمکین نازانم. هەڵبەت ئەوەش بڵێم کە لەگەڵ گۆرانکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستان و ئێران لە داهاتوودا، لەگەڵ هاتنەکایەی هەل و مەرجێکی شۆرشگێرانە لە کۆمەڵگایەدا، ریزبەستنی هێزە سیاسییەکانیش گۆرانکاری بە سەردا دێت و بێگومان یەکگرتن و ئیئتلاف و ئیتحادی نوێ دێتە کایەوە کە چەند و چۆنەکەی لە ئێستادا پێشبینی ناکرێت.

## لەدیموکرات ناترسین

**× ئێوە ناترسن دیمۆکرات یەک بگرێتەوە و ئێوە ببن بە هێزی سێهەم و چوارەم و دیمۆکرات ببێتەوە بە هێزی یەکەم؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ترسێک نییە، هەر کەس هەرچی بچێنێ، ئەوە دەدروێتەوە. زەمینەی کۆمەڵایەتی بۆ گەشە کردنی رەوتی چەپ و سۆسیالیست لە کوردستان و لە ئێراندا گەلێک بەهێزە. ئەگەر پربەپر کاری جیددی تێدا بکەین و ئەرکەکانمان بە باشی جێبەجێبکەین، دەتوانین بۆشاییەکی وا بەجێ نەهێڵین کە جەرەیانی دیکە پری بکەنەوە. لە هەرحالدا پێموایە کوردستانی ئێران دەبێتە کۆمەڵگایەکی فرەحزبی و دەتوانێ ململانێی شارستانییانە تێیدا گەشە بکات و سەرئەنجام دەسەڵاتیش بۆ بریاری جەماوەر بێ.

## حزبی دیموکرات ئەوەی لەدەستداوە ببێتەوە بەحزبی یەکەم

**× بە چ ڕێگایەک؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێمە لە دوایین کۆنگرەی خۆماندا ڕێگاکانی بە یەکەوە ژیان و هاوکاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستانمان بە وردی دیاری کردووە. ئەمانە دەتوانن وەها ڕێگایەک بن.

## پشتگیری حەسەن زادە ناکەین دژی هیجری

**× پشتگیری ئەو جیابوونەوەیەی حزبی دیمۆکراتی کوردستان بە ڕێبەرایەتی عەبدۆڵڵا حەسەن زادە ئەکەن ئێوە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێمە لە جەرەیانی ئەم جیابوونەوەیاندا بە تەواوی بێ لایەن بووین و ئەگەر قسەیەکیشمان لە جێگایەک کردبێ بۆ ئەوە بووە کە جیابوونەوەکەیان یان روو نەدات، یان ئەگەر چارە هەڵنەگرە بە شێوەیەکی دۆستانە و شارستانییانە بەرێوە بچێ.

**× بۆ؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: بەهۆی ئەوەی کە ئێمە ئەم هەڵوێست و شێوە کارە بۆ بردنە سەری فەرهەنگی سیاسی و حزبی و ململانێی شارستانییانە لە کۆمەڵگای کوردستان بە گونجاو دەزانین. ئەگەر کێشە سیاسییەکان لە بارنەچن و لە رەوتێکی ئاساییدا خۆیان دەرخەن، وشیاری سیاسی گشتی لە کوردستان گەشە دەکات و ئەوە بە قازانجی رەوتی رادیکاڵ و سۆسیالیستە.

**× ئێستاش لە مەیدانی سیاسەتدا بۆ ناتانهەوێ زەعیفیان بکەن؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ململانێی سیاسی، رەخنەگرتن و رۆشنگەری، رێگای ئوسوڵی خۆی هەیە و دەتوانێ زەعیفیان بکات. پیلان و کاری ژێر بە ژێر رێگە بە جێگەیەک نابات.

**× کام لایان بە لای ئێوە باشترە، مەرغوبترەو دۆستایەتیتان زیاترە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: تا ئەوکاتە جێگا و شوێنی هەردوو لایان بە لای ئێمەوە وەکو یەک وایە. لەگەڵ هەردووک لایان پێوەندیمان هەیە و ئامادەیی خۆمان بۆ هاوکاری لەسەربنەمای سیاسەتێکی دیاریکراوی پەسەند کراو، دەربریوە.

**× لە دوایین لێدوانی سەلاح مۆهتەدیدا سەبارەت بە وەزعی کوردستانی ئێران ئەڵێ "ساغکردنەوەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان قازانجی کوردی تێدا بوو، ئەو قازانجە چی بوو کە کورد کردی لە ساغکردنەوەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشاندا؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: سەیرە کە ئێستا و دوای (٨) ساڵ و دوای ئەوەی کە ئەو هەموو راستییە سەبارەت بەم جیابوونەوە و ئاکامەکانی دەرکەوتووە هێشتا کەسێک پەیدا بێ کە وەها قەزاوەتێک بکات، خۆ ئەوان ئەو بەشەی خۆشیان کە جیایان کردبۆوە، نەک ساغ نەکردەوە، تێکیان دا.

## سەلاحی موهتەدی دژی سۆسیالیزمە

**× کەواتە کاک سەلاح موهتەدی مەبەستی لەوە چییە و رۆڵی ئەو چیە لەو مەسەلەیەدا؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: کاک سەلاح موهتەدی مۆخالیفی بەرنامە و ستراتێژی سۆسیالیستییە و هەوڵدەدات لە هەر رێگایەکەوە بۆی بکرێ دژی ئەو رێبازە کار بکات. بە لای ئەوەوە دوور کەوتنەوەی کۆمەلە لە رێبازی سۆسیالیستی خۆی لە خۆیدا سەرکەوتنە.

**× لە تازەترین لێدوانی مۆهتەدیدا ئەڵێ "حزبی کۆمۆنیست گۆرێکی بە کۆمەلە بۆ کۆمەڵە، واتە هێشتاکانە کە ئەوان، ئەو و چەند کەسی تر و کە رۆیشتنە دەرەوە لە حزبی کۆمۆنیست بۆچی ئەم لێدوانانە لەسەرحزبی کۆمۆنیست ئەدەن؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەوان باش دەزانن کە مادام حزبی کۆمۆنیستی ئێران لە ساحەکەدا مابێ، کۆمەلەیەکی کۆمۆنیست لە ناویدا، رێگا نادا کە رێبازەکەی چەواشە بکرێ و حەرەکەتی راست رەوانە و ناسیۆنالیستی لە کوردستان بە ناوی کۆمەلەوە جێ ناکەوێ.

**× دەکرێ یانی پێدا چوونەوەیەک هەبێ لە کاری کۆمەڵەدا بە کارەکانی خۆدا و ئەو هێرشە ئێعلامیانە کە جاروبار لە سایتە ئینتەرنێتییەکان بەردەوام لەسەریەک و تا گەیشتووەتە زۆر جار جنێو و شتی تر رابوەستێندرێ و وەکو تۆ وتت چەند دانیشتنتان کردووە لەم بارەیەوە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێمە پەرەپێدەری ئەم چەشنە شەڕە ئێعلامییانەی کە لەسەرتۆری ئینترنێت بەڕێوە دەچێ نابین. بەردەوام لە ناو ریزەکانی خۆشماندا بۆ ئەو کەسانەی وا بە ئیبتکاری شەخسی خۆیان قەڵەم بە دەستەوە دەگرن هەر تەوسیەمان ئەوە بووە کە نەچنە ئەم مەیدانەوە. لەسەرئەم مەسەلەیە دانیشتنمان لەگەڵ کەس نەبوو، ئەوەی لە شوێنێکی ئەو گوفت و گۆیانەدا باس کرا پێوەندی هەیە بە پێشگرتن بە ئاڵۆزی لە نێوان ئێمە و ئەواندا لە کوردستانی عێراق کە هێزەکانمان لە یەک نزیکن و مەقەڕاتمان دراوسێی یەکترن.

## لەهەشتاکانەوە لەگەڵ موجاهیدینی خەڵق دانەنیشتوین

**× لە ئێستادا پەیوەندیتان لەگەڵ مۆجاهێدینی خەڵک تازەترین پەیوەندیتان چۆنە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێمە هیچ پەیوەندیەکمان لەگەڵ ڕێکخراوی مۆجاهیدینی خەلک نییە و لە رابردوویەکی دووردا و لە سەرەتای سالەکانی هەشتادا جارێک هەیئەتێکی ئێمە چاوپێکەوتنێکی رەسمی لەگەڵیان بووە و لەو کاتەوە تا ئێستا هیچ پەیوەندییەکمان لەگەڵیان نەبووە.

**× تا لە چەند لەگەڵ ئەو بۆچونەی کە مۆجاهیدینی خەڵک لە ڕاپەرینی (١٩٩١)دا دژی خەڵکی کوردستان بووە و خەڵکی قەتڵ و عام کردووە، لە کاتێکدا لە تازترین لێدوانیا یەکێک لە بەرپرسەکان ئەلێ مۆجاهیدین قەتل و عامی کوردی نەکردووە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: واقعیەت ئەوەیە لە کاتی ڕاپەرینی سالی (١٩٩١) ئەوان لایان وابوو کە لەگەڵ پێشرەوی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستانی عێراق بەرەو جنووبی کوردستان

وئۆستانی دیالە مەوقعیەتی ئەوان دەکەوێتە مەترسییەوە و بریاریان دابوو بەرامبەر بە پێشرەوی ئەم هێزە مۆقاومەت بکەن. لە جەرەیانی شەرەکانی ئەو کاتیشدا بێ گومان ژمارەیەک لە خەڵکی ئاسایی گیانیان بەخت کرد. بەڵام ئێمە لە جەرەیاندا بووین کە لە هەر دوولاوە هەوڵدرا بۆ ئەوەی کێشەکە قووڵ نەبێتەوە و لە لایەن هێزەکانی یەکێتی نیشتمانییەوە بەڵێنی درا کە هەرەشەیەک بۆ سەر ئەوان لە گۆڕێدا نییە و لە لایەن مۆجاهیدینیشەوە بەڵێنی درا کە شەرەکە بوەستێندرێ و ئەوەش بەرێوە چوو.

**×چەندجار لەگەڵ مەسعود رەجەوی دانیشتووی؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: من لەگەڵ مەسعود رەجەوی هیچ دانیشتنێکم نەبووە. بەرپرسی یەکەم هەیئەتی ئێمە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ مەسعود رەجەوی هاورێی گیانبەخت کردوومان دوکتۆر جەعفەر شەفیعی بوو و ئەو دانیشتنە لە ساڵی (١٩٨٣) و لە پاریس بەرێوە چوو.

**× نەیویستووە ئەو لە گەڵتان دانیشێ نزیک ببێتەوە لێتان؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: لە هیچ لایەکمانەوە هەوڵێک لەم بابەتەوە نەدراوە.

**×کۆنگرەی (١٣)ی کۆمەڵە بەرێوەیە، چ ئامادەکاریەکتان بۆ کردووە و ئەو ئالوگۆڕانەی کە بە نیازن بکرێن و ئەو باڵە مۆعتەریزەی لە ناو کۆمەڵەدا پێتوانییە کۆنگرەی (١٣)ی ئەگەرێک بێت بۆ جیابوونەوەی ئەوان، بۆ خیلافی زیاتر و قووڵبوونەوەی کێشەکانتان؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: بە نیسبەت کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەوە راپۆرتێکی تێر و تەسەل بۆ کۆنگرە ئامادە کراوە کە هەموو لایەنە سیاسییەکانی ئێستای کوردستان و ئێران و ناوچەکەی تێدا لێکدراوەتەوە و سیاسەت و تاکتیکی کۆمەڵە لە وەها هەل و مەرجێکدا لە هەموو بابەتێکەوە جارێکی تر روونکراوەتەوە.

ئەم راپۆرتە پێشکەش بە کۆنگرە دەکرێ و باسی لەسەردەکرێ. سەرئەنجام ئەگەر کۆنگرە رای لەسەربوو پەسەند دەکرێ و وەکو بەڵگەنامەیەکی ئەو کۆنگرەیە بڵاو دەکرێتەوە.

بە نیسبەت کێشەکەی نێو خۆمان هەولمان ئەوەیە و ئەوە دەبێ لایەنە سیاسییەکانی جیاوازییەکان بەرجەستە بنەوە و خۆیان دەرخەن. هەولمان ئەوە دەبێ کە هەموو رێگایەکی ئوسولی بۆ پێکەوە مانەوە و پێکەوە کار کردن تاقی بکەینەوە. خۆ ئەگەر خیلافە سیاسی و ستراتیژی و بەرنامەییەکان بگەنە ئاستێک کە پێکەوە مانەوە ئیمکانی نەبێ لەو سورەتەدا بە هێمنی و دۆستانە ئەم هاورێیانە ئیمکانی ئەوە پەیدا بکەن کە رێبازی خۆیان بە جیا لە ئێمە درێژە پێ بدەن.

## ناکرێت بەناوی فراکیسۆنەوە کاربکەن

**× ئەگەر ئەوان داوای ئەوە بکەن وەکو فراکسیۆنی جیا لە ناو کۆمەڵەدا کار بکەن ئێوە قبووڵی ئەکەن؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەوە پەیوەندی بە بریاری کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە هەیە. چونکە بە پێی پەیرەوی ناوخۆ ئەو ناوەندەیە کە دەسەلاتی ئەوەی هەیە لەم بابەتەوە بریار بدات. بێگومان لە کۆنگرەی کۆمەڵەشدا ئەو باسە دێتە گۆرێ و کۆنگرەش بۆچوونی خۆی لەم بابەتەوە دەردەبرێ.

**× خاڵی جەوهەری ئەوانە ئەوەیە کە ئەبێ شتێک نەمێنێ بە ناوی حزبی کۆمۆنیست و بە ناوی کۆمەڵەوە کار بکرێ با چەپیش بێ با مارکسیش بێ؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: لەتازەترین نووسراوە و لێدوانەکانیاندا دەر دەکەوێ کە جیاوازییەکانیان لەوە ئەولاترە. ئەوان دەڵێن "نەک هەر لەگەڵ چوارچێوەی حزبی کۆمۆنیست، بەڵکو لەگەڵ هەموو

بەرنامە و ستراتیژ و سیاسەت و تاکتیکی ئەو حزبە خۆیان بە ناتەبا دەزانن. هەولی ئێمە ئەوەیە ئەو جۆرەی کە خۆیان دەڵێن ئەم جیاوازییانە لە ناوەرۆکدا و بە رۆشنی رابگەیەنن. ئەوە بە نیسبەت هەڵوێستی رابردوویان کە دەیانگوت تەنها کێشەیان لەگەڵ ناو و قالبی حزبی کۆمۆنیستە، هەنگاوێکی بەرەوپێشە لە پێناوی روونکردنەوەی واقعیەتی ناکۆکییەکان.

**× بەس لە ئەوەندەدا نامێنێتەوە، ئەوان داوای ئەوە ئەکەن کە لانیکەم بیر و بۆچوونەکانیان بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێ، وەکو فراکسیۆنێکیش و جیا کار بکەن لە ناو کۆمەڵەدا بە خاتری ئەوەی کە ئینشعابێک روو نەدا؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەوان بە پێی پەیرەوی ناوخۆی حزب مافی ئەوەیان هەیە کە بیر و بۆچوونەکانی خۆیان بە ئاگاداری هەموو ئەندامانی رێکخراوی کوردستانی حزب بگەیەنن. ئێمە دەڵێین نەک بە ئاگاداری هەموو ئەندامانی کۆمەڵەی بگەیەنن بەڵکوو با لە هەموو حزبیشدا بڵاوی بکەنەوە، با لە راگەیەنە گشتییەکانی کۆمەڵە و حزب وەکو رادیۆ و تەلەفزیۆن و گۆڤارەکان بە ئاگاداری هەموو کەسی بگەیەنن.

# کۆنگرەی سیانزەی کۆمەڵە
# ٢٠٠٨ ( زرگوێز)

# کۆنگرەی (١٣) کۆمەڵە – ٢٠٠٨– زرگوێز

**×کۆنگرەی ١٣ی کۆمەڵە کەی بەرێوە چوو و باسەکانی چی بوون؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: کۆنگرەی ١٣ی کۆمەڵە لە حەوتووی کۆتایی مانگی حەوتی ساڵی ٢٠٠٨ی زایینی بەرێوە چوو. راپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە بوو بە بنەمای باسەکانی ئەو کۆنگرەیە. لەم راپۆرتەدا هەل و مەرجی سیاسی ئێستای ئێران و کوردوستان و هەروەها هەڵوێست و سیاسەتی کۆمەڵە لە سەر کێشە گرینگەکانی کوردستانی ئێران و سەرجەم ناوچەکە باس کرابوو. سیاسەتی کۆمەڵە بەرامبەر بە پەیوەندی لەگەڵ حزبە سیاسییەکانی کوردوستان، پرەنسیپەکانی هاوکاری کردن لەگەڵیان، مەسەلەی کاری عەلەنی و قانونی، خەباتی چەکداری و هەل و مەرجی ئێستای و ئاسۆی داهاتووی ئەو شێوەیە لە خەبات و گەلێک بابەتی دیکە. هەڵوێستەکان بە نیسبەت کۆنگرەی پێشوو نەگۆرابوون، بەڵام لێکدانەوەکان بە پێی ئەو فاکتۆرە تازانەی کە هاتبوونە گۆرێ، نوێ کرابوونەوە. هەروەها قسە و باسی زۆر لە سەر ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆمان کرا و ناوەرۆکی پلاتفۆرمەکەیان لێکۆلینەوەی لە سەر کرا.

ئەو کۆنگرەیە هاوکات لە دوو شوێن لە وڵاتی سوید لە شاری ستکهۆلم و لێرە لە زرگوێز بەرێوە چوو کە لە رێگەی تۆری ئینترنێتەوە بە یەکەوە رەبت کرابوون. قسە و باسەکانی ئەو کۆنگرەیە بەو بەشەشەوە کە پەیوەندی بە ناکۆکییەکانی ناوخۆمانەوە بوو، لە تەلەویزیۆنی کۆمەلەوە بڵاو بوونەوە. راپۆرت و پەسەند کراوەکانیشی لە ژمـارەی دووی گۆڤاری "بەرەو سۆسیالیزم" لە چاپ دراوە.

## فراکسیۆن شکستی هێنا

**×کێشەکانی "فراکسیۆنی هەڵسوڕان بە ناوی کۆمەڵە" لەم کۆنگرەیەدا چۆن تەرح کران؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەو فراکسیۆنە ماوەیەکی کورت پێش کۆنگرە ڕاگەیەندرابوو. ئەو هاورێیانە(٣) کەسیان وەکوو نوێنەر لە کۆنگرەدا بەشدار بوون. کۆنگرە قسە و باس لە سەر ناوەرۆکی پلاتفۆرمی ئەو هاورێیانەی هێنایە دەستوورەوە و فۆرسەتی پێدان کە بەرگری لێ بکەن. بەرگری ئەوان نەیتوانی زۆرینەی ئەندامانی کۆنگرە بە قەناعەت بگەیەنێ و هەم لەگەڵ ناوەکەی و هەم لەگەل ناوەرۆکەکەی دژایەتی کرا و لە کۆتاییدا بریارنامەیەک پەسەند کرا کە کۆبەندی باسەکانی زۆرینەی کۆنگرە بوون. لەم کۆنگرەیەدا ئەگەرچی زۆربەی نزیک بە تەواوی ئەندامانی کۆنگرە مۆخالفی ئەو فراکسیۆنە بوون بەڵام چوونکە بە پێی پەیرەوی ناوخۆ بریاری نیهایی لە سەر ئەو کێشەیە دەکەوتە سەر ئەستۆی کۆمیتەی ناوەندی حزب، ئەو باسانەش هەر بەو بریار نامەیەی کە باسم کرد کۆتایی پێ هات.

**×فاکتەرەکانی ڕاگەیاندنی فراکسیۆن و ڕەت کردنەوەی حزبی کۆمۆنیست چی بوون؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ناکۆکی ئەو هاورێیانەی کە "فراکسیۆنی فەعالیەت بە ناوی کۆمەلە"یان ڕاگەیاندبوو دەگەرێتەوە بۆ دەورەی جیابوونەوەی ڕێکخراوی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە سالی ٢٠٠١. ئەوکات ئەو هاورێیانە بەرامبەر بە کێشەکانی ئەو سەردەمی ناو کۆمەلە و حزبی کۆمۆنیستی ئێران هەلوێستێکی بەینابەینییان هەبوو. ئەوانیش رایان ئەوە بوو کە کۆمەلە لە چوارچێوەی حزبی کۆمۆنیستی ئێراندا نەمێنێ، بەڵام ئەوکات هەرکامەیان بە هۆکاری تایبەتی، سیاسی و فیکری یان شەخسی، لەگەل ئەو ڕەوتە نەرۆیشتن و مانەوەیان لە ناو لایەنی

ئێمەدا پێ باشتر بوو. بۆ ماوەی چەند ساڵ ئەوان هەر لە سەر ئەوە پێداگرییان دەکرد کە کێشەکەیان تەنیا لە سەر چوارچێوەی حزبی کۆمۆنیستی ئێرانە و لەگەڵ ناوەرۆکی ئیدئۆلۆژی و بەرنامە و ستراتێژی ئەو حزبە ناکۆکییان نییە. بەڵام ئەگەر کێشەکە هەر ئەوە بووایە، ئەوان هەر مۆلاحزەیەکیان لەسەر چوارچێوەی رێکخراوەیی حزب هەبووایە، بە پێی ئەوەی کە زۆربەی هەرە زۆری ئەندامان لەسەر چالاکی لەو چوارچێوەیەدا تەوافۆقیان هەیە، دەیانتوانی وەکوو کەمایەتیەک بمێننەوە و هەوڵ بدەن لە رێگەی مێکانیزمەکانی ئاسایی ناو حزب هاوفیکر بۆخۆیان پەیدا بکەن و بۆ ئەو ئامانجەی دیارییان کردووە رۆژێک لە رۆژان ببن بە زۆرینە و چوارچێوەی فەعالیەتی ئەم رێکخراوەیە بگۆڕن. بەڵام واقعیەت ئەوەیە کە خیلافەکان لەوە ئەولاتر بوون و سەرئەنجام هەروەک باسم کرد ماوەیەکی کورت پێش کۆنگرە ئەو خیلافانەی خۆیان لەگەڵ حزب راگەیاند. لەو پلاتفۆرمەدا نووسیویانە کە ئەوان نەک هەر چوارچێوەی حزبی کۆمۆنیستی ئێران بەڵکوو سەرجەم بەرنامە و سیاسەت و رێبازی کۆمەڵەش لە روانگەی ئەوانەوە پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە. ئەوەش بەو واتایە بوو کە کێشەکەی ئەوان لە چوارچێوەی فراکسیۆنێکی ناوخۆیی کە لەمەر ئەم یا ئەو سیاسەت یان خاڵی دیاریکراوی بەرنامەیی مۆلاحزەیان هەبێ، واوەترە.

دواجار کۆمیتەی ناوەندی حزب ئەو فراکسیۆنەی بە رەسمی نەناسیو رایگەیاند کە لە حاڵێکدا هەموو رێکخراوی ئێمە لە کوردستان بە ناوی کۆمەڵەوە کار دەکات، "فراکسیۆنی فەعالیەت بە ناوی کۆمەڵە" ناتوانێ مانایەکی هەبێ. هەروەها چوونکە ناکۆکییەکە گەلێک لە ناو واوەترە و سەرجەم رێبازی سیاسی و ستراتژیکی ئێمە دەگرێتەوە، وەکوو فراکسیۆنیش بە رەسمی ناناسرێ. ئەوان بە پێی پەیرەوی ناوخۆ مافی ئەوەیان پێ دراوە کە وەکوو کەمایەتییەکی فیکری و سیاسی بەکەڵک وەرگرتن لە

میکانیزمەکانی ئاساییی ناو حزب و ناو کۆمەڵە، هەوڵی ئەوە بدەن ئەندامانی تر لەگەڵ خۆیان هاودەنگ بکەن و وەکوو هەموان مافی ئەوەیان دەبێ کە لە رادیۆ و لە تەلەڤزیۆن و لە گۆڤارەکانی کۆمەڵە و حزبی کۆمۆنیستی ئێراندا، راوبۆچوونەکانی خۆیان نەک هەر بە ئاگاداری ئەندامان بەڵکوو بە ئاگاداری خەڵکیش بگەیەنن. ئەو هاورێیانە ئەو هەڵوێستەی کۆمیتەی ناوەندی حزبیان رەت کردەوە و هەر بۆیە چارەنووسی کێشەکە تا ئەوکاتەی کە ئەو گوفتوگۆیە دەکەین بە نادیاری ماوەتەوە.

## یەکێتی بێ لایەنە لەکێشەکاندا

**×پەیوەندی فراکسیۆن بە لایەنەکانی تری جیابووەوەی کۆمەڵە چۆنە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێمە ئاگاداری ئەو پێوەندییانە نین، ئەو لایەنانە خۆیان چاوەڕێ دەکەن کە ئەم رەوتەی ناو ئێمە سەرئەنجام لەگەڵ یەک لەوانە رێک بکەون. بەردەوام لە تەبلیغاتی ئاشکرایاندا بانگەوازی بۆ دەکەن و هانیان دەدەن کە بە ئەوان پەیوەست بن.

**× هەڵوێستی یەکیتی نیشتمانی بەرانبەر بە کێشەکانی باڵی فراکسیۆن چی بوە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: یەکێتی نیشتمانی بە رەسمی بە ئێمەیان راگەیاندوە کە لایەنگری لە هیچ جیابوونەوەیەک لەناو ئێمەدا ناکەن و بە هیچ شێوەیەک لە شێوەکان هاندەری جیابوونەوە نابن.

## فوئاد چۆن شەهید کرا

**× هەر چەندە دەبوو پێشتر ئەمە بڵێین ئەگەر بەکورتی باسێکی شەهید بوونی کاک "فوئاد"م بۆ بکەی، لە رووی مێژووییەوە ئەو شەهید بوونەی کاک فواد چۆن بوو و چ تەئسیرێکی نگەتیڤی دانا لەسەرکۆمەڵە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: (٢٨)ی گەلاوێژی ساڵی( ١٣٥٨)ی هەتاوی خۆمەینی فەرمانی هیرشی بۆ سەر کوردستان دەرکرد. کۆمەلە بەرامبەر بەم هێرشە بریاری مۆقاومەتی دا و لەراگەیاندنێکدا لە ژێر ناوی "گەلی کورد لە کوانوی تاقیکردنەوەدا"، داوای لە خەڵکی کوردستان کرد بە هەر شێوەیەک کە دەتوانن، بە چەک، بە مشت، بە دار و بەرد، کوردستان لە ژێر پێی هێرشی هێزی داگیرکەردا بکەن بە یەکپارچە ئاور.

سەرکردایەتی کۆمەڵە ئەوکات زۆربەیان لە شاری بانە کۆببوونەوە، بۆ دارشتنی پلانی مۆقاومەت و وتوویژ لە ناو کۆمەڵە و لایەنە سیاسییەکانی دیکەشدا بۆ پێکهێنانی هاوئاهەنگی. کاک فوئاد لە لایەن کۆمەڵەوە لەوتوویژەکاندا بەشداربوو. هەروەها خەریکی رێکخستنی هێزی رێکخراوە دیموکراتیکەکانی کوردستان بوو کە لەسەربریاری کۆمەڵە پێکهاتبوون و هەوڵیدەدا ئامادەیان بکات، بۆ ئەوەی پێ بنێنە ناو قۆناغێکی نوێوە. لە گەرمەی ئەم ئیش و کارانەدا بوو کە رۆژی ٣ی خەرمانان هەواڵی تیرەباران کرانی بەندکراوەکانی پادگانی مەریوان کە دوویان واتە "حسێن و ئەمین" براکانی کاک فوئاد بوون، بە کاک فواد دەگات. کاک فوئاد پێیوادەبێ کە دوای ئەم رووداوە لەوانەیە شپرزی و بێ بەرنامەیی بکەوێتە ناو ریزەکانی کۆمەلە لە مەریوان. داوا دەکات کە خۆی بۆ رێکوپێک کردنی کارەکان سەردانێکی ناوچەی مەریوان بکاتەوە. هاورێیانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەلە ئەوانەی ئەوکات لەشاری بانە بوون لە سەرەتاوە موافقەتی ناکەن، دواجار

بەهۆی پێداگرتنی کاک فوئاد بە نابەدڵی موافقەتی دەکەن.

کاک فوئاد هاورێ لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی یەکێتی نیشتمانی کە کاک "برایم جەلال" بەرپرسیان بوو بەرەو مەریوان رێدەکەوێت و دوای ئەوەی خۆی دەگەیەنێتە ئەو بەشە لە هاورێیانی کۆمەلە کەلەشاری مەریوان هاتبوونەدەرێ لە دێهاتەکانی دەوروبەری شار، بە ورەیەکی بەرزەوە رێکیان دەخاتەوە و پلانیان بۆ دادەرێژێ. کاک فواد دوای جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەی بەرەو شاری بانە دەگەرێتەوە. لە گەرانەوەدا کاک برایم جەلال و شێخ عوسمانی خالیدی و ناسیح خالیدی و تەهمورس ئەکبەری کە ئەندامی رێکخراوی چریکە فیداییەکان بوو لەگەلی دەبن. لەنێوان ئاواییەکانی کانیعمەت و بستام کە لە ناوچەی سەرشیوی سەقز هەلکەوتووە، لەگەل ژمارەیەک لەهێزەکانی رژێم دەرگیردەبن و دواجاریش کۆپتەری رژێم دەگاتە سەریان و لەشەرێکی دەستەویەخەدا کاک فوئاد و تەهمورس گیانیان بەختدەکەن و کەسانی دیکەی کاروانەکەشیان دەرباز دەبن. هەوالی گیانبەختکردنی کاک فوئاد بەخێرایی لەهەموو ئێران دەنگیدایەوە و بەشی هەوالی سەعاتی (٢)ی دوانیوەرۆ رادیۆ تاران بە خۆشحالییەوە و وەکو رووداوێکی گرنگ ئەو هەوالە دلتەزێنەی راگەیاند و لەکاتێکدا کە من خۆم لە نزیک پردی "بریسوێ" لەسەر رێگای سەردەشت بۆ رەبەت لەگەل کۆمەلێک لە هاورێیانی پێشمەرگە بووم، ئەو هەوالەم لە رادیۆی تارانەوە بیست. بۆ ماوەی سەعاتێک هەر لەسەرجادە دانیشتم و نەمدەتوانی یەک هەنگاو رێگا ببرم.

ئەو کارەساتە لەیەکەم ساتەکانی خۆیدا دەروونی هەموو هاورێیانی کۆمەلەی شێواند. گەلێک بیرۆکەی تال دەهاتە مێشکمانەوە. داخوا دوای کاک فوئاد ئەتوانین ئەو رێگا سەختەی کەلەبەرمان بوو ببرین؟ بەلام کاک فوئاد خۆی فێری کردبووین چلۆن لەوەها ساتەوەختێکدا ورەبەرنەدەین و رێگا و رێبازی

خۆمان وون نەکەین. تەشکیلاتی ئێمە دوای ئەو رووداوە زۆر زوو توانی خۆی بگرێتەوە و دەوری مێژوویی خۆی لەبەرێوەبردنی موقاوەمەتێکی جەماوەری دا کە کەوتبووە رێ ببینێ.

**× ئێمە خەریکی دیدارێکی دووردرێژ بووین لە ماوەی زیاتر لەسێ ساڵی(٢٠٠٦-٢٠٠٩) رابردوودا، یا پێش ئەوەی قسەی تایبەتی تری خۆت بکەی، من هەندێک پرسیاری زۆر تایبەتت لێئەکەم، ئەگەر پێم بڵێی کتێبێک کە زۆر گرنگە لە ژیانتدا خوێندووتەوە و ئەهەمیەتی لات مابێتەوە چییە ئەو کتێبە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: وەکو رۆمان کتێبی "دایک"ی نووسراوی ماکسیم گۆرکی و هاوکاتیش کتێبێک بە ناوی "سەرەتاکانی فەلسەفە" لەنوسینی ژۆرژ پولیتزێر کە کۆمۆنیستێکی فەرانسەوی بوو و نازییەکان ئێعدامیان کرد، ئەم دوو کتێبە بیری سیاسی سەرەتایی منیان شکڵ پێدا.

## شیعرم نەنوسیوە

**× تا ئێستا هیچ شیعرت نوسیوە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: نەخێر. بەڵام زۆر حەز بەشیعر دەکەم.

**× چ شاعیرێکت زۆر پێخۆشە؟ لە کوردو لە فارس؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: لە شاعیرانی فارس زمان "ئەحمەد شاملوو" و لە شاعیرانی کورد زمانیش "نالی".

**× خۆشترین رووداوی ژیانت چی بوو؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەوکاتە بوو لە پاییزی (١٣٥٣)ی هەتاویدا کە زانیم ماوەیەکە بە بێ ئەوەی کە خۆم ئاگاداربم لەگەڵ رێکخراوێکی سیاسی فەعالیەت دەکەم و دوو هاورێی ئەوکاتم کە یەکیان هاورێ گیانبەخت کردوو کاک "حەمە حسێن کەریمی" بوو پێیانگوتم کە وەکو ئەندامی ئەو رێکخراوە وەر دەگیرێم. ئەو رۆژەی کە ئەو هەواڵەیان پێ راگەیاندم شەوەکەی تا رۆژ لە

کوچە و کۆڵانەکانی شاری میاندواو بێ مەبەست دەخولامەوە و لە خۆشیان پێم عەرزی نەدەگرت.

## مانگانە(٣٠) دۆلار وەردەگرم

**×داهات و سامانی شەخسی خۆت چییە و بەرێ چوونت چۆن دابین دەبێ؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: لەزرگوێزماڵێکم هەیە کە بۆ ژیانی من موناسبە. تا کاتێک لە زرگوێز بم وەکوو هەموو دانیشتووانی ئێرە ژیانمان بە یەکسان لە لایەن تەشکیلاتەوە دابین دەبێ و مانگانەش نزیکەی (٣٠)دۆلار وەکوو یارمەتی نەقدی وەر دەگرم. کاتێکیش دەچم بۆ دەرەوەی وڵات بە پێی بەرنامەی سەفەرەکەم و بە پێی ستانداردێکی جێکەوتوو تەشکیلات خەرجەکەی دابین دەکات و خاوەنی هیچ سامانێکی تایبەتی نیم و پارەی حزب و کۆمەڵەش لای من نییە.

**×بیستوومە دەڵێن کە سەفەر دەکەی لە ناو شەمەندەفەردا دەخەوی تا پارەی ئۆتێل نەدەی؟**

ئیبراهیم علیزادە: کۆمەڵە درێغی نەکردووە لەوەی هەموو پێداویستییەکانی سەفەر و هات و چوونی من دابین بکات. بە هەڵکەوت جاری واش هەبووە کە وابووە. دەزانی کە ئێستا قەتارەکان لە ئەورووپا زۆر مۆدێرن و ئاسوودەن و جێگەی خەوی رێک و پێکیان تێدا هەیە، ئەگەر هات و مەوعیدێکم بوو بۆ بەیانییەک لە شوێنێک، چ ئیشکالی هەیە لە جیاتی خەرجێکی زیادی بۆ ئوتێل شەوەکەی بە یەکێک لەو قەتارانە رێبکەوم و بەیانی بگەمە شوێنی مەوعیدەکە و دواجاریش هەر بەم شێوە بگەرێمەوە؟ ئەوە هەر بە تەنها من نیم هاورێیانی دیکەشم کاتێک قەرارە تەشکیلات خەرجی سەفەریان بدات هەر کامە بە شێوەیەک دەستی پێوە دەگرن.

## مردنی فوئاد زۆر ناخۆشبوو

**× ناخۆشترین رووداوی ژیانت؟**
ئیبراهیم عەلیزادە: بیستنی هەواڵی مەرگی کاک فواد

## سێجار زۆر گریام

**× لە بیرت دێ چەند جار گریاوی؟**
ئیبراهیم عەلیزادە: رەنگە زۆر جار ئەوە روویدابێت. بەڵام سێ جاریانم هەرگیز لەبیر ناچێتەوە. یەکیان کاتێک بوو کە دایکم فەوتی کرد. ئەویتریان کاتێک بوو کە هەواڵی هاورێیەکی شەخسی نزیکی خۆم بە ناوی خالید فەرهاد زادە ناسراو بە "وەستا عەوڵا"م بیست. سێهەمیان جارێک بوو کە لە تەبرێز شۆفێرێکی تاکسی لەکاتێکدا کە ژنێکی نەخۆشی هیلاکم دەگواستەوە بۆ لای دکتۆر و شۆفێرەکە بە بیانویەکی پر و پوچ (٥٠) میتر پێش ئەوەی بگەینە مەکتەبی دوکتورەکە دایبەزاندین و من و ژنە نەخۆشەکە هەردووکمان ئازارێکی زۆرمان بەو پەنجا میترەوە دیت کە هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە و لەداخی ئەوەی کەچۆن مومکینە ئینسانێک تا ئەو رادەیە دلرەق بێ، تێر گریام.

**× لەوەتای لە کوردستانی ئێران هاتوویتە دەرەوە تا ئێستا چوویتەوە ناوخۆ بەکاری چالاکی پێشمەرگانە؟**
ئیبراهیم عەلیزادە: لە پاییزی ساڵی (١٩٨٣)وە تائێستا بە هیچ شێوەیەک نەچوومەتەوە ناوەوەی کوردستانی ئێران.

## خەون بەوەوە دەبینم بچینەوە ناو کوردستانی ئێران

**× ئەتەوێ بچیتەوە یان ناوێری، یان ناهێڵن؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: یەکێک لەخەون و ئاواتەکانمە، بەڵام ڕێگام پێنادرێ.

**× ئەگەر برادەرانت ڕێگەیانداى لەگەڵیان لەیەک بکەیوتۆیان ئیختیارکرد ئەم جەولەیە تۆ دەستنیشانی کەی، یەکەم شوێن ئەچیتە کوێ؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: شاری مەهاباد و ئەو گەڕەکەی کە تێیدا گەورە بووم.

**× بۆ؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: بیرەوەرییەکانی دەورانی شیرینی منداڵی و نەوجەوانیم بۆ زیندوو دەکاتەوە.

**× ئەی ناترسی دەستگیر بکرێی؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: هەر ئەو ترسەیە کە ڕێگام پێنادات و ڕێگام پێنادەن.

**× لە مردن ئەترسی؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ترس لە مردن هەستێکی تەبیعییە. بەڵام نەک ئەو ترسەی کە هەموو ڕۆژێک جارێک بتمرێنێ، من ترسی لەو چەشنەم لە مردن نییە.

## دوای مردنم گرنگ نییە تەرمەکەم چی بەسەردێ

**× ئەگەر مردی ئەتەوێ لە کوێ بتنێژن؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: بە لامەوە گرنگ نییە لە چ شوێنێک بمنێژن یان تەرمەکەم چی بە سەر بێ.

**× پێش ئەوەی بمری دوایین ئامانج و هیوایەت وئاواتت چیە بێتەدی؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: تەبعەن سەرکەوتنی ئەو رێبازەی کە گرتوومەتە بەر. پێمخۆشە ئاواتەکانم تا خۆم ماوم بێنە دی.

**× خەون بە چیەوە ئەبینی؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: خۆشەویستی.

**× خۆشەویستی چی؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: خۆشەویستی ئینسانی، ئەوانەی خۆشمویستوون و خۆشم دەوێن.

**× ئەگەر لەسەرئەم دیدارە کەماوەی سێ ساڵ زیاترە قسە ئەکەین ئەگەر شتێکت لە بیرچووە پێم بڵێ و ئەگەر رایەکت هەیە پێم بڵێ، پێم بڵێ چۆن رازیبووی دیدارێکی ئاوابکەی و بەشێکی زۆر لەو قسە و باسانە کە دەردی دڵی خۆتە، کە مێژووی شۆرشگێرانەی حەرەکەتێکە نەوتراوە و رەنگە تووشی موناقشە و دیالۆگ و وەڵامدانەوەیەک بێ، هەرچیت هەیە لەسەرئەم بەحسە پێمخۆشە پێم بڵێی؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: دیارە بێگومان قسە زۆر ماوە سەبارەت بە مێژووی سێ دەیەی رابردووی کوردستان وکۆمەڵە بکرێ. بەڵام هەر ئەوەندەش کە لە دوو توێی پرسیار و وەڵامەکاندا هاتووە خۆی شتێکی باشە و دەتوانێ لە جێگای خۆی یارمەتی دەر بێ بۆ کەسانێک کە لەم بابەتەوە کاری لێکۆڵینەوە دەکەن. پرسیارەکانی ئێوە ورد و سەرنج راکێش بوون، کارێکی جوان بوو، بەش بە حاڵی خۆم دەستخۆشیتان لێدەکەم. بۆ منیش مەجالێک بوو بۆ ئەوەی ئێستاکە بۆم ناکرێ بە نوسراوەی تێر و تەسەل باس لەسەرئەو بابەتانە بکەم کە ئێوە هێناتانە گۆرێ، لانیکەم لەدووتوێ پرسیار و وەڵامدا، روونکردنەوەیان لەسەربدەم. ئەگەر رۆژێک لە رۆژان ئەو گفتوگۆیانە بلاوبوونەوە، من هەر لە ئێستاوە داوای لێبوردن لە کەسانێک دەکەم ئەگەر لە جێگەی خۆیدا پێویست بووە

ناوپان بێت و بە هۆی فرامۆشکاری من ناویان نەهاتوە وە یان هەڵەیەک لەوبابەتەوە رووی دابێ، نامەوێ و نەمویستۆە مافی هیچ تێکۆشەرێک لە مێژووی کۆمەڵە، لە میژووی کوردستان دا بە ئانقەست  پێ شێل بکرێ.

**× چۆن رێگەتدا بە دیدارێکی ئاوا، چۆن رەزامەندیت نیشاندا؟**

ئیبراهیم عەلیزادە:  گفتوگۆکردن بۆ من ئاسانترە لە بابەت نووسین. گەلێک لەو بیرەوەرییانە پێویستە کە بە شێوەی جۆراوجۆر تۆمار بکرێن. لام وابوو کە ئەمە رێگایەکە کە ژانەسەری کەمترە و تارادەیەک بۆشاییەکیش پردەکاتەوە. ئێوەش دۆستو هاورێ بەرێزن کە نەدەکرا داواکەتان رەتبکرێتەوە.

عەرزێکی دیکەم نییە و زۆر سپاسی ماندوو بوون و پەیگیری ئێوەش دەکەم و بۆ هەرکارێکیش لە پێناوی کاملترکردنی ئەم گفتوگۆیەمان پێویست بێ ئامادەم، هەر بەڵگەنامەیەکیش کە پێویست تان بێ و لەبەردەست بێ دەینێمە ئیختیارتان.

بەهمەنی سەعیدی
15/3/2009

ئەوپرسیارانەی کەلەم پاشکۆیەدا چاپکراون و وەڵامەکانیان وەرگیراوەتەوە، بەشێکی زۆریان پەیوەستن بـەرووداوە گرنگانەی کەپێشتر باسنەکرابوون و وەڵامیان وەرنەگرتۆتەوە، بۆیە بەپێویستمان زانی لەم پاشکۆیەدا چاپیان بکەین و خوێنەریش لێیان ئاگادار بێت

# پاشکۆیەک بۆ چاپی دووەم

## موهتەدی، مودەرسیی و بابە میری لەگەڵ مەنسور، پێشمەرگەکانیان دەناردە دەرەوە

**×لەدەورانی ڕۆیشتنی مەنسوری حیکمەت ساڵی ١٩٩١ کادر و پێشمەرگەتان هێندە کەم بوو نەتاندەتوانی بارەگاکانتان بپارێزن هۆکارەکەی چی بوو؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەو کۆچەگەورەیەی کە لەم ساڵەدا کرا، هەم هۆکاری سیاسی هەبوو هەم هۆکاری تەشکیلاتی و نێوخۆیی. شەڕی ٨ساڵەی ئێران و عێراق تازە کۆتایی پێهاتبوو. هەمووان بیریان لە ئاکامەکانی کۆتایی ئەو شەڕە بۆ سەر هەلومەرجی کار و ژیانی ئەو بەشە لە ئۆپۆزسیۆنی کۆماری ئیسلامی کە لە عێراق نیشتەجێ بوون، دەکردەوە. لە لایەکەوە بەشوێن شاڵاوەکانی ئەنفالدا هەموو کوردستانی عێراق لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە داگیر کرابوو. مەجالی چالاکی لە شوێنە ئازادەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی نیشتمانی نەمابوو. لە لایەکی دیکەوە ئەو مەترسییە پەرە پێدرابوو کە ئێران و عێراق بەم زووانە لەسەر چارەنووسی ئۆپۆزسیۆنەکانیان لە وڵاتەکانی یەکتر پێکدێن و گۆیا ئەندامەکانی ئۆپۆزسیۆنی هەردوولا ئاڵ و گۆر پێدەکرێن. لەوکاتەدا کوشت و بر و ئێعدامیش لە ئێران بە لوتکەی خۆی گەیشتبوو. ئەو هەواڵانەی کە لە ئێرانەوە دەهاتن ترس و خۆفێکی لەرادەبەدەری لەناو ریزەکانی ئۆپۆزسیۆندا پێکهێنابوو. ئاسۆی خەباتی چەکداری ڕوون نەبوو. بۆ سالەها ئەو شێوەیە لە خەبات بە کەلک وەرگرتن لە سنوورەکانی ئێران و عێراق درێژەی پەیدا کردبوو. بە لەدەست چوونی ئازادی هاتوچۆ لەو سنوورانە چۆنیەتی درێژە پێدانی ئەو خەباتە ڕوون نەبوو.

ئەمانە هۆکاری سیاسی بوون. بۆ هۆکارەکانی ناوخۆییشپێشتر ئاماژەم بۆکردبوو کە هەڵسوکەوتی بەشێک لە ڕێبەری حیزب و کۆمەڵەش لەگەڵ ئەو هەلومەرجە دیاریکراوە مەسئولانە و ورد

بینانە نەبوو. ئەو بەشە لە ڕێبەری، کۆمیتەی ڕەهبەری ئەوکاتی کۆمەڵەیان خستە ژێر زەخت بۆ ئەوەی کە بە خێرایی ژمارەیەکی زۆر لە تەشکیلات ڕەوانــەی دەرەوەی وڵات بکات، ئەویش لەکاتێکدا کە مەجالی ئەوکارەی زۆر بەرتەسک بوو. بەم جۆرە مەسەلەیەک بەناوی "ئێعزام" بەواتای بەرێیکردن بۆ دەرەوەیان کرد بە ئامرازێکی زەخت لە جەرگەی کێشە ناوخۆییەکاندا.

**×هەر ئەوکات بەبانگەشەی مەنسور. زیاتر لە (١٠٠٠) کادر و پێشمەرگەی ئێوە چوونە دەرەوە، ئەوە تاچەند بۆ ئێوە قورس بوو؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەو بانگەشەیە تەنیا لەلایەن مەنسووری حیکمەتەوە نەبوو. مەنسووری حیکمەت بناغەی کارەکەی دارشتبوو، بەڵام ئەو حەرەکەتە بەبێ یارمەتی بەشێک لە ڕەهبەری کۆمەڵە کە ئەوکات لەگەڵی بوون جێ بەجێ نەدەکرا. ڕەهبەری حیزب بۆ ئەو مەبەستە کۆمیسیۆنێکی لە ئەندامانی موخالیفی ئەوکاتی کۆمیتەی ڕێبەری کۆمەڵە بۆبەڕێوەبردنی "پرۆژەی ئێعزام" کە بریتی بوون لە عەبدوڵلای موهتەدی، ئەبوبەکر مودەرەسی و فاروق بابامیری پێکهێنا کە ئەوکارە بەخێرایی جێبەجێ بکات. دەقی بەیانێکی ناوخۆیی ئەو کۆمسیۆنەتان پێ دەدەم تا ئەوە روون بێتەوە کە پرۆژەی ناردنە دەرەوەی کادر و ئەندامان و پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە ساڵانی ٩٠ و ٩١دا چۆن جێبەجێ بوو.

پێویستە ئەو ڕاستییە دووپات بکەمەوە کە بە بڕوای من لە هەلو مەرجی ئەوکاتدا سووک بار کردنی ئۆردوگاکانی کۆمەڵە لە کوردستانی عێراق زەرورەتێک بوو کە پێویست بوو جێ بە جێ بکرێت. بەڵام، یەکەم بە هۆی ئەوەی کە ئیمکاناتەکە بەرتەسک بوو پێویست بوو زۆر بە وردی و بە شێنەیی پلانی بۆ دابرێژرێ و بە ڕێک و پێکی جێبەجێ بکرێ و نەبێــتە هەزیمەت. دووهەم، دەکرا لەو ئاستەدا نەبێ و ئەوەندەی کە پێویست بوو بۆ درێژەدان بە تێکۆشان لە ڕێگەی ئەو ناوچەیەوە، لەوانەی کەخۆیان خوازیاری مانەوە بوون رابگیرێ.

# ٢٥٠٠ پێشمەرگەی کۆمەڵە چونەتە ئەوروپا

**×پێتانوایە چەند هەزار کوردی ئێران و چەند هەزار دۆست و لایەنگر و پێشمەرگەی کۆمەلە لەئەوروپا و ئەمەریکان؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: دیاری کردنی ژمارەی وورد لەم بارەوە ئاسان نیە. تەنانەت لە ئاماری رەسمی وڵاتەکانیش دا ئەو کوردانەی کە لە دەرەوەی وڵات دەژین بە پێناسەی ئەو دەولەتانەوە تۆمار کراون کە لێیەوە هاتوون نەک پێناسەی نەتەوەییان. سەرجەم رەقمێک نزیک بە ٢٠٠٠تا ٢٥٠٠ پێشمەرگەی کۆمەلە لە ماوەی ٣ دەیەی رابردوودا لە عێراقەوە بەرەو هەندەران رۆیشتوون. بەڵام لە ١٥ سالی رابردوودا ژومارەیەکی زۆریش لە لایەنگرانی جەریانی ئێمە لە ئێرانەوە و لە ریگەی جۆراوجۆری دیکەوە خۆیان گەیاندۆتە دەرەوەی وڵات. سەبارەت بەسەرجەم ئەو کەسانەی کە لە کوردستانی ئێرانەوە روویان کردۆتە دەرەوە ئاماری دەقیقم لە بەردەست نیە،بەڵام ژومارەیان زۆر زۆر لەو کەسانەی کە لە کوردستانی عێراقەوە چوون کەمترە.

# چەکە قورسەکانمان لەژێرفشاری پۆل بریمەر دایە یەکێتی نیشتمانی کوردستان

**×لەکاتی رووخانی بەعس، ئەمەریکا داوای چەکە قورسەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی و ئێوەشیکرد، چیتان لێکردن؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: بریاری وەرگرتنەوەی چەک لە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی و تەنانەت لە هێزەکانی چەکداری کوردستانی عێراقیش لەلایەن پۆل بریمەر فەرمانداری ئەمریکی ئەوکاتەی عێراق دەرچووبوو وە بە ئێمەش راگەیەندرا. بەڵام کاری بریمەر لە عێراق بەگشتی تووشی گرفتی گەورە بوو وە زۆر زوو پرۆژەی چەک دامالین لە ئەولەویەت کەوت. ئەوەندەی کە پەیوەندی

به ئێمەوە هەیە کاتێک هەستمان کرد کە زەختەکە جیدییە، بە مەبەستی پاراستنی چەکە قورسەکان لەوەی کە بکەونە دەست ئەمریکییەکان وە یان دەوڵەتی مەرکەزی عێراق و بۆ ئەوەی زۆر لەخۆمان دوور نەکەونەوە، تەسلیمی یەکێتی نیشتمانیمان کردن. ئەم چەکانە لەچاو تواناییەکانی هێزێکی ئۆپۆزسیۆن ژمارەیان زۆر و تەقەمەنی بەرچاویان لەگەڵ بوو کە بە درێژایی ساڵەها کۆکرابوونەوە.

**×ئەوە چەندە راستە کە دوای رووداوەکانی ٣١ی ئاب ١٩٩٦ کە یەکێتی نیشتمانی لە سلێمانی پاشەکشەی کرد، ئێوە بەعزیک شتتان بۆ یەکێتی لای خۆتان پاراست؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: بەبۆنەی پەیوەندییەکی نزیکەوە کە لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە بوومان ئەوان بەعزێک کەل و پەلیان لە زرگویز لای ئێمە دانا کە گرینگترینیان بریتی بوون لە وەسایلی رادیۆ و تەلەفزیۆنی یەکێتی. دوای گەرانەوەیان هەمووی وەکوو خۆی تەسلیمبە دەزگای راگەیاندنی یەکێتیکرایەوە، هەروەها هەموو ئەو شتانەی کەپەیوەندی بەدارایی یەکێتیەوە هەبوو پێیان درایەوە.

**×کاردانەوەی پارتی بەرامبەر بەم کارە چی بوو؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: پارتی دەیزانی کە شتی یەکێتی لای ئێمە بە ئەمانەت هەیە، بەڵام لەو ماوەیەدا کە لە سلێمانی بوون زەختێکیان بۆ ئەو مەبەستە نەخستە سەر ئێمە.

**×یەکێتی چەکەکانی پێنەدانەوە؟ بۆچی، داواتان نەکردوە وگوایە چەندین جار داواتان لەکاک کۆسرەت رەسول کرد، بەڵام تائێستا چەکەکانتان وەرنەگرتۆتەوە ئەو چەکانە چین؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: هەروەک وتم، ئەمانە چەکی قورس بوون، واتە سەرووی ئارپیجی٧. ئەو چەکانە هەر لای یەکێتین. ئێمەش بە رەسمی داوامان نەکردووەتەوە. بە لەبەرچاو گرتنی هەل و مەرجی ئێستای عێراق جارێ پێمان باشە هەر لای ئەوان بە ئەمانەت بێ.

# چەک و تەقەمەنی لەحکومەتی هەرێم وەرناگرین

**×چەک و کەلوپەلی سەربازی لەکوێوە دابین دەکەن دەیکرن یان حکومەتی هەرێم دەتانداتێ، چ وڵاتێک چەکتان دەداتێ؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: چەکە قورسەکانمان هەر ئەوانەن کە لە کۆنەوە هەمانبوو. بەشێکی لە کاتی شەری ئێران و عێراقدا لە دەوڵەتی عێراق وەرگیرابوون، بەشێکیشیان دەستکەوتی شەرەکانمان لەگەل رژێمی ئێران بوون. لە ئێستاشدا تەقەمەنی بۆ فێرگە و بۆ مانۆرەکانمان لە بازاری ئازاد دەکرین. نە لە حکومەتی هەرێم و نە لە هیچ وڵاتێک ئێستا چەک و تەقەمەنی وەرناگرین.

**×کەخەباتی چەکداری ناکەن، چەکتان بۆچییە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە:ئێمەهیچ ئاتەش بەسێکمان لەگەڵ رژێمی کۆماری ئیسلامی رانەگەیاندووە. ئێمە عەمەلیاتی نیزامی خۆمان لەدژی رژێم راگرتووە، کە دەکرێ هۆکارەکانی لەکاتی خۆیدا قسەی لێ بکەین. بەڵام هەرگیز دەست پێکردنەوەیمان لە کات و شوێنی خۆیدا بەشێوە و تاکتیکی گونجاو لەگەڵ هەلومەرجی نوێ، لەدەستوور خارج نەکردووە. هەربۆیە فێرگەی پێشمەرگایەتی و هەموو زەرفییەتەکانی خۆمان بۆ ئەو مەبەستە پاراستووە.

**×کارگە و دەزگای بەرهەمهێنانتان لەکوردستان و ئێران و ئەوروپا هەیە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: بەشێکی مەسرەفی کاناڵی تەلەفیزیۆنی کۆمەلە لەو رێگەیەوە دابین دەبێ.

**×لەمانگی پوشپەری ١٣٨٨،(٢٠٠٩)کۆمەڵێک هێرش و پەلاماری ئێران دْرا لەلایەن دیموکرات و کۆمەلەی زەحمەتکێشان و هۆکارەکەی چی بوون، ئایا ئەوە بەشێک بوو لەخەباتی چەکداری تازە تۆ پێتباش بوو ئەو کارە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: بە رای من ئەم رووداوانــە بەشێک نەبوون لە ستراتیژێکی روون کە دایان رشتبــێ. خۆنیشاندانێکی پراگماتیستی، چاولێکەرانە، کاتی، بە بێ پلان و نەقشەی درێژماوە و بەبێ بیرکردنەوە لە ئیمکانی ئیدامەکارییەکەی بوون.

## خەباتی چەکداری رانەگیراوە

**•بەبیانووی جیاجیا خەباتی چەکداریتان راگرتوە تاکەی وادەبن. نازانن کەزەرەری زۆرە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: خەباتی چەکداری لەکوردستان، خەباتی کۆمەڵێک مەفرەزەی پارتیزانی جیا لە خەڵک نەبووە. پەیوەندیکی توند و تۆڵی لە گەڵ جەماوەرەوە بووە وهەر کات زەمینە و ئیمکانی هەڵگیرسانی و یان دەستپیکردنەوەی لەو روانگەوە برەخسێ، ئێمە خۆی لێنابوێرین. بەڵام با قسەیێک لە زەمینە و لە ئیمکان بکەین. زەمینە کاتێک ئامادە دەبێت کە دلنیا بین لەوەی کە حەرەکەتی چەکداری خزمەت بە هەڵسان و راپەرینی جەماوەری خەڵکدەکات وخەلک بەگەرموگوری پشتیوانی لێدەکەن و بەشداری تێدا دەکەن. لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی کاتێک ئێمە دەستمان دایە ئەو شێوەیە لە خەبات، لەماوەی چەند حەوتوودا بە هەزاران کەس چەکیان هەڵگرت و هاتنە ریزەکانی حیزبە سیاسیەکانەوە. بە هەزاران کەس هەر لە ماڵی خۆیان چەکیان هەبوو، دەوری هێزی بەرگرییان دەبینی. ئەوە زەرورەتێکی ئەو کات بوو. من ناڵێم کە ئەو ئامادەییە رێک هەر وەک ئەو کات وابێ، جا عەمەلیاتی نیزامی دەست پێدەکەینەوە، بەڵام پێویستە رادەی ئامادەیی جەماوەرو پێویستی حەرەکەتەکە کەم و زۆر هەر لەو چەشنە بێت کە بۆنموونە ئەو کات بوو. بزووتنەوەی چەکداری لە کوردستانی ئێران ئەگەر چی لەساڵانی دواتردا بەرەبەرە لاواز بوو، بەڵام چەندین

ساڵ دەوامی هێناو تا کاتێک کە سنوورەکان لە هەر دوو دیوی ئێران و عێراقیش لە کونترۆڵی هیچ دەوڵەتێکدا نەبوو، ئەوشێوەیە لەخەبات دەیتوانی لە سەر پێی خۆی رابوەستێ. بەڵام بە دوای ئەنفال وگۆرانکاریەکانی عێراق و شەری کوێت و... بەرە بەرە ئەو ئیمکانە نەما. لە لایەکی دیکەوە بەرەبەرە شێوەیکی دیکە لە خەباتی مەدەنی لە شارەکانی کوردستان شکلی گرت. لێرەدا دەبینین کە جێگۆرکێ کراوە، ئەو دەورەی کە پێشتر خەباتی چەکداری دەگێرا لە ساڵانی دواتردا خەباتی مەدەنی لە شارەکان بینی. وەکوو یەکنموونە پێتاندەڵێم ، دوای گیانبەخت کردنی شوانەی قادری بۆ ماوەی یەک مانگ سەرتاسەری کوردستان لە جمو جۆل و حەرەکەت و ئیعترازدا بوو، کە سەرەئەنجام لە ١٦ی گەلاوێژی ١٣٨٤دا بە مانگرتنی گشتی، گەیشت بە لوتکەی خۆی. هەر لەو ساڵانەدا دەیان مانگرتنی کرێکاری روویاندا، دەیان رێکخراوی مەدەنی کە تەنانەت رژێم رێگاشی پێنەدا بوون پێکهاتن. جم و جۆلێکی ئاشکرا لە هەموو بوارەکان دا کەوتەرێ، لە حاڵێکدا هیچ حەرەکەتێکی چەکداریش لە ئارادا نەبوو. لەو ساڵانەدا زەمینەی کۆمەلایەتی ئەوەندەی کە بۆ خەباتی جەماوەری لە بار بوو، بۆ خەباتی چەکداری وا نەبوو. دەبوایە ئەو بروا بە خۆیە کە لە جەماوەری خەڵکدا شکلی گرتبوو بپارێزرێ و پەرە پێ بدرێت.

وتم زەمینە و ئیمکان، ئێستا با بزانین مانای ئیمکان چییە؟ مانای ئەوەیە کە ئایا حەرەکەتی چەکداری لە دەورەیەکدا کە بریاری هەڵگیرسانی دەدرێـت دەتوانی لە سەر پێی خۆی رابوەستێ؟ چەندە ئیدامە کاریەکەی دەکەوێتە ئیختیاری ئەو لایەنانەی کە دەتوانن بەدەر لە ئیرادەی ئێمە چارەنووسی مان و نەمانەکەی دیاری بکەن. ئەگەر زەمانەت بۆ لە سەر پێی خۆ راوەستانی هەبوو، ئەو

جار دەکرێ بیر لەوەش بکرێتەوە کە یارمەتی و پشتیوانی دەرەکیشی بۆ دابین بکرێ. کاتێک لە ساڵی ١٩٧٥ پشتیوانی رژێمی شا لە بزوتنەوەی چەکدارانەی کوردستانی عێراق نەما، ئەو بزووتنەوەیە هەرەسی هێنا. ئەگەر ئەمرۆ بە فەرز لە رووی هەر بەرژەوەندیکەوە سنوورەکان بۆ کاری چەکداری بەرەو رووی ئیمە بکرێتەوە، سبەینێ کە بە پێی هەمان بەرژەوەندی داخران، ئایا ئیمکانی ئەوەمان هەیە درێژە بە کارەکەی خۆمان بدەین؟ ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە ئێمە ناتوانین بە دوور لە،لەبەرچاو گرتنی ئەو فاکتۆرە،ستراتیژی خۆمان دابرێژین. کاتێک کە ئێمە لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی دا دەستمان دایە خەباتی چەکداری بۆ ماوەی نزیکەی ١٥ ساڵ هیچ دەوڵەت و هێزێکی دیکە غەیری هاوسەنگی نێوان هێزی خەڵک و هێزی دوژمن لە ئێران، نەیدەتوانی چارەنووسی مان و نەمانەکەی دیاری بکات، بەڵام وردە وردە وا نەما.

دواجار، دوای هاتنی سوپای ئەمریکا بۆ ئەو ناوچەیە ئێمە نەماندەتوانی و نەدەبوایە بیین بە بارمتەی چالاکی هێزە چەکدارە ئیسلامیەکان، لە دەوڵەتی ئێران لە دژی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق پشتیوانی لێ دەکردن.

نەماندەتوانی ببین بە ئامرازی سات و سەوداکردنی دەوڵەتانی ئێران و ئەمریکا بەئێمە لەسەر هێزی چەکداری سەدریەکان لەبەغدا.

## زۆرینەی سەرکردایەتی کۆمەڵە لەدەرەوەی وڵاتن

**×هەمیشە کەمینەیەکتان لەسەرکردایەتی کۆمەڵە لەکوردستانی عێراقن و لەئۆردوگان و بەشێکی زۆریان قاچیان**

**داکوتاوە لەئەورووپا و ناگەڕێنەوە ئۆردوگا بۆچی لایان نادەن، خۆ لای دێموکرات هەر کەس سەرکردایەتی بێ دەبێ لەکوردستان و کۆیە دانیشێ، سەرکردایەتی ئەورووپاتان بۆ چییە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەوەی کە چ ژمارەیەک لە کادرەکانی سەرکردایەتیمان لە کوردستان نیشتەجێن و یان لە نێوان کوردستان و دەرەوەدا لە هاتوچۆدان، ڕەنگە لە ڕووی عەمەلیەوە بۆ ئەم یان ئەوقۆناغ گرینگی خۆی هەبێ و بوونی ژمارەیەکی زۆرتریان لێرە بۆ ماوەیەک کار بکاتە سەر بەرەو پێشچوونی باشتری ئەو کارانەی کە لێرەوە جێ بە جێ دەکرێن، بەڵام لە ڕوانگەی بەرژەوەندیەکانی باڵا و درێژ ماوەی کاری ئێمە نیشتەجێ کردنی بەردەوامی ژمارەیەکی زۆریان لە مەقەرەکانی ناوەندی کۆمەڵە لە کوردستانی عێراق ناتوانێ سیاسەتێکی دروست بێ. ئێمە هەرگیز نەچووینە ژێرباری ئەوەی کە بە حیزبێکی ئۆردوگا نشین پێناسە بکرێین. دەرەوەی وڵات لە زۆر ڕووەوە دەتوانێ دەوری گرینگ ببینێ لە بەرەوپێش چوونی ستراتێژی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران. ڕەنگە پرسیار ئەوە نەبێ کە بۆچی ژمارەیەکی زۆریان بە بەردەوامی لێرە نین، بەڵکو پرسیاری واقیعی تر بۆ ئێمە ئەوەیە کە ئایا توانیومانە لە هەموو ئەو زەرفیەتانەی کە لە دەرەوەی وڵات هەیانە لە پێناوی بەرەوپێش بردنی ئەو ستراتیژەدا کەڵک وەربگرین؟ بە داخەوە دەتوانم بڵێم نا، بەڵام ئەوەش هۆکاری خۆی هەیە و کەم و کوریەکە،کە دەتوانێ نەمێنێ.

## منیش واز لەحزبی کۆمۆنیست بهێنم خەڵکانی تر دەست هەلناگرن

**×بۆچی داکۆکیکارێکی سەرسەختی حیزبی کۆمۆنیستی و واز لە حیزبی کۆمۆنیست ناهێنێت و کۆمەڵەیەکی کوردستانی دروستکەی و زۆریش پێیانوایە گەر تۆ ئەوە بکەی کەس رێگرت نیە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەوە پێوەندی بە ئاسۆیەکەوەیە کە بۆ رزگاری خەڵکی چەوساوە و بەش مەینەت هەمانە. حیزب یان رێکخراو بۆ ئێمە ئامرازێکە،کە ئەگەر خزمەت بەو ئامانجە نەکات و لە خزمەت ئەو ئاسۆیەدا نەبێ، لە باشترین حاڵەتی خۆیدا شەریکەیکی تەعاونیە کە ژوماریەک بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆیان پێکیان هێناوە.

با ئەوەش بڵێم، دڵنیا بن ئەگەر منیش ئەو کارە بکەم، کەسانێکی زۆری دیکە هەن کە ئاڵای حیزبێکی کۆمۆنیستی سەرتاسەری بۆ ئێران بەرز رادەگرن، ئەوان هەم لە ئاستی ئێران و هەم لە ئاستی کوردستانیش لە من سەرکەوتووتر دەبن و بە ویژدانێکی ئاسودەتریشەوە دەژین.

## دووپارە لەهەرێم وەرناگرین

**×ئەوە چەند راستە کەئێوە دوو "پارە"لەحکومەتی هەرێم وەردەگرن، چ وەک کۆمەڵە چ وەکو حیزبی کۆمۆنیست؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: نەخێر ئەوە راست نییە. ئەوپارەیەی کە ئێمە وەکوو یارمەتی لەحکومەتی هەرێمی وەردەگرین لە لایەن کۆمەڵەوەیەو بەناوی کۆمەلەوەیەو لە درێژەی پێوەندێکی ٣٠ ساڵە دایە کە کۆمەلە لەگەڵ خەباتی خەڵکی کوردستانی عێراق بویەتی. رەهبەری حیزبی کۆمۆنیستیش لە قۆناغی جۆراوجۆردا ئەو پەیوەندیەی تەئید کردووە.

## بەڵگەنامەکان شاهیدن کەموهتەدی موعجیبی حیکمەت بووە

## ئەگەر مەنسور نەبوایە، کۆمەڵە و حزبی کۆمۆنیست ئێستا زۆر بەهێزتر بوون

## گەورەترین حزبی رۆژهەڵاتی ناوەراست دەبوو

**×من لەدووشت تێناگەم، موهتەدی دەڵێ سەید برایم زۆر موعجیبی حیکمەت بوو، تۆش بەپێچەوانەوە دەڵێی موهتەدی زۆر موعجیبی حیکمت بوو. گوایە تۆ دەتویست لەگەل حیکمەت و کۆمۆنیزمی کارگەری برۆی کام بۆچوونە راستە و واقیعە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: سەبارەت بە مەنسووری حیکمەت پێشتر بۆچوونی خۆمم بۆ باس کردبووی، دووپاتی ناکەمەوە. ئەوەی کە کاک عەبدوڵلاله دەروون و مێشکی دا بە درێژایی هەموو ئەو ساڵانە چی گۆزەراوە، نەدەزانم و نە زۆریش گرینگە، بەڵام تائەوجێگایەی کەبەهەلوێست و کردەو مەربوتە بەشی زۆری مێژووی واقیعی کۆمەلە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە بەڵگەنامەکاندا تۆمارکراوە و ئێستا هەمووی لە سەر تۆری ئینتەرنێتە و جێگا و شوێنی واقیعی هەرکاممان لەم پەیوەندیەدا دیاری دەکات. با من چەند نموونەیەکتان بۆ باس بکەم:

لە گەڵالەکردنی بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا کاک عەبدوڵلا و مەنسووری حیکمەت بە هۆی تواناییەکانی ئەو کاتیانەوە لەچاومن وکەسانی تر دەوری سەرەکیتریان هەبوو. کاک عەبدوڵلاسەبارەت بە جێگا و شوێنی ئەو بەرنامەیە چەندین وتار و نووسراوەی هەیە. کاتێک دوای کۆنگرەی ٢ی حیزب کە پێداچوونەوە بە بەرنامە و ئەساسنامە هاتە دەستوورەوە، لە هەر دووکیاندا کاک عەبدوڵلابەرپرسی یەکەم بووو و لە سەر هەموو

بابەتەکانی ئەوپێداچوونەوەیە لەگەڵ مەنسووری حیکمەت هاودەنگ بوون.

کاک عەبدوڵلادەڵێت کەلەگەڵلەکردنی باسەکانی کۆنگرەی ٦ی کۆمەڵەدا دەورێکی هەڵسووراوانەی نەبۆە ومن دەورێکی زیاترم بینیوە، لەوەدا راست دەکات، بەڵام، یەکەم، دژی هیچکام پەسندکراوەکان نەبوو، بەڵکوو لەگەڵلەکردنیاندا کەم قسە و یان بێدەنگ بوو. دووەهەم و گرینگتر لەوە، شەش مانگ دواتری نەک هەر بۆوبە لایەنگری سەر سەختی پەسەندکراوەکانی کۆنگرەی ٦، بەڵکوو لەوە زیاتر داوای دەکرد کە کۆمیتەی رەهبەری کۆمەڵە بە هۆی پابەندنەبوونی بە بەرێوەبردنی چالاکانەی ئەو پەسەندکراوانە، سزای تەشکیلاتی بدرێ. لەم بابەتەوە وتاری نووسی و بە ئاشکرا بلاو بووەوە.

لەدەورەی گەڵالەبوونی بیرۆکەی پێکهێنانی فراکسیۆنی کۆمۆنیزمی کرێکاری، کاک عەبدوڵلاله پلینۆمی ١٦ی کۆمیتەی ناوەندی حیزبدا بەیانێکی بە حەماسەوە لە تەئیدی رەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاری و مەنسووری حیکمەت خۆیندەوە کە بلاو بۆتەوە و دەتوانی ببینی.

ئەوانە تەنها بەشێکی واقیعیەتەکانن. بۆ زانینی زۆرتری دەتوانی بەڵگەنامەکان ببینی. ئایا ئەوە موعجب بوون بووە یان لە هەر قۆناغێکدا بە پێی مەسلەحەتێک بووە، با کاک عەبدوڵلاخۆی وەلام بداتەوە. من مەنسووری حیکمەت بە ئینسانێکی تیکۆشەر و راستگۆ بەرانبەر بە بیروباوەر و ئامانجەکانی دەزانم، بەلام لە هەمانکاتدا لام وایە دوای جیابوونەوەی لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وردە وردە لە رووی فکریەوە لە مارکسیزم دوور کەوتۆتەوە و لە لیبرالیزم نزیک بۆتەوەو ئەگەر ئەو رەوتی جیابوونەوەی لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران نەگرتبایە بەر، لام وایە ئێستا ئەو حیزبە گەورەترین حیزبی ئۆپۆزسیونی چەپ لە هەموو رۆژهەلاتی ناوەراست دەبوو.

**×کەچی سەرەنجام لەکاتی رۆیشتنی مەنسووری حیکمەت و، کۆمۆنیزمی کارگەری لەپێلنۆمی بیستەمی ١٩٩١دا، تۆو موهتەدی دژی حیکمت یەکدەگرن و لەگەلی نارۆن ئەمە بۆچی؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێمە هەردووکمان رەوتێک کە مەنسووری حیکمەت گرتبوویەبەر بە نادروست و بە زەرەرمان دەزانی، جگە لەوە لە رووی سیاسی و نەزەریشەوە سەرەتای هێندێک جیاوازی دەرکەوتبوون. بۆ نموونە لە سەر مەسەلەی راپەرین لە کوردستانی عێراق و مەسەلەی کۆرەو و هیتر.

**×پاش رۆیشتنی مەنسور حیکمەت و بوونی عەلیزادە بەسکرتێری کۆمەڵە چەند کەس لەکۆمیتەی ناوەندی دژی تۆ بوون، بۆچی؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: هیچ چەشنە دژایەتێکم لەم دەورەیەدا بیرنایەت لە ناو ئێمەدا تا سالی ١٩٩٩ کە زەمینەی جیابوونەوەی کاک عەبدوڵڵاو هاوبیرانی رەخسا، هیچ چەشنە ریزبەندێکی لەو چەشنە لە ناو ئێمەدا نەبوو. کارەکان بە تەبایی و هاوفکریی دەچوونە پێش. هەڵبەت کەم و کوری و رەخنەی ئەم لە ئەو هەبوو، بەلام لە ئاستێکی ئاساییدا بوو و جێگەی سەرنجێکی تایبەتی نەبوو. تەنیا مەسەلەیێک کە بیرم دێت ئەوە بوو کە هاورێیانێکی وەکوو ساعیدی وەتەندوست و عومەری ئێلخانی زادە کە لە پلنیۆمی ١٦دا ئیستعفایان دا بوو، لایان وابوو کە دوای رۆیشتنی رەوتی کۆمۆنیزمی کارگەری، لە لایەن باقی هاورێیانەوە پێش گرتنی کۆنگرەی ٤ی حیزب هاتنەوەیان بۆ ناو کۆمیتەی ناوەندی، لەو ماوەیەدا بێ ئینسافییان لەگەڵ کراوە.

# شەڕی کۆمەڵە و دیموکرات روناداتەوە

**×کەباس لەکۆمەڵە و دێموکرات دەکرێ، خەڵکی (کوردستانی ئێران) دەڵێن هەر کات هاتنەوە وەک یەکێتی و پارتی جەنگی ناوخۆیی دەستپێدەکەنەوە... تۆ لەگەڵ ئەم بۆچوونەی؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: دەکرێ وانەبێ، دەتوانێ وانەبێ. من لەگەڵ ئەو بۆچوونە نیم کە تێکهەڵچوونی نێوان هێزە سیاسییەکانی چەکدار لە کوردستان بەچارە هەڵنەگر بزانێ. ئێمە خۆمان نەک هەر هەوڵ نادەین پێوەندییەکان بەم ئاراستەیەدا برۆن،بەڵکوو هەموو هەوڵی خۆشمان دەخەینە کار بۆ ئەوەی رێگا لە دووپات بوونەوەی وەها تێکهەڵچوون گەلێک بگرین. ئەو هەوڵانەی ئێمە دوانەخراون بۆ دواڕۆژێــک کە هێشتا نەهاتووە، بەڵکوو هەر لە ئێستاشەوە کاری بۆ دەکەین بۆ ئەوەی زەمینەی ئەو جۆرە تێکهەڵچوونانە نەمێنێ. ناکۆکی نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان دەتوانێ لە رێگەی سیاسی، هێمنانە و شارستانییانەوە بچێتە پێش و حەکەمی نیهایی دەنگی ئازادانەی خەلک بێ. لە بەرنامەی ئێمەدا بۆ دەسەڵاتدارێتی جەماوەر جێگایەک بۆ توند و تیژی نییە و هەرچی هەیە لە دامەزراوەکانی دەسەڵاتدارێتی خەلکدا بە دەنگی ئەکسەرییەتی جەماوەر دەبردرێتەوە. پابەند بوونی هێزە سیاسییەکان بە بنەماکانی ژیانی دیمۆکراتیک، ئەگەر تەنانەت هاوکاری و بەرەش لەگۆرێدا نەبێ، دەتوانێ پێش بە دووپات بوونەوەی ئەم جۆرە شەرانە بگرێ. خۆ ئەگەر ئەو پابەند بوونە بە شێوەیەکی عەمەلی و واقیعی بوونی نەبێ لەجەرگەی بەرە و هاوکاریشدا دەتوانێ شەر و توووند و تیژی بێتە کایەوە. ئەگەر جەماوەری خەلک دەوری سیاسی و کۆمەلایەتی خۆیان بە تەواوی ببینن، بێگومان تێکهەڵچونی چەکدارانە لە نێوان حیزبە سیاسیەکان دا یان هەر روو نادات و ئەگریش روی دا زوو پێش بە پەرەسەندنی دەگیرێ

## شەڕی یەکێتی و پارتی لەسەر دەسەڵات بوو

**×تاچەند ئێران هۆکاری شەڕی یەکێتی - پارتی بوو؟**

ئیبراهیم عەلیزادە:شەڕی یەکێتی و پارتی ریشەی ناکۆکیەکانی ٣ دەیەی رابردووی ئەو ٢ حیزبە لە سەر سەرکردایەتی کردنی بزووتنەوەی کوردایەتی و لە نیهایەتدا لەسەر دەسەڵات بوو. لە کاتێکدا کە دەنگی ئازادانەی خەڵک نەیتوانی حەکەم بێ و تەکلیفی دەسەڵات ڕوون کاتەوە،رێگا بۆ شەر خۆش دەکرێ. ئەگەر ئەم یا ئەو دەولەتیش لە قۆناغی دیاریکراودا هەولییان داوە کاریگەری لە سەر ئەو کێشەیە دابنێن، هەر لە سەر ئەو زەمینەیە بووە. دەولەتی مەرکەزی عێراق و دەولەتی تورکیە و دەولەتی ئێران هەموویان لە ئەساسدا بە مەبەستی دژایەتی کردن لە گەڵ چارەی خۆنووسینی خەڵکی کورد هەولییان داوە دەست لەم کێشەیە وەربدەن و بە داخەوە گەلێک جاریش سەرکەوتوو بوون.

**×PKK بەرێکخراوێکی تیرۆریستی دەناسی؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەو دەستەواژەیە کە لە میدیای رۆژئاواوە هاتووە، ئێمە رەتی دەکەینەوە. ئێمە موخالیفەتی خۆمان لەگەل سیاسەت و تاکتیک و شێوەکاری پ. ک .ک لەو چوارچێوەیەدا بەیان ناکەین. ئەو پێناسەیە لە لایەن میدیای رۆژئاواوە لە هەمان کاتدا کە پ ک ک بە تێرۆریزم تاوانبار دەکات، چاوپۆشی دەکات لە تیروریزمی دەولەتی کە بە شێوەیەکی سیستماتیک و بەردەوام لە ئاستێکی گەلێک پەرینتردا و لە مەودایەکی گەلێک دوور و درێژتردا لە لایەن دەولەتانی وەکوو دەولەتی تورکیە بەرێوە دەچێ. ئێمە هەر جیاوازێکیشمان لە بیروبۆچوون و رێبازی سیاسی لە گەڵ پ ک ک هەبێ، ناتوانین نکۆلی لەو راستیە بکەین کە توند وتیژی لە تورکیەدا لە ئەوانەوە دەستی پێ نەکردووە. بەردەوام ئامادە بوون کۆتایی بە شەربێنن، تەنانەت لە پێناوی ئیمتیازی

گەلێک سەرەتایشدا. بەڵام ئەرتەش و دەزگاکانی دەسەڵات لە تورکیە ئامادە نەبوون تەنانەت یەکجاریش بە پیریەوە بچن.

## پێویستە ئۆجەلان لەزیندان ئازاد بکرێ

**×بۆچونت لەسەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان چییە و تاچەند کاریگەربووی بەگرتنەکەی و پشتیوانی ئازادبوونی دەکەی و رازی، ببێ بەماندێلای کورد، یان ئازاد دەکرێت؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: جیاوازی نێوان هەل و مەرجێک و وڵاتێک و کێشەیەک کە ماندێلا خەباتی تێدا کردووە و کاریگەری لە سەری بووە و هەروەها کەسایەتیان، زۆرە. شوبهاندنی ماندێلا– ئوجەلان بە یەکتر لەوانەیە لە جێگەی خۆی نەبێ.

پێموایە هەر ئینسانێکی ئازادیخواز لە هەر گۆشەیکی دونیا پیلانێک کە بۆ دەستگیر کردنی ئۆجەلان بەرێوە چوو مەحکوم دەکا. مانەوەی ئوجەلان بۆ ئەو دەورە دوور و درێژە لە زیندانی تورکیە نارەوایە و پێویستە لە سەر داخوازی ئازادکردنی بە توندی پێداگەری بکرێ.

## لەنێوان بارزانی و تاڵەبانی و ئۆجەلان، ئێمە تالەبانی هەلدەبژێرین

**×ئەگەر ئۆجەلان، یان بارزانی و تاڵەبانی ببنە سەرۆکی داهاتووی هەموو کورد کامیانت قبولە تۆ؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: دیارە ئێوە باسی حاڵەتێکی گەلێک فەرزی دەکەن، بەڵام بە هەر حاڵ پرسیارە و هاتۆتە گۆرێ. پەیوەندی ئێمە و مام جەلال مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە لەو روویەوەیە کە لە ناو ئێمەدا حیسابێکی جیاواز بۆ مام جەلال لە چاو کەسی تر دەکرێ. بەڵام ئێوە دەزانن کە بەرنامەو ستراتیژی سیاسی

ئێمە و مام جەلال یەک نییە. ئێمە هەوڵ دەدەین لە ڕێگای ئەو ڕەوتەوە کە خۆمان باوەڕمان پێیەتی و بە ڕێگای نەجاتی خەلکی چەوساوەو ستەم لێکراوی دەزانین، بە ئاکام بگەیێنین. خۆ ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان لە سەر مەسەلەیکی ئەوا فەرزی کە ئێوە باسی دەکەن، کار گەیشتە دەنگدان، یەکەم، دەنگدان قاعیدەتەن بە نهێنی دەبێ و دووەهەم، هەل و مەرجی ئەو کات دیاری دەکات کە چلۆن دەنگ دەدەی یان ئەسلەن دەنگ نادەی.

**×هۆکاری ئەوەی کە دەڵێن نێوانی تۆ و مام جەلال خۆشە چییە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەو پەیوەندیانەی کە لە ڕۆژانی سەخت دادەمەزرێن کاریگەریان بە ئاسانی ناسریەتەوە. چ لە ڕۆژانێک دا کە بۆ ئەوان سەخت بوە و چ لە ڕۆژانێک دا کە بۆ ئێمە وابوە، لە یارمەتیدانی یەکتر درێغیمان نەکردۆە. هەرکام لە ئێمە هەرچی لە توانامانداببوە کردومانە و ئەوەیە سەرچاوەی ئەو دۆستایەتیە.

## پژاک بەقەدەر کۆمەڵە و دیموکراتنفوزی نیە

**×پژاک زوو هات و زوو لەکوردستانی خۆرهەلات جێگای خۆی کردەوە، شوێنی بەئێوە لێژکرد، بۆچی و هۆکارەکەی چی بوو؟ پژاک، واقیعی کوردستانی ئێرانە، یان دروستکراوی (پ کا کا)یە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ڕێکخراوی پژاک بەرهەمی کاری ئەو دەورەیـەی "پ کا کا" یە کە کۆماری ئیسلامی کەم و زۆر هاوچەشنی دەولەتی سوریە چاوپۆشی دەکرد لە چالاکی ئەوان لە کوردستانی ئێران. چاوپۆشی لە بەشداری کردنیان لە کۆمەلێک ڕێکخراوی مەدەنی دا کردن، ڕێگر نەبوو بۆیان لە ناردنی لاوانی کوردستانی ئێران بۆ ریزەکانی گریلای پ کا کا. دوای گیرانی عەبدوڵلا ئۆجالان و ئەو گۆڕانکاریانەی کە بە سەر پەیوەندیەکانی

دەرەوەی پ کا کا دا هات، پ کا کا بۆ چالاکیەکانی پێشوی خۆی لە کوردستانی ئێران و کوردستانی عیراق دوو رێکخراوی جیاوازی پێکهێنا، کە پژاک یەک لەوانە بوو. هەموو ئەوکارانەی کە پێشتر پ کا کا لە کوردستانی ئێران دەیکرد کەوتە سەر شانی پژاک. پ کا کا نفوزێکی دیاریکراوی لە کوردستانی ئێران هەبوو هەر ئەوە بووکە بۆ پژاک بە جێ ما. ئەوەی کە پ کا کا هەولبدات رێکخراوێکی هاوجیهەتی خۆی لە کوردستانی ئێران پێک بێنێ، خۆی لە خۆی دا نە خەتایەکە لە لایەن پ کا کا وە و خالی لاوازی پژاکە. ئەو رێکخراوەیە لە بەرنامە و ستراتێژی سیاسی و هەلسوکەوتی خۆیەوە قەزاوەت دەکرێ. بە بروای من پژاک ئەو ئەندازەیە کە لێرە و لەوێ تەبلیغاتی بۆ دەکرێ لە چاو دوو جەریانی سەرەکی چالاک لە کوردستان واتە کۆمەلە و دێموکرات خاوەنی نفوزێکی قوول و جێکەوتوی کۆمەلایەتی نیە.

## حکومەتی هەرێم چاوپۆشی لە پژاک دەکات

**×حاجی ئەحمەدی سکرتێری پژاک دەڵێ موهتەدی ماستاو بۆ حکومەتی هەرێم دەکات؟ دەڵێ من ئامادەنیم ئاوی کۆیە و زرگوێز بخۆمەوە و تەسلیمی حکومەتی هەرێم بم، ئەو بۆچوونەی راستە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: بە پێویستی نازانم بچینە ئەو مەیدانەی حاجی ئەحمەدیی و عەبدوللای موهتەدی بۆ کێشەکانی خۆیان لە گەل یەکتر هەلیان بـژاردووە. بەلام سەبارەت بە بەشی دووهەمی پرسیارەکەتان رونکردنەوەیەک پێویستە.

پژاک و ئەوانی دیکەش وا لە قەندیل دانیشتون بە بێ رادەیەک لە چاوپۆشی دەسەلاتدارانی واقیعی لە عێراق و کوردستان ناتوانن لەو مەنتقەیە بمێننەوە. راستە بارەگاکانیان تۆزێک لە شارەکان کەنارە،بەلام پێداویستیەکانی ژیانیان لە رانیە

و قەڵادزێ و هەولێر و سلێمانی بە ئاشکرا و بە بێ ڕێگری دابین دەبێ و دوور نیە پەیوەندیەکە لەوەش زیاتر بێ. ئاپا بەراستی پژاک بە بێ ئەوەی لە لایەن هیچ هێزێکەوە بۆ هەڵسووران لە سەر سنوورەکان گڵۆپی سەوزی بۆ هەڵنەکراوە؟ کەوایە لە جیاتی شانازی کردن بە دانیشتن لە قەندیل، با پێمان بڵێن ستراتیژی واقعیان بۆ رزگاری میللەتی کورد لە ستەمی نەتەوایەتی چیە، لێرەدایە کە لام وایە کاک حاجی زۆر کورتی دێنێ. ئەم جۆرە لێدوانە لە دونیای ئەمرۆدا کریاری زۆر نیە.

**×پژاک گوێ بەیەکێتی و پارتی نادات و چالاکی سەربازی خۆی دەکات، بۆچی ئێوە زیاتر لە (١٥) ساڵە ئۆردوگانیشنن و ناتوانن چالاکی پێشمەرگانە بکەن؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێمە ئەگەر بەوە گەیشتباین کە هەلومەرج بۆ دەست پێکردنەوەی شەڕی چەکداری لەبارە و کۆمەڵگای ئێستای کوردستان خوازیارێتی و پشتیوانی لێ دەکات، بێگومان چالاکی خۆمان وا ڕێک دەخست کە تەنیا خۆمان بریاردەر بین و بە پێی زەخت هێنان وە یان کارئاسانی دەرەکی ئاراستەی کاری خۆمان نەگۆڕین. لام وانیە کە پژاک سەرئەنجام گوێی پێنەدابن.

## ئێمە لەحکومەتی هەرێم پارە وەردەگرین

**×ئێران دەڵێ کۆمەڵە و دێموکرات بەڵێنامەیان داوە بەیەکێتی و پارتی سنوور نەبەزێنن و شەڕی چەکداری نەکەن، ئەوە مانای تەسلیمبوونی ئێوە بەرامبەر بە مانگانەیەکی (٥٠٠٠٠) هەزار دۆلاریە کەیەکێتی و پارتی دەتاندەنێ؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەو جۆرە لێدوانە تەبلیغاتی دوژمنە و واقعیەتی نیە. لە نێوان ئێمە و یەکێتی و پارتی دا هیچ بەڵێنێک سەبارەت بە شێوەی کار و خەباتی ئێمە نەدراوە. تەنیا لە یەک

تێگەیشتنێکی عەمەلی بووە. ئێمە خۆمان بە پێی تەشخیسی خۆمان زانیومانە چ کارێک مومکینە و چ کارێک مومکین نیە. خەباتی چەکاری ئێمە ناتوانێ بە شەرتی ئەوە بەرێوە بچێ کە حەتمەن دەولەتێ سنوورەکانی خۆیمان بۆ بکاتەوە.

بەڵێ ئێمە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بری دابین بوونی ژیانی رۆژانەی ئەندامان و پێشمەرگەکان و بنەماڵەکانیان لە حکومەتی هەرێم یارمەتی وەردەگرین و لەم بابەتەوە هیچ قەید و شەرتێکمان بە سەرەوە نیە.

## خەباتی چەکداری داوای ئەمرۆی خەڵکی کوردستانی ئێران نییە

**×خەڵک حەزی لەخەباتی چەکداریەو پڕاک ئەوەی پرکردوەتەوە، ئێوە چی دەکەن بۆ وەڵامی ئەم داوایەی خەڵک؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: لێکدانەوەی من لە تەمایولی خەڵک وەکوو ئێوە نیە ، بەڵام فەرق هەیە لە مابەینی ئەوەی کە خەڵک حەزیان لە کارێک بێ یان دژی نەبن لە گەل ئەوەی بەشداری گەرم و گوری تێدا بکەن. لە بەر گەلێک هۆکار کە پەیوەندیان بە هەلومەرجی سیاسی وڵاتەوە هەیە، ئەو چەشنە بەشداری کردنە مەیسەر نابێ. ئێستا ئەوە داوایەکی خەڵک نیە لە ئێمە لە داهاتوش دا ئەگەر هەلومەرجەی رەخسا ئێمەش هەوڵ دەدەین جێ بە جێی بکەین.

## هەموو مەکتەب سیاسی دیمۆکرات بەرپرسن لەشەڕی کۆمەڵە

**×قاسملۆ تاچەند رۆڵی خراپی هەبوو لەشەری ناوخۆ؟**

ئیبراهیم عەلیزادە:لام وایە هەرکام لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی ئەوکاتی حیزبی دێموکرات لەم بابەتەوە بە بەشی خۆیان بەرپرسن. بریاری شەری سەراسەری زۆر پێش بەرپابوونی ئەو شەرە لە پڵینیۆمی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات دا پەسەند کرابوو.

**×ئەم پرسیارە بۆ من زۆر گرینگە بۆچی عەلیزادە کەیەکەمین و سەرسەخترین داکۆکیکاری حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانە، رێگا نادات هەڵبوەشێتەوە، کەچی ئامادەنیت ببیتە سکرتێری ئەو حیزبە و واز لەسکرتێری کۆمەڵە بهێنێت؟**

ئیبراهیم عەلیزادە، دلنیابن لەوەی کە باوەرم بە رێبازی حیزبی کومونیستی ئێرانە و خەباتی تێدا دەکەم. هاورێیانم دەزانن هەم ئامادە بووم و ئامادەم لە رێبەری حیزبی کومونیست دا هەر دەورێکم پێ بسپێرن و لە توانام دابێ وەری بگرم و هەم نەمانم لە پۆستی دەبیر ئەوەلی کۆمەلە دا داوایەکی بەردەوامم بۆە کە هەولم بۆداوە و بەداخەوە تا ئێستا تێیدا سەرکەوتو نەبووم. عەلاقەم بە کارکردن لە کومەڵە دا هەیە بەڵام نەک وەکوو سکرتێری یەکەم. بە هاورێیانم وتوە کە ئەگەر بە پێویستی بزانن لە کۆمەلەدا کار بکەم ئەو پۆستە رەسمیم نەبێ لە پێناوی ئەو ئەرکانە دا کە پێویستە جێ بە جێ بکرین تەنانەت هەلسوراوتریش دەبم.

**× گۆیا ئێوە لە کۆنگرەی ٦ی کۆمەڵەدا گوتتان بزووتنەوەی کوردی بۆ ئەحزابی ناسیونالیست و بزووتنەوەی سوسیالیستی بۆ ئێمە. عەبدوڵلاموهتەدی دەڵێ کە من هەر بەو هۆیەلە کۆنگرەی ٦دا بەشداریم نەکردووە. دوا جاریش ئێوە لە کۆنگرەکانی ٧ و ٨ دا ئەو هەڵوێستەتان تەئکید کردۆتەوە. تو بەڵگەت بۆ رەتکردنەوەی ئەو قسانە چییە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ڕێبازی سیاسی هەر حیزب و ریکخراوێکی جیدی عادەتەن لە کۆنگرەکانی دا دیار دەکرێت. ئەوە هەموو پەسندکراوەکانی کونگرەکانی ٦ و ٧ و ٨ لە بەردەستن دەتوانن بیان بینن لە کامیاندا ئەو بۆچونە بەدی دەکریٚ؟ ئێمە ووتومانە وەکوو کومونیستێک ئامانج نیهایی ئێمە سۆسیالیسمە بە واتای یەکسانی لە ریفاه و لە خۆشگوزەرانی دا، کۆتایی هاتن بە کاری کرێگرتە و چەوساندنەوەی ئینسان بە دەستی ئینسان. گەیشتن بەو ئامانجە لە ولاتێکی فرە نەتەوەی وەکو ئێران، لە کوردستانێکی ستەملێکراو دا گەلێک کەند و کۆسپی لە سەر رێگایە، یەک لەوانە ستەمی نەتەوایەتیە و بۆ چارەسەرکردنی ئەو ستەمەش بەرنامەی دیاری کراومان پێشکەش کردۆ کە گەلێک لە فیدرالیسمە کەی نیوە و ناتەواوی ئەوان جیدیترە بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە. مەسەلە ئەوەیە کە وتومانە جیاوازی ئیمە لە ئەحزابی ناسیۆنالیست بە تەنیا لە شێلگیرتر بونی بەرنامەی ئێمە بۆ چارەسەر کردنی کێشەی نەتەوایەتی دا نابیندریٚ بەلکوو لە بەرنامە و ستراتێژی ئێمە بۆ بونیات نانی کۆمەلگایەکی سوسیالیستی دایە کە ئەو جیاوازیە بە شەفافی دەبیندریٚ. کردەوەی ئیمە هەر ئەوەی نیشانداوە و پەسندکراوەکانی رەسمی ئەو کۆنگرانەش دا بە شێوەی ئیسپاتی ئەو هەر ئەو جیهەتیان بەیان کردۆە.

**× عەبدوڵلای موهتەدی دەڵێ دوای پێکهاتنی حیزب ئێوە زۆربەی زۆری کوری چاک و کچی چاکی خۆتان لە کوردستان هێنا دەرێ و ناردوتانە بۆ تاران، ئایا ئەو سیاسەتەی ئێوە کومەڵەی لاواز نەکردۆتەوە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەوە ئەساسی نیە و بە پێچەوانەکەیەتی.ئێمە دوای پێکهاتنی حیزب نەک هەر هیچ کادرێکمان لە کوردستانە نەنارده دەرەوەی کوردستان بەلکو بۆ پاراستنیان زۆربەیانمان هێناوە کوردستان و بۆ ناو ریزی پێشمەرگە.

## موهتەدی دەیەوێ یەکێتی بکاتە دوژمنی ئێمە

**×عەبدوڵلای موهتەدی دەڵـێ سەید ئیبراهیم تا ئێستا تەدەخوولی یەکیتی لە جیابوونەوەکەدا رەد نەکردۆتەوە، تۆ دەڵێی ئەو کارەمان کردووە، کێشەکە لە کوێ دایە، مەبەستی کاک عەبدوڵلالەو تەئکید کردنەوە چییە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: مەبەستەکە روونە، دەیانهەوێ هەڵوێستی ئێمە بدەنە پاڵ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و بە خەیاڵی خۆیان لەم رێگایەوە یەکێتی نیشتمانی لە دژی ئێمە هان بدەن. خۆ ئەگەر قەرار بێ ئێمە بکەوینە شوێن هەر هەڵوێست و قسەیەکی حیزبی حیکمەتیست، دەبێ چی ئەرکمان لەسەر شانە هەمووی لە بیر بەرینەوە و کارمان ببێتە وەڵامدانەوە بە ئەوان. ئەو هێرشانە لەسەر گەلێک مەوزوعی دیکەشدا هەروا بەردەوامن و ئەو حیزبە لەو شێوەکارە هێز وەردەگرێ و بوونی خۆی لەم رێگایەوە مانا دەکاتەوە. سەبارەت بەوەی کە یەکێتی لەکاتی جیابوونەوەکاندا هێزی هێنابێتە دەور و بەری ئۆردوگاکانی ئێمە وە یان زەختێکی تایبەتی لەسەرمان بووبێ، من هەر ئەوکات لە رۆژنامەی هەواڵ دا بە سەراحەتەوە ئەوەمرەت کردەوە وە وتم کە ئەم جیابوونەوەیە ریشەی لە کێشەکانی سیاسی ناوخۆی کۆمەڵەدایە. ئەو دیپلۆماسییەی کاک عەبدوڵلا نەیتوانی کاریگەری لەسەر یەکێتی نیشتمانی کوردستان دابنێ. باوەر ناکەم هیچ سیاسەتمەدارێک لەوناوچەیەدا ئەوەندە خاو پێچرابێتەوە کە ئەم جۆرە فێڵانە نەناسێ.

# ئێران بەهاوکاری عێراق هێرشی کردوەتە سەر موجاهیدینی خەلق

**×ڕووداوەکانی کەمپی ئەشرەف ساڵی (٢٠٠٩) کە تێیدا ژمارەیەک موجاهیدی خەڵق کوژران و بریندار بوون، چۆن لێکدەدەنەوە؟ ئایا قەت بیرتان لەوە کردۆتەوە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو سیناریۆیە بۆ ئوردوگاکانیش ئێوەش دووپات بێتەوە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئاشکرایە کە هاندانی ڕژێمی ئێران لە پشتەوەی ئەو ڕووداوەنەدا بووە. دەوڵەتی مەرکەزی عێراق لە ژێر گوشاری کۆماری ئیسلامی پلانی دەرکردنی موجاهیدینی لە عێراق هەبوو. دەولەتی ئەمریکاش لەو کاتەوە کە ئەو کەمپەی تەسلیم بە دەولەتی مەرکەزی کرد، لە واقیعدا گلۆپی سەوزی بۆ دەولەتی عێراق هەلکرد کە چۆنی پێ باش بوو ئاوا ڕەفتاریان لە گەل بکات. وا پێدەچێت لە پشتی پەردەوە لە سەر کاری چەکدارانەی هێزەکانی سەدر و مەسەلەی موجاهیدین سات و سەودایەک کرابێ، داهاتوو نهێنیەکانی مەربوت بە چەکدا مالینی هێزەکانی سەدر ئاشکرا دەکات.

بە نیسبەت ئێمەوە، چەند جیاوازێک هەیە. یەکەم، موجاهیدین بەبۆنەی تیکەلاو بوونی زۆر بەرچاویان لە گەل ڕژێمی بەعسی عێراق و بەرژەوەندیەکانی ئەو دەولەتە، لەناو خەلکی عیراقدا خۆشەویست نەبوون، هەر بۆیە کەسیش لەخەلکی ئەوناوچانەی دەوروبەری ئەوان لەعیراق لە سەریان وەجواب نەهات. بە پێچەوانەوە ئێمە خاوەنی پێگەیەکی بە هێزین لەناو جەماوەری خەلکی کوردستانی عێراق. دووهەم، پەیوەندی دۆستانەی ئێمە لەگەل هێزە سیاسیەکانی دەسەلاتدار لە عێراق بەراورد ناکرێ لەگەل پەیوەندی موجاهیدین لەگەل حیزبە شیعەکانی دەسەلاتدار لە عێراق کە هەر لە کۆنەوە دوژمنانە بووە. سێهەم، ئێمە بە بۆنەی پێگەی بە هێزی کۆمەلایەتیمان لە ناو خەلکی کوردستانی ئێران،

لەو هێزانە نیین کە بە لە دەستدانی چەند مەقەر و ئوردوگایەک بنەبر بین و هەمووان ئەوە دەزانن. لە بەر هەموو ئەو هۆیانە، من پێش بینی ناکەم رۆژێک لە رۆژان سیناریۆی موجاهیدین بەم شێوەیە لە سەر ئێمە دووپات بێتەوە.

## رادیۆی ئازادی و یەکسانی هی کۆمەڵەیە

**×رادیۆی ئازادی و یەکسانی سەر بە کام ناوەندی ئێوەیە و بە چمەبەستێک دامەزراوە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: رادیۆی ئازادی و یەکسانی کە بەرەسمی لە لایەن وەزارەتی رەۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان رێگای پێدراوە و مۆلەتی هەیە، سەر بە ناوەندی راگەیاندنی کۆمەلەیە و رۆژانە لە سەر مەوجی (FM)، بۆ بەشێک لە کوردستانی عێراق و بۆ شار و شارۆچکە سنووریەکانی کوردستانی ئێران، بە تایبەتی مەنتەقەی هەورامان بەرنامە بلاو دەکاتەوە. ئەو رادیۆیە رۆژانە ٨ سەعات بەرنامەی هەیە و هەول دەدات خزمەت بکات بە بواری هوشیار کردنەوە و رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کولتوری پێشکەوتوو، بە تایبەت لەدژی نیزامی پیاوسالار و سوننەتی دواکەوتوو لە کوردستان.

## کۆمەڵە بڕیاری دەرکردنی بارزانیەکانی نەدا

## قیادەی موەقەت کەوتە پاڵ کۆماری ئیسلامی ئێران دژی کوردەکانی ئێران

**×دەوترێ کە کۆمەڵە دەوری هەبووە لە تەرح کردنی شیعارێک بۆ دەرکردنی بارزانیەکان لە سالی ١٩٧٩ لە ئێران. گۆیا خالێک کە لە بریارنامەی ٨ مادەیی مەهاباددا لەم بابەتەوە هاتووە لە سەر پێشنیاری کۆمەڵە بووە، تەوزیحی ئێوە لە سەر ئەو مەسەلەیە چییە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە:ئێمە هەرگیز دروشمی دەرکردنی بارزانیەکانمان لە ئێران تەرح نەکردووە، بە پێچەوانەوە لە ساڵی ١٩٧٥ کاتێک کە شەپۆلێک لە پەنابەرانی کورد، بارزانی و غەیرە بارزانی روویان کردە کوردستانی ئێران، تەشکیلاتی نهێنی ئێمە لەهەموو شارەکان دەوری گرینگی گێرا لە هاندانی خەلک بۆ پێشوازی کردن لێیان. هەمووان دەزانن کە حەرەکەتیکی سازماندراو لە پشت ئەو پشتیوانی کردنەوە بوو، بەڵام ئەو کات نەیتدەتوانی خۆی دەربخات، ئەو حەرەکەتە ئەساسەن لە لایەن کۆمەڵەوە رێکخرا بوو. خۆم ئەو کاتە لە مەهەباد بووم و "توجیهاتی"کارەکان لە لایەن کاک حەمە حسێن کەریمی وە کە بەر پرسی سەرەوەتری من بوو، دەدرا.

دوای رووخانی رژێمی شا لە ساڵی ١٩٧٩ رێکخراوێک بە ناوی (قیادەی موەقەت) کە لە مانگەکانی کۆتایی حکومەتی شادا و لە سەر بناغەی پارتی دێموکراتی کوردستان پێکهاتبوو، هەڵوێستێکی نادروستیان بەرانبەر بە حەرەکەی موقاوەمەت لە کوردستانی ئێرانله هاوکاری لە گەڵ رژێمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو گرتبووە بەر. بە لایەنگری لە رژێمی ئێران دژایەتی بزووتنەوەی موقاوەمەتی خەڵکی کوردستانیان دەکرد. بەرنامەی ٨ مادەیی مەهاباد لە دژی ئەو سیاسەتە بوو. من لەو کۆبوونەوەیەدا نەبووم و ناتوانم بە تەئکید بلێم کام بەندی ئەو بریارنامەیە، پێشنیاری کێ بووە، بەڵام دەزانم کە بە تێکرای دەنگی نوێنەرانی هەموو حیزب و ریکخراوە سیاسیەکان و کەسایەتیەکانی ئەو کاتی کوردستان کە لە کۆبوونەوەی مەهاباددا ئامادە بوون، پەسند کرا. هەروەها دەزانم کە بە تەئکید قسە لە سەر مافی پەنابەرانی کوردی کوردستانی عێراق کراوە و هەڵوێستی بەرانبەر بە قیادەی موەقەت و بەرانبەر بە بارزانیەکان وەکوو یەک وا نەبووە.

## کۆمەڵە هەڵەیەکی گەورەی کرد

**×لە ساڵانی دەیەی ٦٠ی هەتاوی دا ژومارەیەک لە هاورێیانی ئێوە دەکەونە زیندان کە کەسی وەک سەعیدی یەزدیان ئەندامی سەرکردایەتی ئێوەی تێدا بووە، بەشێک لەو کەسانە لە زیندان لە بیروباوەر و ڕێبازی خۆیان پەشیمان بوونەوە تەنانەت هاتنە سەر تەلەویزیونیش و لە دژی ڕێکخراوەکەی خۆیان قسەیان کرد، ئێوە ئەم دیاردەیە چۆن تەوزیح دەدەن و بەرانبەر بەم کەسانە چ هەڵوێستێک تان هەبوو؟ ئەوانە چارەنووسیان چی بە سەر هات و کەسە ناسراوەکانیان کێ بوون؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: تەشکیلاتی تاران و تەورێز و شوێنەکانی تری ئێمە لە ئێران لە ساڵەکانی سەرەتای دەیەی ٦٠ هەتاوی دا زەربەیەکی کوشەندەی لە ڕژێم خوارد. زۆربەی کادرەکانی یان گیران دواجار ئیعدام کران و یان خۆیان گەیاندەوە کوردستان و هاتنە ناو ریزی پێشمەرگەوە. لەوانە بەرپرسی تەشکیلاتی تاران هاوڕێ ئەمین ڕەنج بەر، هاوڕێ دوکتور سەعیدی یەزدیان ئەندامی کومیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی کۆمەڵە، هاوڕێ تەیبی عەبباسی ڕوحوڵاهی لە کادرەکانی قەدیمی کۆمەڵە کە لە زیندانی شادا موقاوەمەتی کرد بوو، کەسایەتی ناسراوی ناو چەپی ئێران هاوڕێ بیژەنی چهرازی و دەیان کەسی تر. هەروەها لە تەشکیلاتی تەورێز کەسانێکی وەکوو، هوشەنگ توحیدی، ئەمجەد وماجدی مستەفا سولتانی وئیسماعیل یەگانەدوست... هتد

چەند کەسێک لە هاورێیانی ئێمە لە ژێر ئەشکەنجەی زۆرتونددا ناچارکران کە بێنە سەر شاشەی تەلەویزیۆن و بە پێچەوانەی بیر و باوەر و ریبازی سیاسی خۆیان قسە بکەن. حەماسەتی شۆرشگێرانەی تەشکیلاتی کۆمەڵە لە دەرەوەی زیندان و بە تایبەت لە ناو ریزی پێشمەرگەدا، هەروەها کەم

ئەزموونی خۆمان و نامۆ بوونی ئەو دیاردەیە، وای کرد کە ئێمە ئەو کات نەماتوانی هەلوێستێکی واقیع بینانە بەرانبەر بەم مەسەلەیە بگرین و کەوتینە مەحکوم کردنیان. واقیعیەت ئەوە بوو کە هەر ئەو کات، کەسانێکیش بوون کە بە هۆی فشار و ئەشکەنجەیک کە کران ئامادە نەبوون لەدژی هاورێیانی خۆیان کارێک بکەن یان لە سەر تەلەویزیونی قسە بکەن. ئەوانە بە راستی ناویان لە ریزی قارەمانانی تۆمار دەکرێ. پالەوانی موقاوەمەت بەرانبەر بە ئەشکەنجەی دوژمن پێویستە رێزی لێ بگیرێ و ببێت بە تاجی سەری هەمووان بەڵام ئەگەر کەسێکیش نەیتوانی دەوری پاڵەوانی بگێرێ، نابێ نەفرەتی لێ بکرێ. ئەوانە قوربانی دەستی رژیمێکی درندە بوون و هەموو نەفرەتەکە هەر دەبوایە رووی کردبا دوژمن. هەر بۆیە لام وایە ئێمە دەبوایە گوێ بە یەک وشەش کە لە ژێر ئەشکەنجەدا بەیان کرا بوو نەدەین و هەمووی رەد کەینەوە. رژیمی ئیسلامی هەولی دەدا نەک هەر لەشی قوربانیەکانی خۆی تێدا بەرێ بەڵکوو روح و کەسایەتیشیان بشکێنی. هەلوێستی ئێمە دەبوایە بە پێچەوانەی ئەو ئامانجەی دوژمن کاری کردبا. لە بیرمە ئەو کات نامیلکەیک لەلایەن ئێمەوە دەرچوو بەناوی: "لورە لوری تەوابین و خرۆشی شۆرش" کە هەر لە ناوەکەیەوە هەلوێستی نادروستی ئێمە بەرانبەر بەو کەسانە دیار بوو. رای شەخسی من ئەوەیە کە ناوی ئیعدام کراوەکانی ئەو دەورەیە کە ئەو کات نەیانتوانی لە ژێر ئەشکەنجەی رژێمدا موقاوەمەت بکەن، بێتەوە ناو ریزی گیانبەختکردوانی کۆمەلەوە.

## خومەینی دژی گەلانی ئێران بوو

**×عەبدوڵلای موهتەدی دەڵێ کە ئێوە،هاتنە سەر کاری رژێمی کۆماری ئیسلامی بە پیلانی ئەمریکا دەزانن و ئەو ئەوە رەد دەکاتەوە، لە روانگەی ئێوەوە بۆچی شۆرشی گەلانی ئێران**

**ئەو چارەنووسەی پەیدا کرد؟ ئایا بە راستی ئەوەی روویدا لە ناوەرۆکدا شۆڕشێکی ئیسلامی نەبوو؟**

ئیبراهیم عەلیزادە:مەسەلە رەت کردنەوە یان رەت نەکردنەوەی دەوری ئەمریکا نییە، ئەم جۆرە لێکدانەوانە ڕێگا نادەن بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی قووڵ وهەمە لایەنە لە رەوتی هاتنە سەرکاری رژیمی ئیسلامی لە ئێران پەیدا بکەین. ئەوە فاکتێکی حاشا هەلنەگری مێژووییە کە لەقۆناغێکی دیاریکراو بەولاوە، ئەمریکا و چوار دەولەتی دیکەی پیشەسازی جیهان لە پاییزی سالی ١٣٥٧ی هەتاوی لە کۆبوونەوەی گوادۆلۆپدا هاتنە سەر ئەوەی کە کۆتایی بە پشتیوانی کردنی خۆیان لە رژیمی شا بێنن وکارئاسانی بۆ هاتنە سەرکاری رژیمی ئیسلامی بکەن. چونکە لایان وابوو بەهەرحالرژیمی شا لەوە زیاتر قابیلی پاراستن نییە و کەوابێ چ باشتر ئەگەر رژیمێک جێگای بگرێتەوە کە بتوانێ بە تەبیعەتی خۆی لەمپەرێک بێ بەرامبەر بە نفوزی ئیتحادی شورەوی ئەوکات.

لەچەند بواردا ئەو کارئاسانییەیان بۆ کرد. یەکیان ئەوەبوو کە میدیاکانی رۆژئاوا زۆرتر و چڕوپرتر کەوتنە تەبلیغاتێک کە بەکردەوە حەرەکەتی ئیسلامی و لایەنی خۆمەینی بەهێز دەکرد. دووهەم، سوپای ئێرانیان بۆ بێدەنگ کردن و ڕێگایان نەدا فەرماندەکانی سوپای ئێران بکەونە بیری کودەتاوە. سێهەم: شایان هاندا کە ئێران بەجێ بهێلێ.

سێ رەوتی بەرچاو لە شۆرشی سالی ١٣٥٧ی ئێراندا بە روونی بەدی دەکرا. یەکەمیان رەوتی ئیسلامی لە ژێر رابەری خۆمەینیدا. دووهەمیان، رەوتی ناسیۆنالیسمی ئێرانی کە لیبرالەکانی جەبهەی میللی و نەهزەتی ئازادی نوێنەرایەتییان دەکرد. سێهەمیان رەوتی چەپ و کۆمۆنیست. دەولەتانی گەورەی رۆژئاوا پشتگیرییان لە رەوتی یەکەمیان کرد. چونکە دەیانزانی لیبرالەکانی ئێران توانای کۆنترۆل کردنی هەلومەرجەکەیان نییە و ولاتێکی

ڵاواز و پرلە کێشە دەکەوێتە بەردەستیان کە ناتوانن بەرامبەر بە نفوزی شۆرەوی بیپارێزن. هەربۆیە هیوایەکیان بە ئەوان نەبوو، ئەوەندە نەبێ کە ئەوانیش هان بدەن بۆ پشتگیری کردن لە خۆمەینی. رەوتی چەپ پرژوبڵاو و بێ رەهبەر بوو. دەورانی دوور و درێژی دیکتاتۆری پاشایەتی فۆرسەتی ئەوەی پێ نەدابوو کە خۆی رێک و پێک بکات. ئەم رەوتە بە نائامادەییەوە پێی نایە دەورانی شۆڕشی ١٣٥٧ەوە. لەحالێکدا لە هەمووی ئەو ساڵانەدا، لەژێر سێبەری دیکتاتۆری شاشدا هەرگیز رێگە بەتەواوی لەدوو رەوتەکەی دیکە کە باسم کرد نەگیرا بوو، ئەوان کەم و زۆر مەجالی چالاکی و خۆ رێکخستنیان هەبوو. بەڵام ئاشکرایە کە ئارەزووەکانی خەلک لەو شۆڕشەدا هەمووی لە دروشمەکانی ئەم رەوتەدا رەنگی دەداوە. ئەم رەوتە ژمارەیەکی زۆر کرێکار و خەلکی زەحمەتکێش و رۆشنبیری شۆڕشگێری لەگەل بوو، لە جەرەیانی راپەرینی رێبەندانی ئەو ساڵەشدا جێ پەنجەیان بەروونی دیار بوو. ئەلبەت واقعییەت ئەوەیە کە بەشێکی ئەم رەوتە لە هەمانکاتدا بەرامبەر بە خۆمەینی تووشی خۆشباوەری ببوو. هەراوهوریای دژی ئەمپریالیستی ئیسلامییەکان گێژی کردبوون.

لە ئاکامی هاوسەنگییەکی وەهادا بوو کە رژیمی ئیسلامی لە ئێران هاتە سەرکار. ئەو شۆڕشە ئیسلامی نەبوو، بەڵام خۆمەینی و رەوتی ئیسلامی توانیان بەسەریدا زال بن و دوو سال دواتر لە هاوینی ١٣٦٠ی هەتاویدا بەتەواوی سەرکوتیان کرد. بۆچی دەلێم ئیسلامی نەبوو، لەرووی ئەو واقعیەتەوە کە خەلکی راپەریو، ئازادی و ژیانی باشتر و ئاسوودەیان دەویست. هیچکام لەم دوو ئاواتە لە ستراتێژ و ئامانجی خۆمەینیدا دیار نەبوو.

# ئێران چارەنووسی روخانە

**×رژێمی کۆماری ئیسلامی بـەرەو کـۆێ دەچێت؟ لێکدانەوەی ئێوە لە سەر رووداوەکانی چەند مانگی رابردوو لە ئێران چییە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: رژێمی ئیسلامی زیاتر لەوەی کە تەسەوەر دەکرا لەسەرکار ماوەتەوە. کۆمەڵگای ئێران ئەو رژێمەی ناوێ و نەک هەر نایهەوێ بەڵکوو جورئەتی ئەوەشی پەیدا کردووە کە ئەم مەیلەی خۆیشی بە ئاشکرا و لەسەر شەقامەکان دەربرێ. کێشەکە ئەوەیە کە چۆن و کەی و لەچ پرۆسەیەکدا جێنشینی ئەو رژیمە ئامادە دەبێ؟

لەمێژووی ١٠٠سالی رابوردووی ئێراندا ٣رەوتی ئیسلامی سیاسی، لیبرالی لایەنگری رۆژئـاوا وە رەوتـی چەپ و سۆسیالیست بۆبەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران لە ململانێدا بوون.لە شۆرشی ١٣٥٧دا رەوتی ئیسلامی بەسەر دوو رەوتەکەی دیکەدا زاڵ بوو. ئەمرۆکە ئیتر حکومەتی ٣٠ ساڵەی ئیسلامی لە ئێران جێگایەکی نەهێشتووەتەوە بۆ ئەوەی جارێکی تر لە ئێران لەژێر ناوی ئیسلامیدا ئەم رەوتە بێتەوە سەر حوکم. زۆر لایەنی ئیسلامی کە ئەو مەترسییەیان هەست پێکردووە، هەوڵ دەدەن بەشکەم بە ئیسلاح کردنی ئەو سیستەمە رزگاری بکەن، بەڵام تێیدا سەرکەوتوو نەبوون.

کەوایە داهاتووی سیاسی ئێران مەیدانی ململانێی رژێمی دەسەڵاتدار لە لایەکەوە و دوو رەوتی لیبرال و چەپ لە لایەکی دیکەوە دەبێ. دەسەڵاتی سیاسی ئێران لە قۆناغی یەکەمی گۆرانی خۆیدا لە نێوان دوو رەوتی لیبراڵ و چەپدا دابەش دەکرێ و سەرئەنجام بە بروای من بە هۆی ئەوەی کە رەوتی لیبراڵ هیچ پرۆژەیەکی ئیجابی بۆ ئابووری ئێران نییە و توانای ئەوەی نییە کە بۆرژوازی ئەو وڵاتە لە قەیرانی ئابووری

ڕزگار کات، ناچار دەبێ بەرامبەر بە ڕەوتی چەپ و سۆسیالیست پاشەکشە بکات.

بە شێوەیەکی دیاری کراو سەبارەت بە ڕووداوەکانی چەند مانگی دوای هاتەوە سەرکاری ئەحمەدی نژاد ئەگەر مەبەستتان بێت، لەو ڕۆژەوە کە خەلک بە بانگەوازی ریفورمخوازەکان حکومەتی هاتنە سەر شەقام و لە دژی تەقەلوب لە هەلبژاردن دا دروشمیان دا تا بە ئەمرۆ جەماوەری خەلک ڕۆژ لە گەل ڕۆژ زیاتر لەو ریفرمخوازانە دور کەوتونەتەوە و متمانەیان پێیان لە دەست داوە. ریفۆرمخوازەکانیش بە دەست ڕادیکال بونەوەی دروشمی خوپیشاندانەکان سەخلەت بوون و هەولدەدەن وردە وردە پای خۆیانی لێ بکێشنە دەورەوە. ئەوان نایانهەوێ هیچکام لە دامەزراوەکانی سەرەکی ڕژێم تۆزی لێ بنیشێ. ئەوان تەنها مەسەلەکەیان ئەوەیە کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە قەیرانێک ڕزگار کەن کە بە هۆی بالای دەسەلاتدارەوە توشی هاتۆە. ئەوان خۆیان بە ڕێڕەوی ڕاستەقینەی ڕێبازی خومەینی دەزانن و لایان وایە بالی دەسەلاتدار لێی لاداوە. لێرەدای کە ئاوات و ئامانجەکانی خەلک و ئەو جۆرە بە ناو ریفۆرم خۆازانە لێک جیادەبێتەوە. ئەوان لە ڕۆژانی هەوەلی دوای هەلبژاردن دا دەیان هەویست هێزی جەماوە وەکوو ئامرازی زەخت بۆ پاشەکشە کردن بە بالی دەسەلاتدار بەکار بێنن بەلام لە لایەکەوە دروشمەکانی جەماوەر لە ئاستی ئامانجی ئەوان تێپەر بوو و لە لایەکی دیکەشەوە بالی دەسەلاتدار ئامادە نەبوو هیچ ئیمتیازێکیان پێ بدات. هەر بۆیە ئەمرۆ بەکردەوە دەوریيان لە ڕێبەرایەتی حەرکەتی جەماوەردا روو لە تەواو بونە. خەباتی خوێندارانی زانکۆکان ، کرێکاران و ژنان خەریکە دێتە روو بەلام دیارە ئەوەی کە ئیمە ناومان ناوە بەرەی سێهەم هیشتا ڕێبەرایەتیەکەی خۆی شکل پێنداوە.

## موسەوی نایەوێ ئێران بڕوخێ

**×گوایە موسەوی نوێنەری خۆی ناردۆتە ئەمەریکا بۆ پشتیوانی لەرووخانی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەوە تاچەند راست و شیاوە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: بە هیچ مەنتقێک ئەوە ناتوانێ راست بێ. چونکە موسەوی هەرگیز بە شوێن رووخانی رژێمی ئیسلامیەوە نەبووە. هەموو زەرورەتی پێکهاتنی ئەو رەوتەی کە موسەوی رێبەری یان نوێنەرایەتی دەکات لە ئەساس دا بۆ پاراستنی رژیمی ئیسلامیە، بۆ دەربازکردنیەتی لە قەیرانێک کە بالی توندرەو بۆ نیزامەکەیانی خۆلقاندووە.

**× بۆچی کوردستان لە رووداوەکانی ئەو ماوەیەی ئێراندا بێدەنگ بوو؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەو رووداوانەی کە لەتاران و لە شارە گەورەکانی دیکەی ئێراندا بەشوێن هەلبژاردنی سەرۆک کۆماریدا روویان دا ئەساسەن لەژێر رێبەری ئیسلاح خوازانی ناوخۆی رژێمدا بوو. خەلکی کوردستان هیچ بروایەکی بەو رێفۆرمخوازانە نییە. ئەوان لەدەورەی ٨سالەی دەسەلاتی خاتەمیدا ئەو رەوتەیان تاقی کردەوە و هیچ شتێکی ئیجابیان بۆ ژیان و بۆ ئازادی خۆیان تێدا بەدی نەکرد. زۆربەی رێبەرانی ناسراوی ئەم رەوتە هەرکامەیان لە دەورەیەکدا دەوریـان هەبووە لە داپلۆسینی خەلکی کوردستاندا. هەر بۆیە مەعمولەن هەلبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامیش لە کوردستان گەلێک سارد و بێ رەونەقن. لەم دەورەیەشدا ژمارەیەکی کەم نەبێ، خەلکی کوردستان لەم هەلبژاردنەدا بەشداری نەکرد. ئەمەش خۆی هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی کە بەشێوەی شارەکانی دیکەی ئێران لەدژی تەقەلوب لە هەلبژاردندا نەیەنە سەرشەقام. پێویستە ئەو واقیعییەتەشمان لەبەرچاو بێت کە ناکۆکی خەلکی کوردستان و رژیمی ئێران گەیشتووەتە ئاستێک کە هەر خۆپیشاندان و نارەزایەتی

دەربرینێک لە ئاستی جەماوەریدا دەبێتە مەیدانی شەری یەک لایی کەرەوە و مان و نەمان لەگەڵ رژیم. چوونکە لەو قۆناغەشدا خەلکی کوردستان ئامادەیی ئەو بەرەورووو بوونەوەیان نەبوو، خۆیان پاراست لەوەی کە بێنە مەیدانی شەرێکەوە کە ئامادەیی پێویستیان بۆی نییە.

ئەلبەتە ئەم لێکدانەوەیە بەو مانایە نییە کە هەموو جۆرە بێدەنگییەکی خەلکی کوردستان لەو قۆناغەدا پیرۆز بکرێ. ئەگەر لە رۆژانی هەوەلی خۆپیشاندانەکانی تاراندا رەوتی سەوز کۆنترۆڵ و سەرکردایەتی حەرەکەتەکەی بەدەستەوە بوو، دیتمان کە لە رۆژانی دواتر و هەتا هات پێگەی ئەوان لاوازتر بوو وە دروشمەکان رادیکالتر بوونەوە و لە ئاستی تەحەممولی رێفۆرمخوازەکانی ناوحکومەت تێپەر بوون. کەوابێ جێگەی خۆیەتی و ئیمە بەش بە حالی خۆمان هەولی بۆ ئەدەین کە بزوتنەوەی شورشگیرانەی کوردوستان دەوری شایستەی خۆی لە ناو جەرگەی بزوتنەوە کۆمەلایەتیەکانی ئەمرۆی ئێراندا ببینێتەوە. دەمێنێتەوە رەچاو کردنی شێوە و تاکتیک گەلێک کە رژیم نەتوانێ بە ئاسانی نوقمی خوێنی بکات و یان خەسارەتی گەورەی پێ بگەیەنێ.

## کاتی نەهاتوە کورد بێتە سەرشەقام

**×بۆچی لەخۆپیشاندانەکانی تارانی ساڵی ٢٠٠٩ ئێوە نەچوونە پاڵی و خەلکی کوردستانی ئێرانتان نەهێنایە سەر جادە و هەندێ لایەن پێیانوایە تۆ دژی ئەوەبووی کە خەڵکی کوردستان بێتە سەرشەقام؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێمە بەرامبەر بە رووداوەکانی ئێران هەلوێستمان روون بوو. لەپێشدا داوامـان لە خەڵک چ لە کوردستان و چ لە هەموو ئێران کرد کە لە هەڵبژاردنی سەرۆک

کۆماریدا بەشداری نەکەن. لە کوردستان بە شێوەیەکی بەرچاو وە لە ئێران بە کەمی وەڵامی ئەو داوایەی ئێمە و لایەنەکانی دیکە درایـەوە. دوای ئەوەی کە شەپۆلی نارەزایەتی خەڵک لە ئاستی ئێراندا وەرێکەوت، ئێمە داوامان لە خەڵک کرد کە نەکەونە شوێن دروشمی ئەو لایەنەی کە پێی دەگوترا "شەپۆلی سەوز". ئێمە لامان وابوو کە ئامانجی ئەم لایەنە هیچ شتێک نییە بێجگەلەدەرباز کردنی رژیمی کۆماری ئیسلامی لە قەیران و رێگایەکە بۆ بەردەوام راگرتنی ئەو رژیمە بە شێوەیەکی تر. لە بەرانبەردا داوامان کرد کە خەڵک لەم هەل و مەرجە نوێیە کە پێکهاتووە کەلک وەربگرن و بە دروشم و داخوازی خۆیانەوە شوێن ئامانجی واقیعی خۆیان بکەون، بە واتایەکیتر لە جەرگەی ئەم هەلومەرجەدا بەرەیەکی سێهەم بخەنەرێ. ئەو داوایەی ئێمە بە کردەوە تا رادەیەک چووە پێشەوە. کۆمەڵانی خەڵکی ئێران زۆر زوو لە دروشمەکانی "بەرەی سەوز" تێپەربوون و سەرجەم حەرەکەتەکە رادیکاڵتر بووەوە، بە جۆرێک کە رێبەرانی ئەو بەرەیە بە خشکەیی و وردە وردە خۆیان لەو نارەزایەتی دەربرینانەی سەرشەقامەکان دور خستەوە.

هاتنە سەرشەقام لە کوردستان نەیدەتوانی لەژێر ئاڵای سەوز و دروشمی ئیسلاحخوازەکانی حکومەتی بێ. خەڵکی کوردستان بە رێبەرانی ئەو حەرەکەتە بێ باوەر بوون. ئەو بێ باوەرییە سەرچاوەی لە ئەزموونی راستەوخۆی رابردووی خەڵکی کوردستاندا بوو. زۆربەی رێبەرانی ئەو حەرەکەتە لەکاتی خۆیدا دەستیان بەخوێنی رۆڵەکانی کوردستان سوور بوو. لە لایەکی دیکەوە هاتنە سەرشەقام لە کوردستان بۆ جەماوەری خەڵک بەمانای هاتنە مەیدانی شەری کۆتایی لەگەڵ رژێم بوو، شەرێک کە بەلێکدانەوەی ئێمە خەڵکی کوردستان خۆیان بۆ ئامادە نەکردبوو. هەرچەشنە خۆپێشاندانێک گەلێک زۆرتر لەچاو تاران و شارە گەورەکانی دیکەی ئێران، لەکوردستان سەرکوت

دەکرا، ئەوەش ئیمکانی سەرهەڵدانەوەی سەرلەنوێی گەلێک دوا دەخست.

**×ئێستا هەوڵێکی ئاشتی هەیە لەکوردستانی تورکیا، لەنێوان کورد و تورکیادا پێت چۆنە ئەو هەنگاوانە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: تا ئێستا هیچ نیشانەیەک دیار نییە کە پێمان بڵێ ئەم هەوڵانە جیدین. پێکهاتەی واقیعی دەسەڵات لە تورکیا و دەوری بەکردەوەی ئەرتەش و دەزگاکانی ئەمنیەتی ئەو وڵاتە وەهایە کە دەزگای دەسەڵاتی رەسمی ناتوانێ ئەگەر تەنانەت راستیش بکات ئەو پرۆسەیە بە بێ رەزایەتی ئەوان لەسەر ئەساسی بەرەسمی ناسینی مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی کورد لە تورکیا بباتە پێش. دەوڵەتی تورکیا خەریکە کایە بە مەسەلەکە دەکات. دەڵێن خەیاڵیان هەیە دان بە برێک لە داخوازیەکانی خەڵکی کورد دابنێن، ئەگەر وایە بۆچی ئەوکەسانەی کە هەر لەسەر ئەو داخوازیانە کەتونەتە زیندان ئازاد ناکرێن، بۆچی ئەوکەسانەی کە بەم بۆنەوە تووشی دەربەدەری بوون و وڵاتیان بەجێهێشتوە ناتوانن بگەرێنەوە سەر خانە و لانەی خۆیان. بۆ چی لێبوردنێکی گشتی دەرناچێ؟ بۆچی تەنانەت کاتێک پ.کا.کا بریاری تەقە وەستاندن دەدات وەڵامی پێنادەنەوە؟ ئێستا کە دوای ساڵەها سەرسەختی، بیری هەوڵی ئاشتی کەوتوونەتەوە بۆچی داوای لێبوردن لە میللەتێک کە زیاتر لە ٧٠ ساڵە بە ئاگر و ئاسن دای دەپلۆسن ناکەن؟ دەوڵەتی تورکیا لە بیر خۆی دەباتەوە کە لەم وڵاتەدا خەباتێکی دەیان ساڵە بەرێوەچوو کە بە هەزاران کەسی تێدا بۆتە قوربانی. ئەو خەباتەیە کە ئەوی ناچار کردووە بیر لە رێگا چارە بۆ کێشەی کورد لە تورکیا بکاتەوە. ئەگەر دەیانهەوێ خەڵک باوەریان پێ بکات بۆچی راستەوخۆ لە گەڵ هەیئەتێک لە نوێنەرانی واقعی خەڵک ناچنە ناو پرۆسەی گفتوگۆوە؟ بۆچی هەلومەرجێکی دیموکراتیکی وەها ناخولقێنن کە وەها هەیئەتێک لە نوێنەرانی خەڵک شکل بگرێ.

بەر لە ساڵێک لەمەوبەر کەمپێنێکی ڕێگە پێدراو لە سەر داخـوازی ئازادبوونی زمانی دایکی کەوتەڕێ، کە مەبەستی سەرەکیەکەی ڕێگە خۆشکردن بۆ هەر ئەو پرۆسەیە بوو کە ئێستا بە ئاشکرا باسی لێوە دەکرێ.دەوڵەتی تورکیا مەسەلەی زمانی دایکی هێناوەتە ناوەندی کێشەکەوە و دەیهەوێ چەند ئیمتیازێکی بچووکی فەرهەنگی بە هەرا و هوریای تەبلیغاتی لە بەرچاوی خەڵک شیرین کات و سەروبەری مەسەلە پێک بێنێ. کاتێک کە دابین بوونی مافێکی وەکوو ئازاد بوونی زمانی دایکی ئەویش لە چوارچێوەیەکی گەلێک بەرتەسکدا دەبێ بە وەها پرۆسەیەکی ئاڵۆزدا تێپەربێ، خۆی ئەوە گومان دەخاتە سەر جیددی بوونی ئەو پرۆسەیە. بە هەموی ئەوانە ئەگەر دەوڵەتی تورکیا دەیهەوێ بە دوور لە گفتوگۆ لە گەڵ نوێنەرانی خەڵک چەند ریفورمێک لە مەسەلەی کورددا بکات پێویستە لە کردەوەدا ببیینین و ئەوکاتە قەزاوەتی لەسەر بکەین و لەوماوەیەدا خەباتی خەڵکیش لە سەر بەڵێنی بێ بنەما نەوەستێنین.

بەهمەنی سەعیدی
2009

# پاشکۆی چاپی سێهەم...؟

# 2012

## خوێنەری بەڕێز

ئەم پاشکۆ تازەیە هاوکاتە لەگەڵ چاپی سێهەمی ئەم کتێبە. بێگومان ئەم بەشە و پرسیار و وەڵامەکانی ناوی بەشێکی ترە لەو مێژووەی کورد و کوردستانی هەر چوار پارچەکە و کۆمەڵە و بەتایبەتی روداوەکانی کوردستانی ئێران کە بەهەر هۆیەك بێت لە چاپی یەکەم و دووهەمی ئەم کتێبە لەساڵانی پێشووتر نەکرابوون و وەڵامیان وەرنەگرتبوەوە.

بۆیە قسە و باسەکانی ئەم بەشە رەنگە پڕکردنەوەی کەلێنێکی تریێ لەو مێژووەی کە باسنەکراوە و زۆر لەڕووداوەکانیش بەنهێنی ماونەتەوە.

سەرەرای دوو سێ بابەتی گرنگ لە بابەتی (وەڵامدانەوەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە کتێبی پێنج ساڵ لەگەڵ عەبدوڵڵای موهتەدی) پاش بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبە، ئەگەرچی رەنگە ئەو پرسیارە بکرێ کە چ پەیوەندی لەنێوان ئەو کتێبە و وەڵامەکەی حزبی دیموکرات هەیە بەم کتێبەوە، بەڵام قسەکە ئەوەیە کە لەهەردوو حاڵدا قسە و باس لەسەر کۆمەڵە و مێژووەکەی و ئیبراهیمی عەلیزادەش. وەڵامی ئەو بەش و باسانەی داوەتەوە کە پەیوەندیان بەمێژووی کۆمەڵەوە هەیە و راستیەکانی رونکردوەتەوە و رەنگە لەداهاتووشدا وەڵامی تر لە عەبدوڵڵای موهتەدی و خودی حزبی دیموکراتیش وەرگرین. کە تەنها و تەنها مەبەستمان باسکردنە لەسەر روداوەکانی مێژووی

**وون و نەبوونی واقیعی مێژووی کورد و کوردستانی خۆرهەڵات.**

**دووهەم: مەسەلەیەکی گرنگی تر سەرهەڵدانەکانی وڵاتانی عەرەبی و رووخانی سیستمە دیکتاتۆریەکانن لە جیهانی عەرەبی بۆخۆی گرنگیەکی تایبەتی هەبوو لەم چاپەدا جێگەی بکرێتەوە.**

**سێهەم: مەسەلەکانی بزوتنەوەی مەکتەبی قورئان و موفتی زادە کە پێشتر وەك پێویست باس نەکرابوون لێرە زۆربەی ئەو نهێنیانە پەردەیان لەسەر لادراوە.**

**چوارەم: چەندین بەڵگە و دۆکیۆمێنتی تازە خراوتەروو گرنگی تایبەتیان هەبوو.**

بەهمەنی سەعیدی
کۆتایی 2011 و سەرەتای 2012

# گفتوگۆی نوێنەرانیکورد و
# رژێمی ئێران دەستپێدەکات

## گفتوگۆی نوێنەرانیکورد و رژێمی ئێران

**×پاش سەرکەوتنی راپەڕینی گەلانی ئێران دژ بە رژێمی شاه لە ٢٢ی مانگی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ لە تاران، لە شارەکانی کوردستانیش جمۆجۆڵی زۆر بۆ چەک کردنی پادگانەکانی ئەرتەش کەوتە رێ. بۆ نمونە لە شەوی ٢٣ی مانگی ڕێبەندانی ١٣٥٧ پادگانی مهاباد لە لایەن کۆمەڵە و دیموکراتەوە دەستی بەسەردا دەگرێت.پاش ئەو روداوانەیە کە کۆبوونەوەیەکی گرینگ لە شاری مهاباد دەگیرێت کە تێیدا یاداشتیکی ٨ خاڵی ئامادە دەکرێت. لەم کۆبوونەوەیەدا چ کەسانێک بەشدار بوون و ناوەڕۆکی ئەم خاڵانەی کە پەسەندیان کرد، چی بوو؟ گرینگی ئەم روداوە لە چی دابوو؟ ئاکامەکانی بوو بە چی، چەندە بە قازانجی خەڵک کورد تەواو بوو؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: پاش رووخانی رژێمی شا لە ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ هەتاوی، خەڵکی کوردستان چاوەڕێی باشتر بوونی بارودۆخی ژیانیان، چاوەڕێی کۆتایی هاتن بە دیکتاتۆریەت و گەیشتن بە ئازادی و دیموکراسی، چاوەڕێی کۆتایی هاتن بە ستەمی نەتەوایەتیان دەکرد. دامودەزگای پاشایەتی بە سپا و پادگانەکانیەوە، بە دامودەزگای ئیداری و دەست و پێوندەکانیەوە، بە ساواک و پۆلیسیەوە، هەمووی لە هەموو شوێنک کەوتبوونە بەر پەلاماری خەڵکی راپەریو. لە مهاباد پادگانی ئەم شارە بە دانی ٢٠ قوربانی، لە لایەن خەڵکەوە دەستی بەسەردا گیرا. لە شاری سنە پادگان دەستی کرد بە موقاومەت و نەورۆزی خۆیناوی سنەی لێکەوتەوە و زیاتر لە ٢٠٠ کەس گیانی بەخت کرد. ئەگەر چی راپەرین لە زۆربەی شار و ئاواییەکانی کوردستان دیاردەی دەسەڵاتی شورایی هێنابووە ئاراوە، بەلام رەوتی خێرای رووداوەکان رێگای بەوە نەدەدا کە نوێنەرانی هەڵبژێردراوی هەموو شوراکان بە شێوەیەکی ئاسایی هەڵبژێردرین. پێویستیش

بوو، بە خێرایی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان لە دەوڵەتی مەرکەزی گەڵاڵە بکرێت. خەڵکی کوردستان داخوازیگەلێکی بوو کە نەدەبوایە بکەویەتە پەراوێزی رووداوەکانی تاران. لە دەورەی شۆرش و راپەڕیندا نوێنەرانی خەلک لە میکانیزمێکی خۆرەسک و بەکردەوەدا دیاری دەبن و هەمووانیش ئەم جێگا و شوێنەیان بۆ دەسەلمێنن.

لە رۆژانی دوای راپەڕینی ٢٢ی رێبەندانیشدا بە بۆنەی ئەوەیکە کۆمەڵە و دیموکرات و ماموستا شێخ عێزەدین و دۆستان و راوێژکارانی لە رەوتی رووداوەکاندا دەوری بەرچاویان هەبوو، بەپەلە کەوتنە هەولی فۆرمۆلە کردنی داخوازییەکانی خەلکی کوردستان. هەر بۆیە رۆژی ٣٠ی مانگی رێبەندان، واتە یەک حەوتوو دوای رووخانی رژێمی شا نوێنەرانی کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات و "ماموستا شێخ عێزەدین" لە شاری مهاباد کۆبوونەوە، بۆ ئەوەی خاڵە سەرەکییەکانی داواکارییەکانی خەڵکی کوردستان لە حکومەتی کاتی بازرگان بێننە گورێ. بە تایبەت کە دەنگوێ دامەزرانی حکومەتێکی ئیسلامی لە کایە دابوو. لەم هەئیەتەدا لە لایەن کۆمەڵەوە کاک "فوئاد مستەفا سولتانی"، لە لایەن دەفتەری ماموستاوە، ماموستا شیخ عێزەدین خۆی و راوێژکارێکی ئەو بە ناوی سەلاح موهتەدی، لە لایەن حیزبی دیموکراتەوە، قاسملو و غەنی بلووریان بەشدار بوون. ئەگەر کەسی دیکەی بێ لایەن یان لایەنگر بۆبێت، من ئاگادار نیم.

ئەنجامی ئەم کۆبوونەوەیە بوو بە بریارنامەیەکی ٨ خاڵی کە پێشکەش بە حکومەتی کاتی کرا. ئەم بریارنامەیە بەشێوەیەکی هەمە لایەنە و بەربلاو لە سەرتاسەری کوردستان پشتیوانی لێکرا و بوو بە بریارنامەی پەسەندکراوی ئەکسەریەتی قاتعی خەڵکی کوردستان. ئەم بریارنامەیە وەکوو یەکەم بەلگەنامەی خواستەکانی خەڵکی کوردستان لە حکومەتی کاتی بوو. دواجار ئەم بریارنامەیە لە دانشتنێکی فراوانتردا، پێداچوونەوەی پێداکرا و

به ڕەسمی پێشکەش بە تاڵەقانی و باقی نوێنەرانی دەوڵەتی کاتیی و شورای ئینقلاب کرا. دواتر، گەلالەی خودموختاری هەیئەتی نوێنەرایەتی خەلکی کورد کە لە ٢٦ خاڵ پێکهاتبوو، ئامادە کرا. دەقی ئەم بریارنامەیە و چەند بەلگەنامەیەکی دیکەتان لەم بابەتەوە پێ دەدەم دەتوانن بلاوی بکەنەوە.

## پێکهێنانی چوار ناوەندی سیاسی لە سنە

**×لەگەڵ رووخانی رژیمی شاه و دامەزراندنی دەوڵەتی کاتی لە لایەن خومەینیەوە، بارودۆخی شاری سنەش بەرەو ئالۆزی چوو. ئەنجامی ئەم ئالۆزیانە و دەوری کۆمەلە تێیاندا چۆن بوو؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی خەباتی جەماوەری دژ بە رژێمی شاوە دوو مەیلی جیاواز لە ناو شاری سنەدا بەرامبەر بە یەکتر شکلیان گرت. یەکیان مەیلێکی شۆرشگێرانەی رادیکال و چەپ بوو کە ئەساسەن لە ژێر کاریگەری کۆمەلە و رێکخراوە چەپەکانی دیکە دا بوو. ئەوەی تریان رەوتێکی موحافیزەکاری مەزهەبی بوو کە موفتی زادە رێبەرایەتی دەکرد.

دوای راپەرینی ٢٢ی رێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ لە ناو شاری سنە چوار ناوەندی سیاسی و نیزامی پێکهاتن. یەکەم، "جەمعیەتی دیفاع لە ئازادی و ئینقلاب" کە بە رێنوینی کۆمەلە پێکهاتبوو. دووهەم،"دەفتەری لایەنگرانی رێکخراوی چریکە فیداییەکانی خەلک". سێهەم،"کۆمیتەی ئیسلامی لایەنگری موفتی زادە" کە لە بینای ئۆستانداری دامەزرا بوو. چوارەم،"کۆمیتەی لایەنگری ئاخووندێکی شیعە بە ناوی سەفدەری" کە لە هەمان کاتدا سەرپەرشتی ستادی لەشکری ٨٢ سنەشی پێ سپێردرابوو و پشتیوانیی خومەینی لە پشت بوو.

جمعیەتی دیفاع لە ئازادی و ئینقلاب و دەفتەری لایەنگرانی

ڕێکخراوی چریکە فیداییەکان لە هاوکاری نزیک لەگەڵ یەکتر دابوون و بە کردەوە و نەک بە ڕەسمی وەکوو بەرەپەک کاریان دەکرد. کۆمیتەی موفتی زادە و سەفدەریش لەگەڵ ئەوەدا کە جار و بار بەیەکەوە نوێژی وەحدەتیان دەکرد، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ڕکەبەریەتیاڕ توندتر دەبۆوە. کێشمەکێشی ئەم دوو لایەنە لە سەر دەسەلات بوو کە تێکهەلچوونەکانی خۆیناوی نەورۆزی ١٣٥٨ی لێکەوتەوە. هەلگیرسانی شەڕ نێوانی ئەم دوو لایەنە و بە تایبەت کوژرانی لاوێک لە لایەن کۆمیتەی سەفدەریەوە خەلکی سنەی تورە کرد. خەلک دەیانزانی کە سەرچاوەی سەرەکی نائەمنی لە ناو شاردا وجودی ئەو دوو کۆمیتەیە و پادگانی شارە کە لە ژێر چاودێری کومیتەی سەفدەری دابوو. دواتر خەلکی تورە بۆ بە دەست هێنانی سپلاح و دیفاع لە خۆیان بەرەو پادگانی ژاندەرمەری کە لە پال پادگانی ئەرتەش بوو ڕێکەوتن. ژاندەرمەری لە ژێر زەختی خەلکدا تەسلیم بوو و سیلاحەکان کەوتنە دەست خەلک. هاوکات لەگەل ئەو ڕووداوە ژمارەیەک چەکداری لایەنگری موفتی زادەش هێرش دەبەنە سەر کۆمیتەی سەفدەری و دوای کوشتنی چەکدارەکانی ئەم بنکەیە کۆدەکەنەوە. ئەرتەش بە فەرماندەیی سەرلشکر قەرەنی کە لە خەلکی شاری سنە و ڕاپەرینەکەیان و لە هەبوونی هێزی چەپ و ڕادیکال لەو شارە تۆرە ونیگەران بوون، بە تۆپ باران لەپادگانەوە و بە تەقە لە ڕێگای هێلیکۆپتەر شاریان دایە بەر هێرش. ٢٠٠ کەس لەم جەریانەدا گیانی بەخت کرد و ئەوە یەکەم دیاری ڕژێمی تازە بەدەسەلات گەیشتوو بوو بۆ خەلکی کوردستان.

کوشتاری خەلکی شاری سنە لە بەهاری سالی ١٣٥٨ نەک هەر بزووتنەوەی شۆرگێرانەی کوردستانی خامۆش نەکرد، بەلکوو بەرەو شوێنەکانی دیکەی کوردستانیش پەرەی پێدا. شەپۆلێک لەیارمەتی مادی و ئینسانی لە هەموو شوێنەکانی دیکەی کوردستانەوە بەرەو شاری سنە وەرێکەوت. لە جەرگەی

ئەم ڕووداوانەدا بوو کە  نوێنەرانی هەموو شارەکانی کوردستان لەشاری سنە کۆبوونەوە و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستانیان بە شێوەیەکی ڕۆشنتر و شەفافتر لەچاو بریارنامەی ٨ مادەیی شاری مەهاباد، ئەویش هەر لە ٨ مادەدا کۆکردەوە و تەسلیمی هەیئەتی دەوڵەتیان کرد. ئەو بریارنامەیە لە لایەن ماموستا شێخ عێزدەینەوە بە نوێنەرایەتی لە لایەن هەموو هەیئەتەکانی نوێنەرایەتی لە سەرتاسەری کوردستان ئیمزا کراوە کە لە بەڵگە نامەکاندا دەقەکەی دەبینن.  هەروەها پێکهاتنی شورای ١١ کەسی  هەڵبژێردراوی خەڵکی شاری سنە کە بە ڕەسمی و بۆ یەکەم جار لە لایەن دەوڵەتی مەرکەزیشەوە بەرەسمی ناسرا، یەکێک لە بەرهەمەکانی ئەم خەباتە بوو.

ماوەیەک دوای تێکهەڵچوونەکانی ئەرتەش و خەڵکی شاری سنە کاروانێک لە یارمەتی پزشکیی و دەرمانی لە لایەن خەڵکی شاری سنەوە بەرەو تورکەمەن سەحرا کە ئەوێش کەتبووە بەر هێرشی پاسداران، وەرێکەوت. بەداخەوە ئەم کاروانە نەگەیشتە مەقسەد و ٩ کەس لە سەرنشینەکانی لەتەسادوفێکی ماشێندا گیانیان بەخت کرد. زۆربەی گیان بەختکردووان هەلسوراوانی کۆمەلە بوون. لە ڕێورەسمی ئەسپەردە کردنی گیان بەختکردوواندا زیاتر لە سەد هەزار کەس بەشدارایان کرد. خەڵکی شاری سنە لەم ڕۆژەدا واتە ڕۆژی ١٢ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ی هەتاوی، کە هاوکات بوو لەگەڵ ریفراندۆمی کۆماری ئیسلامی، لێبراوانە بەشداری کردن لەم  ریفراندۆمەیان تەحریم کرد. موفتی زادە کە ئیتر وەکوو لایەنگرێکی دەولەت هەلسوکەوتی دەکرد، هەر لەم ڕۆژەدا تەبلیغی بۆ بەشداریی خەڵک لەم ریفراندۆمە دەکرد کە هەڵبەت وەلامێکی سەختی لە خەڵکی ئەو شارە وەگرتەوە.

کاتێک بۆ ڕژێم دەرکەوت کە موفتی زادە تۆانای ئەوەی نەماوە کوردستان بێنێتە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتەوە، پیلان گێریەکانی خۆی ڕاستەوخۆ دەست پێکرد. دەستی کرد بە

چەکدار کردنی کۆنەپەرەستانی مەحەللی و فئۆداڵەکان و شورای عەشایری لە ناویان دا پێکهێنا. سپای پاسدارانی مەریوانیان لە ژمارەیەک لە ناوزراوترین و گەندەڵترین دەست و پێوەندەکانی پێشووی رژیمی شا، پێکهێنا. هەمووی ئەو هەوڵانە لە لایەن خەڵکی شۆرشگێرەوە لە ژێر هیدایەت و رێبەری کۆمەڵەدا یەک لە دوای یەک، پۆچەڵ کرانەوە.

بەڵام رژێم سەرئەنجام ساغ بۆوە لە سەر ئەوەیکە هێرشێکی هەمە لایەنەی سەربازی بکاتە سەر کوردستان. خاڵی دەستپێکی ئەو هێرشە شاری پاوە بوو. لە رۆژی ٢٨ی مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ ئەو هێرشە بە فەرمانی خومەینی دەستی پێکرد. بیانووی ئەو هێرشە هەواڵێکی هەڵبستراو بوو کە لە لایەن دار و دەستەی موفتی زادەوە لە رۆژنامەکانی تاراندا بڵاو ببۆوە. لەم هەواڵەدا هاتبوو کە هێزە چەپەکان کۆمەڵێک ژنیان لە ناو مزگەوتی جامعی شاری سنەدا بە بارمتە گرتووە. سەرەرای ئەوەیکە تەنانەت خودی ئۆستانداری سنەش ئەم هەواڵەی وەدرۆ خستبۆوە، خومەینی کە بە هۆکارێکی تر لە خەڵکی کوردستان داخدار بوو، فەرمانی هێرشەکەی دەرکرد.

## ئێران پەلاماری خەڵکی کوردستان دەدات

**×"شورای بەرگری شۆرش" لە شاری سنە چۆن پێکهات؟ ئەندامانی چ کەسانێک بوون؟ دەوری کۆمەڵە و لە پێکهینانی ئەم شورایەدا چی بوو؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: هاوکات لەگەڵ رووخانی رژێمی شا لە رێبەندانی ١٣٥٧دا ناوەندێک لە شاری سنە پێکهات بە ناوی "شورای کاتی شۆرشی سنە". وتەبێژی ئەم شورایە هاوڕێ "سەدیقی کەمانگەر" بوو. پێکهاتەی ئەو شورایە لە هێزە چەپ و غەیرە مەزهەبییەکان بوو. بریار وابوو کە شورای کاتیی،

ئامادەکاری بکات و ڕێگا خۆش بکات بۆ هەڵبژاردنی شورای کۆمەلایەتی و هەلبژاردەی شاری سنە. شورای کاتی ئەزمونێکی نۆیی تاقی کردنەوەی دەسەلاتداریێتی بۆ هێزە چەپەکان بوو. ئەم شورایە لەگەل کەم ئەزمون بوونیشی گەلێک ئەرکی گرینکی لە پێناوی پارێزگاری لە گیان و ئەمنیەتی خەلکی شار و ئاواییەکانی دەوروبـەروو و هەروەها لە پێناوی پاراستنی دەسەکەوتەکانی راپەرین بەرێوە برد، بەلام ئەم شورایە لە سەرەتاوە چ لە لایەن موفتی زادە و لانەیگرانیەوە و چ لە لایەن سەفدەری نوێنەری خومەینی و کومیتەیەکی چەکدار کە پێکی هینابوو، چ لە لایەن پادگانی شارەوە، بە توندی دژایەتی دەکرا. سەرەرای هەمووی ئەوانە، چوونکە زۆربەی خەلکی شار متمانەیان پێی هەبوو، کارەکانی بەرێکوپێکی بەرێوەدەبرد.

خەلکی شاری سنە و شورای کاتی متمانەیان بە ئەرتەش نەبوو، وەکوو پاشماوەی رژێمی شا کە بەرامبەر بە خەلکی شار قین لەدل بوو، چاویان لێدەکرد. خەلک دەیانهەویست خۆیان چەکدار بن و چەکەکانی دەستی سپای شا دوای راپەرین بکەوێتە دەست خەلک. پادگانی ئەرتەش کە لە پاڵ شار هەلکەوتووە، بە هاندانی سەرلەشکەر قەرەنی فەرماندەی کوللی ئەرتەش لە ئێران، کەوتبووە دژایەتی لەگەل هێزە چەپەکان و ژێربەژێر لەگەل کۆمیتەی سەفدەری و کۆمیتەی موفتی زادە پێوەندی گرتبوو. لە واقیعدا رژێم وجودی شواریەکی چەپی بۆ بەرێوەبەریی شار پێ تەحەمول نەدەکرا. بۆ پشتیوانی لە کومیتەی سەفدەری کە بەردەوام خەریکی ئاژاوە نانەوە لە نێو شار بوو، ئەرتەش بە ٧ هێلیکۆبتەر پەلاماری هێنایە سەر شار و تەقەیان لە خەلک دەکرد. لە پادگانیشەوە شار تۆپ باران دەکرا. لە رۆژی نەورۆزی ساڵی ١٣٥٨دا زیاتر لە ٢٠٠ کەس لە خەلکی شار کوژران و زیاتر لە ٤٠٠ کەسیش بریندار بوون. خەلکی تورەش کە پادگانی شاریان بە هێلانەی هەموو جۆرە پیلانیگێریەک دەزانی، پادگانیان گەمارۆ دا.

دوای ئەو ڕووداوانە بوو کە هەیئەتێک لە تارانەوە بۆ وتوێژ هاتنە شاری سنە. ئەو هەیئەتە لەگەڵ شورای کاتیی و نوێنەرانی خەڵکی شار ڕێکەوتن کە بەڕێوەبردنی شار بسپێردێت بە دەستی شورایەکی هەڵبژاردەی خەلک. کۆمەلە ئەو کات دەوری سەرەکی هەبوو لە شوێن گرتنی پێکهاتنی ئەو شورایەدا.

## شوراکان هەڵدەبژێردرێن

**×هەڵبژاردنی ئەم شورایە چەندە دیموکراتی بوو؟ ئایا دەکرێت هەڵبژاردنی ئەم شورایە وەکوو سەرتای پرۆسەی دیموکراسی لە کوردستانی ئێران سەیر بکرێت؟ دەوری "ئەحمەدی موفتی زادە" لە هەڵبژاردنی ئەم شورایەدا چی بوو؟ بە ئاکامەکانی ئەم هەڵبژاردنە ڕازی بوو؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: نوێنەرانی چەندین ڕێکخراوی مەدەنی ناو شار وەک کانونی خوێندکاران، کانونی کارمەندان، کانونی موعەلیمان، ڕێکخراوی ژنان، هەروەها نوێنەرانی ڕێکخراوە سیاسیەکان کۆبوونەوە و کومیتەیەکی ئامادەکاریان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری هەلبژاردن پێکهێنا. موفتی زادە لە سەرەتاوە بە توندی دژ بە پێکهاتنی شورا بوو، بەلام دواجار کە دیتی لایەنەکانی بەرامبەری گەلێک لە سەر کارەکە سوورن و ئەو چ بیکات و چ نەیکات، ئەم شورایە هەر پێکدێت، بە نابەدلی ڕەزایەتی دا و ڕێکەوتننامەی پێکهێنانی شورای ئیمزا کرد. کومیتەی ناوبراو بریاری دا کە هەر کچ و کورێکی سەروی تمەن ١٦ سال دەتوانن لە هەلبژاردنی شورادا بەشدرای بکەن و هەر کەسێکی سەروی تمەن ١٨ سال دەتوانێ ئەندامی شورا بێت.

شورا بەرنامەیەکی دستبەجێی نایە دەستووری کاری خۆیەوە کە خالە سەرەکییەکانی بریتی بوون لە: "دابین کردنی ئاسایشی شار لە لایەن هێزە جەماوەرییەکان، چاوەدێری کردن بە سەر

چۆنیەتی بڵاو کردنەوەی ئەرزاق و پێداویستیەکانی ژیانی رۆژانە، دابین کردنی وامی درێژماوەی بێ بەهرە بۆ خەڵکی دەستەنگ تا کاتێک کە سەرو سامانێک بە ژیانیان دەدەن، دابین کردنی وام بۆ کەشاوەرزان، گفتوگو لەگەڵ دەوڵەت بە مەبەستی دابەش کردنی زەوی فئۆدالەکان لە نێوان چوتیاراندا، هەڵوشانەوەی هەموو قەرزەکانی پێشووی جوتیاران و کاسبکارانی شار و کارمەندانی خوارەوە بە بانکەکان، دابین کردنی ئاو، بەرق و بێهداشت و مەسکەن بۆ ئەو کەسانەی کە لێی بێبەشن، هەڵچنین و راماڵینی هێزە ئەرتەشیەکان لە دەوروبەری شار و ئامادە کاریی بۆ دادگایی کردنی ئەوانەی کە دەستیان هەبووە لە کوشتنی زیاتر لە ٢٠٠ کەس لە خەڵکی شاری سنە، دابینکردنی مافی یەکسان بۆ ژن پیاو لە هەموو بوارێکدا، چاکسازی لە کاری فێرکردن و بارهێناندا، پێکهینانی کەش وهەوایەکی دیموکراتیک کە هەر کەس بتوانێت بە ئازادی نەزەر و بیر و باوەری خۆی دەرببرێت، ئازاد بوونی کۆبوونەوە و خۆپیشاندان بۆ هەموو گروپ ورێکخراوە سیاسیەکان.”

رۆژی دووشەممە ٢٠ی مانگی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٨ میتینگێک لە شاری سنە بۆ ناساندنی ئامانجەکانی شورا و ناساندنی کاندیدەکانی بەرەی چەپ و پێشرەو بەرێوەچوو.

کاری هەڵبژاردنی شورا سەرەرای کارشکێنی و شێواندنی کەش و هەوا و رەواج دانی بازرای تۆمەت و درۆ و دەلەسە و تەنانەت تەقەلوبی ئاشکرا لە لایەن موفتی زادە و لایەنگرانیەوە... سەرجەم دەتوانم بڵێم بە رێکوپێکی بەرێوەچوو. زیاتر لە ٣٤ هەزار کەس بەشداریان تیدا کرد و لە ئاکامدا شورایەکی ١١ کەسی هەڵبژێردرا. ژمارەی دەنگەکانی ٢٢ کاندید و وردەکارییەکانی ئەم هەڵبژرادنە لە بەڵگەنامەیک دایە کە لە بەردەستتانە.

## (١١) کەس بۆ شورای سنە هەڵدەبژێردرێن

ئاکامی هەڵبژاردنەکە بە پێی دەنگەکان بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

"فوئاد رووحانی ١٤٤٠٠، جەباری ئاریانژاد ١٤١٣٤، هادی مرادی ١٢٧١٨، یوسف ئەردەڵان ١٢٢٣٠، ئیبراهیم شاە غینی ١١٨٨٠، مەلا مەحمود ئاهەنگەر ١١٨١٧، ئەحمەد خەلیقی ١١٧٠٧، سەید عیماد زاهدی ١١٥٥١، فەرید قریپی ١١٣١٠، ئەرسەلان پوور قوباد ١١١١٩، مەعروف شیلی ١١٠٨٧، خەلیل حەواری نەسەب ١٠٥٦٤، هادی شەمس ١٠٥٦٠، یونسی ٩٨٨١، سەدرا مرادی ٩٧١٣، خەلیل یوسف زەمانی ٩٦٦٣ ، عەبدوڵا بابان ٨٣٨٥، مەهدی فاتمی٧٥١٥، باقرنەبوی ٧٠٦٩، محمەد مائی ٦٦٦٦، جەلیل مۆعین ئەفشار ٧٦٦٩٦، عەباس کەریمی ٥٩٧٣."

لەمانە ١١ کەسیان بە پێی دەنگەگان بوون بە ئەندامانی شورای هەڵبژاردەی خەڵکی شاری سنە.

**× ئەم شورایە چەندە بەردەوام مایەوە و دەستکەوتەکانی ئەم ماوەیەی چی بوون؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەم شورایە لە کاتی پێکهاتنیەوە هەتا دەستپێکردنی هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ بە رەسمی بەردەوام بوو، بەڵام لایەنگران موفتی زادە دەمێک بوو لە شورا کشابوونەوە و لە دەرەوەی شورا خەریکی کارشکێنی بوون. ئەوان لە ئەساسدا لەگەڵ پێکهێنانی شورا نەبوون و ئەم شورایە بە سەریان داسەپابوو. ئەوان رەوتی سازان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیان گرتبۆە بەر، هەولیان دەدا کاری بەرێوەبردنی شار بە بنبەست بگەیێنن. بەڵام سەرەرای ئەوە شورای شاری سنە ئەزموونێکی دیموکراتیکی بە نرخ بوو کە دواجار لە بنکەی گەرەکەکانی شاری سنەدا ئەو ئەزمونە گەلێک گەشەی کرد و چووە قوڵایی کۆمەڵگاوە.

## کۆمەڵە و چریکەکان لەگەڵ بنکەکان بوون دیموکرات زۆر خۆشحال نەبوو.

**×لە ئەدەبیاتی کۆمەڵەدا زۆر باسی بنکەکانی شاری سنە دەکرێت، ئەم بنکانە چ دەورێکیان بوو لە بەڕێوەبردنی کار و باری شار دا؟ چەندە دەتوانین وەکوو ئەزموونێکی دیموکراسی لە کوردستان ناویان لێ بەرین؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: بنکەکان ناوەندگەلێک بوون کە لە هەر گەڕەکێک، پێکهاتبوون و کاروباری گەڕەکیان بەڕێوە دەبرد. سەرەتای پێکهاتنی ئەو بنکانە دەگەڕێتەوە، بۆ ڕۆژانی پێش ڕووخانی ڕژێمی شا. ئەوکات دارودەستەکانی سەر بە ڕژێمی شا، ژێر بە ژێر لە هەوڵی نائەمن کردنی شارەکان دابوون و ژومارەیەکیش هەلپەرەست بە کەڵک وەرگرتن لە بێ سەرەوبەرەیی بارودۆخەکە، خەریکی دزی و ڕاوروت بوون. کەش و هەوای شۆڕشگێرانەی وڵات ڕێگای نەدەدا ئەو دیاردەیە پەرە بستێنێ. لە زۆربەی گەڕەکانی شار لاوان لە دەوری یەک کۆدەبوونەوە و ئەرکی پاراستنی ئەمنیەتی گەڕەکیان بەڕێوە دەبرد. لەگەڵ ڕووخانی ڕژێمی شا، شورای کاتی شاری سنە، کۆنترۆڵی بارودۆخەکەی وەئەستۆ گرت، کە پێشتر باسمان لێوەکرد. دوای ئەوەی کە لە ئاکامی پەلاماری ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاویدا شارەکانی کوردستان و لەوانە شاری سنەش گیرانەوە، ژمارەیەکی زۆر لەو لاوانەی کە پێشتر لە کاروباری دابینکردنی ئەمنیەتی گەرەکەکان هەڵسوراو بوون، لە شار مانەوە و گەرای موقاوەمەتێکی نەهێنی و ئاشکرایان دانا. کاتێک کە هێزی پێشمەرگە گەرانەوە بۆ شارەکان، ئەم لاوانە لە هەر گەڕەکێک سەر لە نوێ لە دەوری یەک کۆبونەوە و بنکەکان پێکهاتن. نازانم بیرۆکەی ئەم بنکانە لە سەر شێوازی نوێ لە لایەن چ کەسێکەوە هاتە گۆرێ، بەڵام دەزانم کە کۆمەڵە خێرا هەلەکەی

قۆستەوە. لایەنگران و هەڵسوراوانی خۆی هاندا، لە پێک هێنان و لەپەرە پێدانیان دا چالاکانە دەور ببینن.سەرجەم لە نێوان ٢٦ تا ٣٠ بنکە لە شاری سنە پێکهاتن. رێکخراوی چریکە فیدائیەکان، لەم حەرەکەتەدا بەشدار بوو. بەڵام حیزبی دیموکرات مەیلی بە بەشداریکردن نەبوو. تەنانەت کارشکێنی لە کارەکانیان دا دەکرد. بەڵام بە هۆی پێگەیەکی جەماوەری بەهێز کە ئەم بنکانە هەیان بوو، حیزبی دیموکراتیش ناچار دەبوو خۆی لە گەڵیان هاوئاهەنگ بکات. رێکخراوی چریکە فیدائیەکان لە دوو بنکە دا ئەکسەریەتیان هەبوو و دیموکراتیش لە بنکەی خەیابانی سیروس ئەکسەریەتیان هەبوو. کۆمەڵە بە پێی ئیمکانات هەولی دەدا کە ئەو بنکانە چەکدار بکات. کاک شوان و شەهید سەعید بێهزاد موتلەق، کاروباری بەکار هێنانی سیلاحیان فێر دەکردن. بنکەکان شورایەکی هەماهەنگیان هەبوو کە لە لایەن هاورێیانی گیان بەختکردوو موزەفەر لاهوور پوورەوە بەرێوە دەچوو. هەر کام لە حیزبە سیاییەکان نوێنەرێکیان دەنارد بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەکانی ئەو شورایە.

بنکەکان کتێب خانە و کۆبوونەوەی بەحس و ئاڵوگۆر کردنی بیروڕایان هەبوو. نێو بە نێو داوایان لە یەکێک لە بەرپرسانی کۆمەڵە دەکرد کە لەگەرەکەکەیان لە کۆبوونەوەی گشتی دا بەشداری بکات و وەڵامی پرسیاری خەڵک بداتەوە. بنکەکان لە دابین کردنی ئەمنیەتی شاردا دەوری سەرەکیان هەبوو. هێندێک کاری کۆمەڵایەتی تایبەتیش لە بنکەکان بەرێوە دەچوو. بۆ نمونە لە بنکەی گەرەکی ئاغا زەمان ناوەندێک بۆ تەرکی ئێعتیاد پێکهاتبوو. یارمەتی خۆراک و دەرمان و شتی تر کە لە شارەکانی دیکەی کوردستانەوە دەگەیشتە شاری سنە لە لایەن ئەم بنکانەوە دابەش دەکران. ئەم بنکانە لە کاتی هێرشی دووهەمی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر شاری سنە کە لە رۆژی ١ی گولانەوە دەستی پێکردوو و بۆ ماوەی ٢٤ رۆژ درێژەی بوو، دەورێکی گەلێک گرینگیان هەبوو. ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی ئەم بنکانە دوای ئەوەیکە شار لە لایەن هێزەکانی رژیمەوە داگیرکرا بە ریزەکانی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە پەیوەست بوون.

# موفتی زادە لەخزمەتی شاوە بۆ دژایەتی کۆمۆنیستەکان

**× ئەحمەدی موفتی زادە" و "شێخ عیزەدینی حوسێنی" وەکوو دوو کەسایەتی ئایینی لە کوردستان رۆڵی کاریگەریان هەبوو لە رووداوەکانی دوای راپەڕینی رێبەندانی ١٣٥٧. بۆچی کەسایەتی ئایینی لە رووداوەکاندا رۆڵیان زۆر بوو؟ بۆچی کۆمەڵە پشتیوانی لە "شێخ عیزەدین" کرد و لە لەگەل "ئەحمەدی موفتی زادە" کەوتە دژایەتییەوە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: با لە رەوتی ئاسایی باسەکەمان دوور نەکەوینەوە، سەرەتا باسی رەوتی مەزهەبی لە جنوبی کوردستان بکەین و دەوری موفتی زادە و پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵە، دواجار دەچێنە سەر باسی مامۆستا شێخ عیزەدین و پێوەندی ئەو لەگەڵ کۆمەڵە.

دوای رووخانی رژێمی شا سێ جەرەیانی جیاواز لە شاری سنە هەڵسووراو بوون. یەکەمیان هێزە غەیرە مەزهەبی و چەپەکان بوون کە لە رووی لایەنگر و ئەندام و کادر و نفوزی جەماوەرییەوە، کۆمەڵە لە سەروی هەمووانەوە بوو. "رێکخراوی چریکە فیداییەکان"، "رێکخراوی پەیکار لە رێگەی ئازادی چینی کرێکار"، یەکیەتی کۆمۆنیستەکان و حیزبی دیموکرات لە زومرەی ئەم رەوتە بوون. دووهەم، رەوتێکی ئیسلامی سوننی بوو کە "موفتی زادە" بەرێوەی دەبرد."موفتی زادە" کەسایەتێکی مەزهەبی سوننی بوو کە لە کاتی خۆیدا هیچ کێشەیەکی لەگەڵ رژێمی شادا نەبوو. بۆ نموونە رۆژنامەیەکی بە زمانی کوردی لە تاران دەردەکرد کە زمانحاڵی سیاسەتەکانی رژێمی شا لە کوردستان بوو. کاتێک گلۆڵەی رژێمی شا کەوتە لێژی، موفتی زادەش بوو بە نەیاری رژێمی شا و لە رێگەی مزگەوتەکانەوە دژ بە رژێمی شا خوتبەی دەدا. بە هۆی کەش و هەوایەکی خەباتکارانە کە لە دژی رژیمی شا پێکهاتبوو،

موفتی زادەش توانی لە ناو بەشی موحافیزە کاری خەڵکی شاری سنەدا پێگەیەک بە دەست بێنێت. ئەو پێگەیە هەروا مایەوە تا ئەو کاتەی کە رژێمی شا رووخا. لەگەڵ رووخانی رژیمی شا و هاتنە سەر کاری رەوتی مەزهەبی لە ئێران، موفتی زادە چاوەرێی ئەوە بوو کە رژێمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو، ئەو وەکوو نوێنەری خۆی لە کوردستان بناسێ. بەڵام پاوانخوازی رەوتی شیعە لە تاران رێگەی نەدا بەوەیکە ئاواتەکانی موفتی زادە بێنە دی. بەم جۆرە بوو کە موفتی زادە بە زۆر پاڵ پێوندرا بۆ ناو ریزی ئۆپۆزیسیون. بەڵام موفتی زادە هەر لە سەرەتاوە و پێش رووخانی رژێمی شا، بە ئاشکرا کەوتە دژایەتی لەگەڵ هێزە غەیرە مەزهەبییەکان و لای وابوو کە دەتوانێت ئێحساساتی خەلکی شار لە دژ ئەوان هەلخرێنێت. ئەو هێزەی کە لە دەوری موفتی زادە کۆببۆوە، لە ئەساس دا بیری دژە کۆمۆنیستی هاندەریان بوو. بەڵام لە هەمانکاتدا چوونکە سوننی بوون، دردۆنگیەکی سرووشتیان بەرامبەر بە رەوتی شیعەکان هەبوو. نە ئەوان بە تەواوی بروایان بە رەوتی ئیسلامی شیعە دەکرد و نە دەسەڵاتدارانی شیعە لە تارانیش متمانەیان بەوان هەبوو. موفتی زادەش بۆ خۆی کومیتەیەکی چەکداری پێکهینابوو.

موفتی زادە گەلێک هەوڵی دا بۆ ئەوەی دلی دەسەڵاتدارانی مەرکەز بە دەست بێنێت، بەڵام بەو حاڵەشەوە هەر متمانەیان پێ نەکرد و هەم لە خەلک دوور کەوتەوە و بەرە بەرە پێگەی خۆی لە دەستدا و هەم لە لای کۆماری ئیسلامیشدا جێگا و شوێنێکی بە دەست نەهێنا.

## جەماعەتی موفتی زادە رێکخراوی پێشمەرگەی مسولمانی کورد پێکدێنن

**× چارەنووسی "ئەحمەدی موفتی زادە" چی بە سەر هات؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: موفتی زادە ماوەیەکی کورت دوای ئەوەیکە

ڕژێم دەستی بە سەر هەموو شارەکانی کوردستاندا گرتەوە، لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە گیرا. دوای چەند ساڵێک لەزیندان گیانی لە دەستدا. بەڵام پاشماوەی ئەو چەکدارانەی کە لەگەڵی بوون، بوون بە دەست و پێوەندی ڕژێم و ڕێکخراوی "پێشمەرگانی موسڵمانی کورد"یان پێکهێنا.

**×دەزانین کە دوای ئەم ڕووداوانە شاری سنە دەبێت بە مەیدانی خەبات وشۆڕش و بزووتنەوەی جەماوەری. بۆچی ئەم شارە کە ئەم دەورە پەیدا دەکات، سەرئەنجام ناتوانێت ڕەوتەکە بەرەو سەرکەوتن ببرێت؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: شاری سنە لە ڕەوتی بەرەوپێش چوونی شۆڕش دابوو کە توانی وەها دەورێک بنوێنێت. لە دوایین ڕۆژەکانی دەسەڵاتی ڕژێمی شادا هاوسەنگی هێزی جەماوەر تا ڕادەیەک بە لای موفتی زادە و لایەنگرانی شکابۆوە. ئەو هاوسەنگیە لە بەر دوو هۆکار گۆڕا. یەکەم، ئەوەیکە موفتی زادە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە ویست و داخوازییەکانی شۆڕشگێرانەی جەماوەر زیاتر دوور دەکەوتەوە و نەیدەویست بەرامبەر بە دەستدرێژیەکانی دەولەتی مەرکەزی بۆ سەر خەلکی کوردستان موقاوەمەت بکات. دووهەم، هەبوونی هێزی ڕادیکاڵ و چەپ وەکوو کۆمەلە و هێزەکانی دیکە. هێزە چەپەکان بە هۆی دەورێک کە لەم خاڵە هەستیارە مێژووییەی کۆمەڵگای ئێراندا لە کوردستان نواندیان، نەک هەر پێگەی خۆیان پاراست و هاوسەنگی هێزی جەماوەر بە قازانجی بەرەی چەپ گۆڕا، بەلکوو جێگەش بە موفتی زادە لێژ بوو و ئیتر دەورێکی ئەوتۆی لە گۆڕانگارییەکانی کوردستاندا نەما.

خەبات و موقاوەمەت تەنیا لە شاری سنەدا بەرتەسک نەببۆوە و ئەم خەباتە ئیتر لە چواچێوەی مەحەللی و بەرتەسک دەرچوو، هەموو کوردستانی گرتبۆوە. کۆماری ئیسلامی لە سەرکوتکردنی شۆڕشی ئێراندا گەلێک سەرکەوتنی بە دەست هێنابوو. ئەوە تەنیا کوردستان بوو کە هێشتا موقامەوتی دەکرد. ئاشکرایە لە وەها بارودۆخێکدا ناتوانین چاوەڕێی ئەوەی بین کە شارێک بە تەنیایی بتوانێ ڕەوتێک سەقامگیر بکات.

# گفتوگۆی
# کورد و رژێمی ئێران

# گفتوگۆی کورد و رژێمی ئێران

**× له پێوەند لەگەڵ رووداوەکانی شاری سنەدا دوای ئەوەیکە ٢٠٠ کەس له خەڵکی ئەو شاره دەکوژرێن، هەیئەتێک له لایەن دەوڵەتەوه بۆ گفتوگو دێنه شاری سنه. ئەندامانی هەیئەتی کوردی و هەیئەتی دەوڵەت لەم گفتوگویانەدا کێ بوون؟ ئەم گفتوگویانه چ ئاکامێکیان لێ کەوتەوه؟**

ئیبراهیم عەلیزاده: ئەندامانی هەیئەتی رژێم له وتوێژەکاندا بریتی بوون له "تاڵەقانی"، وەکوو سەرۆکی هەیئەتەکه و "رەفسەنجانی"، "خامەنەیی"، سەدری حاجی سەید جەوادی"، "عێزەتۆڵلای سەحابی"، "سادق قوتب زاده"، "ئەبۆلحەسەن بەنی سەدر"، "داریوش فروهەر،". ئەندامانی هەیئەتی خەڵکی کوردیش بریتی بوون له:"شێخ عێزەدین حوسێنی"،"دوکتور جەعفەر شەفیعی"، "ئەحمەد موفتی زاده"، "بێهرۆز سولێمانی"، "سەدیق کەمانگەر"، "شوعەیب زەکەریایی"، "فوئاد مستەفا سولتانی"، "یەحیا سادق وەزیری"، "مەلامحەممەد رەبیعی"، " شێخ جەلالی حوسێنی"، "یوسف ئەردەلان"، "عەبدوڵلا حەسن زاده" و "غەنی بلووریان".

دوو ئەنجامی وتوێژانه بریتی بوون له راگەیاندنی ئاگر بەس و کۆتایی هێنان به توپبارانی شار له لایەن پادگانەوه و دووهەم رێکەوتن له سەر ئەوەیکه شورایەکی هەڵبژاردەی خەڵک کاروباری شار بەرێوەبەرێت. بەڵام لایەنی حکومەت هەر له سبەی رۆژی رێککەوتنەکەوه دەستیان کرد به کارشکێنی له رێگەی موفتی زاده و لایەنگرانیەوه.

## دیموکرات داوای خود موختاری و بەرەسمی ناسینی خۆی لە خومەینی دەکات

**×لە رۆژی ٨ی مانگی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٨ هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرۆکایەتی قاسملوو لە شاری قوم خومەینیان بینی، داواکارییەکانی ئەم هەیئەتە چەندەی بۆ ئاگاداری جەماوەری ئاشکرا کرا و وەڵامی خومەینی بەم داواکارییانە چی بوو؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: خومەینی خۆی لە سەر ناوەرۆکی خواستەکانیان قسەی لەگەڵ نەکردن و حەواڵەی بازرگان، سەرۆک وەزیری حکومەتی کاتی کردبوون. ساکار ترین داوای ئەوان کە بریتی بوو لەوەیکە رێگایان پێبدەن لە رادیۆ تەلەویزیۆنی ئێرانەوە خۆیان و ئامانجەکەیان بناسێنن، قەبوول نەکرا. ئەوەیکە دواجار لە هەڵویست و بۆچوونەکانی حیزبی دیموکراتدا دەرکەوت ئەوان لە مەسەلەی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان دوو خاڵی سەرەکیان مەبەست بووە. یەکەم، وشەی خودموختاری بە هەر ناوەرۆکێک بێت قەبول بکرێت بۆ هەر گەلالەیەک کە پەسەند دەکرێت، چوونکە دەیانکوت ئەو وشەیە ناسنامەی حیزبی دیموکراتە و. دووهەم، رێگا بە چالاکی یاسایی حیزبی دیموکرات بدرێت.

**× خودموختاری بۆ کوردستان چەندە خواستی هەموو لایەک بوو؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: خواستی خودموختاری سەنگەریک بوو کە خەڵکی کورد موقاوەمەتی تێدا دەکرد. هەموو هێزە سیاسیەکانی چالاک لە کوردستان هەر کام بە شێوەی خۆی پشتیوانیان لە خواستی خودموختاری دەکرد و گەلالە و بەرنامەی دیاری کراوی تایبەت بە خۆیان بۆی هەبوو. لە بریارنامەی ٨ مادەیی شاری سنەدا لە سەر خۆاستی مافی دیاری کردنی چاوەنوس پێداگری

کرابوو، لەگەڵ ئەوەشدا کە وترابوو خەڵکی کورد خوازیاری جیابوونەوە لە ئێران نیە.

## چەند ڕێکخراوی چەپ دەکەونە دوای خومەینی

**× لە بڕیارنامە و بەڵگەنامەکانی ئەو کاتدا گەلێک جار ووشەی ئەمپریالیزم بە کار هاتووە، ئایا مەبەست لە ئەمپریالیزم لەو کاتەدا کێ بووە و بۆچی؟ ئایا ئەوە هەر هەمان خواستی خومەینی نەبوو کە بەیان دەکرا؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: دیارە مەبەست لە ئەمپریالیزم دەوڵەتی ئامریکا بوو. دەولەتی ئامریکا بەردەوام پشتیوانی رژیمی شا بوو. کۆدتای ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٢ی هەتاوی، شای دەرکراوی گەراندبووەوە بۆ ئێران. زیاتر لە ٤٠ هەزار پسپۆری سەربازی ئامریکا لە ئێران خەریکی راهێنانی هێزەکانی شا بوون. شۆرشی ١٣٥٧ لە ئێران لە هەمان کاتدا کۆتایی بە هەموو ئەم پێوەندیانەی رژیمی ئێران لەگەڵ دەولەتی شا هێنابوو. جەماوەری خەلکی ئاسایی دژی دەولەتی ئامریکا بوون چونکە بە ساڵەها پشتیوانی لە رژێمێکی دیکتاتۆر و گەندەڵ و چەوسێنەر کردبوو. ئەو هەستە بوو کە لە لایەن خومەینیەوە بۆ مەبەستی دامەزراندنی رژێمێکی ئیسلامی کەلکی لێوەردەگیرا. هێزە چەپەکان بە پێی بنەمای نەزەری و سیاسی خۆیان ئەمپریالیسمیان وەکوو قوناغێک لە رەوتی گەشەی سەرمایەداری کە گەندەلێکانی ئەو نیزامەی بە ئاشکراترین شێوە دەرخستبوو دەناسی و بە هۆی خەسلەتی سەرمایەدارانە و چەوسێنەرانەی دەولەتی ئامریکا لە دژی بوون. ئەمە دژایەتیکردنێکی پێشکەوتنخوازانە بوو لە پێناوی بنیاتنانی جیهانێکی باشتر. دژایەتیکردنی خومەینی کۆنەپەرەستانە بوو لە پێناوی بەرەودوا بردنی کۆمەلگا. ژمارەیەک لە ڕێکخراوە

سیاسیەکان  کە ناوی چەپیشیان بە سەرەوە بوو کەوتبوونە شوێن دروشمی دژی ئامریکایی خومەینی و سـەرەرای هەر توندوتیژییەک کە خومەینی و رژیمەکەی دەرحەق بە ئەوان دەینواند، دەستیان لە نۆکەریی کردن بۆ ئەو رژیمە هەڵنەدەگرت.

## دیموکرات فریا نەکەوت، کەڵک لەموفتی زادە وەرگرێ

**× لەمانگی جۆزەردانی ١٣٥٨دا، "ئەحمەدی موفتی زادە" و لاینگرانی لە شاری سنە کۆنفرانسێکیان رێکخست بە ناوی (کونفرانسی خودموختاری کوردستان) لەم کۆنفرانسەدا چەندین مەلای شار و شارۆچکەکانی کوردستان کۆکرابوونەوە. پرسیارەکان ئەوەیە:**

**١-ئەم کۆنفرانسەی "موفتی زادە" تا چ رادەیەک لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە پێشوازی لێکرا؟**

**٢-ئەو کۆنفرانسە لە لایەن چریکە فیداییەکان و ماموستا "شێخ عیزەدین" بە بێ مانا لە قەڵم درا و لە لایەن کۆمەڵەوە مەحکوم کرا. هۆکاری ئەم هەڵویستانە چی بوون؟**

**٣-حیزبی دیموکرات بە نوێنەرایەتی "عەبدوڵلا حەسەن زادە" لەو کۆنفراسە بەشداری کرد. پێوەندی دیموکرات وجەماعەتی "مەفتی زادە" چۆن بوو؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: موفتی زادە بە  هیچ چەشنێک لایەنگری دابین بوونی مافی نەتەوایەتی خەلکی کورد نەبوو. بەلام کەش و هەوای  ئەو کات رێگەی نەدەدا بەوەی کە ئەو هەولویستەی خۆی بە ئاشکرا دەربرێت. ئەو بۆ ئەوەی داخوازیەکانی خەڵکی کوردستان کە لە لایەن هێزە سیاسیەکانی دیکەی چالاک لە کوردستان فۆرمولە کرابوو، چەواشە بکات و رێگە لە گەشە کردنی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی کوردستان بگرێ، خۆی بە لایەنگری

جۆرێک لە خودموختاری ئیسلامی دەزانی کە لە ناوەرۆکدا بریتی بوو لە نەمانی ستەمی مەزهەبی لە سەر خەڵکی سوننی مەزهەب. ئەو لە باشترین حالەتدا، داواکاری نەمانی هەڵاواردنی مەزهەبی بوو.

حیزبی دیموکرات کە لە جنوبی کوردستان پێگەیەکی ئەوتۆی نەبوو و لە شومالی کوردستانیش هەستی بەوە دەکرد کە ماموستا شێخ عیزەدین لەبەرەی کۆمەلە دایە، بە شوێن بەدیلێکەوە بوو بۆ ئەو بارودۆخە، هەر بۆیە خەریکی هەڵسەنگاندنی وەزعی موفتی زادە بوو. بەڵام، موفتی زادە وەها بە خێرایی بەرەو بەرەی دوژمن چوو کە حیزبی دیموکرات لە نیهایەتدا نەی توانی خۆی لەگەل ستراتیژی ئەو بگونجێنێ.

## سەلەفیەکانی کوردستانی ئێران مەترسین

**× دوای مەفتی زادە ئێستا رەوتێکی تازە کە وا پێدەچێ هەر لە سەر ئەو ریچکەیە بێت لە کوردستانی ئیران پەیدا بووە کە خۆیان بە سەلەفی دەناسێنن. ئەوانە کێن؟ سەر بە چ رەوتێکی جیهانی یان ناوچەیین؟ مەترسیان بۆ دوارۆژی کوردستان چیە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: سەلەفی فیرقەیەکی ئیسلامین کە لایان وایە بە بێ هیچ واسیتەیەک و تەفسیرێک پێویستە بگەرێنەوە بۆ سەرەتاکانی پێک هاتنی ئیسلام و دەستووراتی ژیانی خۆیان تەنیا و تەنیا لە قورئان وەربگرن. سەلەفیگەری یان وەهابیەت چەند جۆریان هەیە. جورێکیان هەر بیرو باوەری رەسمی دەرباری پادشاکانی عەرەبستانی سعودیە کە حکومەتی پێدەکەن و لە پال زیارتگاکان و لە سەر چاڵە نەوتەکان دانیشتون و سەروەت ودەسەلاتێکی زۆریان لەو رێگایەوە پێکەوە ناوە . ئەوانە بە سەلەفی موحافەزەکار دەناسرێن. سەلەفی توندرەو ئەوانەن کە دەیان هەوێ بەزەبری تیرۆر و کوشتن و بە هەر وەسیلەیەک کە بۆیان بکرێ، هەموو نەیارانی

بیرو باوەڕەکەی خۆیان یان لە ناو بەرن و یان واداریان بکەن سەریان بۆ دانەویەنن و جزیە واتە مالیاتی کافر بونیان پێبدەن. دژایەتی ئەوانە لە گەڵ موسلمان یان ناموسلمان هەر کەس کە غەیری خۆیان بێت، وەکوو یەک وایە. هەر بەم بۆنەوە وەکوو بیرو باوەر بە توندی دژ بە پەیرەوانی شیعە و دژ بە حکومەتی ئیسلامی ئێرانن. ئەم بۆچونە هیچ چەشنە عیلم و زانستێک و ریوایەتێک کە لە قورئاندا نەهاتبێ قەبول ناکات . ئەوان پەیرەوەکانیان وا رادێنن کە گوێ بۆ هیچ مەنتقێک غەیری ئەوەی کە خۆیان باوەریان پێیەتی شلنەکەن. بەنیسبەت ژیان لەو دونیایە زۆر بێ هیوان و ئاسودەیی خۆیان لە مەرگ و بە خەیالی خۆیان لە بەهرەمەند بوون لە نیعمەتەکانی دونیایەکی دیکە کە باوەریان پێیەتی دەبیننەوە. هەر بۆیە غەیری کەسی فیرقەکەی خۆیان مەحەبەت و دۆستایەتیان بۆ هیچ ئینسانێک نیە و لە هەر شوێنێک کە بۆیان بکرێ دژ بە نەیارانی خۆیان بە شێوەیەکی درندانە دەجولێنەوە. ئەوان نیچێری خۆیان لە ناو لاوانێک دا دەبیننەوە کە بە هۆکاری جوراوجۆر هەست بە جۆریک شکست لە ژیانیان دەکەن و نائومێدن . ئەو فیرقەیە لە راستیدا رێگای چۆن مردنیان پێ نیشان دەدەن، نەک چۆن ژیان. ئەو فیرقەیە بە کردەوە کەوتونەتە داوی سیاسەتی دەوڵەتانی مەنتەقە و هەر کامەیان بە جۆرێک رێگایان بۆ خۆش دەکەن بۆ ئەوەی بە گژ لایەنەکەی دیکەی دا بکەن و بەرژەوەندی سیاسی خۆیانی پێ دابین بکەن.

تا پێش کودەتای ئەفغانستان و هاتنی هێزەکانی ئەرتەشی شورەوی بۆ ئەو وڵاتە و دواجاریش دامەزرانی حکومەتی ئیسلامی لە ئێران، سەلەفی گەری یان وەهابیت ئەساسەن هەر ئەوە بوو کە لە دەرباری سعودیەدا ئامرازی حکومەت کردنی ئەو دەوڵەتە بوو . لەو کاتانەوە بە پێی نەقشەی ئامریکا و بە پوولی عەرەبستانی سعودی بۆ رەقابەت لەگەڵ شورەوی لە دەورەی شەری سارد دا ئەو جەریانە لە ئەفغانستان پەرە پێدرا . ئەفغانستان بە هۆی حزووری

هێزەکانی ئێتحادی شورەوی جاران، ئەو شوێنە بوو کە تێیدا سەلەفیگەری لە چوارچێوەی فکر و بیروباوەرێک واوە تر دەچوو و دەبوو بە ئیدیۆلۆژی بۆ بەرێوەبردنی کاری چەکداری. عەرەبستانی سعودی بەرێنوێنی سازمانە ئیتلاعاتیەکانی ئامریکا بەرەو پیری ئەم حالەتەی سەلەفی گەرییەوە چوو و رێگای بۆ کاری چەکداری و توندوتیژیش بۆ خۆش کردن. دوای دەرچوونی هێزەکانی شورەوی لە ئەفغانستان، ئاورێک کە دەولەتی عەرەبستان و ئەمریکا پێکەوە رۆشنیان کردبوو، نەکوژایەوە و دوکەلەکەی چاوی خۆشیانی گرتەوە. ئەوە بوو کە روداوی ١١ ی سێپتامبری ئامریکای لێکەوتەوە و لە ولاتی عەرەبستانیش چەندین کاری توند و تێژی و پرکارەسات روویاندا. کاری سەلەفیگەری گەیشتە جێگایەک کە هەر دەولەتێک لەم دەروبەرە مەسلەحەتێکی لە دوور یا لە نزیکی خۆی هەبوو، چووە سۆراغی ئەم بۆچوونە و لاوانی بێ هیوا و بێ هومێدیان لە پێناوی دابین کردنی بەرژەوەندیەکانی خۆیان بەکار هێنا و کردیاننە قوربانی. رژێمی کۆماری ئیسلامی چاوپۆشی لە حزور و هاتن و چونیان کرد بۆ ئەوەی حیزبە سیاسیەکانی کوردستانی پێ لاواز بکات. ئەوە جۆرێکی دیکە لە مادەی موخەدیر بوو کە رژێم ئاگاهانە رێگای پێدەدا. چاوپۆشی لێکردن کە لە ئەفغانستانەوە لە رێگای ئێرانەوە بە ئازادی هاتووچۆی وەلاتی شەر لێدار و شێواوی عێراق بکەن. کەوایە لاوی هەلخەلەتاوی کورد دەبوایە لە پێناوی ئەم بۆچونەدا لە عێراق ببێ بە قوربانی بۆ سیاسەتی رژێمێکی دژی بەشەری وەکوو کۆماری ئیسلامی. خۆ ئەگەر لە ناو خۆی کوردستانیش دا کۆنترۆل نەکران و ئاژاوەیەکیان نایەوە جێگایەکیان تەقاندەوە و کەسانێکیشیان کوشت، کوماری ئیسلامی لەو ئاستەدا باکێکی نیە و لە پێناوی میلیتاریزە کردنی زۆرتری کوردستان بە کاری دینێ. زۆربەی ئەو لاوە ساکارانەی کە دەبن بە پەیرەوی ئەو فیرقەیە خۆیان نازانن کە کەوتونەتە چ داوێکەوە و چلۆن لە پێناوی بەرژەوەندی دەسەلاتدا بە کاریان دێنن.

# کۆچی مێژوویی مەریوان

## کۆچی مێژوویی
## مەریوان شۆڕشێکی نوێ بوو

**× ڕۆژی ٢٣ی مانگی پووشپەڕی ساڵی ١٣٥٨ کۆچی مێژوویی خەڵکی مەریوان ڕوودەدا. ئامانجەکانی ئەم کۆچە چی بوون؟ کۆمەڵە لە ڕێکخستنی ئەم کۆچەدا چ دەورێکی هەبوو؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ڕژێمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی ئیسلامی بە دوای هاتنە سەر کار و پاش وڕێخستنی شەڕی نەورۆزی خوێناوی لە سنە، بەردەوام بە بیانووی دەست پێکردنی شەڕەێکی هەمە لایەنە و هێرش بۆ سەر کوردستان بوو. شاری مەریوان یەکێک لەو شوێنانەی کوردستان بوو کە جم و جۆڵێکی دیموکراتیکی بەربلاوی تێدا بوو. ئیدارە و بەڕێوەبردنی شار کەوتبووە دەست شورای شار. چین و وتوێژەکانی ئەو شارە لە ڕێکخراوی دیموکراتێکی جۆراوجۆردا لە دەوری یەک کۆببوونەوە، خەڵک چەکدار بوون و خۆیان ئاسایشی شاریان بەڕێوەدەبرد. لە وەها بارودۆخێک دا بوو کە دەوڵەت بوونی خەڵکی چەکداری لە نێو شاری مەریوان کردبووە بیانو و پەیتا پەیتا بە هێنانی هێزی تایبەت و چەک و چۆلی زور دەستی کردبوو بە تەیار کردن و ئامادە کردنی پادگانی مەریوان بۆ هێرش کردنە سەر ئەو شارە. فەرماندەی پایگا بەردەوام هەرشەی دەکرد. کۆمەڵێک لە کۆنەپەرەستانی مەنتەقە و ژمارەیەک لە چەکدار کە لە شارەکانی دیکەوە هێنا بوونی لە ڕێکخراوێک دا، بە ناوی "پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی لە مەریوان" ڕێک خستبوو کە لە ناو شاردا بنکەی بۆ دانا بوون. ئەم چەکدارانە بەردەوام بەدەوروو بەری خۆیاندا بە بێ ئامانج تەقەیان دەکرد و ئاسایشیان لە خەڵک هەڵگرتبوو. خەڵک لەم بارودۆخە نارازی بوون و بۆ چارەسەرکردنی لەگەڵ نوێنەرانی ئەرتەش لە پادگان خەرێکی گفتوگو بوون.

سەرئەنجام لە یەکێک لە دانیشتنەکانی نوێنەرانی خەڵک

لەگەڵ فەرماندەی پادگان، کاتێک فەرماندەی پادگان ملی بە پێش نیارەکانی نوێنەرانی خەڵک نەدا، دەستەی نوێنەرایەتی خەڵک لەو وتوێژانەدا بڕیاریان دا کە بۆ پووچەڵ کردنەوەی پیلانی ڕژێم و پێش گرتن بە کوشتاری خەڵک، شار چوڵ بکەن. ئەم بڕیارە دەستبەجێ خەڵکی شاری لێ ئاگادار کرا و شوێنێک لە ١٢ کیلومیتریی شار و لە نزیک ئاوایی "کانی میران" بۆ نیشتەجێ بوونی خەڵک دیاری کرا. خەڵکی شار یەک پارچە ئەم بڕیارەیان بەڕێوەبرد و شار بە تەواویی بەرەو شوێنی دیاری کراو کۆچی کرد.

لە ماوەیەکی کورتدا هەواڵی ئەم حەرەکەتە جەماوەرییە لە شار و ئاواییەکانی کوردستان دەنگی دایەوە. ئاواییەکانی دەورووبەری مەریوان دەستبەجێ دەستیان دایە ناردنی نان و پێخۆر و یارمەتی جۆراوجۆر بەرەو ئوردوگای کۆچبەرانی مەریوان. زۆری نەخایاند کە شەپۆلی پشتیوانی کردن و یارمەتی گەیاندن بەخەڵکی مەریوان، باقی شار و ئاواییەکانی کوردستانیشی گرتەوە. هەزاران کەس لە تێکۆشەرانی شاری سنە لە ژن و لە پیاو لە شارەکانی سنە و سەقز و بانەوە بۆ نیشان دانی هاوپشتی لە خەڵکی مەریوان بە پیادە بەرەو شاری مەریوان ڕێکەوتن.

لە زۆرێک لە شوێنەکانی ئێرانەوە، ڕۆژانە پەیامی پشتیوانی، گرووپی پزیشکی و دەرمان، یارمەتی تەداروکاتی و تەنانەت هێزی ئینسانی بۆ بەشداری لە پاراستنی ئەمنیەتی کۆچبەران دەگەیشتنە ئوردوگا. ئەم حەرەکەتە بەم جۆرە تا ١٣ی گەلاوێژی ئەم ساڵە، واتە بۆ ماوەی دوو حەوتوو درێژەی هەبوو. ئەم حەرەکەتە گەلێک دەرس و ئەزموونی بە نرخیشی لە فیداکاری لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا پێکهێنا. ژیانی ڕۆژانەی ئوردوگا، هاودڵی و بڕوا و متمانەی خەڵک بە یەکتر، هەوڵ و تەقەلای بێ وچانی خەڵک و بەڕێوەبەرانی ئوردوگا بۆ هەر چی باشتر بەڕێوەبردنی کارو بارەکان، نەزم و ڕێک وپێکی لە کاتی دابەش کردنی

پێداویستیەکان، گەلێک بەرچاو بوو. ئەمانە هەمووی تێکەڵ بوو لەگەل پێکهینانی کۆر و کۆمەلی بەحسی سیاسی و کۆری شێعر و ئاواز و سروود.

دوای تێپەر بوونی دوو حەوتوو لە حاڵێکدا کە هێشتا وتووێژەکانی نوێنەرانی خەلک بە سەر پەرشتی کاک فوئاد لەگەل نوێنەرانی دەولەت بە سەر پەرەستی چەمران، کۆتایی پێ نەهاتبوژون، بەرێوەبەرانی کۆچەکە و لە سەرویانەوە کاک فواد بەو نەتیجەیە گەیشتن پێش ئەوەی بارودۆخەکە خەڵک ماندوو بکات، ئەو دەستکەوتانەی کە تا ئەو کاتە بەدەست هاتوون گردوکۆ بکرێتەوە و سەقامگیر بکرێت و بەخەڵک رابگەیێندرێ و بەرەو شار بگەرێنەوە. ئەو ئەرکە کاک فواد بەرێوەی بردوو و لە سوخەنرانیێکی مێژوویدا خەڵکی لە ئاکامەکانی کۆچەکە تێگەیاندوو و کەش وهەوایەکی پێکهێنا کە جەماوەری خەلک بە سەر و دل خۆشی و بە سروود خۆیندن، سەرکەوتووانە بەرەو شار بگەرێنەوە. دەقی ئەم سوخەنرانییەی کاک فواد لە بەر دەستەوە و دەتوانی هاوپێچی کتێبەکەی بکەیت.

**× رۆڵی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە رووداوەکانی ئەو کاتی مەریوان و دەورووبەری چی بوون؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەو کات بنکەکانی فەرماندەیی یەکێک لە هەریمەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە نزیک شاری پێنجوێن بوو. بەرپرسی ئەم هەریمە کاک بەکری حاجی سەفەر بوو. کاک بەکر پێوەندیەکی هاورێیانەی نزیکی لەگەڵ هاورێیانی کۆمەڵە لە شاری مەریوان پێکهێنابوو. پێشمەرگەکانی ئەو هەرێمە هاتۆچووی شاری مەریوانیان دەکرد و جار و بار لە ئەرک و فرمانەکاندا یارمەتی هاورێیانی کۆمەلەیان دەدا.

# فوئاد مستەفا سوڵتانی
# سیمبولی شۆڕشی خەڵکی کوردستان بوو

**× کاک "فوداد مستەفا سوڵتانی" یەکێک لە ڕێبەرانی کۆمەڵە لە کۆچی خەڵکی مەریوان بوو. هەمیشە کاک فواد وەکوو سیمبولی کۆمەلە باس دەکرێت، دەکرێت بزانین فواد کێ یە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: کاک فوئاد مستەفاسوڵتانی ساڵی ١٣٢٧هەتاوی لەئاوایی "ئاڵمانە" هەڵکەوتوو لەنێوان شارەکانی مەریوان سنە لە دایک بوو. سەردەمی منداڵی و تا پۆلی چوارەمی سەرەتایی لەئاواییەکەیان دەرسی خوێند و پاشان بۆ درێژدان بەخوێندن چووە شاری سنە. خوێندنی سەرەتایی و دەبیرستانی هەر لەو شارە تەواو کرد و دوای ئەوەیکە لە کۆنکۆری دانشگای سەنعەتی کە لەوکاتدا ناوی دانیشگای ئاریامیهر بوو، سەرکەوتنی بەدەست هێنا لە ڕشتەی ئەلکیترۆتکنیک ئەو دانشگایەدا درێژەی بەخوێندندا و لەساڵی ١٣٥١ وەکوو موهەندیسی کارڕبا دانیشگای تەواو کرد. دەورەی سەربازی بۆ ماوەی دوو ساڵ لەشارەکانی مەریوان و بروجرد ئەفسەر وەزیفە بوو. دوای تەواو کردنی ئەو دەورەیە لە هونەرستانی سەنعەتی شاری سنە، وەک دەبیری دەرس وتنەوە دامەزرا.

ساواکی شا کە بەتوندی گومانی کردبووە سەر ژیان و هەڵسورانی کاک فوئاد، خستبویە ژێر چاوەدێریەوە. سەرەنجام لەپاییزی ساڵی ١٣٥٣دستیگریان کرد و یەکسەر لەسنەوە ڕەوانەی تاران ؛ زیندانی کومیتەی هاوبەشی شارەبانی و ساواک کرا، کە ئەشکەنجەگای زیندانیانی سیاسی بوو.

ماوەیەک لەزیندانی کۆمیتە ئەشکەنجە کرا، بەڵام ساواک زەفەری بە ورەی کاک فوئاد نەبرد و قارەمانانە نهێنیەکانی کۆمەڵەی پاراست. لەدوای دەورەی بازجوویی و ئەشکەنجە گوازرایەوە بۆ زیندانی قەسری تاران و زیاتر لەسێ ساڵ لەوێ

بەند کرا. لەساڵی کۆتایی زیندانەکەیدا، کاک فوئاد گوازرایەوە بۆ زیندانی شاری سنەو ساڵێکیشی لەو زیندانەدا تێپەر کرد.

زیندانی سنە مەیدانێکی خەباتی کاک فوئاد بوو. مانگرتن لەخواردنی زیندانیانی سیاسی کە کاک فوئاد بۆ ماوەی ١٤ رۆژ بەشداری تێدا کرد، یەکێک لەدیمەنە پر شکۆکانی خەباتی ئەو دەورەیەی ناو زیندانەکان لەدژی رژێمی شا بوو. پاش تەواوبوونی دەورەی چوار ساڵەی زیندان، لە پاییزی ساڵی ١٣٥٧ کاک فوئاد ئازاد کرا و لەپاش پێشوازییەکی گەرم و کەموێنە لەلایەن خەڵکی شاری سنە، گەرایەوە بۆ ئاوایی ئاڵمانە.

کاک فوئاد دوای ئازدا بوونی تەنیا ١١ مانگ ژیا و لەو یازدە مانگەشدا هەموو کات و توانای خۆی بۆ رێبەری کردن و بەرەوپێش بردنی خەباتی کۆمەڵە لە کوردستان لە بوارە جیاجیاکاندا تەرخان کرد. لە ماوەی نزیکەی دوو مانگدا، یانی لە٢٣ مانگی پووشپەرەوە هەتا ٩ خەرمانانی ساڵی ١٣٥٨، بەرێبەریی کاک فوئاد ژمارەیەک لە هەستیارترین، بەناوبانگترین و گەشترین رووداوەکانی مێژووی کۆمەڵە و خەباتی سیاسیی کوردستان و ئێران روویاندا. کۆچی خەڵکی مەریوان، رێپێوانی جەماوەری سنە بەرەو مەریوان، گفتوگۆی راستەخۆ لەگەل دوژمن، گرینگترینی ئەو بوارانە بوون کە ئێستعداد و تواناییەکانی کاک فوئادی بۆ هەموان دەرخست. پێشتر هەر لەم گفتوگۆ یانەماندا باسی کارەساتی مەرگی کاک فوئادمان کردووە و پێویستی بە دووپات کردنەوە نیە. با باسی چەند لایەنێک لە ژیانی سیاسی پر بایەخی ئەو بکەین.

کاک فوئاد یەکێک لە پێشروترین و موسەمم ترین دامەزرێنەرانی کۆمەڵە بوو. کۆتایی ساڵەکانی دەیەی حەفتای زایینی دەورەیەکە کە زانکۆکانی ئێران ببونە ناوەندێکی چالاکی قسە و باس و دیالۆگی سیاسی. لە ناو کۆر و کۆمەڵی خوێندکاراندا مەیل و بۆچوونی سیاسی و جۆراوجۆر خەریک بوو شکلی دەگرت. ئەم باس و گفتوگۆیانە لەناو خوێندکارانێکدا کە بیری

چەپ و غەیرە مەزهەبییان هەبوو لەلایەکەوە لەژێر کاریگەری ئەزموونی خەباتی دژی دیکتاتۆری لە ناوخۆی وڵاتدا بوو و لەلایەکی دیکەشەوە پەیوەندی هەبوو بە کێشەکانی ناو بەرەی چەپ لەئاستی جیهانیدا. لەگەرمەی ئەو باس و گفتوگۆیانەدا ژمارەیەک لەخوێندکارانی زانکۆی تاران بە بیری رێکخستنی خەباتی چینایەتی بۆ ئامانجی سۆسیالیزم یەک دەگرنەوە و رێکخراوێک کە دواجار ناوی کۆمەڵەی لەسەر دانرا لە ساڵی ١٣٤٨ پێکدێنن. کاک فوئاد لە بەئەنجام گەیاندنی ئەم حەرەکەتە دا دەوری سەرەکی دەبینێ و لە مانگەکانی دواتری دا بە سەر ئەو دوودلی و رارائیانە کە پێکهاتبوو، زاڵ دەبێ و تەشکیلات ساغ دەکاتەوە.

یەکێک لە هەوڵەکانی بەردەوامی کاک فوئاد لە ماوەی چوار ساڵێک کە لە زیندانی رژێمی شادا بوو، پاراستنی ئیدامەکاری تەشکیلاتی کۆمەڵە لە دەرەوە و تەنانەت لە ناوەوەی زیندان بوو و بەراستی لەو کارەشی دا دەوری رابەریی خۆی نواند و سەرئەنجام لە یەکەم کۆنگرەی کۆمەڵە دا کە پێش رووخانی رژیمی شا لە شارەکانی نەغەدە و سنە بەرێوە چوو، ئەو تەشکیلاتەی بۆ قوناغێکی نوێ لە خەبات ئامادە کرد.

کاک فوئاد لە گەشەپێدانی بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان و لە بەگژدا چوونەوەی هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان، رۆڵی گرینگ و بەرچاوی گێرا. لە شەڕی نەورۆزی سنە، لە پێکهێنان و رێبەری کردنی کۆڕوکۆمەڵە دیموکراتیکەکانی شارەکانی کوردستان، لە رێکخستنی جووتیاران و چەکدارکردنیان، لە کۆچی مێژوویی شاری مەریوان و لە سازماندانی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە و سەرجەم بوارەکانی تری خەباتی سیاسی و جەماوەری خەڵکی کوردستان، وەک رێبەرێکی جەسوور، ئازاد و زانا و ئاشنا بە تاکتیکی شۆڕشگێرانە، کاری دەکرد.

## دوای شکستی شۆرشی ١٩٧٥ کوردستانی عێراق، فوئاد نامێلکەیەک چاپدەکات

کاک فوئاد زۆر بە باشی هەستی بە گرنگ بوونی تەشکیلاتێکی کۆمۆنیستی دەکرد. لە پاراستنی پتەوی و سڵامەتیی فیکری و سیاسی تەشکیلات دا گەلێک بە دەربەست بوو و پێداگری لەسەر دەکرد. کاک فوئاد لە نامیلکەیەک دا کە لە سالی ١٩٧٥ و دوای شکستی بزوتنەوەی چەکداری لە کوردستانی عیراق و ئاوارە بونی ژمارەیێک زۆری خەڵک بۆ دیوی کوردستانی ئیران لە لایەن کۆمەڵەوە بڵاو کرایەوە، نووسی :

"ئەو رۆژەی هەتاوی گەشی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هەڵدێ، موژدەی رۆژی هەستانی سووری زەحمەتکێشانی ئێرانی پێ دەبێ، ئەو رۆژە رۆژی توانەوەی سەهولبەندانی زولم و ستەمە، هاورێیان، دەبا ئەو هەتاوە ببزوێنین."

ئەو تەشکیلاتەکەی خۆی زۆر خۆش دەویست، بەڵام کاک فوئاد هیچ چەشنە تەعسوبێکی سکتاریستی نەبوو و بەرژەوەندی تەشکیلاتی بە بانتر لە بەرژەوەندی بزووتنەوەی جەماوەری دانەدەنا، چونکە وەک هەموو شۆرشگێریکی کۆمۆنیست، بەرژەوەندێکی جیاواز لە بەرژەوەندی چینی کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێش نەبوو. ئەو بەو بۆنەوە تەشکیلاتەکەی خۆش دەویست کە ئامراز و ئامیرێ بوو، بۆ شکڵ پێدان و بەرەوپێش بردنی بزووتنەوەی کرێکاران و زەحمەتکێشان، بزووتنەوەی زۆر لێکراوان و دەست تەنگان.

پربایەخترین کاری کاک فوئاد کە دوایین هەنگاوی سیاسی ئەو بوو. دارشتنی بناغەی بزووتنەوەی شۆرشگیرانەی کوردستان. بزووتنەوەیەک کە بوو بە سەنگەرێک بۆ دیفاع لە دەسکەوتەکانی شۆرشی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران. کاک فوئاد وەک رابەرێکی گەورە لە دژوارترین و نالەبارترین کات دا، خۆی یەکەم هەنگاوی

مەیدانی کردەوەی هەڵدەگرت. ئەو لەو یەکەمین کەسانە بوو کە چەکی هەڵگرت و وەک پێشمەرگەیەک چەک بەدەست لە شەرێکی قورس و نابەرابەردا گلا.

## وتوویژی کورد و ئێران دەگاتە بن بەست

**×پاش یەک ڕۆژ لە فەرمانی خومەینی بۆ هێرش کردنە سەر کوردستان، کۆمەلە لە ڕاگەیاندنێکدا داوای موقاومەت لە خەڵکی کوردستان دەکات. ئەم پەلامارە چوون و بۆ دەستی پێکرد؟ ئایا پێشتر گفتوگو هەبوو لە نێوان کورد و دەوڵەتی خومەینی دا؟ ئەم گفتوگۆیانە چۆن بە بنبەست گەیشتن؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: وتوێژەکانی ئەم دەوریە هەر ئەوە بوون کە لە شاری سنە لەگەڵ هەیئەتی نێردراوی ڕژێم بەرێوەچوون و لە شاری مەریوانیش لە سەر کێشەکانی ئەم شارە لەگەڵ چەمران کران. دوای بە بن بەست گەیشتنی ئەم وتوێژانە، لە کاتێکدا کە ڕژێم لەوە زیاتر تەحەمولی بارودۆخی ئازاد و دیموکراتیکی کوردستانی نەدەکرد، فەرمانی هێرشی خومەینی بۆ سەر کوردستان، بە واتایەکی دیکە فەرمانی جیهاد لە دژی خەڵکی کوردستان لە ٢٨ی مانگی گەلاوێژی ١٣٥٨دا دەرچوو.

## جەلال تاڵەبانی، ناوبژیوانی هێزەکانی کوردستانی ئێران و کۆماری ئیسلامی دەکات

**× لە درێژەی شەری نێوان خەڵک و کورد ورژیمی ئێران، ڕژێمی ئێران هەیئەتێکی بە سەرۆکایەتی "داریوشی فروهەر" نارد بۆ لای مام "جەلال تاڵەبانی" لە ئاوایی "نشکۆلان". نوێنەرانی یەکێتی ئامادە بووان کە بریتین لە "حیکمەت حەکیم، فەوزی ڕانی، محەممەد نوری، مەلا بەختیار،" نوێنەرەکانی ئێرانیش**

**پێکهاتبوون لە: فروهەر، یەعقوبی، فەرەج ئازەری، محەممەد نوری، و دوو ئەفسەر لە پادگانی سەردەشت. بۆ چی ڕژیمی ئێران پەنای برد بووە بەر جەلال تاڵەبانی بۆ گفتوگو؟ ئایا ئەم دانیشتنە ئەنجامێکی هەبوو؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەو گفتوگۆیانە هەڵدەگەڕێنەوە بۆ ئەو کاتەی کە هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ کوردستان دوای ٣ مانگ موقاوەمەتی خەڵکی کوردستان شکستی هێنا و ڕژێمی ناچار کرد لە فکری گفتوگۆ دابێت. وردەکارییەکانی ناو بژێوانی یەکێتی  نیشتمانی لەم دەوەریەدا بەم جۆرەیە کە من بۆتانی باس دەکەم:

هەوڵی ناوبژێوانی سەرەتا لەلایەن مام جەلالەوە دەستی پێکرد. مام جەلال چەند نامەیەکی بۆ بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی نارد بۆ تاران. دوای ناردنی ئەم نامانە، مام جەلال داوای کۆبوونەوەیەکی لە کۆمەڵە کرد، هەر بەو شێوەیە ماموستا شیخ عێزەدین و حیزبی دیموکراتیشی چاوپێکەتبوو و لە ڕاو و بۆچوونی هەمووان ئاگادار بوو. کۆماری ئیسلامی وەڵامی موسبەتی بە نامەکەی مام جەلال دایەوە و ڕۆژی ٦ی مانگی ڕەزبەری ساڵی ١٣٥٨، هەیئەتێکی بە سەرپەرشتی داریوشی فروهەر ناردە ناوچەی سەردەشت بۆ دانیشتن لەگەل مام جەلال. ئەم هەیئەتە لە ئاوایی "نشکۆلان" چاوی بە مام جەلال کەوت. مام جەلال داخوازییەکانی لایەنی کوردی پێ ڕاگەیاندبوون کە کۆمەڵێک خواستی فەوری بوون، وەکوو ئاگر بەس، ئازاد کردنی گیراوەکان، چوونە دەرەوەی پاسدار و ئەرتەشییەکان لە شارەکان و هتد. هەیئەتی دەوڵەت بەم داواکاریانە گەڕانەوە بۆ تاران. ڕۆژی ١٨ی مانگی ڕەزبەری ١٣٥٨ بۆ جارێکی دیکە هەیئەتی دەولـەت هاتنەوە بۆ کوردستان.

## حزبی دیموکرات دەیویست خۆی بەجیا لەگەڵ نوێنەرانی ئێران دابنیشێ

دانیشتن لە ئاوایی "بنێ و خەڵەف" دەستی پێکرد. نوێنەرانی ڕژێم بریتی بوون لە: داریوش فروهەر، دانشوەر، فەرماندەی ژاندەرمەری، سەرتیپ ئازەری، فەرماندەی هێزی زەمینی ئێران، و دوو کەسی نەناسراوی تەمەن نزیک ٢٥ سال کە فروهەر بە تایبەتی بەنەهێنی بە ئێمەی وت کە ئەوانە ڕاسپاردەی تایبەتی خومەینی بۆ کۆنترۆڵ کردنی هەیئەتەکەن. هەر بۆیە لە یەک دوو دەرفەتدا کەهەلکەوت فروهەر لە دەرەوی ئەو ماڵەی کە وتوێژی تیدا دەکرا لەگەڵ ئێمە قسەی کرد. هەیئەتی لایەنی کوردی بریتی بوون لە: شیخ عێزەدینی حوسێنی، فاتح شێخول ئیسلامی، سەلاحی موهتەدی، عەبدۆلای موهتەدی، ئیبراهیم عەلیزادە، محەممەد ئەمین شێخانی. حیزبی دیموکرات لەم کۆبوونەوەیە بەشداری نەکرد و هەولی دابوو خۆی لە شوێنێکی جیاواز لەگەڵیان دابنێشت. پێویستە ئەوە بلێم کە ئێمە بە نێوبژێوانی یەکێتی ڕازی بووین، بەلام حیزبی دیموکرات لە ڕاستیدا ڕازی نەبوو و هەولی دەدەا خۆی بە جیاواز و ڕاستەوخۆ وتوێژ بکات. ئەم وتوێژانە هیچ ڕاگەیاندنێکی ڕەسمی دوولایەنەی لێ نەکەوتەوە. بەلام لە ڕۆژی ٢٩ی ڕەزبەری ١٣٥٨ کۆماری ئیسلامی بە بێ ئەوەی ئاماژە بە کۆبوونەوەکان بکات ئاگر بەسی ڕاگەیاند.

## دیموکرات دەیویست سەرۆکی هەیئەتەکە بێت ودواتر شێخ عزدین دانرا

**× سەرئەنجام لایەنە کوردیەکان هەیئەتێکی نوێنەرایەتی هاوبەش بۆ وتوێژ لەگەڵ ڕژیم پێکدێنن. چۆن بوو لە سەر پێکهاتنی ئەم هەیئەتە ڕێککەوتن؟ ئێختلافاتەکانی کۆمەڵە**

**و دیموکرات چی بوو؟ هەڵوێستی حیزبی دیموکرات بەرامبەر بە شێخ عێزەدینی حوسێنی لەم هەیئەتەدا چۆن بوو؟ ئایا ئەوی وەکوو بەشێک لە لایەنی کۆمەڵە چاو لێ دەکرد؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: پاش ئەوەیکە بە شێوەیەکی غەیرە رەسمی سەرەتای ئاگر بەس لە ئاکامی دانیشتنەکانی نشکۆلان، بنێ و خەلەف و بێوران، لە هەر دوو لاوە قەبوڵ کرا، رژێم خۆی لە رادیۆی تارانەوە ئاگر بەسی راگەیاند، چەند کۆبوونەوەیەک لە نێوان ماموستا شێخ عێزەدین و ئەندامانی دەفتەرەکەی و کۆمەڵە و چریکی فیدایی، حیزبی دیموکرات بۆ درێژەی گفتوگۆکان بەرێوەچوو. لەم کۆبوونەوانەدا حیزبی دیموکرات داوای ئەوەی دەکرد کە سەرۆکایەتی هەیئەتەکەی پێ بدرێت. کۆمەڵەش داوای مافی یەکسانی بۆ هەموو ئەندامانی هەیئەتەکە دەکرد و ماموستا شێخ عێزەدینی وەکوو سەرۆکی هەیئەت قەبوڵ بوو. مشت و مرێکی زۆر لە سەر ئەو بابەتە کرا. سەرئەنجام رێبەری کۆمەڵە لە سەر ئەوە ساغ بووە کە بۆ پاراستنی بەرژەوندی گشتی و لە پێناوی ئەوەدا کە خەڵکی کورد بەرامبەر بە دەوڵەتی مەرکەزی و یەکدەست و یەکپارچە دەرکەوێ، فورمولێکی ناونجی کە لە لایەن دەفتەری ماموستاوە پێشنیار کرابوو، وەکوو سازشێکی دیار کراو قەبوڵ کرد، کە بریتی بوو لەوەیکە ماموستا سەرۆکی هەیئەتەکە بێت، حیزبی دیموکرات وەتەبێژ بێت و روو بەدەرەوە بتوانێت لەم بابەتەوە بە ناوی هەیئەتەوە لێدوانی رەسمی بدات و کۆمەڵە و چریکی فیدائیش ئەندام بن.

ئەوەندەی کە هەڵدەگەرێتەوە بۆ وتوێژ کردنی رەسمی ئەو هەیئەتە لەگەڵ هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد، تەنیا یەک کۆبوونەوەی ٤٥ دەقیقەیی لە یەک لە ژوورەکانی بینای فەرمانداری مهاباد لە نێوان ئەم هەیئەت و نوێنەرانی دەوڵەتەوە بەرێوەچووە. لە جێگایەکی دیکە باسمان هەر لەم گفتوگۆیە کردووە.

## بەشێک لە دیموکرات
## پشتیوانی لە سیاسەتی تودە دەکەن

**× حیزبی تودە لایەنگریی لە هێرشی رژیمی ئێران بۆ سەر کوردستان دەکرد. هۆکاری ئەو هەڵوێستە خراپەی حیزبی تودە چی بوو؟ بۆچی حیزبی تودە کوردەکانی بە داروەستەی زایۆنیزم و ئەمپریالیزم ناودەبرد؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: سیاسەتی حیزبی تودە بە پێی بەرژەوەندی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتی سوڤیەت دیاری دەکرا. سیاسەتی ئەوانیش ئەوە بوو کە رژێمی ئیسلامی بەرەو دژایەتی کردنی زیاتر لەگەڵ دەوڵەتی ئامریکا پاڵ پێوە بنێن. لە ناو حیزبی دیموکراتدا باڵێک پێکهات کە تەئیدی سیاسەتەکانی حیزبی تودەی دەکرد و غەنی بلووریان نوێنەرایەتی ئەم باڵەی دەرکرد و جیا بوونەوە. ئەم جیا بوونەوەیە لە کۆنگرەی چواری حیزبی دیموکراتدا روویدا.

کونگرەی چواری حیزبی دیموکرات ١٩ی دیسامبری ١٩٨٠ لە مەهاباد، ناکۆکی ناو ریزەکانی حیزبی دیموکرات لە سەر هەڵوێستی بەرامبەر بە رژێمی ئیسلامی لەم کۆنگرەیەوە دەستی پێکرد. بریارنامە و بەڵگەنامەکانی کۆنگرە ئەساسەن بە لای سازان لەگەڵ حکومەتی تازە و داشکاندنی خواستەکانی خەڵکی کوردستاندا شکایەوە. ئەم ناکۆکیانە کەمتر لە ساڵێک دواتر بووە هۆی جیابوونەوە لە حیزبی دیموکراتدا و باڵی لایەنگری حیزبی تودە، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، پەیرەوەی کۆنگری چواریان پێکهێنا. ئەم رەوتە خەباتی چەکداری و هەر چەشنە موقامەتێکی بەرامبەر بە دەوڵەتی مەرکەزی رەت دەکردەوە و بە کردەوە وەکوو بەشی کوردستانی حیزبی تودەی ئێران کاری دەکرد. کاتێک کە حیزبی تودە لە تاران کەوتە بەر هێرشی کۆماری ئیسلامی و رێبەرانی دەستبەسەر کران، حیزبی دیموکراتی پەیرەوی کۆنگرەی چواریش پەرتەوازەی هەندەران

بوون. بەشێکیان ماوەیەک لە کوردستانی عێراق میوانی حیزبی شیوعی عێراق بوون و بەشێکیشیان هەر چۆنێک بوو خۆیان گەیاندە دەرەوەی وڵات و بەکردەوە هەڵوەشانەوە.

## سادقی شەرفکندی
## لەسەر چریکەکان گیانی دانا

**× هەڵوێستی گروپە ئیسلامییەکانی ناو کوردستان، لەوانە گروپی موفتی زادە و مەکتەبی قورئان بەرامبەر بە هێرشی رژێم بۆ سەر کوردستان چی بوو؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئـەوان ئیتر لەو کاتەدا بە تەواوی ببوونە داردەستی رژێم و لایەنگرانی خۆیان خستبووە خزمەت چاوساخی کردن بۆ هێزەکانی رژێم. دوای ماوەیەک داروەدستەی بەکرێگیراوی "پێشمەرگە موسوڵمانەکانی کورد"یان پێکهێناو رەسمەن هاتنە خزمەت سەرکوت کردنی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان.

**× هەڵوێستی حیزبی دیموکرات و بەتایبەتی قاسملو بەرامبەر بە حیزبی تودە لەو کاتەدا چۆن بوو؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: دوای جیا بوونەوەی پەیرەوانی کۆنگرەی چوار، حیزبی دیموکرات رێبازی خۆی لە حیزبی تودە جیا کردەوە و کەوتە دژایەتی توند لەگەڵ پەیرەوانی کۆنگرەی چوار. دیارە هیچ پێوەندێکیان لەگەڵ حیزبی تودە نەما، بەڵام لەگەڵ شاخەیەک لە چریکە فیداییەکانی ناسراو بە ئەکسەریەت کە لە سەر هەر هەمان رێبازی حیزبی تودە بوون،پێوەندیان هەبوو. سادقی شەرەفکەندی و هاورێیانی لە میکۆنۆسی بێرلین گیانیان لە سەر ئەو پێوەندیە دانا.

## سەردەمانێک حزبی دیموکرات وەکو باڵی حزبی تودە وابوو

**× بۆچی حیزبی تودەیەکی چەپ هەڵوێستی وابوو بەرامبەر بە کورد؟ کیانووری دەبیر کوللی حیزبی تودە دەڵێ "کە ئێمە ئەم هەڵوێستەمان بەرامبەر بە قاسملۆ بۆیە وابوو چونکە ئەوان وابەستە بوون بە رژێمچی بەعس ئەم ئیدیعایەی حیزبی تودە چەندە واقعیەتی هەبوو؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: حیزبی تودە بە ناو چەپ بوو و بە ناوەرۆک لە پێناوی بەرژەوەندی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتی سوڤیەتدا راسترەوانەو کۆنەپەرستانە هەلسوکەوتی دەکرد. لە ساڵەکانی دەیەی ٣٠ی هەتاویی دا حیزبی دیموکرات بەکردەوە وەکوو باڵێکی حیزبی تودە وابوو. ئەم پێوەندییە وەردە وەردە لاواز بوو و پێش دەستپێکردنی شۆرشی ١٣٥٧ی ئێران لێکدابرانێک روویدا. حیزبی تودە، قاسملوی بە هۆکاری ئەو دابرانە دەزانی. لەمە بەدوا ئیدیعاکانی حیزبی تودە لە سەر حیزبی دیموکرات بیانوو بوو، مەبەستی سیاسیان لە پشتەوە بوو و هەوڵیان دەدەا کە حیزبی دیموکرات بەرنە ناو جەرگەی بەرەو سیاسەتی خۆیانەوە. هەڵبەت لەم پلانەیاندا تا رادەیەک سەرکەوتوو بوون. چوونکە هەر وەکوو پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد لایەنگرانی کۆنگرەی چوار جیا بوونەوە و رێبازی سازش لەگەڵ کۆماری ئیسلامیان گرتە بەر.

**× کاردانەوەی حیزبی دیموکرات لە سەرەتای هێرشەکەی رژێم بۆ کوردستان چی بوو؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: لە سەرەتاوە بە رارایییەوە پێی نایە ناو موقاوەمەتەکەوە. سیاسەتی کۆمەڵەی بۆ ئامادە کردنی خەڵکی کوردستان بۆ موقاوەمەت بەرامبەر بە هێرشێک کە لە رێدا بوو، بە ئاژاوە گێری ناولێدەبرد. هەڵبەت کاتێک کە هێرشی کۆماری ئیسلامی بوو بە ئەمری واقیع، ئەویش لە موقاوەمەتەکەدا بەشداری

کرد و بوو بە  بەشێک لە موقاوەمەتی خەڵکی کوردستان بەرامبەر بەم هێرشە.

## کۆمەڵە پشتیوانی لە مەسعود ڕەجەوی و موجاهیدین دەکات

**لە پاییزی ساڵی ١٣٥٨دا ڕژێمی ئێران بریاری دا یەکەمین هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری بەرێوەبچێت. وا بریار بوو کۆمەلە و دیموکڕاتیش بەشدار بن و پشتیوانی لە "مەسعود ڕەجەوی" لەم هەلبژاردنەدا بکەن. بەڵام دواجار بەنی سەدر بە پشتیوانی خومەینی سەرکەوت. لە سەر چ ئەساسێک پشتیوانی لە ڕەجەوی کرا؟ بۆچی ڕەجەوی شکستی هێنا؟ هەڵوێستی کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات بەرامبەر بە بەنی سەدر دوای هەڵبژاردن چی بوو؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەساسی سیاسەتی پشتیوانی کردن لە ڕەجەوی لە هەڵبژاردنی یەکەم سەرۆک کۆماری ئێراندا لە سەر ئەوە بوو کە ڕەجەوی بەڵگەنامەیەکی ئیمزا کردبوو و تێیدا پشتیوانی لە خواستەکانی خەڵکی کورد کردبوو. بەلام خومەینی بە فەرمانێک کاندیداتۆریی ڕەجەوی هەلوەشاندەوە. بە بڕوای من پشتیوانی کردنی ئەو کاتی کۆمەڵە لە مەسعود ڕەجەوی سیاسەتێکی هەلە بوو. ئێمە نەدەبوایە تەنیا لە ڕووی چەند خواستێکی سادەی نەتەوەیی کە ڕەجەویی سەلماندبووی، ناوەرۆکی واقعی موجاهیدین لە بیر بەرینەوە. ئەگەر خومەینی ئامادە بوایە لەگەل موجاهیدین بچوکترین سازشێک بکات، ئەوان ئامادە بوون کە لە سەرکوتی خەلکی کورد دا بە بیانووی ئەوەیکە جیایی خوازن، بەشداری بکەن. ئەگەر ئەدەبیاتی ئەوکاتی موجاهیدین بخوێننەوە، ئەو ڕاستیەتان بۆ دەردەکەوەێ. حیزبی دیموکراتێش دوای هەلاتنی بەنی سەدر لە ئێران و پێکهاتنی "شورای میللی موقاومەت" بەم شورایە پێوست بوو.

**× ڕۆژی ٨ مانگی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٨ کۆمەڵە بریاری دا سپای رزگاریی چەک بکات و کردیشی:**

**١–سپای رزگاری چۆن دامەزرا و بۆچی بەعس هاوکاری دەکرد؟**

**٢–هەڵوێستی حیزبی دیموکرات بەرامبەر بە سپای رزگاری چی بوو؟**

**٣–رۆڵی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و مام جەلال لەم نێوەدا چی بوو؟**

**٤–چەک کردنی سپای رزگاری تەنیا لەبەر چەکەکانیان بوو، یان ئەوان مەترسی بوون بەرامبەر بە کۆمەڵە؟**

**٥–دوای چەککردنی سپای رزگاری، حیزبی دیموکرات و چریکی فیدایی بەرامبەر بەم رووداوە چوون هەلویستیان گرت؟**

**٦–لە ئێستادا لە کوردستانی عێراق کەسانێک بە ناوی سپای رزگارییەوە کار دەکەن. ئایا ئەگەر رۆژێک لە رۆژان رێگایان بکەوێتەوە کوردستانی ئێران، دیسان هەر بە مەترسیان دەزانن و پەلاماریان دەدەن؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: لە بۆشاییەکدا کە دوای رووخانی رژیمی شا لە جنووبی کوردستان پێکهاتبوو، بنەماڵەی شیخ عوسمانی نەقشبەندی کە جێگاپێ و ئیمکاناتێک کە لە بەر دەستیان بوو لە مەترسیان دا دەدیت، کەوتبوونە خۆ و مریدەکان و لایەنگرانیان لەدەوری خۆیان کۆدەکردبۆوە. لە قۆناغێکدا کەوتنە فیکری ئەوەیکە چەکداریش بن. هاوکات

خەبات بەرەو سەرکەوتن

# سوپای رزگاری و نەقشبەندییەکان

## بەعس نەقشبەندیەکان چەکدار دەکات و سوپای رزگاری پێک دێنێت

## حزبی دیموکرات لەسوپای رزگاری نزیک دەبێتەوە

رژێمی بەعسی عێراقیش کە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی کەوتبووە ناکۆکییەوە، کۆمەڵێک پێوەندی لەگەڵ کۆنەپەرەستانی ناوچەکەوە و لەوانە لەگەڵ بنەماڵەی شێخ عوسمان دامەزراند. ئەم داروەستەیە لە سەرەتاوە هیوادارن بوون کە کۆماری ئیسلامی بۆ دژایەتی کردن لەگەڵ هێزی کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات یارمەتیان بدات. ئەوان لایەن وابوو بە هۆی ئیسلامی بوونیانەوە، رژێمی تازە لە ئێران گرینگیان پێ دەدات. بەڵام هەر وەک پێشتر لە پێوەند لەگەڵ رەوتی موفتی زادە دا باسم کرد، خومەینی بە بۆنەی دەمارگرژی مەزهەبی شیعەوە ئامادە نەبوو لەگەڵ هیچ رەوتێکی سیاسی سوننی بسازێت. کاتێک کە بنەماڵەی نەقشبەندی لە پشتیوانی کۆماری ئیسلامی بێ هیوا بوون جوابی پێشنیارەکانی رژێمی بەعس عێراقیان دایەوە و رێکخراوێک بە ناوی سپای رزگاریان پێکهێنا. رژیمی بەعس دەرگای چەک و چۆلی بۆ کردنەوە. ئەم هێزە ببوو بە ناوەندێک بۆ کۆکردنەوەی جەریاناتی کۆنەپەرەست لە ناوچەکەدا. ورده ورده لە زۆربەی شار و دیهاتەکانی جنووبی کوردستان بنکەیان دانا. هاوکات حیزبی دیموکرات کەوتە پێوەندی گرتن لەگەڵیان و هەولی دەدا بۆ ئەوەیکە یان بیان کات بە هێزەێکی لایەنگری خۆی و یان لە ناو حیزبی دیموکراتدا بیانتوێنێتەوە.

## سوپای رزگاری پەیوەندی بە مام جەلالەوە دەکەن

بەڵام سپای رزگاری بۆ ئەوەیکە بتوانن جێگای خۆیان لە کوردستان بکەنەوە، دەستیان کرد بە ئاسایی کردنەوەی پێوەندیان لەگەڵ کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات و بە تایبەت کۆمەڵە، چۆنکە کۆمەلە لە ناوچەکەی ئەوان و بە گشتی لە جنووبی کردستان لە رووی نفوزی جەماوەرییەوە هێزی یەکەم بوو، هەولیان دا نەهێڵن هیچ چەشنە حەساسیەتێک لەم پێوەندییەدا پێک بێت. هەروەها هەر بۆ ئەو مەبەستە و بۆ زەمانەت کردنی مانەوەی خۆیان، پێوەندیان بە یکێتی نیشتمانی کوردستان و شەخسی مام جەلالیش کردبوو و داوایان کردبوو کە لە راهێنانی هێزەکەیاندا یارمەتیان بدات.

## سوپای رزگاری فێڵبازانە کاریان دەکرد

دیـارە رژیمی بەعسیش کە کێشەکەی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بەردەوام قووڵتر دەبۆوە و لە شەر نزیک دەبوونەوە، رەزایەتی دابوو کە ئەو پێوەندیە بەرقەرار بێت. پەیدا بوونی هێزێکی چەکدار لە سەر بناغەی شێخایەتی کە پێوەندی لەگەل رژێمی عێراقیش هەبێت، مەترسییەک بوو لە سەر ئێعتبار و جێگا و شوێنی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی کوردستان. دیار بوو کە ئەوان هەموو ئەو پێوەندییانەیان فێلبازانە هێنا بووە خزمەت جێگیر کردنی خۆیان. کۆمەلە نەیدەتوانی چاوپۆشی بکات لە سەرهەلدانی هێزێکی چەکداری کۆنەپەرەست کە هیچ چەشنە ئامانجێکی نەبوو و لە داهاتوودا دەیتوانی ببێت بە داردەستی هەر کام لە دەولەتەکانی ئێران و عێراق لە دژی خەباتی خەلکی کوردستان. یەکێتی نیشتمانی کادرێکی خۆی بە ناوی شەوکەتی حاجی موشیر ناردبوو بۆ لایان بۆ ئەوەی لە کاری رێکخستن دا یارمەتیان بدات.

## کۆمەڵە پلانی چەککردنی سوپای رزگاری دانا

کۆمەڵە لە کۆنفرانسێکدا کە لە شاری مەهاباد بەرێوەچوو و زۆربەی کادرەکان تێیدا بەشدار بوون، ئەم مەسەلەیەی هێنایە گۆرێ و لەوێ بە تێکرای دەنگ بریار درا کە پلانێک بۆ چەک کردنیان بە بێ خوێن رشتن دابرێژرێ. ئەم پلانە دارێژراو و سەرەتا لە ناوچەی مەریوان لە ماوەیەکی کەمتر لە ٢٤ کاتژمێردا سەرکردەکانیان دەستبەسەر کران و چەکدارەکانیشیان چەکەکانیان تەسلیم بە کۆمەڵە کرد. لە شاری سنە جەماوەری خەڵک لە بەر دەرگای بنکەکەیان کۆبوونەوە و بە هێمنی دەستیان بە سەر داگرت و کێشەکە بە ئارامی کۆتایی پێهات. ئەم رەوتە لە کامیارانیش هەر بەم شێوەیە بەرێوەچوو.

## حزبی دیموکرات و چریکی فیدائی دژی چەککردنی سوپای رزگاری بوون

بەڵام پاشماوەکانی رزگاری لە هێندێک لە ئاواییەکانی ناوچەی ژاوەرۆ دەستیان کرد بە موقاومەت و چەند تێکهەڵچوونێکی چەکدارانە روویدا. سەر کردەکانی رزگاری لە جنووبی کوردستانەوە، گواسترانەوە بۆ بۆکان و گفتوگۆ لە لایەن ئەندامانی بنەماڵەی نەقشبەندی و کۆمەڵە بە ناوبژیوانی دەفتەری ماموستا شێخ عیزەدین دەستی پێکردوو و دوای ماوەیەک سەرئەنجام هەموویان ئازاد کران و رێکخراوی رزگاریش بە تەواوی هەڵوەشایەوە.

حیزبی دیموکرات رەخنەی ئەوە بوو کە بۆچی وەها کارێکی گرینگ لە کۆبوونەوەی "هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کوردا" باسی لێنەکراوە و کۆمەڵە تاکرەوانە دەستی داوتە ئەو کارە. رەخنەی چریکی فیدایيەکانیش ئەوە بوو کە بۆچی پیش ئەوەی دەست

بدەینە جێبەجێ کردنی وەها پلانێک، لە ناو خەڵکدا روشنگەریمان نەکردوو و خەلکمان بۆ ئامادە نەکردووە. بۆچی ئەم پلانەمان وەکوو حەرەکتێکی رێکخراوەیی بەرێوبردووە و کەمپەینێکی جەماوەریمان بۆ نەخستووتە رێ. هەر وەگ دەبێنێن نە حیزبی دیموکرات و نە چریکی فیدایی هیچ کامیان دژ بە نەفسی کارەکە نەبوون. بەڵکوو کێشەیان ئەوە بوو کە بۆچی ئەوانیش بەشداری نەدراون. کۆمەڵە نەیدەویست کە کێشەی رزگاری لە جنووبی کوردستان بەرەو شەرێکی درێژماوەی ناوخۆیی هەڵبکشێت. لە هەمان کاتدا دەیزانێ کە ئەم دارودەستەیە ریشەێکی قوڵی کۆمەڵایەتیان نییە و ئەگەر پلانەکە بە رێک و پێکی بەرێوە بچێت، مەسەلەکە لە ماوەیەکی کۆرتدا کۆتایی پێ دێت.

## یەکێتی نیشتیمانی بەشێک لەچەکەکانی سوپای رزگاری بەردەکەوێت

مەسەلەی دانی چەک بە یەکێتی نیشتمانی پێوەندی بە چەک کردنی رزگاریەوە نەبوو. ئەم هاوکارییە دەمێک بوو لە هەر دووک لاوە دەکرا. هەڵبەت لەم جەریانەشدا برێک لەو چەک و چۆلانەی کە بەدست هاتبوون، دەستی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیشیان گرت.

## خومەینی، هەڵبژاردن رەتدەکاتەوە

**× لە یەکەمین هەڵبژاردنی مەجلیسی شواری ئیسلامی ئێراندا کۆمەڵەش بەشدار بوو. ئەم هەڵبژاردنە چوون بەرێوەچوو؟ ئەنجامەکانی چی بوو؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: لە سەرەتاوە تەنانەت ناوی پارلمانیش هێشتا وشەی ئیسلامی بە سەرەوە نەبوو. جگە لەوە، هێشتا کول و کۆی

شۆڕشگێڕانە دانەمرکابۆوەوە و شۆڕشی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی هەر بەردەوام بوو. لەو کاتەدا کۆمەڵە و زۆربەی ڕێکخراوە چەپەکانی ئێران بڕیاریان دا کە لە هەڵبژاردنی پارلمان دا بەشداری بکەن و نوێنەرانیان بنێرنە پارلمان. کۆمەڵە بۆ هەموو شوینەکانی کوردستان نوێنەری سەربەخۆی دیاری کرد و لە شاری مەهابادیش پشتیوانی لە نوێنەرانی ڕێکخراوی چریکە فیدائیەکان کرد. هەڵبژاردن بە ڕێک و پێکی لە ژێر چاوەدێری حیزبی سیاسیەکانی کوردستان دا بەڕێوە چوو. بەڵام هێشتا دەنگەکان بە تەواوی بە تایبەت لە ناوچەکانی جنوبی کوردستان نەخوێندرابوونەوە کە ڕژێم لە تاران هەڵبژاردنی لە جنوبی کوردستان هەڵوەشاندنەوە. بەرئاوردە سەرتاییەکان نیشانیان دەدا کە لە شارەکانی کامیاران، سنە، دیواندرە و مەریوان نوێنەرانی کۆمەڵە ئەکسەریەتیان بەدەستەوەیە. هەڵبەت لە مەریوان بە بۆنەی ئەوەیکە هێشتا دەنگی ژمارەیەک لە دێهاتەکان نەخوێندرابۆوە بە فاسیلەیەکی کەم نوێنەری حیزبی دیموکرات لە پێشەوە بوو. لە شارەکانی سەقز و بانە و بۆکان، حیزبی دیموکرات بە فاسیلەیەکی کەم لە پێش کۆمەڵە بوو. هەروەها لە مەهاباد و سەردەشت و پیرانشار و شنو، حیزبی دیموکرات بە فاسیلەیەکی زۆر لە پێشەوە بوو.

سەرجەمی هەڵبژاردن لە کوردستان لە لایەن خومەینیەوە ڕەت کرایەوە و تەنانەت هەڕەشەیان کرد کە ئەگەر ڕێگایان بکەویەتە تـاران، دەستگیر دەکرێن. هەڵوێستی خومەینی بەرامبەر بەم هەڵبژاردنە کە لە کەش و هەوایەکی دیموکراتیک دا بەڕێوە چووبوو، گومانی لەوەدا نەدەهێشتەوە کە ڕژیم تازە بە هیچ لەونێک ئامادە نیە هیچ مافێکی دیموکراتیک بۆ خەڵکی کوردستان بەرەسمی بناسێ.

# حزبی دیموکرات وەڵام بە کتێبی (٥) ساڵ لەگەڵ عەبدوڵڵای موهتەدی دەداتەوە

**بەشێک لە پرسیارەکانمان تایبەت دەکەین بەو ڕونکردنەوەیەی کەحیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەناوی "ڕونکردنەوەیەک لە پێوەندی لەگەڵ کتێبی – ٥ ساڵ لەگەڵ عەبدوڵڵا موهتەدی" لە ڕۆژنامەی کوردستان بە چەندین بەش و لە نامیلکەیەکدا ٩ سەرماوەزی ١٣٨٩– ٣٠ نۆڤەمبەری ٢٠١٠ بڵاوکردۆتەوە ئیبراهیم عەلیزادەی ئەو کتێبەی پێشووی عەبدوڵڵا مەهتەدیان داوەتەوە. کە دیارە بەشێکی زۆریشی تایبەت بە مێژووی کۆمەڵە.**

## من دژی دیموکرات قسەم نەکردوە بەبەڵگەوە قسەم کردوە

**×باشە بۆچی حیزبی دیموکرات هەرزوو وەڵامی ئەم کتێبەی کاک عەبدوڵڵایان دایەوە، لە حاڵێکدا پێشتر و دوو جار دیدار لەگەڵ تۆش کراوە بەهەمان شێوە و بە دوو جار بڵاوکراوەتەوە و سەبارەت بە حزبی دیموکراتیش هیچی وات کەمتر لە موهتەدی نەوتوە. بۆ جوابی تۆ نەدرایەوە؟ بۆچی بەو ڕەقیە و بەو پەلەیە جوابی موهتەدی درایەوە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: جارێ با پێشتر ئەوە روون کەمەوە کە من لە گفتوگۆکەمدا لەگەڵ ئێوە هەوڵم داوە لە کەش و هەوای دەورانی شەڕ دوور کەومەوە. لام وایە ئەو لێدوانانە پێویستە لە چوارچێوەی باسێکی مێژوویدا هەڵبسەنگێندرێن و نەک پرۆپاگەندەی دەورانی شەڕ. بە داخەوە نووسراوەکەی حیزبی دیموکرات ئەو سنوورەی بەزاندووە، شەڕی حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە یەکێک لە ڕووداوە گرینگەکانی ٣٠ ساڵی ڕابردوو لە کوردستانی ئێرانە و کاریگەری جیدی لە سەر ژیان و خەباتی خەڵکی کوردستان داناوە. تیشک خستنە سەر ئەو ڕووداوە پڕکارەساتەی کوردستانی ئێران و هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی

پێویسته ورد و به بەڵگە و بەرپرسیارانە بێت. بۆ ئەوە بێت کە دەرسی لێ وەربگیرێت بۆ داهاتوو.

## دیموکرات بەفەرهەنگی دەورانی شەڕ وەڵامی داوەتەوە

## وەڵامەکەی دیموکرات بە موهتەدی قسەکەی ناسیۆنالیستی هەردوکیانە

بڵاو کردنەوەی ئەو نامیلکەیەی حیزبی دیموکرات کە ئاماژەتان بۆ کرد، خۆی لە خۆیدا ئیرادێکی لە سەر نییە، نووسراوەیەک نووسراوە و هەر کەس دەتوانێت هەر قەزاوەتێکی لە سەر بکات. ئیرادێک کە هەیە لەوە دایە کە بە دانانی مۆری رەسمی حیزب لە سەر ئەو نووسراوەیە، حیزبی دیموکرات بە لای خۆیەوە دەرگای لە سەر هەر چەشنە لێکۆڵینەوەیەکی بابەتی و زانستی لە سەر ئەو رووداوەی مێژووی کۆمەڵگای کوردستان داخست. فەرهەنگێک کە لەو نووسراوەیەدا بە کار هاتووە هەر درێژەی فەرهەنگی دەورانی شەرە کە بە داخەوەی حیزبی دیمەکرات تا ئێستاش نەیتوانیوە خۆی لە داوی رزگار بکات. من نازانم چ شتێک هاندەری حیزبی دیموکرات بووە لە بڵاو کردنەوەی ئەو نامیلکەیەدا، بەڵام دەزانم کە حیزبی دیموکرات دەمێکە هەستی بەوە کردووە کە کاک عەبدوڵلا و حیزبەکەی ئەو چوونەتە ناو زەمینێەکەوە کە حیزبی دیموکرات وەکوو حیزبێکی ناسیونالیستی کورد، یاری تێدا دەکات. هەر دوولا وەکوو دوبالی یەک رەوت چاو لە یەک دەکەن و خۆیان بە رەقیبی یەکتر دەزانن. وا پێدەچێت لێدوانەکانی کاک عەبدوڵلا لەگەل ئێوە بۆ حیزبی دیموکرات بیانوێک بوبێت بۆ حیساب لێک دەرکردن لە کێشە سیاسیە هەنوکەییەکانیان دا.

بەڵام هەر چۆنێک بێت ئەم نووسراوەی حیزبی دیموکرات لایەنێکی ئیجابیشی هەبوو. ئەم وتارە بوو بە هۆی وروژاندنی باس لە سەر ڕووداوێکی گرینگی مێژووی کوردستان.

## نوسەری کتێبەکەی من و موهتەدی تەنها مەبەستی خزمەتکردن بوە

**×لە نامیلکەکەی دیموکراتدا هاتووە کە ئەم جۆرە کارانە دەبێتە شێواندنی مێژوو، زانیاری خەڵک ناباتە سەر و کەسایەتی نووسەر دەباتە ژێر پرسیار و گومان لە نووسێن و ئامانجەکانی ئەم نووسینە پێکدەهێنێت. لەمبارەیەوە نەزەری ئێوە چیە بە تایبەت سەبارەت بە نووسەر؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێوە لە پرسیارەکانتاندا هەوڵتان داوە کە بەرامبەرەکەتان ببەن بەرەو ئەوە کە کەمتر مەجالی ئەوەی هەبێت بە پارێزەوە و بە شێوەی دیپلۆماتانە قسە بکات، کە ئەوەش بۆ نوسەر کارێکی ئاساییە و هەلسەنگاندنی من ئەوەیە کە ئێوە مەبەستی خزمەت کردنتان بووە لە پێناوی ڕوونکردنەوەی گۆشەگەلێکی تاریکی مێژووی کوردستانی ئێران.

## منیش لەکاتی خۆیدا وەڵامی موهتەدی دەدەمەوە

**× لە نووسراوەکەی حیزبی دیموکرات دا هاتووە کە موهتەدی لە ناو کۆمەڵەدا دەیەوێت خۆی وەکوو خاوەنی سەرکەوتنەکان بزانێ و هەڵەکانەیش بخاتە ئەستۆی ڕەفیقەکانی(کە دیارە مەبەست ئێوەیە) بۆچوونتان چی یە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەگەر پێویست بێت من لە کاتی خۆیدا نەزەری خۆم لە سەر لێداوەانەکانی کاک عەبدۆڵلا سەبارەت بە

مێژووی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دەردەبرم. لە ئێستادا وام پێ باشە بە شێوەی مۆنۆلۆک باس لەوە مێژووپە بکەین، تا کاتێک کە مەجالی ئەوە دەرخسێت کە هەموو بەڵگە نامەکان بخرێنە روو.

## دیموکرات لە ئەوروپا و عێراق بوون و ئاگایان لەکوردستان نەبوو. هەربۆیە ئاگاداری مێژووی کۆمەڵەش نەبوون

**× دیموکرات رەخنە لەوە دەگرێت کە ئێوە و موهتەدیش مێژوویەکتان بۆ کۆمەڵە داتاشیوە کە ئەساسی نییە و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە کۆمەڵە ساڵی ١٣٤٨ دامەزراوە، بەڵام روونکردنەوەکەی دیموکرات دەڵێ ئێمە ساڵی ١٣٥٨ ناوی کۆمەڵەمان بیستووە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەوە کێشەی ئێمە نییە کە حیزبی دیموکرات ئاگاداری بوونی رێکخراوێک نیە کە هەر لە زەمانی شاوە بە دەیان تێکۆشەری دەکەوەنە زیندان، ئەشکەنجە دەکرێن و دەبن بە سەمبۆلی موقاوەمەت و ئەو خەبەری لێیان نەبووە. ئەو لێداوانەی حیزبی دیموکرات ئەو راستیە دەردەخات کە ئەوان لە ساڵهای ساڵ ژیانی دوورخراوەیی و نیشتەجێ بوون لەئوروپا و لە عێراق، چەندە بێ خەبەر بوون لەوەیکە لە ناخی وەڵاتەکەیاندا چ دەگوزەیت؟ تێنەگەیشتن لە واقعی گۆراوی کوردستان بوو کە ئەو حیزبەی بەرەو هەڵگیرساندنی شەری ناوخۆ برد. حیزبی دیموکرات ناوی کۆمەڵەی لە ٢٦ی رێبەندانی ١٣٥٧دا بیستووە، ئەو رۆژەی کە بەیانییەی گیان بەختکردنی کاک حەمە حوسێنی کەریمی لە سەدان هەزار بەرگدا هاوکات لە هەموو کوردستان بڵاو بۆوە. ئەو ناوە تازە بوو، بەڵام ئەو ناوەرۆکە ٩ ساڵ بوو دامەزرابوو بە جێ پەنجەی لە خەباتی خۆیندکارانی زانکۆکانی تەورێز و تاران، لە مانگرتنی کرێکارانی

"ئاسن تواندنەوەی" ئەسفەهان، لەخەباتی جوتیارانی دار سێراندا، لە ئەشکەنجەکاکانی رژێمی شادا و گەلێک بواری دیکەدا دیار بوو.

## (ژ.ک) رەبتی نیە بەکۆمەڵەوە و لە کۆمەلەی رەنجدەرانەوە نزیکترە

**× لە روونکرنەوەکەی حیزبی دیموکراتدا پرسیارێکی گرینگ دێتە پێش کە کۆمەڵە هیچ رەبتێکی بە ناوی کۆمەلەی ژێکافەوە نییە، وەکوو موهتەدی باسی دەکات بەڵکوو پێوەندی باشتری بە ناوی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانی عێراقەوە هەیە، دەڵێ "بێجگە لە ئاماژەکانی موهتەدی "دەتوانێ هۆکاری دیکەشی هەبێت". ئەو هۆکارەی دیکەش چی یە؟ یان مەبەستان ئەوەیە کۆمەڵەی عێراق دەستی لە دروست کردنی کۆمەڵەدا هەبووە دژی دیموکرات. ئایا نەزریان ئەوەیە یان شتێکی زۆر نەهێنیە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەوە راستە کە دیاری کردنی ناوی کۆمەڵە هیچ پێوەندیەکی بە کۆمەڵەی ژێکافەوە نییە. هەروەها ئەو ناوە لە رووی ناوی "کۆمەڵەی زەنجدەرانی کوردستانیش"ەوە دیاری نەکراوە. هەر چەند بە دوری نازانم کە ئەو کات ئەو هاورێیانەی ئەم ناوەیان دیاری کرد ناوی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانیشیان لە سەر زمان بوبێت. ئەگەر سەرنج بدەنە یەکەم بەیانییەک کە ناوی کۆمەڵەی تیدا دیاری کراوە، دەبینین کە چ لە فارسیەکەیدا و چ لە کوردیەکەیدا، لە هیچ کامیاندا ئاماژەیەکی راستەوخۆ بە ناوی کۆمەڵەوە نییە. کوردیەکەی نووسراوە: "کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمتکێشانی کوردستانی ئێران". هەر ئەو ناوە بە فارسیش بۆتە: "سازمانی انقلابی زحمتکشان کردستان ایران". دواجار بۆ ئەوەی ناچار نەبین هەمیشە ئەو ناوە دوور و درێژە دووبات کەینەوە، یەکەم وشەی ناوەکەمان کە بە کۆمەڵە دەستی

پێدەکرد، بۆ ئاسانکاری دیاری کرد. ئێمە نە لە رووی ڕێبازی سیاسیەوە، لە رووی بیروباوەرەوە، لە رووی مێژووی هەلسوران مانەوە، بە هیچ شێوەیەک ناچینەوە سەر کۆمەلی ژێکاف. ئەگەر کەسێک ئەمرۆ بە پێی مەسلەحەتی ئەورۆی خۆیەوە ئەو مێژوووە دادەتاشێ، دەبێت بزانێ ئاوەژوو کردنەوەی مێژوو و قەبلاندنی لەگەل بەرژەوەندی ئەمرۆ، زۆر بر ناکات.

**× روون کردنەوەکە دەڵێ کۆمەڵە لە هاوینی ١٣٥٨ (١٩٧٩ز) ناوی خۆیان نا" کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمتکێشانی کوردستانی ئێران" بە بیرو باوەری مائوئیستی، بە شێوەی پوپولیستی کاریان دەکرد، ئەو رەخنانەتان قەبووڵە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: نەخێر، ئێمە لەگەل ئەوەشدا کە بۆ دەوریەک زۆر لە ژێر کاریگەری ئەزمونەکانی شۆرشی چین دابووین، بەلام هەرگیز خۆمان وەکوو مائوئیست پێناسە نەکردووە. ئەگەر کەسێک بیەوێەت مێژووی گۆرانکاری فیکری_نەزەری کۆمەڵە هەلبسەنگێنێت، نامەربوتترین سەرچاوە دەتوانێت لێدوانەکانی حیزبی دیموکرات لە سەر کۆمەڵە بێت.

## دیموکرات شورا براوەکانی بەرەسمی نەدەناسی

**حیزبی دیموکرات دەڵێ کۆمەڵە لەو شوێنانەی لایەنگرانی خۆیان بۆ شوراکان دەرنەچونایە کێشەیان دروست دەکرد، بۆچی واتان دەکرد؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەم ئیدیعایە وەکوو گەلێک لە ئیدیعاکانی دیکە وا نییە. بۆ نمونە لە ناو ١١ کەسەکەی هەلبژیردراوی شورای شاری سنەدا لایەنگرانی کۆمەڵە کەمایەتی بوون و لەگەل ئەوەشدا کە رێبەرایەتی حەرەکەی خەلک بە تەواوی بە دەست کۆمەڵەوە بوو، ئاکامەکانی ئەم هەلبژاردنەی قەبوول کرد

لە دێهاتی کوردستان ڕێک بە پێچەوانە بوو و حیزبی دیموکرات لە هەر شوێنێک دەسەڵاتی بوایە نەک هەر شوراکانی کە لە ژێر چاوەدێری کۆمەڵەدا پێک هاتبوون هەڵیدەوەشاندنەوە بەڵکوو تەنانەت هەڕەشەی لە ئەندامەکانی ئەو شورایانەش دەکرد و تەنانەت جار و بار ئازاریشی دەدەان.

## ڕونکردنەوەکەی دیموکرات ڕێک پێچەوانەکەی ڕاستە و شەڕ دیموکرات هەڵیگیرساند

**× دیموکرات بە بەڵگە و سەنەدەوە دەڵێ یەکەم شەڕ لە نێوان کۆمەڵە و دیموکرات لە ڕۆژ ١٣٥٩/٢/١٢ لە ناوچەی سەردەشت، کۆمەڵە، هەڵگیرساند و پێشمەرگەیەکی دیموکرات شەهید دەکەن و دووهەم تێکهەڵچوونیش لە (١٣٦٠/٦/١) (١٩٨١ز) ڕوویدا و دوو پێشمەرگەی دیموکرات شەهید دەبن، ئەم شەڕە بە ناوبژیوانی چریکی فیدایی کۆتایی پێدێت.**

**ئەمانە بەڵگەن کەئێوە وەک کۆمەڵە دەست پێشکەری شەڕ لەگەڵ دیموکرات بوون، ڕاتان چیە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: یەکەم، حیزبی دیموکرات بەڵگە و سەندێکی لەم بابەتەوە نەهێناوەتە گۆڕێ و تەنیا کۆمەڵێک ئیدیعای کردووە کە لە جێگای خۆیان نین.

دووهـــەم، یەکەم جار ئـــەوە حیزبی دیموکرات بوو کە پێشمەرگەی کۆمەڵە "مام برایمی قۆزلوی" لە ڕێکەوتی ٢٦ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٦٣ هەتاوی لە ئاواییەکەی خۆیان لە کاتێکدا کە بۆ سەر دانی بنەماڵەکەی چووبۆوە شەهید کرد.

سێهەم،چۆنیەتی هەڵگیرسانی شەڕەکەی ناوچەی سەردەشت لە ئاوایی بەردە سوور بە پێی بەڵگەی حاشاهەڵنەگر ڕێک بە پێچەوانەی نامیلکەکەی حیزبی دیموکراتە. با بزانین کادری بەرپرسی ئەوکاتی کومیتەی شارستانی سەردەشت کاک سەعید

کۆێستانی بە هۆی ئەرکی وێژدانیەوە دوای ساڵها چلۆن باسی رووداوی شەرەکەی ناوچەی سەردەشت دەکات. بەرە بەرە ئەوانی دیکەشت بە بەلگەوە بۆ روون دەکەمەوە. کاک سەعید لە کتیبی "ئاورێک"دا لە لاپەرەکانی ٢٣٦ و ٢٣٧ و ٢٣٨ رووداوەکە بەم چەشنەی خوارەوە دەگەڕێنیتەوە.:

## پەلاماری پێشمەرگەی کۆمەڵە دەدرێ

## "شەڕی کۆمەڵە و هێزی شەهید موعینی"

**مەلا حەسەن شیوەسەڵی فەرماندەی هێزی شەهید موعینی ئوئوماتیک ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی بوو. فەقێ رەسول وەک جێگری هێز کاری دەرکرد و کاروبارەکانی هێزی بەرێوە دەبردن. ساردی و سری نێوان پێشمەرگەی حیزب و کۆمەڵە، وەک شتێکی سروشتی لێهاتبوو. هەرکاتێ فەرماندە هێز، یان بەرپرسێکی پێشمەرگە کەمێک خۆی شل کردبا، هەڵلا و کێشەیان پێک دێنا. گەلێک جار سەردەستە و سەرپەل گلەییان هەبوو کە بۆ دەبێ کۆمەڵە گومرک وەرگرێ؟! ئەندامانی کۆمیتەی شارستان بۆیان رون بوو کە دەیانگوت: مەسەلەی گومرک و حاوانەوە لەگەل کۆمەلە بەستراونەتەوە بەبریاری بەرێوەبەری حیزب بە تایبەتی دەفتەری سیاسی بەرپرسی ئەو ریزەکارانەیە. تکایە ئێوە کاروباری پێشمەرگایەتی خۆتان بکەن و فوو لەئاور مەکەن. ئەو پێشمەرگەی بەو ئاکامە گەیاندبوو کە کۆمیتەی شارستان، نە پێی خۆشە و نە بەباشی دەزانێ، نەدەتوانێ قەرار بدات شەر لەگەل کۆمەڵە بکرێت.**

**دەرکەوت کە هاوینی ١٩٨٣ بە پلانی کێشە و تێک هەڵچونی پێشمەرگەی حیزب و پێشمەرگەی بنکەی کۆمەلە لە بەردەسوور ، لە بنکەی هێزرا نەخشەی کێشراوە، کە چەند پێشمەرگەیەک**

له گوندی دیوالآن را بچنەسەر بنکەی کۆمەڵە و چەکیان بکەن. دیار بوو بڕوایان وا بووە کە بەهاسانی چەک دەکرێن و بێ خوێن ڕشتن لەو ناوچەیان دەردەکەن. بیریان لەوە نەکردبۆوە کە دەرگیری دوو دەستەی چەکداری دژ بەیەک هەر وا بەهاسانی ناکرێ ونابی و کارێکی ساکار نییە.

بەداخەوە چوار پێنج کەس لەهەردوک لا لە سەر هیچ و خۆڕایی کوژران و بنەماڵە و کەس و کاریان داخدار و پەرۆش ورەشپۆش بوون.

ئێمە لە کۆمیتەی شارستان بێ خەبەر دانیشتبووین و ئاگامان لەو کەین و بەینە نەبوو. هەواڵیان هێنا حیزب و کۆمەڵە پێکەوە دەرگیر بوونە و شەهید و بریندارێ لە هەر دووک لایەن هەیە. هەواڵیان دا پێشمەرگەیەکی کۆمەڵەیان بە برینداری گەیاندۆتە ڕێکخراوی مەزاریە. میرزا خدر کە بەرپرسی کۆمەلایەتی بوو، بۆ خۆشی کاری دەرمانی دەکرد، بەپەلە مەئموریەتی درایە خۆی بگەیەنێتە ئەو پێشمەرگەیە، بۆئەوەی هەرچی زووتر بەرێ بکرێ بۆ قەلادزێ و بەو برینە نەمرێ.

دوایی کوتیان شەش پێشمەرگەی کۆمەڵەیان گرتوون و لەبنکەی لک لەگوندی بوبانە ڕاگیراون. لەگەڵ دووسێ برادەر، بۆئەوەی بەلاو نارەحەتیان بەسەر نەیە، بەپەلە خۆم گەیاندنێ. کاتێک چووم لە خانوێکیان کردبوون و تۆزوخۆڵێکی زۆریان لێ نیشتبوو. ئێستاش نەم زانی لێیان داون یان نا. دەرگایان لە سەر داخستبوون و ئەوانیش زۆر بەکزی و بەنیگەرانی دانیشتبوون. چوومە ژوورو لە نێوانیان دانیشتم و هەواڵم پرسین. دوای شیکردنەوەی هێندێک ڕووداوی تری حیزب و کۆمەڵە و هەروەها دژایەتی لەگەڵ یەکتر و نارەوا بوونی ئەو کارەساتە، پەرۆشی خۆم دەربری. وەک بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت داوای لێبوردنم لێکردن و کوتم: بەداخەوە نەمزانیوە پێش بەو ڕووداوە دڵتەزێنە بگرم، نەهێڵم دوژمن پێمان خۆش بێ. دەکرێ

بڵێم هێندێک هاتنەوە سەر حاڵ و بۆیان روون بۆوە کە ناکوژرێن و ئازاد دەبن. هاتوچۆیان ئازاد کرا و دەرگایان لێ دانەخراوە. بەداخەوە نێوی پێشمەرگەکان نازانم لێرەدا نێویان بینم. من تا ئەو کات نەمدەزانی ئەو شەڕە چۆن بووە و چۆن پێک هاتووە. بۆ سبەینێ کاک حەسەن شیوەسەلی واتە فەرماندەی هێزی موعینی هات و پاکانەیەکی زۆری بۆخۆی کرد و وتی: ئاگاداری ئەو پێ هەڵپرژانە نەبووە.

دوای دوو سێ رۆژان سێ کەس بە نێوی هەیئەتی لێکۆڵینەوە هاتن.

مەلا محەممەد غەفوری لە لایەن کۆمەڵەوە،(نووسەر لێرەدا تووشی هەڵە بووە، مەلا محەممەدی غەفوریش هەر ئەندامانی دەفتەری مامۆستا بوو) مەلاحەسەنی نەزهەت زادە، لەلایەن دەفتەری مامۆستاوە و حوسێنی مەدەنی لە لایەن دەفتەری سیاسی حیزبەوە خۆیان پێناساندین کەیارمەتیان بدەین بۆ ئەوەی بتوانن لێکۆڵینەوەی خۆیان لە چەند رۆژێکدا لە سەر ئەو رووداوە بکەن. کۆری لێکۆڵینەوە چاویان لە ئێمە ئەندامانی کۆمیتەی شارستان بوو، شتیان بۆ روون بکەینەوە و پێیان بڵێین چۆن بووە و کێ لەو نێوەدا دەست پێخشەر بووە و تاوان لە کاملایە؟

ئەوەی راستی بێ ئێمە لە سەرەتای هاتنی ئەو کۆرەدا نەمان دەزانی دەست پێخشەر کێ بووە و ئەو تێک هەڵچوونە لە سەر چ بووە؟ دوای ئەوەی کەوتینە پرسیار و پێشمەرگەکانمان دواند هەموو شتێکیان بۆگێرامەوە.

لەلایەکی دیکەشەوە نەدەکرا ئەوەی راستەقینەیە لەگەڵ ئەو کۆرەی بێنینە گۆرێ.

ئێمە دەبوایە نەخشی ئاشت بوونەوە رێک کەوتن بگێرین و ئەوان رازی بکەین کەنەزانی و ئێحساسات پێشمەگەکانی تۆشی ئەو رووداوە دڵتەزێنە کردوە.

من وەک کەسێکی کە هەست بەلێ پرسراوی بکات، بەدوورو

درێژی لەگەڵ کاک حۆسێنی مەدەنی نوێنەری حیزبدا قسەم کرد و باسی رووداوەکەم بۆگێڕاوە. هەروەها ڕاستی کارەساتم بە نامە بۆ دەفتەری سیاسی نووسی و بە کاک حۆسێنی مەدەنی دا بۆم ناردن و روونم کردنەوە کە ئەو نەخشەیە لە کوێ ڕا کێشاوە و تاوانی ئەو پلانە دەگەڕێتەوە سەر کێ و کۆمەڵە دەست پێخشەر نەبووە.

نوێنەرانی کۆری لێکۆڵینەوە، کاتێک لەو بارەوە هیچ شتێکیان بۆ روون نەبووە و ڕاستەقینەکانیان بۆ دەر نەکەوت، هەروا بەناروونی کۆمیتەی شارستانی سەردەشتیان بە جێهێشت و ڕۆیشتنەوە."

## عەبدوڵڵا حەسەن زادەش، کەوتۆتە هەڵەوە

ئەوە دەقی نوسراوەکەی بەرێز کاک حەسەن کوێستانیە و لاپەرەکانی کتێبەکەشی وا لەبەر دەستتان دایە.

سەبارەت بە شەرەکەی ناوچەی هەورامان چ لە نامیلکەی حیزبی دیموکرات و هەروەها لە کتێبی بیرەوەریەکانی "عەبدوڵڵای حەسەن زادە"شدا بە ئانقەست ئەو رووداوانەی کە بوون بە هۆی هێرشی کۆمەڵە بۆ سەر هێزەکانی حیزبی دیموکرات لە هەورامان لەبیر دەبەنەوە. رووداوەکە بە کورتی بەم شێوەیە بوو:

رۆژی ٢٥ی مانگی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٦٣ هێزەکانی حیزبی دیموکرات لە هەورامان کە بە دانانی مەقەری کۆمەڵە لەم ناوچەیە سەخڵەت بوون، هێرش دەبەنە سەر مەقەری کۆمەڵە و لەم هێرشەدا ٣ پێشمەرگەی کۆمەڵە گیانیان بەخت دەکەن. هەر لەو هێرشەدا ١٠ پێشمەرگەی کۆمەڵەش بەدیلی و برینداری دەکەونە دەست هێزەکانی حیزبی دیمەکرات. دوو کەسیان لە ناو چادەرەکانیان دا هەر لەوەی شەهید دەکەن و ٨ کەسیان بە دەست بەسراوی لە ژێر پردێکدا ئێعدام دەکەن و بە کۆمەل دیانخەنە ژێر خاکەوە. بە دوای ئەو رووداوەدا کۆمیتەی ناوەندی

کۆمەڵە و دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات له ڕێکەوتی ٢٧ی مانگی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٦٣ کۆبوونەوەی هاوبەش دەکەن و ئاگر بەس ڕادەگەیەنن. حەوتوویێک دواتر له ڕۆژی چواری سەرماوەزی ساڵی ١٣٦٣ له کۆبوونەوەیەکی دیکەدا هەر دوولا ڕێک دەکەون کە کۆمیسیونێک بۆ لێکۆڵینەوە بۆ ڕووداوەکە پێک بێنن. لە هەر دوو کۆبوونەوەکەدا کۆمەڵە پێشنیارێکی مەنتەقی و عادڵانە دەهێنێتە گۆڕێ. ئەویش ئەوە بوو کە ئەم ڕووداوە له لایەن حیزبی دیموکراتەوە مەحکوم بکرێت و تاوانبارانی بناسێندرێن و له لایەن حیزبەوە سزا بدرێن. هەر ئەو کاتێش تەئکیدمان کرد کە ئەگەر سەرکردایەتی حیزبی دیموکرات ئەو ڕێگایە نەگرێتە بەر، ئێمە مافی ئەوە بۆ خۆمان بەرەسمی دەناسێن کە وەڵامی ئەم دەستدرێژییە بدەینەوە. دوای زیاتر لە دوو مانگ کۆبوونەوە و پێکهێنانی هەیئەتی تەحقیق، هیچ نیشانەیەک دەرنەکەوت لەوەیکە دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات بێهەوێت ڕێگا چارەیێکی سیاسی هەڵبژێریت.

## مام جەلال ناوبژیوانی شەری دیموکرات و کۆمەڵە دەکات

بەڵام با لێرەشدا بچێنە لای سەچاوەیەکی دیکە و شاهیدێکی دیکەی زیندووی ئەم ڕووداوانە کە یەکێتی نیشتمانی کوردوستانە. "کاک برایم جەلال" کادری یەکێتی نیشتمانی ئەندامی سەرکردایەتی لە لاپەرەی ٤٣٩ی کتێبی بیرەوەریەکانیدا ئەم ڕووداوە بەم شێوەیە باس دەکات و هەڵەیێکیشی تێدایە کە لەوانەیە هەڵەیێکی تکنیکی بێت. نووسراوەکەی کاک برایم جەلال لە ژێر سەردێری: ناوبژی کردن و پیاو خراپ دەرچوون، ئاوا دەڵێت:

"دوا دواییەکانی دانوستاندن لەگەڵ ڕژێم بوو، ڕۆژێک "مام

جەلال" ناردی بە دوامدا پێی وتم:(حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە لە هەورامان لە یەکیان داوە و ژمارەیەکی زۆری کۆمەڵە کوژراون. کۆمەڵەش دەیەوێ تۆڵە بکاتەوە و ئێمە کەوتووینەتە ناو بژیوان. داوامان لە هەر دوو لایان کردوو کە لێژنەیەکی سێ قۆڵی، حیزبی دیموکرات و کۆمەڵەی زەحمتکێشان و یەکێتی پێکبێنێن بۆ لێکۆڵینەوە. هەر لایەک خەتابار بوو لە سەر راپۆرتی نوێنەرەکانی یەکێتی ئەو لا پۆزش بهێننەوە و داوای لێبوردن بکەن و قەرەبووی بێ خەتا بکەنەوە و محاسەبەی خەتابارەکانیش بکەن. لای ئێمەوە تو و جەمیل هەورامیمان داناوە لە بەر ئەوە تۆ شارەزای لێکۆڵینەوەی و جەمیل هەورامیش خەڵکی ناوچەکەیە و شارەزایە بە لەهجەی هەورامی.

ئێمە هەندێ زانیاری سەرەتاییمان لە سەر رووداوەکە لە مام جەلال وەرگرت، کە هەر دوو لا دابویانێ. لە ناوەراستی مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٨٤ من و جەمیل هەورامی لەگەل نوێنەرەکانی حیزبی دیموکرات، مستەفای شەلماشی، برای مەلا ئاوارە و ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی دیموکرات و مامۆستا گۆران یاسا ناس و ئەندامی پێشکەوتووی حیزبی دیموکرات لە لاندکرۆزەرێکی ئەوان لە گاپیلۆنەوە بەرەو سلێمانی و هەڵەبجە و تەوێڵە و پاشان بە لارێدا بەرەو شوشمەی خوارو رۆیشتین. ئەو کاتە شەری قۆرسی نێوان ئێران و عێراق بوو. بە فرۆکە و شەرە توپ لەیەکتریان دەدا. شوێنی لێکۆڵێنەوە مەیدانییەکەش کەوتبووە نێوان رەبایەکانی عێراقی و ئێرانی لە شوشمەی خوارو و سەرو و نەوسو. نوێنەرەکانی کۆمەڵە (فاروق بابامیری و فاتیح شێخ اسلامی) دوو رۆژ دوای ئێمە گەیشتن و لە شوشمە یەکمان گرتەوە. ئەمانیش ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە و یاسا ناس و ئەندامی پێشکەوتووی کۆمەڵە بوون. لە رۆژی (١٩٨٣/١٢/١٧) دەستمان بە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی چروپر کرد. سەرەتا کەوتینە لێکۆڵێنەوە لە دانیشتووانی دێکان، بێ بەشداری کردنی نوێنەری

دیموکرات و کۆمەڵە، هەر چیەکمان لێ وەردەگرتن لە تەسجیلی کاسێتی بچوک تەسجێلمان دەکرد و خاڵە گرینگەکانیشمان دەنووسیەوە. ئەو پرسیارانەمان لە خەڵک دەکرد.

–ئەم شەرە کەی روویدا؟

–لە کوێ روویدا؟

–شەو یان رۆژ روویدا؟ لە چ کاتێکی شەو یان رۆژ بوو؟

–کێ دەستپێشخەر بوو؟

–چەند کەس کوژران؟ چەند ژن چەند پیاو؟ تەرمەکانیان لە کوێن؟ لە کام لا زیاتر کوژراون؟ ناوی کوژراوەکان؟ چۆنتان بێنی بە درێژی باسی شەرەکە بکەن؟

کاک جەمیل چونکە هەورامی دەزانی و بە هەورامی ئاخاوتنی لەگەڵ دەکردن زیاتر ئەو لەگەڵیان دەدوا، من پرسیارەکانم دەکرد ئەویش بەهەورامی دەیوتەوە. شێوەی دووهەمی لێکۆڵینەوەکەمان هەولمان دەدا لە شەودا بیکەین، بۆ ئەوەی پاش لێکۆڵینەوە بتوانێن ئیستیفادە لە تاریکی شەو بکەین بۆ گوێ هەڵخستن لە دەرەوە لە پەنای دیوار وپەنجەرەکانیان، کە زۆر سوودمان لەو شێوەیە وەرگرت، چۆنکە خەڵکەکە لە هەر دوولا دەترسان، بە تایبەتی لە حیزبی دیموکرات و فەرماندەی هێزی شاهۆیان حەکیمی رەزایی کە زۆر توند و بێ بەزەیی بوو، بۆیە لە ژوورەوە زۆر شتیان نەدەدا بە دەستەوە، بەڵام دوای چوونە دەرەوەمان لە ناو خۆیاندا دەیانکرد بەقرە لە نێوانیدا راستیەکانمان بۆ دەرکەوت.

بۆ نمونە: پاش ۱۰ رۆژ لێکولێنەوە و هەوڵدان بۆ زانینی شوێنی مەیتە کوژراوەکانی کۆمەلە، هیچ سوراغێکمان دەست نەکەوت، تا لە رۆژی (۱۹۸٤/۱۲/۲۹) شەو خۆمان کردە ماڵێکدا. ماڵەکە دوو کۆریان هەبوو یەکێان سەر بە دیموکرات بوو و ئەوی تریشیان سەر بە کۆمەلە بوو، برا بچوکە کە سەر بە کۆمەلە بوو، ئەیویست شتمان بۆ روونکاتەوە، بەڵام هەم باوکی و هەم برا گەورەکەی چاویان لێ بز ئەکردەوە و نەیدەوریا هیچ بڵێ، کە رۆیشتینە

دەرەوە پاش تۆزێ گەراینەوە و بەر پەنجەرەکەیان گوێمان لە شەریان بوو، کورە بچوکە دەیووت: وەڵلا سا دەچم دیاندۆزمەوە و پێیان ئەڵێم کە شوێنی مەیتەکان وا لەو بەر پردەکەی ئاواییەوە لە سەر جادەکە لە گردەکەی بەری رۆژەوە. ئەوانیش هەرشیان لێدەکرد. ئێمە رۆیشتین، ئەم زانیارییە بۆ ئێمە زۆر بوو.

بۆ بەیانی ئاگاداری نوێنەرەکانی دیموکرات و کۆمەڵەمان کرد کە لەگەڵمان بێن و لەخەڵکمان پرسی و دوای پردەکە و گردەکەی بە رۆژە کامەیە، تا سەر پردەکە یەک و دووانی هاتن و ئاماژەیەیان بۆ شوێنەکە کرد، بەلام پێیان وتین: کە لە پردەکە بەو بەرەوە هەمووی بە ئەلغام چێنراوە. من رۆیشتم بەرەو کەندەکە کە روانیم لە پاڵیا شوێن هەڵتۆقیوێک دیارە، بانگی برادەرانم کرد کە بێن ئەو گلە هەڵدینەوە، نوێنەری حیزبی دیموکرات ووتیان: ئەلغام رێژ کراوە، دوای هەڵدانەوەی دەرکەوت هەموو کوژراوەکان بە جلەکانیانەوە خراونەتە یەک چاڵەوە و جلەکانیشیان هەموو شوێن گوللەیە و هەمووشیان بە دەست بەستراوی لە پشتەوە لێیان درابوو، بۆمان دەرکەوت هەموویان کۆمەڵە بوون و لە ئەنجامەکەش دەرکەوت کە پێش کوشتنی ئەوان کە کۆمەڵە بوون لە شوێنێکی تر کۆمەڵەکان سێ دیموکراتیان کوشتووە ئەم مەفرەزەیەی کۆمەڵە ئاگایان لە هیچ نەبووە.(لە پەراوێزی بیرەوەریەکانی کاک برایم جەلال دا پێویستە ئەوە بڵێین کە ئەو سێ کەسە لە کاتی دەستکردنەوەی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە دوای ئەوەی هێزەکەی حیزبی دیموکرات تەقەی لێکردبوون و شەرەکەیان دەست پێکردبوو کوژرابوون).

لە نەوسوود هێزێکی شاهۆ بە فەرماندەیی حەکیمی رەزایی چوونەتە سەریان بۆ مزگەوت و لە مزگەوتەکە چەکیان کردوون و بەدەست بەسراویی و دیلی دەریان هێناون و بردویانن بۆ پەنا گردە براوەکە و هەر ٨ تیان کە ٣یان ژن بوون لە پشتەوە گوللە بارانیان کردون. ئەو زانیاریانەمان لە خەڵکی نەوسوود، پاش

دوزینەوەی تەرمەکان وەرگرت. لێکۆڵینەوە تا (١٩٨٥/١/١٠)ی خایاند. دانوستاندن نەما بوو، من و جەمیل کە گەراینەوە دابەش بووین، من لەگەڵ نوێنەرەکانی حیزبی دیموکرات و بەسەیارەکەی ئەوان و جەمیلیش لەگەڵ نوێنەرانی کۆمەڵە و بەسەیارەکەی ئەوان گەراینەوە دۆڵی جافەتی، لەگەڵ کاک جەمیل پێکەوە لە سەر رۆشنایی زانیاریەکان و لێکەولێنەوەکەمان راپۆرتێکی تێرۆتەسەرمان دا بە مام جەلال و لە کۆتایی راپۆرتەکەشمان هوشداریەکمان نووسی بوو، کە ئەگەر حیزبی دیموکرات حەکیمی رەزایی و ئەو پێشمەرکانەی بانگ نەکا و سزایان نەدا دان بەهەلەی پێشمەرگەکانی خۆیان دا نەنێ، لە ماوەیەکی کەمدا گەورەترین کارەسات و شەری ناوخۆیان دروست دەبێت.

ئەو کاتە د.عبدالرحمن قاسملو لە ئەوروپا بـوو، مەلا عەبدوڵلای حەیاکی جێگیری بوو، مەلاعەبدوڵلا بە لێکۆڵینەوەکە قایل نەببوو. وتبووی:" ئەم لێکۆڵینەوەیە عادلانە، نییە، چۆنکە دەستی برایمی پێوەدیارە، کە خۆی کۆمەڵەی عێراقە و دۆستی نزیکی کۆمەڵەی ئێرانە".

سەرانی کۆمەڵەش گلەییان لای مام جەلال کردبوو، گوایە ئێمە (من و جەمیل) غەدرمان لێکردوون و مافی تەواوی خۆیمان نەداوە بە لێکۆڵینەوەکە. سەرئەنجام نە حیزبی دیموکرات سزای بکوژەکانی خۆیدا و نە کۆمەڵەش دەستی لە تۆڵە کردنەوەی کوژراوەکانی هەڵگرت و بۆیە بڵێسەی هەڵگیرسانی شەری گەورەی نێوانیان کە تا چەند ساڵێک درێژەی کێشا."

کاتێک کە حیزبی دیموکرات بە هیچ لەونێک ئامادە نەبوو هیچ هەلوێستێکی سیاسی لە سەر ئەو رووداوە بگرێ و بەم جۆرە هیچ سنورێک بۆ سەر پەلامار بردنی لێرە و لەوێ بۆ سەر هێزەکانی کۆمەلە دابنێ ، کۆمەلە هەروەک بەرەسمی رایگەیاندبوو مافی تۆلە سەندنەوەی بۆ خۆی دانابوو لە ناوچەی هەورامان هێرشی کردە سەر هێزەکانی حیزبی دیموکرات و حیزبی دیموکراتیش شەرێکی

سەراسەری لە دژی کۆمەلە راگەیاند. ئیستا ئەو ئەندامانەی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات کە لە ژیاندا ماون ئەگەر بەرپرسیارانە هەلسوکەوت بکەن دەتوانن شاهیدی ئەوە بدەن کە ماوەیەک پێش هەڵگیرسانی شەرەکانی هەورامان چلۆن لە سەر پێداگری دوکتۆر قاسملۆ بریاری بەریەوە بردنی شەرێکی سەراسەری لە دژی کۆمەڵە لە پلێنومی حیزبی دیموکرات دا دراوە و من خۆم ئەو شاهیدیەم کە بەرێز کاک تاهیری عەلیار ئەندامی ئەو کاتی کومیتەی ناوەندی حیزب بیستوە.

## شەرمەزاریە هەرکەس شەری دیموکرات و کۆمەڵە بخاتە ملی مەنسوری حیکمت

***روونکردنەوەکەی دیموکرات دەڵێ، پاش ئەوەی لە ساڵی (١٩٨٣ز) لەگوندی "مێشکەپە"ی ئالانی سەردەشت حیزبی کۆمۆنیستان دروست کرد، مەنسووری حیکمەت کە بیروباوەرەکەی دژی کورد بوو، دەستی بە سەر چارە نووسی کۆمەڵەدا گرت. ئەو هەستی نەتەوەیی کە لە مێشکی هێندیک لە ئەندامانی کۆمەڵە دابوو سرییەوە و ئەو بۆچوونانەش هی حیکمەت – موهتەدی بوون کە بووە هۆی توند کردنی کێشەکانی حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە. ئایا ئێوەش موافقی ئەم بۆچوونە هەن؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: پێش هەموو شتێک پێویستە ئەو بڵێم کە مەنسووری حیکمەت هەرگیز هەڵوێستێکی توندرەوانەی بەرامبەر بە حیزبی دیموکرات نەبووە. هەڵوێستی ئەو کاتی کۆمەڵە لەگەڵ هەڵوێستی مەنسووری حیکمەت وەکوو یەک وابوو. گەلێک بەڵگەنامە هەیە کە چەند نمونەیەکیتان پێ دەدەم بۆ ئەوەی راستی ئەو مەسەلەیە روون بێتەوە. ئەگەر کەسانێک ئەمرۆکە بە پێی بەرژەوەندی ئەمرۆیان هەڵگیرسانی شەری کۆمەڵە و دیموکرات دەدەنە پاڵ مەنسووری حیکمەت، تەنیا شەرمەزاری مێژوو بۆ خۆیان دەکرن نەک هیچی تر.

ئەوەی لێردا تا ئێستا باس کرا بیرەوەری کاک برایم جەلال کادری یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو. بەڵام ئێستا جێگای خویەتی کە دەقی راپۆرتی ئەو کاتی رووداوەکە کە بە شێوەی مەیدانی کراوە و لە لایەن نوێنەرانی کۆمەڵە لە هەیئەتی هاوبەشی تەحقیق لە سەر کارەساتی هەورامان ئیمزا کراوە بۆ ئاگاداری خۆینەرانی گفتوگوکەمان بلاو کەینەوە:

"ئێمە نوێنەرانی کۆمەڵە دەقی نەتیجە گیری خۆمان تەسلیم بە نوێنەرانی یەکێتی نیشتمانی کرد و هەروەها راپۆرتێک کە نوێنەرانی یەکێتی لە چونیەتی رووداوی هەورامان بۆ هەیئەتی تەحقیقیان خۆیندەوە لای ئێمە مەوجودە. ئێمە وەکوو نوێنەرانی کۆمەڵە ئەو ئەرکەمان لە سەر شان بوو کە تێبکۆشین چونیەتی کارەساتی هەورامان هەر چی زۆرتر بۆ خەڵکی کوردستان و بۆ خەڵکی ئێران روون بێتەوە: بەلام ئێستاش کە ئێستایە نوێنەرانی حیزبی دیموکرات بە هەیئەتی تەحقیقیان نەگوت کە رووداوەکانی ٢٥ی خەزەلوەری هەورامان لە نەزەر ئەوەانەوە چلۆن بووە.

بەم بۆنەوە ئێمە لێردا کورتەیەک لە نەتیجە گیریەکی خۆمان بە ئاگاداری خەلک تێکۆشەری کوردستان دەگەیێنین:

١-بەرەبەیانی رۆژی ٢٥ خەزەلوەر بەپنی ساعەتی ٦ تا ٦ و نیو ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بۆ بەرێ کردنی چەند خانوادە کە لە نەوسوودەوە دەچوون بۆ پاوە، لە شاری نەوسوود وەدەر دەکەون لە شوێنک بە ناوی"قەلوەز" لە ٧٠٠ میتری رۆژهەلاتی نەوسوود، پێشمەرەگەکانی حیزبی دیموکرات کە پێشتر لەم شوێنە دامەزرابوون سەرەرێ بە پێشمەرگەکانی کۆمەلە دەگرن و بە بیانووی پشکنینی کەل و پەلی خانوادەکان هەول دەدەن جەوێکی ئالوز بخولقێنن تا پێشمەرگەکانی کۆمەلە وادار بە تێکهەلچوون بکەن، بەلام کاتێک ئەوەیان پێناکرێ راستەوخۆ تەقە لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە دەکەن.

٢-دەستبەجێ پاش تەقەی قەلوەز پێشمەرگەکانی حیزبی

دیموکرات بە ئارپی جی و چەکی تر هێرش دەبەنە سەر مەقەری کۆمەڵە لە نەوسوود کە لە ئەنجامدا یەکێک لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بە ناوی ئیدریس محەممەدی شەهید دەبێت و یەکێان بریندار دەبێت و چوار کەسیشیان بەدیل دەگیرێن. مەقەرەکەی کۆمەڵەش لەلایەن پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتەوە دەگیرێ و کەل وپەلەکەی دەبەن. لەم جەریانەدا پێشمەرگەیەکی حیزبی دیموکرات بریندار دەبێت.

٣-پاش گیرانی مەقەر، پێشمەرگەیەکی کۆمەڵە بە ناوی دارا ئەسعەدی لە باخەکانی نەوسوود دەکەویتە گەمارووی ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگەکانی ح.د. و بە برینداری ئێعدام دەکری.

٤-بەینی سەعاتی ٣ و ٥ /٣ پاش نێوەرۆ ژمارەیەک لە مەسئولان و پێشمەرگەکانی ح.د.چوار پێشمەرگەی ئەسیری کۆمەڵە بە ناوی تەلیعەی بێسارانی، عەلی فارس، عوبەیدی سوفیە و مودریکی یوسفی ناسراو بە رێبوار پاڵنگانی لە زیندان دێننە دەرو دەیانبنە شوێنک بە ناوی "دەرەهەرات" لە ٥٠٠ میتری شیمالی غەربی شاری نەوسوود و لەوەی بەر دەسرێژیان دەدەن و ئێعدامیان دەکەن.

٥-سەعاتی چـواری پاش نیوەرۆ ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگەکانی ح.د. دەکەونە تەعقیبی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە باخەکانی خوارەوەی نەوسوود و هێرش دەبەنە سەریان و دەبێتە تەقە لە ئاکامدا پێشمەرگە-یەکی کۆمەلە بە ناوی بەختیار خالیدی کەناتوانی خۆی دەرباز بکا و تەسلیمی پێشمەرگەکانی ح.د. دەبێ و هەر لەوەی پاش چەند دەقیقە بە دەستی پێشمەرگەکانی ح.د. ئێعدام دەکرێ. لەم شەرەدا پێشمەرگە-یەکی ح.د.یش بە ناوی عەزیز رەمەزانی شەهید دەبێ.

٦-سەعاتی ٧/٥ی بەیانی هەر ئەو رۆژە بەدوای دەستپێکردنی هێرش بۆ سەر مقەری کۆمەڵە لە نەوسوود پێشمەرگەکانی ح.د. لە شوێشمێ‌ـش لە حاڵێکدا پێشتر لە بەرزاریەکانی و سەر

ڕێگاکان دامەزراون، هێرش بۆ سەر مقەری کۆمیتەی هەورامانی کۆمەڵە دەست پێدەکەن و دەبێتە شەر. لە ئاکامی ئەم شەڕەدا ٢ پێشمەرگەی ح.د. بە ناوی سروتی ئەحمەد و وەلی عوزی و ٢ پێشمەرگەی کۆمەڵە بە ناوی ڕەحیمی الاهی و مامەحەمە باوان شەهید دەبن ومقەری کۆمەڵەش لە لایەن پێشمەرگەمانی ح.د. وە دەگیرێ.

٧-پێشمەرگەکانی ح.د. پاش گرتنی مقەری کۆمیتەی هەورامانی کۆمەڵە هەموو کەل و پەلی ئەو مقەرە دەبەن و مقەرەکە دەسووتێنن.

٨-هەر لەم کاتانەدا پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات لە بەرزایەکانی پشتی مقەری کۆمەڵە دوو پێشمەرگەی کۆمەڵە بە ناوی نسرۆڵلا بەهمەنی و مەسعودی ئەحمەد ناسراو بە تۆفیق کە بە برینداری دەکەونە بەر دەستیان، بەر دەستریژ دەدەن و ئێعدامیان دەکەن.

٩-پێشمەرگەکانی ح.د. پێشمەرگەیەکی برینداری کۆمەڵە بە ناوی شێخ عەلی و پێشمەرگەیەکی پزشکیاری کۆمەڵە بە ناوی فەرەحی عەدنان کە لە چادری دەرمانگای کۆمەڵە لە ٢٠ میتری مقەرەکەدا دەبن ئێعدام دەکەن و چادری دەرمانگاکە بە جنازەی ئەم دوو شەهیدەوە ئاور تێبەر دەدەن.

١٠-لە جەریانی ڕووداوەکانی ٢٥ مانگی خەزەڵوەری هەوراماندا تشکیلاتی هەورامانی حیزبی دیموکرات ژمارەیەکی زۆر لەلایەنگرانی کۆمەڵە لە دێهاتی هەورامان دەگرن و وێرای ئازار و ئیهانەت، دەیان بەن بۆ مقەری کومیتەی شارستانی ح.د. لە دەرەتفێ و زیندانیان دەکەن.

١١-تەشکیلاتی هەورامانی ح.د. کارەساتی ٢٥ خەزەڵوەری بەپێی تەرح و پیلانی پێشوو بۆ نەهێشتنی تەشکیلاتی کۆمەڵە لە هەورامان بەرێوەبردوو و ڕەوتی ڕووداوەکان هەر لە پێش شەرەکەوە هەتا دوایی بە روونی وجودی تەرح وپیلانی پێشووی

تەشکیلاتی هەورامانی ح.د. لە دژی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە ئیسپات دەکەن.

١٢–ناونیشانی تاوانبارانی کارەساتی هەورامان لە تەشکیلاتی هەورامانی ح.د. لە لایەن ئێمە نوێنەرانی کۆمەڵەوە بە هەموو بەڵگە و مەدرەکێکەوە بە کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە دەراوە.

لەکۆتاییدا رادەگەیێنین کە بەمزۆانە مەتنی تەفسیلی ئەم نەتیجە گیرییە لەگەڵ هەموو بەڵگە و مەدرەکەکانی بۆ ئاگاداری زیاتری خەلکی کوردستان چاپ و بڵاو دەکەینەوە.

نوێنەرانی کۆمەڵە لەهەیئەتی هاوبەشی تەحقیق لە سەر کارەساتی هەورامان

فاروق بابامیری– فاتح شێخ الاسلامی

٣ی رێبەندانی ١٣٦٣

# بەرەی کوردستانی

## هەندێک حزبی سیاسی،
## بەرە بۆ گەمەی سیاسی بەکاردەهێنن

**× بە وردی قسە لەسەر (پێکهینانی بەرەی کوردستانی لە ئێران) بکەین هەمووتان داوادەکەن.**

**بەڵام بە راستی هەنگاوتان هەڵنەگرت؟ بۆ؟، باشە با بپرسم مەرجەکانی دروستکردنی بەرەی کوردستانی چی یە؟ چۆن دەتوانێ دروستبکرێ؟ دەبێ بەرە وەڵامدەرەوەی چی بێت؟ یان ناوەکەی دەبێ چۆن بێ؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە ستراتێژی سیاسی حیزبەکانی چالاک لە کوردستان زۆر جیاوازە. بۆ نمونە حیزبێک کە لایەنگری ئەوەبێ رێگا بۆ پەلاماری نیزامی ئامریکا بۆ سەر ئیران خۆش بکرێ لە گەل حیزبێک کە وەها رووداوێکی ئیحتمالی بە کارەسات بزانێ ، حیزبێک کە خەباتی چەکداری وەکوو ژەهرێک بزانێ لە جەستەی خەباتی رزگاریخوازانە لە کوردستاندا، لە گەل حیزبێک کە خەباتی چەکداری لە دژی رژێم لە دەستوری کاری خۆی وەلا نەنابێ، حیزبێک کەلە هەولی دۆزینەوەی رێگایەک بۆ رێککەوتن لەگەل ریفۆرمخوازانی ناو حکومەت دابێ لە گەل حیزبێک کە نەی هەوی بکەوێتە داوی فیلبازیەکانی ریفورمخوازەکانی ناو خۆی حکومەت و لەم بابەتەوە بەردەوام خەلک ئاگادار کاتەوە، و گەلێک نمونەی دیکەی لەو چەشنە چۆن دەتوانێ لەناو یەک بەرەدا جێگایان بێتەوە؟ من قسە لە سەر جیاوازی ئامانجی دووریان و یان ناوەرۆکی چینایەتیان ناکەم، قسە لە سەر ستراتێژی سیاسیان دەکەم. لە یەک نزیک بوونەوە لە ستراتێژی سیاسیدا، بەو واتایەی کە باس کرا، دیارە مەبەست ئەوە نییە رێک وەکوو یەک وابن، بەلام خۆ نابێت دوو رێگای بە تەواوی جیاوازیش بن.

سەرەرای ئەوانە بە رەسمی ناسینی چەند سەرەتایەکی وەکوو ئەوەی کە هیچ لایەنێ مافی ئەوەی نەبێت تاک رەوانە بکەوێتە گفتوگۆ لەگەل دوژمن، هەموو ئازادیە سیاسیەکان بۆ خەلکی کوردستان بە بێ هیچ مەرجێک بەرەسمی بناسرێ و ئەوەندەی

بۆ هێزە سیاسیەکان هەڵدەگەڕێتەوە، بەکردەوە پەیرەوی بکرێت، هیچ لایەنێک مافی ئەوەی نەبێت کە بە هۆی کێشە و ناکۆکی سیاسی لەدژی لایەن یان لایەنەکانی دیکە دەست بۆ چەک بەرێت. مافی دەسەلاتداریەتی جەماوەر بە ڕەسمی بناسرێت و لە دابەشکردنی دەسەلاتدا دەنگی ئازادانەی خەلک حەکەم بێت. ئەگەر لە پاڵ رادەیەکی دیاریکراو لە نزیک بونەوە لە ستراتیژی ساسیدا ئەو مەرجانە دابین بن، بەرەی کوردستانی بەرامبەر بە دەولەتی مەرکەزی دەتوانێ بەکردەوە دەربێت. ئێستا بەداخەوە بارودۆخەکە بۆ پێکهاتنی بەرە لە بار نییە، بەلام ئێمە بێ هیوان نیین و هەوڵی خۆمان لە ڕێگەی ئۆسولیەوە ئەدەین بۆ ئەوەی ریزی خەباتی خەلک بەرامبەر بە دەولەتی مەرکەزی بە شێوەیە لە شێوەکان ئەگەر لە شێوازی بەرەشدا نەبوو یەکگرتوو بێت و رژێم نەتوانێ لە کەلێن و کەلەبەرەکانی ناو حیزبە سیاسیەکانی کوردستان بە مەبەستی پیلانگێری کەلک وەربگرێت.

با لێرەدا ئەوەش بلێم کە گەرم و گور بوونی باسکردن لە سەر بەرە لە ناو حیزبە سیاسیەکانی کوردستاندا بە واتای ئەوە نییە کە لایەنەکان بەرامبەر بەم مەسەلەیە راستگۆ و جیدین. بەلکوو زۆربەیان وەکوو گەمەیەکی سیاسی بە کاری دێنن، چۆنکە دەزانن خەلک کوردستان بەرامبەر بە دوژمنێکی غەداری وکوو کۆماری ئیسلامی خوازیاری یەکگرتوویە.

**× بەدەر لە ناکۆکیەکانی نێوان حزبەکانی خۆرهەلات. کەی دەستەکەن بە هەنگاونان، پێتانوانیە درەنگە و کاتی هاتوە و بە تایبەتی کە بارودۆخەکەوا دەخوازێت؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: درەنگ و زویی پێوەندی هەیە بە بارودۆخی خەباتی جەماوەری لە ناوەوەی ولات. کەوتنە رێی خەباتی خەلک کاری لە یەک نزیک کردنەوەی حیزبە سیاسیەکان ئاسان دەکاتەوە. لە لاواز بوونی ئەو خەباتەدا، کێشەی ناوخۆی حیزبە سیاسیەکان لە سەر مەسەلەی بچوک دێنە روو. تەجروبەیەکی مێژوویی کە لەم بابەتەوە هەیە پێکهاتنی "هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد" لە سالی ١٣٥٨ی هەتاوەی دایە. ئەو کات کێشەی لایەنەکان کاتێک

چارەسەر کرا کە خەڵک لە سەرتاسەری کوردستان یەک دەنگ داوای ئەو یەکگرتنەیان کرد و بە دەیان هەیئەتیان نارد بۆ لای حیزبی دیموکرات و کۆمەلە و مامۆستا شێخ عیزەدین، لە ئاکامدا فۆرمۆلێک بۆ لابردنی کۆسپەکان دۆزرایەوە.

## بەرەی کوردستانی موعجیزەی پێ ناکرێت

**پرسیار: بەرەی کوردستانی دروستکردنی بۆ هەڵوێستە یان بۆ روخانی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، یان بۆ رێگرتنە لە شەڕی ناوخۆی داهاتوی کوردستانی ئێران؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: بـەرەی کوردستانی خۆی لە خۆیدا مۆعجیزەیەکی پێ ناکرێت. رووخانی کۆماری ئیسلامی بە بێ هاوپەیمانی لەگەڵ هێزە سەراسەرییەکان ناکرێ و حیزبە سیاسیەکانی کوردستانیش هاوپەیمانە سەراسەریەکانیان وەکوو یەک وانین. ئەوەش بێ گۆمان یەکێک لە کۆسپەکان دەبێت. بۆ پێش گرتن بە شەری ناوخۆش، دەخالەتی جەماوەر و ئیرادەی سیاسی پێویستە، ئەگینا خۆ لە کوردستانی عێراق بەرەش هەبوو، بەلام شەڕی ناوخۆش روویدا.

## موجاهیدین حکومەتی مەنفای هەیە و گالتەی پێ دەکرێت

## حکومەتی مەنفا

**× باشە بۆ لە جیاتی (بەرەی کوردستانی خۆرهەلات) بیر لە دروستکردنی حکومەتێکی هەرێمی کاتی بە ناوی (حکومەتی کاتی کوردستانی خۆرهەلات) لە مەنفا مەبەستم لە باشوری کوردستانی عێراق یان ئەروپا دروست ناکەن، بۆ کات و ساتی خۆی؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەگەر وەها حکومەتێک زەمینەی بابەتی و

هێزی واقیعی لە پشت نەبێت، تەنیا دەبێتە جەرەکەتێکی کارتۆنی. ئەوەتا موجاهیدینی خەڵک نزیکەی ٣٠ ساڵە وەها حکومەتێکیان پێکهێناوە کە میدیاکان گاڵتەی پێ دەکەن.

**پرسیار: چاودێرانی سیاسی، پێیان وایە گەر بیر لە دروستکردنی حکومەتی مەنفا بکەنەوە. ناگەنە ئەنجام بە هۆی پلە و پۆست لە نێو خۆیاندا. پرسیاری گرنگ ئەوەیە ئەی سبەی رۆژ لە وەرگرتنی پۆستەکان چۆن پێکدێن؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: کێشەی ناوخۆی حیزبەکان سبەی رۆژ کە کەش و هەوایەکی دیموکراتیک لە کۆمەڵگادا پێکدێت، جەماوەری خەڵک تێیدا دەور دەبینن. ئێمە بۆ ئەو کات هیچ کێشەیەکمان لە سەر پلە و پایە وپۆست نابێت، چۆنکە بە سەرەتای هەموو دەسەلات بۆ دەنگی ئازادانە و راستەوخۆی جەماوەر کار دەکەین.

## پەیوەندی ئەمەریکا و هێزەکانی کوردستانی خۆرهەڵات موخابەراتیە

**× پێتان وایە ئەمریکا بۆ کارێکی وا پشتیوانتان دەکات؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: دەولەتی ئامریکا تا ئێستا نەیویستووە بە شێوەیەکی جیدی بە کارتی کورد لە ئێران کایە بکات. پێوەندی ئامریکا لەگەل لایەنە کوردییەکانی کوردستانی ئێران پێوەندیەکی هەواڵگریە و بەشی ئەوەندەیە کە رێگا دەستیان لە ناویان دا هەبێ بۆ حاڵەتگەلێکی پێشبینی نەکراو کە لە داهاتوودا دێتە پێش.

# ڕۆڵی مامۆستا
# شێخ عزەدین حوسێنی

# مامۆستا شێخ عزدین حوسێنی:
# مامۆستا لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە ڕێزی لێ دەگیرا

**× بەم دواییانە مامۆستا شێخ عزدین حسێنی کەسایەتی ئاینی کوردستانی ئێران، گیانی لە دەستدا. وەکوو بیستومە پەیوەندی زۆر تایبەتی لەگەڵ تۆ بووە؟ گەر بکرێ باس لەم پەیوەندیانە بکەی، باس لە مێژووی درووست بوونی پەیوەندی مامۆستاو ئێوە و کۆمەڵە بکەی؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: سەردان و چاوپێکەوتنی من لەگەڵ مامۆستا دەگەڕێتەوە بۆ چەند مانگێک پێش ڕووخانی ڕژێمی شا. ئەو کات زۆربەی ڕووناکبیرانی سیاسی سەردانی مامۆستایان دەکرد، منیش کەسێک بووم لەوانە. بەڵام پێوەندی سیاسی من لەگەڵ مامۆستا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە لە کوردستان بەرەیەکی موقاومەت بەرامبەر بە هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی شکڵی گرت. کاتێک کە هێزی پێشمەرگە شاری مەهابادیان بەجێهێشت، مامۆستا و ڕاوێژکارانی لە دەفتەرەکەی لە سنووری کوردستانی ئێران و عێراق لە ئاوایی شێنێ نیشتەجێ بوون، هاتوچۆمان چرو پرتر بوو. مامۆستا بە هۆی هەڵوێستی دیموکراتیکی بەرامبەر بە کێشەکان، لەلایەن کۆمۆنیستەکانی ئێرانەوە بە گشتی ڕێزی لێدەگیرا. ئەو لە سەر ئەو باوەرە بوو کە دین و دەوڵەت دەبێت لەیەک جیا بن و لای وابوو مەزهەب ئەمری تایبەتی ئینسانە و نابێت تێکەڵاوی کێشە سیاسیەکان بکرێت. بەرامبەر بەگەلێک کێشەی کۆمەڵایەتی وەکوو ستەم لە سەر ژن هەڵویستی پێشکەوتنخوازانەی هەبوو.

## مامۆستا باوەڕی بەجیایی دین لەدەوڵەت هەبوو

**× شتێک کە جێگای سەرنجە ئەوەیە، چۆن و بۆچی پیاوێکی ئاینی و مەزهەبیٍ وەکوو مامۆستا شێخ عیزەدین. دەبێتە کۆمەڵە؟ یان لەسەر کۆمەلە حساب دەکرێت و دۆستی کۆمەڵەیەکی چەپ و مارکسی بووە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: لە راستیدا مامۆستا سەرەرای ئەوە کە بیروباوەری ئاینی هەبوو، ئینسانێکی کراوە و ڕووناکبیر بوو. ئەو هیچ وەێکچوونێکی لە هیچ بابەتێکەوە لەگەڵ مەلاکانی دیکەی کوردستان نەبوو. بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی هەڵوێستێکی لێبڕاوانەی هەتا سەری هەبوو و لە سەر بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان حازر نەبوو، هیچ سازشێک بکات.

سەبارەت بە جێگا و شوێن و کەسایەتی مامۆستا شێخ عیزەدین لە شوێنێکی تردا وتوومە:

مامۆستا شێخ عێزەدین کە بێگومان پیاوێکی موسڵمان بوو، بۆ ماوەی ٣٢ ساڵ دۆستی نزیک و هاوخەباتی کۆمەڵەیەکی کۆمۆنیستی لە بزووتنەوەی شۆرشێگرانەی کوردستاندا بێت. پەیوەندییەک کە لەسەر بنەمای ڕاستگۆیی و متمانەیەکی قووڵ بە یەکتر دامەزرابێ.

## مامۆستا شێخ عزەدین، جل و بەرگی پێشمەرگەی کردە بەر و هاتە گەڵ خەڵک

دەگوترێت کە هۆکاری ئەو پەیوەندییە ئەوەیە کە مامۆستا لەگەڵ ئەوەشدا کە کەسایەتییەکی موسلمان بوو، بەڵام باوەری پتەوی بە جیایی دین لە دەولەت بووە و ئەوە بە هۆکاری ئەم پێوەندییە ناو لێدەبرێت. یان دەگوترێت کە مامۆستا لایەنگری

یەکسانی ژن و پیاو بوو، یان وەکوو کۆمەڵە مافی دیاری کردنی چارەنووسی بە ڕێگای رزگاری نەتەوەی کورد دەزانی. بێگومان هەمووی ئەوانە لە زومرەی ئەو راستیانەن کە لە هەڵوێست و کردەوەی مامۆستادا ڕەنگیان دەدایەوە. خۆی لە خۆیدا هۆکاری رادەیەک نزیکین، بەڵام تەنیا بەشێک لە راستین و ناتوانن بە تەنیایی هۆکاری ئەم پێوەندییە نزیکە تەوزیح بدەن. کەم نین ئەم لایەنانەی کە کەم و زۆر خاوەنی هەمووی ئەو هەڵوێستانەن، بەڵام ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان کۆمەڵە و مامۆستادا بوو، لە نێوانیاندا شکڵی نەگرتووە.

ئەوەیکە مامۆستای "شێخ عێزەدین" و کۆمەڵەی لە یەک نزیکتر دەکردەوە، لە پاڵ ئەم خاڵە هاوبەشانە هاوهەڵوێستی یان بڵێین هەڵوێستی نزیکی سیاسی ئەم دوو لایەنە لە یەکتر لە گۆرەپانی خەباتی سیاسی کوردستان و ئێران و ناوچەکەدا بوو. چاوخشاندنێک بە سەر گرینگترینیان و وەبیرهێنانەوەی هەڵوێستی ماموستا لە سەریان رەمزی ئەو خۆشەویستیە دوولایەنەمان بۆ دەر دەخات.

هەڵوێستی سیاسی مامۆستا لە هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد دا بەرامبەر بە رەوتی وتووێژەکان لە گەڵ دەوڵەتی مەرکەزی لە ساڵانی دوای سەرکەوتی شۆرشی گەلانی ئێران. لەم دەورەیەدا مامۆستا و کۆمەڵە بە سەهمی خۆیان هەولیان دا کە داخوازییەکانی رەوای گەلی کورد لە مەر ستەمی نەتەوایەتی بە شێوەیەکی هێمنانە جێبەجێ بێت. کاتێک بۆ هەموان دەرکەوت کە بە رەسمی ناسینی هیچ مافێکی ئینسانی خەڵکی کوردستان لە جەوهەر و ناوەرۆکی کۆماری ئیسلامیدا نییە، مامۆستا تووشی هیچ رارایەک نەبوو لەوەیکە پشتیوانی لە مقاومەتی چەکدارانەی خەڵکی کوردستان بکات و جل و بەرگی پێشمەرگانەی کردە بەر و وخۆی و بنەماڵەکەی شان بە شانی پێشمەرگە، شیو و هەردیان بری. با لێرەوە بە شوێن باقی رووداوە گرینگەکانی ۳۲ ساڵی

رابردووی کوردستاندا بچین :

هەڵوێستی دڵسۆزانە و مەسئولانەی مامۆستا لە شەری ناوخۆ، سەرەتا و پرەنسیپەکانی پێوەندی بزووتنەوەی شۆرشێگرانەی کوردستان لەگەڵ دەولەتان،، شەری ئێران و عێراق، دۆستان و هاوپەیمانانی مامۆستا لە ناو ریزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەری لە ئێران، هەڵسەنگاندنی بەرژوەندییەکانی بالای خەباتی خەڵکی کوردستان بۆ ئازادی لەگەڵ سیاسەتەکانی دەولەتی ئامریکا لە ناوچەکە، پرۆژەی ئیسلاحی کۆماری ئیسلامی و هاتنە کایەی ریفۆرمخوازانی حکومەتی لە ئێران، چ لە دووی جۆزەردانی ۱۳۷٦ و چ لە دوای هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لە سالی ۱۳۸۸. ئەمانە نمونەگەلێکن لەو خالە گرینگ و وەرچەرخانە سیاسیانەی کە تێیاندا هەڵوێستی مامۆستا و کۆمەلە وەکوو یەک و یان گەلێک نزیک لە یەک بۆە. بە لێکۆلینەوە لەم هەڵوێستانەیە کە دەوری ماموستا لە بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی خەلکی کورد دا و لە بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی کۆمەلانی خەلکی ئیران دا دەر دەکەوێ.

تەنانەت کاتێک قسە لە سەر باوەری مامۆستا بە سەرەتای جیایی دین لە دەولەت دەکەین لە بیرمان بێ کە ئەو هەڵوێستە لای ئەو لە کاتێکدا گەلاڵە نەبووە کە هەمووان ئاسەواری حکومەتی ئیسلامیان بە گۆشت و پێست و ئێسقانەوە چێشتووە. بەڵکوو لە سالی ۱۹۷۹ واتە ئەو کاتەی کە بزووتنەوەی ئیسلامی لە لوتکەی نفووزی خۆی دابوو و هێشتا تەزووی دەسەلاتی بە لەشی خەلکدا نەهاتبوو، مامۆستا ئەم هەڵوێستەی روو لە کۆمەلانی ملیۆنی خەڵک دەردەبری.

مامۆستا هەرگیز مزگەوتی نەکرد بە سەنگەرێک بۆ بردنە پێشی ئامانجە سیاسییەکانی خۆی، ئەو ئەم ئەرکەی بۆ خۆی دانەنابوو کە مەلایانی ئایینی کوردستان لە دەوری یەک کۆ کاتەوە، بەڵکوو هەولی ئەوە بوو کە دەوری سەلبی ئەوان لە کۆمەلگای کوردستاندا پووچەل بکاتەوە.

بە داخەوە تەمەن و هەلومەرجی سیاسی زەمانەش مەجالی ئەوەی نەدا کە ئەو ئەرکەی وا مامۆستا بۆ خۆی دانابوو، بە ئەنجامی بگەیەنێت، بەڵام سوونەتێک کە ئەو لە خۆی بەجێهێشت، لە سەر خەباتی سیاسی ئەو کۆمەڵگایەدا هەر دیار دەبێت.

## حزبی دیموکرات داوای شوێن و پێگەی مامۆستا شێخ عزەدینی دەکرد

**×چۆن لە کاتی پێکهاتنی هەیئەتی نوێنەرانی کورد. بۆ دانوستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران. مامۆستاتان دیاریکرد بە سەرۆکی وەفدی کوردی؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: یەکەم ئەوەیکە مامۆستا لە کۆمەڵگای کوردستاندا گەلێک خۆشەویست بوو، رووی لە هەر شارێک دەکرد بە هەزاران کەس بە پێشوازیەوە دەهاتن، نەک وەکوو پیاوێکی ئاینی، بەلکوو وەکوو هەڵسوراوێکی سیاسی لە ناو کۆری خەباتدا بوو. بێ گۆمان مافی خۆی بوو کە لە "هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد"دا جێگا و شوێنێکی دیاری هەبێت. بوونی مامۆستا بە سەرۆکی هەیئەتەکە، کێشەی نیوان کۆمەڵە و دیموکراتی لە سەر سەرۆکایەتی هەیئەتەکە چارەسەر کرد. دوای ئەوەی هەموو لایەک لە سەر دیاری کردنی مامۆستا وەکوو سەرۆکی هەیئەت ساغ بووینەوە، ئەو جار توانیمان جێگا و شوێنی حیزبی دیموکرات وەکوو وتەبیژی هەیئەتەکە بسەلمێنین. حیزبی دیموکرات داوای سەرۆکایەتی هەیئەتی دەکرد.

## حزبی دیموکرات مامۆستایان خۆشنەدەویست

**× وەکوو دەوترێ قاسملۆ دواتر لە مامۆستا نیگەران بووە کە سەرۆکی هەیئەت بێت و هەر ئەوەش وایکردووە مامۆستا بە لای کۆمەڵەدا بێت؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: لەراستیدا حیزبی دیموکرات مامۆستایان خۆش نەدەویست و بوونی ئەویان بەرێگر لە سەر پاوانخوازیەکانی حیزب دەزانی. هەڵوێستی مامۆستا لە سەر کێشە سیاسیەکانی ئەو سەردەم لە هەڵویستی حیزبی دیموکرات دوور بوو و لەم بابەتەوە بە کۆمەڵەوە نزیکتر بوو. حیزبی دیموکرات بە هۆی نفوزێک کە مامۆستا هەیبوو، ناچار بوون بە نابەدڵی سازشی لەگەڵ بکەن.

**بۆ ماموستا شێخ عێزەدین بەو هەموو نفوزەی هەیبوو، خۆی حیزبێکی ئیسلامی دروست نەکرد و هەمیشە لە پاڵ کۆمەڵە مایەوە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: بە بروای من دوو هۆکاری هەبوو، یەکەم ئەوەیکە مامۆستا هەستی دەکرد لەرووی سیاسیەوە لە کوردستانی ئێران بۆشایەکی ئەوتوو نییە کە پێویست بێت ئەو بە پێکهێنانی حیزبێکی سیاسی پری بکاتەوە. دووهەم مامۆستا هەستی دەکرد بەوەیکە بە دانانی حیزب ئەو شوروشوقەی کە هەیەتی بۆ هەڵسورانێکی رەها لەدەستی دەدات و دەکەوێتە ناو گێژاوەی بەرێوەبردنی حیزب کە لەگەڵ رووحیەی شەخسی ئەو نەدەهاتەوە.

**ئایا دەکرێت بڵێین مامۆستا چەندە مەزهەبی بوو، ئەوەندەش ئازادیخواز و یەکسانیخواز بوو؟ بۆ نموونە لە بابەتی داوای جیاکردنەوەی دین لە دەولەتدا؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەوە راستە کە باوەر بە جیایی دین لە دەوڵەت یەکێک لە پرنسیبەکانی مامۆستا بوو، بەڵام نزیکی کۆمەڵە و مامۆستا گەلێک هۆکاری سیاسی کۆنکرێتیشی هەبوو کە باسم کرد.

**×مامۆستا شێخ عیزەدین دەکرێت وەکوو سەرکردە و رابەرێکی کۆمەڵە و شۆرشگێری کوردستانی ئێران بناسرێ؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: دیارە وانیە و نە یدەتوانێ وابێت. من پێشتر سەبارەت بە پێوەندی کۆمەڵە و مامۆستا بە وردی قسەم بۆ کردووی.

# دیکتاتۆریەت هەرەس دێنێ

# ئاڵوگۆڕەکانی
# خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

# ئاڵوگۆڕەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

**پرسیار: بەدوای بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەکانی ویکی لیکس وڵاتانی دیکتاتۆری عەرەبی وەک (تونس، میسر، لیبیا، یەمەن و سوریا) توشی دارمان و شکست و رووخان بوونەوە. پێتوایە هۆکارەکانی رووخانیان چی یە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: رووداوگەلێکی لەو ئاستە بەرز و عەزیم و کۆمەلایەتیدا ناتوانێ بە بلاو بوونەوەی چەند بەلگە نامەیەک لە سەر گەندەلی سیاسی و دارایی کاربەدەستانی ولاتانی عەرەبی مەربوت بێت. ئەوزانیاریانەی ویکی لیکس ئاشکرای کرد گەلێک کەمترە لەوەیکە سالهایە هەموو خەلکی ولاتانی عەرەبی دەیزانن و دەیبینن. بلاو کراوەکانی ویکی لیکس بۆ بیروڕای گشتی خەلک لەو ولاتانەدا مەعلوماتێکی زۆر تازەی تێدا نەبوو. ئەو رووداوە میدیایە بە هەلکەوت هاوکات بوو لەگەل سەرەتای گۆڕانکاریەکانی ولاتانی عەرەبی. دیارە هەر ولاتەی تایبەتمەندی خۆی هەیە و ئەو تایبەتمەندیانە لە رووداوەکانی ئەم دواییانەی ئەو ولاتانەش دا رەنگی داوەتەوە. لە هەمان کاتدا خالگەلێکی هاوبەشیش هەن کە بە یەکەوە گرێیان دەداتەوە.

ئەزمەیەکی سیاسی کە ئەو ولاتانەی گرتووەتە بەر، ریشەی قوولی لە بارودۆخی ئابوری ئەو ولاتانە دایە. ئەو ولاتانە هەموویان بە "بانکی جیهانی و سندووقی نێونەتەوەیی دراو" قەرزدارن، یان مشتری بەردەوامی ئەو بانکانەن. سیاسەتی ئابوری ئەو ولاتانە لە لایەن ئەم ناوەندانەوە دیاری دەکرێ. بەلام ئەو ناوەندانە و هەموو دەولەتانی گەورەی سەرمایەداری کە پێوەندی ئابوریان لەگەل دەولەتانی عەرەبی هەیە، خۆیان تووشی قەیران بوون و زەختیان بە سەرەوەیە. بۆ کەمکردنەوەی ئەو زەختە، ناچارن بەشێکی بە سەر کرێکاران و خەلکی خانەنشیندا بسەپێنن و بودجەی خزمەتگوزاریە کۆمەلایەتیەکان لەو ولاتانی خۆیان

کەم کەنەوە. بەشێکیشی دەخەنە سەر شانی خەڵکی وڵاتانی دواکەوتوو کە پێوەندی بانکی و بازرگانیان لەگەڵیان هەیە. لەم ناوەدا دەوڵەتانی عەرەبی کە ڕێبەرەکانیان بۆ ئەو دەوڵەتانە دەستەمۆن، هیچ چەشنە موقاومەتێک ناکەن و چی بریاری ئەو ناوەندانە بێت بێ سێ و دوو، جێبەجی دەکەن.

ڕێگایەک کە ئەم ناوەندانە لەم ساڵانەی دواییدا گرتبوویانە بەر ئەوە بوو کە ئەو وڵاتانە بخەنە ژێر زەخت بۆ دانەوەی قەرزەکانیان. ئەوانیش بۆ ئەوەی بتوانن ئەو قەرزانە بدەنەوە ناچار بوون بودجەی ساڵانەیان کەم کەنەوە و دەوڵەتانێکی هەرزانتر و کەم خەرج تر بن، واتە لە هەموو خزمەتگوزارێک کەم کەنەوە، واتە لە هەولی دابین کردنی کار بۆ لاوانی بێکاردا نەبن. زیاتر لە سەدا ٣٠ی لاوان لەو وڵاتانە بێکارن بە بێ ئەوەیکە هیچ چەشنە پشت گرییەکی کۆمەڵایەتی بکرێن تا کاتێک کە کار پەیدا دەکەن. لە سەدا ٤٠ی خەڵکی وڵاتی میسر بە داهاتێکی کەمتر لە دوو دۆلار لە ڕۆژدا دەژین. هەر لەو وڵاتە زیاتر لە ٤ ملیون کەس شەوانە لە قەبرستانەکاندا دەخەون. بارودۆخی ئەو وڵاتانە وەکوو بەرمیلێکی باروتی لێهاتبوو کە بۆ تەقینەوەی پێویستی بە بروسکەیەک بوو، ئەم بروسکەیە لە وڵاتی تونیس لێدراو ئاگرێکی لێکەوتەوە کە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و باکووری ئافریقای گرتە بەر.

**×ئایا ڕووداوەکانی وڵاتانی عەرەبی دەتوانێ دەور و نەقشی جدی هەبێت لەسەر سیستمی سیاسی جیهانی و پێی بوترێت ئاڵوگۆر بە قازانجی گەلانی خۆرهەڵاتی ناوەراست؟**

ئیبراهیم عەلیزادە گرنگی ڕووداوەکانی مانگەکانی رابردووی ئەو ناوچەیە لە ئاستی خالێکی وەرچەرخانی مێژوویی دان . مێژوی وڵاتانی خۆرهەلاتی ناوەراست و باکوری ئەفریقا ئەو راستیەمان پێ نیشان دەدات کە وڵاتانی ئەو ناوچەیە لە جیهان کەم و زۆر وەکوو یەک و هاوکات قۆناغەکانی گۆرانکاری سیاسی

و کۆمەڵایەتیان تێپەر کردوە و  لە باردۆخێکی کۆنەوە بەرەو بارروِدۆخێکی نوێ هەنگاویان هەلگرتوە. ئەو مێژووە تا بە ئەمرۆ دو خالی وەرچەرخانیِ سیاسی و کۆمەڵایەتیمان پێ نیشان دەدات کە رووداوەکانیِ سالی ٢٠١١دەچێتە خانەی ئەو رووداوانەوە .سێهمین خالی وەرچەرخانی مێژوییە کە ئەو ناوچەیە بەرەو بارودۆخێکی نوێ کە قابیلی هەلگەرانەوە نیە دەبات. قۆناغی یەکەم رزگاربونی ئەو وڵاتانە لەِ چنگ ئیستعمار و داگیرکاری ئیمپراتوریەتی عوسمانی و دەولەتە ئوروپائیەکان بوو. خەبات بۆ سەربەخۆیی لە هەموو ئەو وڵاتانە زنجیرە حەرەکەتێکی بێ پسانەوە بوون کە لە نیوان  دوو حەربی عالمی یەکەم و دووهەم دا بە ئاکام گەیشتن و سەربەخویی سیاسیان بۆ ئەو ولاتانە بە دیاری هێنا. پێوەندیەکانی ئابوری نیزامی سەرمایەداری گەرایان بەست و سیستمی سیاسی لەو وڵاتانە دا گۆرا.

لە ماوەی چەند دەیە دا زەمینە بۆ گۆڕانکاری و خالی وەرچەرخانی مێژوویی دووهەم ئامادە بوو. لەگەل گەشەی نیزامی سەرمایەداری ناسیونالیسمی عەرەبیش گەشەی کرد و بە هێز و توانایەکی کۆمەڵایەتی زۆرترەوە پێی نایە گۆرەپانی سیاسیەوە. کەسایەتی ناوداری ناسێونالیستی عەرەب هاتنە روو، حیزبی سیاسی جوراجۆرِ پێکهاتن. ناسێونالیسمی عەرەب لە قۆناغی نوێدا کەوتە هەول بۆ ئەوەی پرۆسەی سەربەخۆیی کە لە قۆناغی پێشوو دا  ئەو وڵاتانەی لە چنگ داگیرکەرانی دەرەِکی رزگار کردبوو تەکمیل کات و سیستمی سیاسی گونجاو لەگەل سەردەمی نوێ لەم وڵاتانە دابەمەزرێنێ. لەم پرۆسەیە دایە کە زنجیرەیەک کۆدەتای عەسکەری بە رێبەرایەتیِ ناسیۆنالیستە کانی عەرەب روو ئەدات و لە لایەِن کۆمەڵانی خەلکەوە پشتیوانیان لێ دەکرێ بە جۆرێک کە خەلک ناوی شۆرشیان لە سەر دادەنێن. وڵاتی میسر رچەشکێن دەبێ و ئەوانی دیکەش یەک لە دوای یەک بە شوێنی دا دەرون.  بە دوای تێپەربونی ئەم دوو خالە وەرچەرخانە

مێژوویە دا کە ئاماژەم بۆ کرد کۆمەڵێک گۆرانکاری گرینگ لەم وڵاتانە ئەم جارەش هەر کەم و زۆر هاوکات دا روویاندا کە بەرە بەرە ئەم ناوچەیەیان لە گۆرانکاریەکانی ئەم دوواییانە کە خای وەرچەرخانی سێهەمە نزیک کردەوە:

ناسیۆنالیزمی عەرەبی کە لە قوناغی دووهەم دا کۆمەڵێک گۆڕانکاری گرینگی لە ناوچەکەدا پێکهێنابوو، نەی توانی بەڵێنیەکانی خۆی هەتا سەر بەرێت و ، بناغەکانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی رۆژبەرۆژ لاوازتر بوو. حیزب و هێزە ناسیونالیستەکانی عەرەب نەیانتوانی بەلینێەکانی خۆیان جێبەجێ کەن و بە هۆی بێتوانایی لە خولقاندنی ژیانێکی باشتر بۆ خەلک ونوقم بوونیان لە گەندەلیدا، پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان لە دەست دا،

رژێمی سەدام لە عیراق دوایین سەنگەرەکانی ناسیونالیزمی دەسەڵاتدار بوو کە لە وڵاتی خۆی، هەموان لێی نارازی و بێزار بوون. لە ململانیەکانی سەردەمی شەری سارد دا حیزبەکانی لایەنگری یەکێتی سۆڤیەت کە لە ناو بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمەڵایەتیە پیشکەوتوەکان نفوزیان هەبوو، بە هۆی دوور کەوتنەوەیان لە ئامانج و بەرنامەی سوسیالیستی و پەیرەو کردنی بێ ئەم لاو ئەولا لە فەرمانەکانی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت، بەرەبەرە لە خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەلکی وڵاتانی خۆیان دوور کەوتنەوە و بوون و ئەوانیش پەراوێز کەوتن.

لە وەها بارودۆخێکدا و لە نەبوونی ئالترناتیوێکی پێشرەو و رادیکاڵ دا بوار بۆ گەشەی رەوتی ئیسلامی خۆش بوو و بەشێکی بەرین لە خەلکی ئەم ناوچە لە دەوری ئالای ئیسلامی توندرەو و یان میانەرەو، لە شکل وشێوازی جۆراوجۆردا کۆ بۆەوە. دژایەتی لەگەل ئامریکا و مۆدیرنیزمی رۆژاوایی دژایەتی سەرسەختانە لە گەل کومۆنیزم، دژایەتی لەگەڵ یەکسانی ژن و پیاو و هەرجۆرە مافێکی دێموکراتیک لەم کۆمەلگایەدا بوون بە دروشم و پێناسەی

ئەم ڕەوتە. لە حاڵێکدا خۆشیان هیچ بەرنامەکیان بۆ چارە سەری کێشە کۆمەڵایەتی وئابووریەکان لە پێناو پێکهێنانی ئاڵ وگۆڕ لە ژیانی خەڵکی ئەم ناوچەیە دانەبوو.

دەوڵەتی ئامریکا بو دژایەتی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت ڕەوتی ئیسلامی بەکارهێنا و کەوتە هاندان و بەهێزکردنی. بۆ وێنە لە ئەفغانستان بوو بە پاڵنەر و پشتیوانی بزووتنەوەیەکی ئیسلامی لە دژی یەکێتی سۆڤیەت. بەدوای هەرەس هێنانی یەکێتی سۆڤیەت ڕەوتی ئیسلامی ئاڵای خەباتی لە دژی بەرژەوەندیەکانی ئامریکای لە خۆرهەڵاتی ناوەراستی بەدەستەوە گرت و پاشکۆیەکی سەرەڕۆ و توندرەوی وەک ئەلقاعیدەشی لە داوێنی خۆیدا پێگەیاند. لە کارەساتی ١١ی سێپتامبری ٢٠٠١دا دوکەڵی تیرۆریزمێکی ئیسلامی توندوتیژ و سەرەڕۆ، ڕاستەوخۆ چوە چاوی ئامریکاوە.

بەڵام بزووتنەوە ئیسلامی‌یەکان چ لە هەیئەتی تاڵیبان و چ لە جۆری ویلایەتی "فیقهی" و چ لە شێوازی میانە ڕەوتردا نەیانتوانی وەڵامی پێویستیە ئابووریەکانی خەڵکی هەژار ودەستەنگ کە ئومیدیان پێ بەستبوو بدەنەوە، بەڵکوو لە هەر شوێنێک دەسەڵاتێکیان هەبوە کۆمەڵگایان بەرەو هەڵدێر برد. نەتەنیا نانێکیان بە سفرەی هیچ کەسێکەوە زیاد نەکردوە بەڵکوو هێمنی وئاسایشیان لە ژیانی خەڵک دوور خستەوە .

بە جیاوازی گەلێک کە لە دوو وڵاتی لیبی و سوریا دا هەبوو، لە باقی وڵاتانی دیکەی خۆرهەلاتی ناوەراست و باکوری ئەفریقا دا لە دوو دەیەی رابردودا بە پێی ڕێنوینیەکانی ناوەندەکانی دارایی جیهانی وەک سندووقی نێونەتەوەیی دراو و بانکی جیهانی ئولگوی ئابوری نیئولیبرالی خرایە بەردەم دەوڵەتانی ئەم ناوچەیە و ئەوانیش بە پێی پیویستەکانی دەوڵەتانی گەورەی سەرمایەداری و نەک بە پێی بەرژەوەندیەکانی تایبەت بە وڵاتانی خۆیان ، سیاسەتی ئابوری نێئولیبرالیان کردە سەرمەشقی خۆیان.

بەم جۆرە زۆربەی ئەم وڵاتانەدا کەوتنە سەر رەوتی ئابوری پەرەپێدانی کەرتی تایبەت و کەم کردنەوەی ئەرکەکانی دەولەت لە ئابوری و خزمەتگوزاریدا. بیکارکردن، برینی خزمەتگوزاری کومەلایەتی و پەرە پێدانی بازرگانی ئـازاد. ئەو سیاسەتە ئابوریەش نەک لە لایەن سیستمیکی دیموکراسیەوە بەلکو لە لایەن رژێمگەلێکی دیکتاتۆر سەررۆ و گەندەلەوە بەرێوە چوو کە هەژاری و بێکاری و بێخانە و لانەیی و بێ ئاسویی لاوانی بە شوێنەوە بوو. بو نمونە لە وڵاتی وەکوو میسر زیاتر لە چوار میلیۆن کەس شەوانە لە قەبرستاکاندا ئەخەون و لەسەدا ٤٠ی خەلکی ئەو ولاتە بە داهاتێکی کەمتر لە ٢ دۆلار لە رۆژدا دەژین. بەمجۆرە بوو خەلکێک کە لە بارودۆخی نالەباری ئابووری، بێ مەسکەنی، نەبوونی خزمەتگوزاری کۆمەلایەتی، لە قوول بوونەوەی کەلێنی چینایەتی وەگیان هاتبوون راپەرین و ناوچەکە لە خالی وەرچەرخانی میژوویی سێهەم نزیک بۆەوە و ئەم جارەش گۆرانکاریەکان هاوکات و زنجیرەیی روویاندا.

**× داهاتووی ئەو وڵاتانەی کە دیکتاتۆرەکانیان رووخاون بەرەو کوێ دەچێت؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: دیارە دوای رووخانی دیکتاتۆرەکان بۆ هەر وڵاتەی بەدیلێکی کاتی هاتۆتە ئاراوە. بەلام بارودۆخی ئەو ولاتانە هەروا ناسەقامگیرە. لە وڵاتانێکی وەکوو میسر و تونس بەرە بەرە سیمای واقعی ئەرتەش لە ژێر پەردەی ئەم نەرم ونیانەی کە دینواند دەردەکەوێت. لەو ولاتانە جەماوەری خەلک مەیدانیان چۆل نەکردووە و ئەرتەشیش نەیتوانیوە کۆتایی بەشۆرش و راپەرین بێتنێت. کۆمەلانی بەرینی لاوان کە گەلێک شەوانیان لە سەر شەقامەکان بە رۆژ کردووەتەوە، هێشتا هەر بێکار و بێ ئاسۆن. کرێکاران ئەمنیەتی پیشەییان نیە، ئاستی حەقدەستەکان هەروا لە خوارەوەیە. هەژاری خەلکی ئەو لاتانە دوای رۆیشتنی دیکتاتورەکانیش هیچ وەلامێکی وەرنەگرتووەتەوە. هێشتا بە

ملیۆنها کەس لە خەڵکی میسر بێ مەسکەن و بێ سەرپەنان. ژنانی میسر کە لە رۆژانی راپەریندا لە مەیدانی ئازادی و لە دیمەنەکانی دیکەی خەباتدا بروا بە خۆیان بە دەست هێنابوو و نەفسێکیان بە ئازادی هەڵدەمژی، ئەمرۆکە لەو راستیە گەیشتوون کە هێشتا تا رۆژی پچرانی زنجیرەکانی کۆیلەتی رێگایەکی درێژیان لەبەرە. هێشتا زۆربەی جینایەتکارانێک کە دەستیان بە خوێنی خەڵکی ئەو وڵاتانە سوورە، نەناسراون و لە پشتی پەرەدە دا ماونەتەوە. هێشتا دەزگا ئەمنیەتیەکان هەروا هەڵسوراون و شەوانە لە شوێنی جۆراوجۆر خەریکی رفاندنی نەیارانن.

## ئەزمەی سیاسی لەوڵاتانی عەرەبی هەر بەردەوام دەبێت

خەڵکی وڵاتی تونیسیش کە خۆیان ئاڵا هەڵگری راپەرینێک بوون کە سەرتاسەری رۆژهەڵاتی ناوەراست و باکووری ئافریقای هەژاند، لە حاڵێکدا کە دەنگدانەوەی شۆرشەکەی خۆیان لە سەرتاسەری ناوچەکەدا بیستووتەوە بە هیچ لەونێک بە گۆرانکاریەکی سادەی رژێم رەزایەت نادەن. کە وایە ئەزمەی سیاسی لەو وڵاتانە هەروا بەردەوام دەبێت.

## روداوەکان بە پیلانی ئەمەریکا نەبوون

**× پێت وایە ئەمریکا لە پشت هەموو ئاڵوگۆرەکانی ئەو وڵاتانەوەیە لە کاتێکدا ئەمان ئەمریکایان بە دۆستی پلەیەکی خۆیان دەزانێ. هۆکارەکانی ئەم گۆرانەی ئەمریکا بەرامبەر یان چی یە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەو گۆرانکاریانە هیچ کامیان بە ئیرادە و بە پێی پلانی دەولەتی ئامریکا رووی نەداوە. ئەوانە هەڵقوڵاوی

کێشە و ناکۆکییەکانی ناوخۆی ئەو وڵاتانەن. ئەوە هاواری کپ کراوی ملیۆنها ئینسانە کە چاوی بەرەو جیهانی پڕ لە ناز و نیعمەت کراوتەوە و پرسیار ئەوەیە بۆچی لەم هەمووە ئیمکاناتەی لەم جیهانەدا لە سەر یەک کەڵەکە کراوە، ئەو لێی بێبەشە. جەماوەری خەڵک لە ژێر کاریگەری جیهانی مودێرن و پێشکەوتنی ئەورۆ دان، کەچی سەرۆکی دەوڵەتەکانیان دواکەوتوو، بێ کیفایەت و هیچ نەزان و بێ خەبەر لە جیهانن. سەروەت و دەسەڵات وەها پێشی چاوی گرتبوون، وەها نوقمی گەندەڵی دارایی و ئەخلاقی وسیاسی ببوون کە چاویان نەبوو جیهانی لە حاڵی گۆڕانی دەوروبەری خۆیان ببین و بۆیە هەر ئەوەیان بە سەر هات کە دەبوایە بە سەریان بێت.

دەوڵەتی ئامریکا لە سەرەتاوە نەیتوانی سیاسەتێکی روون بەرامبەر بە رەوتی رووداوەکــان بگرێتە بەر و لای وابوو ئەو قەیرانە بە برێک ریفۆرمی سیاسی چارەسەر دەکرێت. هەر بۆیە سیاسەتێکی ناشەفاف و دووفاقەی گرتە بەر. پێ بە پێی ڕادیکاڵ بوونەوەی خەباتی جەماوەری لەو وڵاتانە ئەوەیش هەڵوێستی دەگۆرا و پشتی لە دیکتاتۆرەکان دەکرد. دوای ئەوەیکە دڵنیا بۆ کە دیکتاتۆرەکان ناتوانن بەرامبەر بە تەوژمی خەباتی جەماوەر خۆیان بگرن، هەوڵیدا بە کەرەسێک کە لەبەر دەستەیە لەوانە ئەرتەش، لیبراڵەکانی ناسراوی نەیاری دوور خراوە و ئۆپۆزیسیۆنی مەحافزەکار راپەرینەکان کۆنترۆڵ بکات. لە وڵاتی لیبی کە وەها کەرەسەیەکی لە بەر دەست نەبوو، کەوتە خۆ بۆ ئەوەیکە لە ڕێگایەکی دیکەوە زەمینە بۆ شکل پێدان بە بەدیلی جێگای سەرنجی خۆی بخولقێنێت. لە قەیرانی لیبیدا ئامریکا و دەوڵەتانی دیکەی رۆژئاوا هەر لە یەکەم رۆژەکانی راپەرینی جەماوەری لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست و باکووری ئافریقادا سیاسەتێکی فێڵبازانەیان گرتە بەر. لە سەرەتاوە زۆر بە پارێزەوە هەڵوێستیان دەگرت، بەڵام کاتێک لەوە دڵنیا دەبوون کە دیکتاتۆرەکان

دەروخێن، ئەو جار پشتیان لە دیکتاتۆرەکان دەکرد و بەناو روویان دەکردە بەرەی خەلکەوە. ئەم دەولەتانە بە رێکخستنی ناوەندێک بەناوی "ئەمجومەنی نەتەوەیی گواستنەوەی دەسەلات لە لیبی" و ناساندن و تەبلیغات بۆ کردنی، هەولێان دا بە سەر سەری خەلکی راپەریوەوە، مۆرەکانی خۆیان یەکە یەکە بچنن و بەدیلی دلخوازی خۆیان دابتاشن، تاکوو دەستاودەست بوونی دەسەلات هەر بەم جۆرە بێت کە ئەوان دەیانهەوێت.

## ئیسلامی توندرەو دەوریان نیە

**× دەکرێت بلێین کۆتایی دیکتاتۆرەکانی خۆرهەلاتی ناوەراست و بەشداریکردنی ئیسلامی سیاسیە لە دەسەلاتدا؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئۆپۆزیسیۆنی توندرەوەی ئیسلامی لە خەبات و راپەرینی جەماوەری لەم ولاتانەدا دەورێکی نیە. ئۆپۆزیسیۆنی ئیسلامی میانەرەویش لە هەولی ئەوەدایە کە خۆی لەگەل بەرژەوەندیەکان و بەدیلی مەقبولی ئامریکا بگونجێنێت. بۆ نمونە رەوتی ئیخوانولموسلمین کە پێش لە سەر کار لاچوونی حوسنی موبارەکیش لەگەل ئەرتەش خەریکی وتوێژ بوو، خۆی لە شکل پێدانی کودەتایەکی هێمنانە کە ئەرتەشی میسر بۆ دامرکاندنەوەی بلێسەی شۆرش لەم ولاتە بەرێوەبرد، دەستی هەبوو. ئەمرۆکەش بۆ پێش گرتن لە گەشە کردنی رەوتی رادیکال و شۆرشگێر و غەیرە مەزهەبی، هەروا خەریکی هاوکاریەکی پر بە پر لەگەل ئەرتەشی ئەو ولاتەیە. لە لیبی ئیسلامیەکانی نەیاری قەزافی لە شورای دەستکردی دەولەتانی ئوروپایی و ئامرپکادا جێگایان بۆتەوە. ئەم نمونانە هەمووی بەو واتایەیە کە دەولەتی ئامریکا لە هێزە ئیسلامیەکانی میانەرەو بۆ تێپەر کردنی ئەزمە سیاسیەکە کەلک وەردەگرێت. بێ گۆمان ئەگەر لە داهاتووشدا رەوتی ئیسلامی سیاسی، لەم ولاتانە دەورێک ببینێت لە جۆری

ئەو سیاسەت و بۆچوونە دەبێت کە ئێستا لە لایەن حیزبە ئیسلامیەکەی ئۆردوغان لە تورکیە بەرێوە دەچێت. بە گشتی ئیسلامی سیاسی رەوتێکی روو لە گەشە نیە.

## لەئێستادا ئەمەریکا نیازی روخانی ئێرانی نیە

**کۆماری ئیسلامی ئێران دەکرێ بڵێین دواین دیکتاتۆرە کە لەم ئاڵوگۆڕانە کۆتایی دێن و ئەمریکا مەبەستیەتی بیروخێنی؟ ئەگەرنا بۆچی؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: بوونی کۆماری ئیسلامی خۆی لە خۆیدا هیچ قازانجێکی بۆ دەولەتی ئامریکا نییە کە بیهەوێت بی پارێزێت. مەسەلە ئەوەیە دەولەتی ئامریکا کاتێک بە پێی پلانی ئاگاهانە هەوڵ دەدات ئەو رژێمە بروخێنێت کە دڵنیا بێت لەوەی کە بە نیسبەت بەرژەوەندی ئامریکاوە رژێمی تازە لە رژێمی ئیسلامی خرابتر نابێت. ئەگەر رەوتی رووخانی کۆماری ئیسلامی دەست پێ بکات و ببێ بە ئەمری واقیع، ئەو کات دەوڵەتی ئامریکا بەنیسبەت کۆماری ئیسلامیشەوە هەر ئەو سیاسەتە رەچاو دەکات کە ئێستا لە وڵاتانی عەرەبی گرتویەتە بەر.

## لیبراڵ و چەپەکان ئامادەن بۆ گۆڕانکاری

**× هیچ دیارنیە کە کۆمەڵە و ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی خۆیان ئامادە کردبێ بۆ ئەگەری ئاڵوگۆڕ؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: بە پێچەوانەوە ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بە گەرمی لە دژی کۆماری ئیسلامی خەباتی کردووە و خەبات دەکات. ئەگەر ئەو خەباتە بە ئاکامێکی دیاری کراو نەگەیشتووە، ئەوە دەبێت بە شوێن هۆکارەکانیدا بگەرێن. دوو رەوتی سیاسی جیاواز کە هەر کامەیان کۆمەڵێک حیزب و رێکخراوی سیاسی و

مەدەنی و کەسایەتی ناسراوی خۆیان لەگەڵە، کاریگەریان هەیە لە سەر چارەنووسی سیاسی کۆمەلگای ئێران. یەکەمیان رەوتی لیبراڵە کە هیوای خۆی لە سەر پشتیوانی ئامریکا و وڵاتانی رۆژئاوا دامەزراندووە و ئەوەی تریان رەوتی رادیکاڵ و چەپە کە هەوڵ دەدات زەرفیەتەکانی چینی کرێکار و خەباتی چینایەتی لە ئێران بکات بە بنەمای هەڵسورانی خۆی. هیچ کام لەم دوو رەوتە لەناو خۆیاندا نەیانتوانیوە یەکگرتوو بن.

## بەرنامەمان هەیە بۆ دوای ئێران

**× کاتێ ئێران دەروخێ پیلان و بەرنامەرێژی ئیوە یان کۆمەڵە چی یە؟ چی لە بەرنامە و خەیاڵتاندایە بۆ داهاتووی ئێران و کوردستان؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: بەرنامە و ستراتێژی کۆمەڵە لە چواچێوەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا، بە وردی دارێژراوە و لە کوردستان بڵاو بووەتەوە. هەزاران هەڵسوراوی سیاسی و مەدەنی ئۆلگوی چالاکی خۆیان لەم بەرنامەیە وەردەگرن. وا باشە دەقی ئەو بەرنامەیە و دەقی ستراتیژی کۆمەلە لە بزووتنەوەی کوردستان دا، هاوپێچی بەلگەنامەکان بکەیت.

# چەند پرسیارێک سەبارەت بە پێوەندی کۆمەڵە لەگەڵ شۆڕش لە کوردستانی باشوور

# کۆمەڵە ١٩٧٤ بۆ پشتیوانی خەڵکی کوردستانی عێراق نامیلکەیەک دەردەکات

**× کۆمەڵە لە چ کاتێکەوە سەرنجی بەرەو شۆڕش و خەبات لە کوردستانی باشوور ڕاکێشرا، یەکەم هەنگاوەکان بۆ پێوەندی گرتن چۆن بەرێوەچوون؟**

ئیبراهیم عەلیزادە:

پێشتر باسی ئەوەم کرد کە لە ساڵەکانی دەیەی ٤٠ی هەتاوی زانکۆی تاران ببوو بە ناوەندەی هەولدان بۆ دۆزینەوەی ڕێگای ڕزگار بوون لە دەست ڕژێمی پاشایەتی و ڕێگای بونیادنانی ژیانی باشتر و ڕێگای بوونی ئێران بە کۆمەڵگایەکی سوسیالیستی. هەموو مەیل و بۆچوونەکانی ناو کۆمەڵگا، سەرێکیان دەهاتەوە زانکۆکان و بەتایبەت زانکۆی تاران. ئەو کات لە ناو خوێندکارانی کوردی زانکۆ دوو مەیلی سیاسی هاوشانی یەکتر شکلیان گرت. یەکێان مەیلێکی ناسیونالیستی و تا ڕادەیەک چەپی کورد بوو کە لە ژێر کاریگەری ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق دابوون. هەلسوراوانی ئەم مەیلە کەم و زۆر پێوەندیشیان دامەزراندبوو و بەردەوام ئاگاداری ڕووداوەکانی ئەوێ دەبوون. ئەوی دیکەیان ڕەوتێکی چەپ و کۆمۆنیست بوو کە زۆرتر لە ژێر کاریگەری ڕووداوە گرینگەکانی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی لە ئاستی جیهانیدا بوون. هەلسوراوانی ئەم دوو مەیلە سیاسیە، زۆربەیان یەکتریان دەناسی و پێوەندی دوستانەشیان پێکەوە هەبوو. تەنانەت لە سالی ١٣٤٩ لە شاری سەقز کۆبوونەوەیەکی هاوبەشیش پێک دەهێنن، بەلام بە ئاکامێک ناگات. کۆمەلە لەو مەیلەی دووهەمیان پێکهات.

## کتێبەکە لای نەوشیروان مستەفایە

کاتێک بزوتنەوەی چەکدارانەی کوردستانی عێراق لە ساڵی ١٩٧٤ هەرەسی هێنا و بە دەیان هەزار کەس لە خەڵکی کوردستانی عێراق روویان کردە کوردستانی ئێران، کادێرە نەهێنیەکانی کۆمەلە دەورێکی گرینگیان لە رێکخستنی یارمەتیدان بە خەڵکی ئاوارە دیت. هەر ئەو کات کۆمەڵە نامیلکەیەکی لە ژێر ناوی: " پیلانێکی تازە دژ بە گەلی کورد" بە زمانی فارسی دەرکرد کە تێیدا هۆکارەکانی هەرەس هێنانی ئەو بزوتنەوەیەی باس کردبوو. هەروەها رێگەی دەرباز بوونی بزوتنەوەی خەڵکی کوردستانی لەو بارودۆخە نالەبارەی کە تێیکەوتبوو نیشان دابوو. بەشی زۆری ئەو نامیلکەیە، کاک فوئاد نووسی بووی و هاورێیانی دیکەش هاوکاریان کردبوو. لە ساڵی ١٩٧٩ نوسخەیەکی ئەو نوسراوەیەمان دا بە کاک نەوشیروان مستەفا بێکات بە کوردی، رەنگە دەقی کوردی یان فارسێکەی لای ئەو مابێت.

## کۆمەڵە ساڵی ١٩٧٤ دەیویست دەست بگرێ بەسەر (٢٠) ملیۆن دۆلاری ئەوکاتەی پارتیدا

**× ئێوە هیچ پەیوەندیتان لەگەڵ ئەو حەرەکەیەی کە مەلا مستەفا بارزانی سەرکردایەتی دەکرد هەبوو؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: نەخیر ئێمە پەیوەندێکمان نەبوو، بەڵام بە کردەوە تێکەلاوی کێشە و مەسەلەکانی بووین. لەو سالانەدا یەکێک لە ناوەندەکانی تێکۆشانی کۆمەڵە شاری نەغەدە بوو. مەلا ساڵحی رەحیمی ئیمام جومعەی ئەم شارە، تێکەلاوێکی زۆری لەگەل سەرکردەکانی ئەو بزوتنەوەیە هەبوو. مالی مەلا سالح شوێنک بوو کە لەوێ بەردەوام هەواڵی تازەترین رووداوەکانت دەست دەکەوت. یەکێک لە کورەکانی مەلا سالحی رەحیمی

کادیرێکی پێشکەوتووی کۆمەڵە بوو. کچ و کورەکانی دیکەشی هەرکامەیان زۆر و کەم هەر لە چوارچێوەی بیر و بۆچوونی کۆمەڵە دابوون و بۆ ئێمە و بەتایبەت بۆ کاک موحسینی برایان یاریدەدەرێکی دلسوز بوون. با لێرەدا بیرەوەرێکتان بۆ باس بکەم:

یەکەم رۆژەکانی دوای هەرەسی بزوتنەوەکە بوو کە کاک مۆحسین بەپەلە هاتە لای من بۆ مەهاباد و وتی دۆێنێ شەو چەند بەرپرسێکی ئەو کاتی بزوتنەوەی کوردستانی عێراق، سێ چەمەدانی قورسیان هێناوەتە مالی ئێمە و لای باوکم بە ئەمانەت دایانناوە و ئێمە خۆمان گواستومانەتەوە بۆ ژێرخانی مالەوە. لە سەرەتاوە لامان وابوو لەوانەیە دەمانچە بێت بەلام کە شەو چووینەوە سەردانمان کردن لە یەکێک لە چەمەدانەکاندا کە سەرەکەی تۆزێک شل بوو دەستێکمان بردە ناوەوە و بۆمان دەرکەوت کە هەمووی پارەیە. وتیشی هەلبەت ئەو برایەم کە دەستی برد بۆ ناو چەمەدانەکە لەگەل دەستی خۆی چنگێکی لە پارەکە دەرهێنابوو. هەلبەت کاک مۆحسین ئەو پارەیەشی لەگەل خۆی هێنابوو. ئەگەر لە بیرم مابێت سەد و ٢٠ هەزار دیناری ئەو کات بوو. خێرا مەسەلەکەمان لەگەل بەرپرسی سەرەوەتری خۆمان کە کاک حەمەحوسێنی کەریمی بوو و دواجاریش لەگەل کاک عومەری ئێلخانیزادە هێنایە گۆرێ. وتمان ئەمە پارەی خەباتی خەلکی کوردستانی عێراقە و نابێت لە گێژاوی ئەو هەرەس و هەلاتەدا، حەیف و مەیل بکرێت و بریارمان دا موسادەرەی بکەێن. پلانێکمان بۆ دارشت، بەلام بەداخەوە بە هۆی هێندێک گیروگرفت کە پێش هات، تۆزێک درەنگ دەست بە کار بووین. چەند رۆژ دواتر پارەکەیان لە پێشدا بۆ مالێکی دراوسێی مالی مەلا سالح و دواجاریش بۆ کەرەج گواستەوە. تا کەرەجیش بە سەیارە کەوتینە شوێنی، بەلام هیچی لەگەل نەکرا و پارەکە لە چاوی ئێمە ون بوو. به بەراودێک کە لە رووی جۆری پارەکە و قەبارەی چەمەدانەکان کردمان، بری نزیکەی ٢٠ ملیۆن دۆلار دەبوو.

**× ئەگەر ئەو پارەیەتان دەست کەوتبایە، چیتان پێدەکرد؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەو کات قسەمان لەوەش کرد. وتمان دەبێ ئێستا دەستی بەسەر دا بگرین و رۆژی خۆی کە خەبات لە کوردستانی عێراق سەری هەڵدایەوە، کە ئێمە بە پێی بیروبۆچوونمان لەوەش دڵنیا بووین، تەسلیمیان بکەینەوە.

## ساڵی ١٩٧٩ کۆمەڵە لەسوریاوە چەک بۆ یەکێتی دەگوێزێتەوە

**×بیستومە کە لە ساڵی ١٩٧٩ چەکی یەکێتی تان لە سنووری تورکیەوە لە رێگەی ئێرانەوە گواستووەتەوە بۆ خڕی ناوزەنگ. وردەکاریەکانی ئەم رووداوەمان بۆ باس بکەن.**

ئیبراهیم عەلیزادە: یەکێتی نیشتمانی چەک وچۆڵێکی زۆری لە سوریا هەبوو و لە هەوڵ دابوون لە رێگای تورکیاوە بیگوازنەوە بۆ سنووری سۆما و برادۆست لە کوردستانی ئێران و لەوێوە بۆ کوردستانی عێراق. سەلاح نەجۆ و هاورێیانی لە خاکی تورکیا تێ پەریان دەکرد، دەبوایە لە سنووری ئێران و تورکیا تەسلیمی ئێمەی بکەن و ئێمەش لە رێگەی ئێرانەوە بیگۆازینەوە بۆ لای یکێتی. ئێمە ئەو کارەمان رێکخست و وەجبەیەک لە چەکەکانمان گەیاندە نەغەدە، لەوێ لەماڵێکدا شاردمانەوە، بۆ ئەوەی وردە وردە بیبەین بەرەو خڕی ناوزەنگ. ئەو کارە بە رێک و پێکی جێبەجێ کرا و دواجار کە یکێتی پێوەندی لەگەڵ رژیمی تازەی ئێران گرت، بەشێکی زۆری ئەو چەکانە گەیەندرایە فرۆکەخانەی تاران و رژێمی ئێران دەستی بەسەرداگرت و هەرگیز پێی نەدانەوە. لە بیرمە کە مام جەلال ١١ کەلاشینکۆفی دا بە خۆمان و ئەوە یەکەم وەجبەی چەک بوو کە دەستی کۆمەڵەی دەگرت.

## نامەی تاڵەبانی بۆ جەبهەی میللی کۆمەڵە بردی

**× یەکێتی نیشتمانی لە پێش رووخانی شاوە پێوەندی لەگەڵ هێندێک لە سەرکردەکانی ئەو کاتی ئۆپۆزیسیۆنی شا گرتبوو، دواجاریش ئەوە بوو بە سەرەتای پێوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیش. هەڵوێستی ئەو کاتی کۆمەڵە بەرانبەر بەم سیاسەتەی یەکێتی چی بوو؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: سەبارەت بەم پێوەندیە، یەکێتی بەردەوام سەرکردایەتی کۆمەڵەی لە وەردەکاریەکانی ئاگادار دەکرد و ئێمەش پێمان باش بوو. تەنانەت ئاسانکاریشمان بۆ دەکرد، بۆ نمونە یەکەم نامەکانی مام جەلال بۆ سەرکردەکانی "جبهەی میللی" لە لایەن ئێمەوە بەرێ کرا. جگە لەوە هاورێ دوکتۆر جەعفەری شەفیعی یەکێک لە ئەندامانی وەفدێک بوو کە لە لایەن یکێتیەوە چوو بۆ تاران بۆ وتوێژ کردن. ئەو رووداوە لە سالی ١٩٧٩دا بووە.

## کۆمەڵە چەک دەدات بە یەکێتی

**× لە دوایین رۆژەکانی حکومەتی شادا لە کوردستانیش دەست بە سەر چەک وچۆڵێکی زۆری پادگان و شوێنە عەسکەریەکانی ئێراندا گیرا. ئایا یەکێتی بەشێکی لەم چەک و چۆڵە پێ برا؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: بەڵی، ئێمە خۆمان چی پێویست بایە بۆمان دەبردن، بەلام بەتایبەتی مەفەرەزیەکی یکێتی لە شاری سەردەشت کە کاک قادر خەبات بەرپرسیان بوو لە دەست بەسەردا گرتنی پادگانی سەردەشت دا، یارمەتی ئێمەیان دا. کەل و پەل و چەک و تەقەمەنی ئەو پادگانە لە نێوان ئێمە و حیزبی دیموکرات و چریکە فیدایەکاندا دابەش کرا. ئێمە لە بەشەکەی خۆمان، بەشی یەکێتی نیشتمانیمان دا.

**× فیلم و داکومێنتەکان نیشان دەدەن کە لە دوایین مانگەکانی ساڵی ١٩٧٩ و دوای رووخانی رژێمی شا، مام جەلال سەفەریکی کوردستانی ئێران دەکات و پێشوازێکی زۆر گەرمی لێدەکرێت. ئەو پێشوازیە نیشانەی چی بوو؟ کێ رێکی خستبوو؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: دوای هەرەسی بزوتنەوەی خەڵکی کوردستانی عێراق، سەرهەڵدانەوەی سەرلەنوێی ئەو بزوتنەوەیە لە کوردستانی ئێران شور و شەوقێکی زۆری پێک هێنابوو. نامیلکەکانی سەرەتایی یەکێتی نیشتمانی بە هەزاران نوسخە لە لایەن کۆمەڵەوە لە کوردستانی ئێران بلاو کرابوونەوە. لە جەریانی خۆپێشاندانەکاندا گەلێک دروشمی پشتیوانی لە یکێتی بەرز کرابووەوە. لە وەها کاتێکدا بوو کە سەفەرەکەی مام جەلال بۆ شارەکانی سەردەشت و بانە لەگەڵ پێشوازیەکی بەرینی جەماوەری بەرەو روو بوو. دیارە سەرجەمی ئەم حەرەکەتانە کۆمەڵە رێکی خستبوون.

**× لە دوا ستوونی گوڤاری پێشرەوی ژمارە ٢٩٠ دا ئاماژەیەکی نادیار بە پەیامی بەرپرسی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ناوچەی بۆکان بۆ مەکتەبی سیاسی حیزبی دیموکرات کراوە، ئەگەر دەرکرێ لەم بابەتەوە روونتر قسەمان بۆ بکەن.**

ئیبراهیم عەلیزادە: جەریانەکە هەڵدەگەرێتەوە بۆ کردنەوەی رەمزی یەکێک لە پەیامەکانی بەرپرسی ئەو کاتی ناوچەی بۆکانی حیزبی دیموکرات، کە تێیدا ئاماژە بە پێوەندیەک کرابوو، کە سپای پاسداران لەگەڵ بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی حیزبی دیموکرات کردبووی. پەیامەکە لە چەند خاڵ پێکهاتبوو، خاڵی یەکەم، وتبویان ئێمە ئامادەین لە کاتی شەرەکانتان لەگەڵ کۆمەڵە چاوپۆشی لە هاتوچۆتان لە نزیک پایگاکانمان بکەین. لە خاڵی دووهـەم دا هاتبوو کە دەتوانن بریندارەکانتان لە نەخۆشخانەی بۆکان چارەسەر بکەن. خاڵی سێهەم، بریتی بوو لە ئامادەیی ئەوان بۆ دابین کردنی تەقەمەنی لە شەرەکاندا. خاڵی

چوارەم، نووسرابوو  کە ووتویانە "بۆ پولیش دەر باز و کیسە باز".
کاتێک پەیامەکە کەشف کرا، بەرپرسی بەشی بێسیم یەک ڕاست دەیبات بۆ کاک عومەری ئێلخانیزادە و ئەویش دوای ئەوەی دڵنیا دەبێت کە پەیامەکە لە لایەن بەرپرسی ناوبراوە بووە و کردنەوەی رەمزەکەشی دەقیقە و بە شوێنی دا چەند پەیامی نەهێنی دیکەشیان دەکاتەوە، هێنای بۆ لای کومیتەی ڕەهبەری کۆمەڵە و هەمووومان بە سەر سوورمانەوە سەیرمان کرد. من ناتوانم بڵێم کە دوای ئەوە ئایا رێککەوتنێک لە لایەن حیزبی دیموکراتەوە لە گەڵ رژێم دژ بە کۆمەڵە کرا یان نا؟ بەڵام لە واقیع بوونی پێوەندیەکە و پەیامەکە دڵێنام.

## قاسملۆ هەڵەی کرد شاهیدی بۆ بەعس دا سەبارەت بە کیمیا بارانی هەڵەبجە

**× عەبدولرەحمان قاسملو لە ساڵی ١٩٨٩ لە گوڤاری" کل العرب"دا دەڵێ  دەولەتی عیراق لە دژی کوردەکان چەکی کیمیایی بە کار نەهێناوە ، هەڵویستی ئێوە چۆن بوو؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: دیارە ئەو کات رژێمی بەعس زۆر بەرانبەر بە ئاشکرا بوونی بە کارهێنانی چەکی کیمیایی، بەتایبەت پێش بۆمبارانی هەلەبجە، زۆر حەساس بوو. ئەگەر چی ئێمە هیچ شەرت ومەرجێکمان بۆ پێوەندی گرتن لەگەڵیان قەبوول نەکردبوو، بەلام دەمانزانی کە ئەو رژێمە چەندە هار و درەندەیە و پێشبینی ئەوە دەکرا ئەگەر ئەو نەهێنیانەیان لێ ئاشکرا بکەین تۆڵەی سەختمان لێدەکاتەوە. بۆیە ئەگەر بێدەنگ بوون لە ئاست کیمابارانی کوردستان بە هەر حاڵ پاساوێکی هەبێت، لێدوانی پێچەوانە نەیدەتوانی هیچ پاساوێکی هەبێت و ئەو شاهیدی دانەی قاسملو، هەڵەیەکی سیاسی گەورەی ناوبراو بوو. بەرامبەر بە بومبارانی شیمیایی، ئێمەش هیچ پروپاگەندەیەکی راستەوخۆمان نەکرد و لام وایە ئەو کات نەشدەکرا

بیکەین. بەڵام من خۆم هاوڕێ لەگەڵ کاک عومەر شێخ موس و کاک عومەر دەبابە و فەرهاد بەشارەت لە دەفتەری ڕۆژنامەی بەناوبانگی " داگز نایتیری " سوئیدی لە دووتوێی وتوێژێکدا، هەموو ڕاستیەکانم بۆ نووسەرێکی ڕۆژنامەکە باس کرد بە تەنیا داوام لێکرد ئەو بەشانەی کە پێوەندی بە عێراقەوە هەیە نەک وەکوو قسەی من، بەڵکوو وەکوو زانیارێکی خۆی بینووسێت. هەر چەند سەفیری ئەو کاتی عێراق لە سوئید هەموو بابەتەکەی بەناوی مەنەوە کردبوو بە عەرەبی و یەکسەر ناردبویەوە بۆ وەزارەتی دەرەوەی عێراق. کە هەڵبەت بوو بە هۆی مشت و مڕێکی دیپلۆماتیکی زۆر لە نێوان کۆمەڵە و موخابەراتی عێراقی و گەڵێک ئاستەنگی بۆ خوڵقاندین.

کارێکی دیکە ئێمە لە ساڵانی ١٩٨٨ و ١٩٨٩دا کردمان، ئەوە بوو کە بەرپرسی ڕێکخراوی "میدیکو ئەنترناسیۆناڵ" بە ناوی "هانس برنشتاید"مان لە ڕێگەی بەغداوە هێنا بۆ لای خۆمان لە دەروبەری ڕانیە و هەرچی مەعلوماتی پێویست لە سەر کیمابارانی و چۆڵکردن وخاپوور کردنی دێهات هەبوو پێمان دا. لەگەڵ هانس ڕێکەوتین کە کەمپەینێک لە دژی جنایەتەکانی ڕژیمی عێراق لە ئوروپا بە گشتی و بە تایبەتی لە ئاڵمان، بخاتە ڕێ بۆ ئەوەی سەرنجی بیروڕای گشتی بۆ مەسەلەکە ڕابکێشێت، بەڵام بەو مەرجەی کە هیچ جۆرێک نیشان نەدا کە ئەو بەڵگە و داکومێنتانەی لەم سەفەرەیدا دەست کەوتۆە. ئەو کەمپەینێکی کاریگەری خستە ڕێ و مەرجەکەی ئێمەشی جێبەجێ کرد.

## لیبیا پارە بۆ یەکێتی دەنێرێ لەڕێگای کۆمەڵەوە

**× لە چەند شوێندا باسی ئەوە کراوە کە کۆمەڵە لە نێوان ساڵەکانی ١٩٧٩ تا ١٩٨٢، پارەی یارمەتی دەوڵەتی لیبیای لە ئوروپاوە بۆ یەکێتی نیشتیمانی گواستۆتەوە. ئایا شتی وابۆە؟ ئەگەر بووە وەردەکاریەکانی چۆن بووە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: بەڵێ ئەوە راستە لە سەرەتاوە یەکێتی خۆی پارەکەی دەگایەندە تاران و ئێمە پارەکەمان لە کاک دلێر سەید مەجید تەحویل وەردەگرتوو و لە رێگەی رێکخراوی نەهێنیمانەوە دەمانگەیاندە دەستی یەکێتی لە "خری ناوزەنگ." دوای ئەوەی کە کارەکە لە رێی تارانەوە گیروگرفتی تێکەوت، ئەو جار کاک عومەر شێخ موس لە ئاڵمان پارەکەی تەسلیمی هاورێی گیان بەختکردوو، حوسێن سوهەیلی دەکرد و بە رێگە و پەیکی تایبەتەوە لە بەغداوە دەمان هێناوە و دەمان گەیاندە دەست یکێتی. لە بیرمە کە جارێکیان هاورێ حەمید کە ئێستا نیشتەجێی ئاڵمانە لە فرۆکەخانەی بەغدا پێش ئەوەی نوێنەرەکەمان دەستی بیگاتێ، مەئمورانی عێراقی دەگەنە فرۆکەخانە و ئەوەیش بە هات و هاوار لە سەر بەستەی پارەکە داڵدەنیشێ و رێگا نادات کە بیپشکنن. نوێنەری کۆمەڵە دەگاتێ و بە دانی برێکی باش پارە وەکوو بەرتیل، کێشەکە چارەسەر دەکات.

## کۆمەڵە هاوکاری مەلا بەختیار و ئاڵای شۆڕش دەکات

**× لە کتێبی "ئەزمون و یاد"، کە بیرەوەرپەکانی پشکۆ نەچمەدینە باس لەوە کراوە کە لە لایەن کۆمەڵەوە هاوکاری ئاڵای شۆڕش و مەلا بەختیار کراوە. ئەگەر دەکرێ ئەم رووداوەمان بۆ باس بکەن؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەوە راستە کە ئێمە لە رێگەی کاک مەلا بەختیارەوە پێوەندیمان لەگەڵ رەوتێکی چەپ لە ناو یەکێتی نیشتمانی دا کە دواجار ناوی "ئاڵای شۆڕش"ی لە سەر دانرا هەبوو. ئێمە خوازیاری هیچ چەشنە جیابوونەوەیەک لە ژێر هیچ ناویەکدا لە یکێتی نیشتمانی نەبووین. بەڵام ئێمە دوور کەوتنەوەی رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتری "کۆمەڵەی رەنجدەرانی

کوردستان" لە مارکسیزم و لە بیروبۆچوونی چەپمان دەدیت و ئەو ڕەوتەمان بۆ داهاتووی خەباتی شۆڕشگێڕانە لە کوردستانی عێراق بە زەرەرمان دەزانی. هەر بۆیە لە ڕێگەی بڵاو کردنەوەی ئەدەبیاتی خۆمان لە کوردستانی عێراق هەوڵمان دەدا پێش بەم ڕاسترەویە کە کۆمەڵەی ڕەنجدەران گرتبوویە بەر، بگرین. چەند جارێک چاومان بە کاک مەلا بەختیار کەوت و لە ڕا و بۆچوونی خۆمان ئاگادارامان کرد و لە هەڵوێستی ئەویش تێگەیشتین. ئێمە لە کاتێکدا کە بۆ بەشداری لە کۆنفرانسی کۆمەڵەی ڕەنجدەران لە مەرگە بانگهێشتکرابووین، من ناوەڕۆکی هەڵویست و بۆچوونی خۆمانم بە بێ ئەوەیکە ناوێکم لە ئاڵای شۆڕش ببردرێت، لە کۆنفرانسەکەدا پێشکەش بە ئامادە بووان کرد. دیارە دوا جار بەرپرسانی ئەو ڕەوتە لە لایەن یکێتی نیشتمانیەوە دەستبەسەر کران و ئێمەش ئیتر پێوەندێکمان نە بە ئەوانە و نە پاشماوەی ئاڵای شۆڕش کە لە ئێران گیرسابوونەوە نەما.

## پاش ١٩٩١ کۆمەڵە بەردەوام دەبێ لەسەر هاوکاری مەلا بەختیار و کۆمەنیستەکان

## کۆمەڵە بۆ شەری کەرکوک چەک دەدات بە یەکێتی

**× پاش هاتنەوەی لایەنە سیاسیەکان، دوای ڕاپەرینی ١٩٩١ ئاڵای شۆڕشیش گەرانەوە بۆ کوردستان. پێوەندیتان لەگەڵیان چۆن بوو، ئایا لە لایەن ئێوەوە یارمەتی دراون؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: کاک مەلا بەختیار وەکوو بەرپرسی یەکەمی ئەم ڕەوتە لە زیوەی کوردستانی ئێرانەوە پەیامێکی بۆ ناردین کە تێیدا لە ئامادەیی خۆی بۆ گەرانەوە ئاگاداری کردین. بەڵام کاتێک کە گەرانەوە ئیتر بە ناوی ئاڵای شۆڕش

کاریان نەدەکرد. بەڵکوو ڕێکخراوێک بە ناوی کۆمەڵەی سۆسیالیستەکانی کوردستانیان ڕاگەیاند کە دەزانین ئەوانیش دواجار چوونە ناو حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستانەوە. دوای گەڕانەوەی کاک مەلابەختیار کۆمەڵە نێو بە نێو لە سەر داوای خۆیان بڕێک پارەی وەکوو یارمەتی بۆ چالاکیەکانیان بۆ دەناردن. دیارە ئەو سیاسەتەی کۆمەڵە ئەو کات تایبەت بە ئەم جەریانە نەبوو. هەر ڕێکخراوێکی چەپ و سیاسی خەباتکار ئەوکات کە دەورێکی شۆڕش گێرانە بوو، داوای یارمەتی لە کۆمەڵە کردبا، کەم و زۆر و بە پێی توانا پێی دەدرا. بۆ نمونە هەر ئەو کاتە بەشی زۆری تەقەمەنی پێویست کە لە جەریانی ڕاپەڕینی شاری کەرکوکدا یەکێتی نیشتمانی پێویستی بوو کۆمەڵە لە ڕێگەی کاک دلێری سەید مەجیدەوە دەنێردرا بۆ کاک مولازم عومەر کە ئەو کات فەرماندەی جەبهەکانی شەڕی کەرکوک بوو.

## ئاڵای شۆڕش مارکسی نەبوون، بەڵکو سۆسیال دیموکراسی چەپ بوون

## مەنسوری حیکمت دژی ئاڵای شۆڕش بوو چونکە دەیوت ناسیۆنالیزمی شەڕمنن

**پێت وایە ئاڵای شۆڕشی ئەو کات حەرەکەیەکی بەهێز و ڕەسەن و شۆڕشگێر و مارکسی بوو؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: گۆمان لەوەدانیە کە شۆڕشگێر بوون و دەستکردی کەسێش نەبوون، بەم واتایە ڕەسەن بوون. بەڵام سەبارەت بە مارکسی بوونیان، خۆیان بە مارکسیست پێناسە دەکرد. مەجالی موناقشەی زۆریش لە سەر ئەم بابەتە نەبوو. دواجار کە کاک مەلابەختیار وەکوو بیرمەندی ئەو ڕەوتە زیاتر بۆچونەکانی خۆی ڕوون کردەوە، دەرکەوت کە ئەوان پێش

ئەوەی لە ناوەرۆکی واقعی خۆیاندا مارکسی بن، سۆسیال دیموکراتی چەپن. بەرامبەر بە ئەو رەوتە لە ناو رێبەری کۆمەلە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا دوو هەلوێست و بۆچوونی جیاواز هەبوون. یەکێیان هی مەنسووری حیکمەت بوو، مەنسووری حیکمەت لای وابوو کە ئەم رەوتە لە باشترین حالەتی خۆیدا هەر لە سەرەتاوە رەوتێکی ناسیونالیستی چەپ بووە. بە پێی ئەم بۆچوونە مەنسووری حیکمەت دژ بە هەر چەشنە پێوندیەک لەگەل رەوتی ئالای شۆرش بوو و دەیوت باشتر وایە ئێمە دوستایەتێکەمان لەگەل یەکێتی نیشتمانی بەهێزتر کەین، چۆنکە ئەوان ناسیۆنالیستی بێ پێچ و پەنان. بەلام ئەوانە ناسیۆنالیستی شەرمێونن. بۆچوونێکی دیکە ئەوە بوو کە ئەم پێوندیە پێویستە بۆ ئەوەی کارێگەریمان هەبێت لە سەر رەوتی بوژانەوەی بیری سۆسیالیستی و مارکسیستی لە ناو رێزەکانی یەکێتی نیشتمانیدا.

## قانعی فەرد سەر بەدەزگا جاسوسیەکانی ئێرانە

**×قانعی فەرد پاش ئەو هەرایەی کە لە کوردستانی عێراق نایەوە، دواجار کەوتە جنێودان بە سەرکردەکانی کوردستانی ئێران، بۆچوونی ئێوە لەمبارەوە چیە و قانعی فەرد بە شوێن چ شتیکەوەیە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: قانعی فەرد لە کوردستانی ئێران کەسێک نییە کە خەلک زۆر گرینگی بە قسە و نووسراوەکانی بدات. تەنانەت کەسێکی نەناسراو بوو، بەلام نوسراوەکانی لە کوردستانی عیراق وەکوو بیانوو بۆ پروپاگەندەی سیاسی و ئیمتیاز وەرگرتن لە کێشەکانی نەهێنی ناو حیزبە سیاسیەکانی دەسەلاتدار دا بە کار هێندرا و لەو رێگەیەوە ئەویش ناوێکی دەر کرد. نووسراوە و پرۆپاگەندەی ئەو لە سەر حیزبە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران و لەسەر کێشە کۆمەلایەتییەکانی کوردستانی ئێران، دەچێتە خانەی

لێدوان و تەبلیغاتی دەزگا ڕەسمییە دەوڵەتییەکانەوە کە بەردەوام هەر بووە و چاوەڕوانیش ناکرێ کۆتایی پێ بێت. هەڵبەت ناوبراو دەستی بە هێندێک لە ئارشیوەکانی دەولەتی لە ئێران ڕادەگات کە کەسی ئاسایی دەستی ناکەوێت. ئەوەش گۆمانی ئەوە درووست دەکات کە لە شوێنێکەوە لە دەزگا حکومەتییەکانی هەواڵگری ئێرانەوە کارئاسانی بۆ بکرێت. هەروەها بۆ سەفەرەکانی لەم سەری دنیاوە بۆ ئەم سەری دنیاش.

## BDP خەباتی مەدەنیانەی پەرە پێ دا

**×لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییانەی تورکیا دا کوردەکانی سەر بە پارتی BDP توانیان ٣٦ کورسی بە دەست بێنن. هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ ئەم بارودۆخە چیە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: دیارە ڕووداوێکی گرینگ بوو، یەکەم دەسکەوتی ئەوەیە کە یارمەتیدەر دەبێت بۆ گەشە کردنی خەباتی مەدەنی لە کوردستانی تورکیا. لە ڕاستیدا ئەوەی کە دەوڵەتی تورکیا بە دەرجەی یەکەم لێی نیگەرانە، خەباتی چەکداری پ.ک.ک. نییە. بەڵکوو پەرەسەندنی خەباتی جەماوەرییە. دەوڵەتی تورکیا بە ڕواڵەت وا نیشان دەدات کە پێشوازی لە گەشەی خەباتی مەدەنی لە کوردستان دەکات، بەڵام لە ڕاستیدا وانیە و زۆرتر هاندەری درێژەی خەباتی چەکداریە بەو مەرجەی کە زۆر پەرە نەستێنێت. بەهەلکەوت نیە کە تەنانەت ئامادە نییە لێبوردنێکی گشتی دەربکات بۆ ئەوەی هێزەکانی "پ.ک.ک." بتوانن بگەڕێنەوە ناوخەباتی جەماوەریەوە. هەروەها دەبینین کە بەردەوام کۆسپ لە ڕێگای BDP دادەنێت و هەموو جارێک ناچاری دەکات، بەناوێکی دیکەوە چالاکی بکات.

# کورد ئامادەنیە بۆ دەوڵەتی کوردی

**× دوای ڕووداوەکانی ناسراو بە "بەهاری عەرەبی" ئەگەرەکانی دروست بوونی دەوڵەتی کوردی چۆن دەبینن؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: دوای ئەوەی کە لە ئاکامی ئەم خەبات و ڕاپەرینانەدا دەوڵەتی سوریە بڕوخێت و کۆمەڵگای ئێرانیش بکەوێتە سەر ڕەوتی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی، هەروەها شەپۆلی ئەم خەباتە بگاتە بەغداش کە ئەم ئەگەرانە هەموویان ڕوودانیان لە ئاسۆ دایە، جارێکی دیکە دەرفەتێک بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی دەرەخسێ. بەڵام ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی هەم ئامادەیی جەماوەری خەڵک کوردستانی گەرەکە و هەم هەبوونی ئیرادەی سیاسی لە سەرەوە. حیزبە سیاسیەکانی چالاک لە کوردستانی عێراق، هیچ کامیان خەریکی ئامادە کاری بۆ کەڵک وەرگرتن لە وەها دەرفەتێک نییە. جەماوەری خەڵک بەرەو ئەو ئاسۆیە ڕینوینی ناکەن. چاویان بڕیوەتە بڕیاری زلهێزەکان و لایان وایە چی ئەوان نەیانهەوێت بەدی نایەت. جەماوەری خەڵکیش ئامادە نیە لە پیناوی وەها پرۆژێک فیداکاری بکات، چۆنکە دڵنیا نییە لەوەی لە ژێر حوکمی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیدا بارودۆخەکەی باشتر دەبێت. بەڵام بە هەمووی ئەوانەوە ئێمە لە چەند مانگی ڕابردوودا شاهیدی کۆمەڵێک گۆرانکاری چاوەڕوان نەکراو لە پێکهاتەی دەسەڵات لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا بووین. کەوایە ناکرێ ئیمکانی پێکهاتنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیش لە درێژەی ئەو ئەزمەی کە جیهانی عەرەبی داگرتووە بە تەواوی ڕەت کەینەوە.

## پەیوەندیمان لەگەڵ حیکمەتیست نیە

**× ڕۆژی دووی فێوریەی ٢٠٠٩ کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە ڕاگەیاندنێکی دژی حیزبی حکمەتیست بڵاو کردۆتەوە. ئێستا پێوەندی ئێوە لەگەڵ دوو باڵی ئەم حیزبە چۆنە؟ ئایا ئەوە ڕاستە کە ئێوە لەحیزبی حکمەتیست نزیک بوونەتەوە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئیمە نە لە ڕووی هەلوێست و بۆچون و ڕێبازی سیاسیەوە هیچ نزکایەتێکمان لە گەل ئەو حیزبە هەیە و نە هیچ پێوەندێکی ریکخراوەیمان لە گەڵیان هەیە و نە ئەوەندە دەور و نەقشیان لە کۆمەلگای ئیران و کوردستان بە گرینگ دەزانین کە پێویست بێت وەڵامی ئەم وتار و ئەو وتار و ئەو لێدوانیان بدەینەوە. ئەو ڕاگەیاندنەی ئیوە ئاماژە بۆ دەکەن وەڵامێکی کورت بە کۆمەلێکی زۆر تەبلیغاتی ئەوان و ریزەکانمان ئاگادار دەکاتەوە کە لە جیهانی مەجازی و لە سەر تۆری ئینترنێت نەکەونە داوی ئەو جۆرە پروپاگەندەوە کە هیچ کاریگەرێکی لە سەر هیچ بزوتنەوەیەکی واقعی کۆمەلایەتی نیە.

# کۆنگرەی (١٤) کۆمەڵە
# ٢٠١٠زرگوێز

# کۆنگرەی (١٤) کۆمەڵە ٢٠١٠زرگوێز

**× بەشێکی بەرچاو لە پرسیارەکانی ئێمە لەم گفتوگۆیانەدا پیوەندی بە کونگرەکانی کۆمەلەوە بۆە کۆنگرەی ١٤ی کۆمەڵە لە نێوەی یەکەمی مانگی ژۆئەنی ١٣٨٩ بەرێوەچوو. ئەرکەکانی ئەو کۆنگرەیە چی بوون و بریارە گرینگەکانی کامانەن.**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەم کۆنگرەیە لە رۆژانی نیوەی یەکەمی مانگی گەلاوێژی سالی ١٣٨٩ی هەتاوی بەرێوەچوو. بەرنامەی کاری کونگرە ، بریتی بوو لە: هەڵسەنگاندنی راپۆرتی سیاسی و تەشکیلاتی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە، پەسەند کردنی ئەو بریارانەی کە لە لایەن ئەندامانی کونگرەوە پێشنیارکرابوون و هەلبژاردنی کومیتەی ناوەندی کۆمەلە.

راپۆرتی سیاسی کومیتەی ناوەندی کە لەم کونگرەیەدا درایە بەر باس و لێکۆڵینەوە چەندین بابەتی جیهانی،ناوچەیی، ئێرانی و کوردستانی لەخۆگرتبوو. راپۆرتەکە بە لێکۆڵینەوەیەک لە گرینگترین رووداوی جیهانی سەرمایەداری لە نێوان دوو کونگرەی ١٣ و ١٤دا دەستی پێکرد و لە درێژەی باسەکانی خۆیدا تیشکی خستە سەر هەل و مەرجی سیاسی روژهەلاتی ناوەراست.

کۆنگرە لە درێــژەی باسەکانی خۆیدا لە سەر بنەمای لێکدانەوەکانی پێش بینی خۆی بۆ داهاتووی سیاسی ئێران لە مەودایەکی کورت ماوەدا لە چەند خاڵ دا دەست نیشان کرد:

یەکەم، خەباتی ئیعترازی لە شەقامەکانەوە دەگوازرێتەوە بۆ ناو جەرگەی بزووتنەوە کۆمەلایەتەییەکان، کە بریتین لە بزووتنەوەی کرێکاران، بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی خوێندکاران و بزووتنەوەی خەلکی کوردستان. خەباتی جەماوەری قوولتر دەبێتەوە، جەماوەری خەلک داخوازییەکانی واقعی خۆیان دێننە گۆرێ، ئەوان ئازادی ژیانی باشتریان دەوێت و بەدەست

هێنانی ئازادی کۆمەڵگا لە هەل و مەرجی شۆڕشگێرانە نزیک دەکاتەوە، هەل و مەرجێک کە تێدا چینی کرێکار دەورێکی چارەنووس ساز لە گۆڕانکارییە سیاسیەکاندا دەبینێت.

دووهەم، ریفۆرم خوازەکانی حکومەتی و لیبراڵەکانی سکۆلار، وەکوو هێزی زەخیرەی بورژوازی ئێران بۆ کونترۆڵ کردنی هەر حەرەکەتێکی رادیکال لە کەمین دا دەبن. ئەوان هەول دەدەن بە ترساندنی خەلک لە شۆرش لە ناو توێژەکانی محافزەکاری کۆمەلگادا بۆ خۆیان هێز کۆبکەنەوە.

سێهەم، هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان بە هەر رادەیەک کە چینی کرێکار لە ئاستی جەماوەری دا لە مەیدانی خەباتی سیاسی و چینایەتیدا بێت، گەشە دەکەن و هاوسەنگی هێز بە قازانجی نزیک کردنەوەی کۆمەلگای ئێران لە شۆرشێکی کرێکاری، لە شۆرشێکی کۆمەلایەتی دەگۆرن.

چوارەم، پاسداران هەنگاوی خێراتر بەرەو بەدەستەوەی گرتنی دەسەلاتی سیاسی هەلدەگرن و ئاخوندەکان و مەراجیعی تەقلیدی شیعە لە دەسەلات دوور دەخەنەوە و دەورێکی تەشریفاتیان پێ دەسپێرن.

لە درێژەی ئەو لێکدانەوەیەدا، کۆنگرە هەل و مەرجی ئێستای بزووتنەوەی کرێکاری و گیروگرفتەکانی هەلسەنگاند و سیاسەت و جەهەت گیری داهاتووی رەوتی ئێمەی لە کوردستان لە بەرەو پێش بردنی ئەو بزووتنەوەیە دیاری کرد.

لەسەر بنەمای هەلسەنگاندنی هەل و مەرجی سیاسی ئێستای ئێران، راپۆرتی سیاسی کومیتەی ناوەندی کۆمەلە هەل و مەرجی سیاسی ئێستای کوردستانی هەلسەنگاند و لێرەشدا تەکیدی لەسەر چەند خالی دیاریکراو کرد:

یەکەم، کۆمەلگای کوردستان لێوالێوی بێزاری لە رژیمی کۆماری ئیسلامییە. کوردستان ناوچەیە کە لە لایەن رژیمە دەسەلاتدارەکانەوە لە بواری ئابووری و پیشەسازییەوە بە

ئانقەست دواکەوتوو ڕاگیراوە. ئاستی خزمەتگوزاری گشتی لە کوردستان لەچاو سیستان و بەلوچستان نەبێت لە هەموو شوێنێکی دیکەی ئێران نزمترە. بێکاری لە سەدا ٣٠ دانیشتووانی ئامادەبەکاری گرتووەتەوە، گیرۆدە بوون بە مەوادی موخەدێر وەکوو ئازارێکی پرژانی کۆمەڵایەتی بە پێی بەرنامە و بە ئانقەست تووشی ئەو کۆمەڵگایە کراوە. کوردستان لە ژێر باری ستەمی نەتەوایەتی دایە و حکومەت وەکوو هاوڵایەتییەکی پلەی دوو چاو لە خەڵکی کوردستان دەکات. زیندان و ئەشکەنجە و ئێعدام ئامرازی داسەپاندنی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بەسەر خەڵکی کوردستان دابووە.

لە وەها هەل و مەرجێکدا هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لە کوردستانیش هاتە کایەوە. زۆربەی خەڵکی کوردستان لە سەر بانگەوازی کۆمەڵە و چەند لایەنێکی دیکە، لە هەڵبژاردن دا بەشداریان نەکرد. ئەوان لە هەڵبژاردن بەشداریان نەکردبوو تا لەم ڕووداوە وەکوو قەڵغانێک بۆ پاراستنی خۆیان لە کاتی هاتنە سەر شەقام لە دژی ڕژیم کەڵکی لێ وەربگرن. خۆپیشاندان لە کوردستان ڕاستەوخۆ جەماوەری خەڵکی دەبردە مەیدانی نەبەردێکی یەکلا کەرەوە کە خەڵکی کوردستان خۆی بۆ ئامادە نەکردبوو.

هێندێک لە حیزبە سیاسییەکانی کوردستان هەوڵیان دا بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان ببەنە ژێر چەتری ڕێبەرایەتی ریفۆرم خوازەکانەوە. جەماوەری خەڵک بـڕوای بە ریفۆرم خوازەکانی حکومەتی نەبوو هەر بۆیە وڵامی بانگەوازی ئەوانی نەدایەوە، نە جەماوەری خەڵک کەوتنە شوێن سیاسەتی ئەو حیزبانەوە و نە ریفۆرم خوازەکانیش ئامادە بوون بەرامبەر بەم لایەنانە لە کوردستان تەنانەت بە قسەش بووە، بەڵێنێک بدەن.

لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی دەرس و ئەزمونەکانی مانگرتنی گشتی ٢٣ی گوڵان بابەتێکی دیکەی ڕاپۆرتی سیاسی کومیتەی

ناوەندی بوو کە تێدا چەند خاڵی گرینگ خرابووە بەرچاو:
یەکەم، بەم حەرەکەتە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان نەتەنیا پەیوەندی خۆی لە گەڵ خەباتی سەراسەری کرێکاران، ژنان، خوێندکاران و هەموو خەلکی ئازادیخوازی ئێران پتەوتر کرد بەلکوو لە پێناوی خێراتر کردنی رەوتی بەدیهێنانی رێبەرابەتییەکی رادیکاڵ و شۆڕشگێڕ بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی جەماوەری لە ئێران هەنگاوێکی بلندی هەلگرت.
دووهــەم، ئەم حەرەکەتە بە دوژمنی نیشانی دا کە لەناو چ دەریاییەک لە نفرەت و بێزاری جەماوەری خەلک دا گرفتارە. خەڵکی کوردستان بەم مانگرتنە نیشانیان دا کە هێز و ئیرادە و هوشیاری پێویستیان بۆ درێژەدان بە خەباتی عادلانەی خۆیان تا سەرکەوتن هەیە.
سێهەم، خەڵکی کوردستان بەم مانگرتنە نیشانیان دا کە سیاسەتی ترساندن و تۆقاندن لە هەل و مەرجی ئێستادا سیاسەتێکی پێ کەڵکە. کوشتنی ٥ لاوی زیندانی سیاسی نەتەنیا نەیتوانی خەلکی کوردستان چاوترسێن بکات بەلکوو ئاوری توورەیی ئەوانی بلێسەدارتر کرد.
چــوارەم، لە حالێکدا کە خۆپیشاندانی سەرشەقامەکان لە بەرامبەر وەحشیگەری رژیمێکدا کە تەوژمی خەباتی جەماوەری جەستەی برینداركردبوو ببوە تاکتیکێکی پرمەترسی، تاکتیکی مانگرتنی لە ئاستێکی جەماوەری دا هێنایە گۆڕێ.
پێنجەم، ئەم حەرەکەتە پێوانەیەک بوو بۆ دیتنی رادەی یەکگرتوویی جەماوەر و نیشان دانی رێگایەک بۆ دابین کردنی یەکگرتوویی خەڵکی کوردستان بەرامبەر بە دەولەتی مەرکەزی.
شەشەم، ئەم حەرەکەتە زەرفیەتەکانی لاوانی کوردستانی لە رێکخستن و بە ئاکام گەیاندنی کارێکی خەباتکارانە دەرخست. نەوەی نوێ لە جەریانی تەدارۆکی ئەو مانگرتنەدا پەیوەندییەکی قوولتری لەگەل مێژووی پڕ لە هەوراز و نەشێوی بزووتنەوەی

شۆڕشگێڕانەی کوردستان بەرقرار کرد.
حەوتەم: مانگرتنی سەرکەوتووانەی ٢٣ی گوڵان زەرفیەتەکانی کۆمەڵەی لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان دا بۆ هەمووان دەرخست و هێزی بڕوا بەخۆی لەناو ریزەکانی کۆمەڵەدا بردە سەرێ.

دوایین بابەتی ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی کە لە کونگرەدا قسە و باسی لەسەر کرا جێگا و شوێنی خەباتی چەکداری بۆ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و بۆ کۆمەڵە بوو. لەم بابەتەدا بەر لە هەموو شتێک وەکوو پێناسەیەک تەئکید لەسەر ئەوە کرا کە هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە باسکی چەکداری ڕێکخراوێکی سیاسی کۆمۆنیستیە.

خەباتی چەکداری لە کوردستان لە هەمان کاتدا خەباتێکی سیاسی بوو کە بە پشتیوانی جەماوەر بەڕێوەچوو. ئەم خەباتە ئەگەرچی لــەڕووی نیزامییەوە پاشەکشەی پێکراوە بەڵام لەڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە کاریگەری قووڵی لەسەر کۆمەڵگای کوردستان داناوە. کاریگەری ئەم شێوەیە لە خەباتی سیاسی کۆمەڵە لە کوردستان یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی گەشە کردن و بەرەوپێش چوونی خەباتی جەماوەری و مەدەنی سەردەمی ئێستایە. خەڵکی کوردستان بۆیان هەیە و مافی بێ ئەم لاو ئەو لای خۆیانە کە بۆ پاراستنی حورمەتی ئینسانی خۆیان و لە دژی پێشێل کردنی مافە سەرەتاییەکانیان دەست بدەنە چەک و چەکدارانە بەرامبەر بە دوژمنی هێرشبەر و سەرکوتگەر مقاومەت بکەن. لە ئارادا نەبوونی بەکردەوەی خەباتی چەکداری هەرگیز بە مانای ئەوە نییە کە لە کاتی گونجاوی خۆیدا و لە کاتێکدا کە پێویستی و ئیمکانی بەرپا بوونی ئەم خەباتە بێتە گۆڕێ، کۆمەڵە و جەماوەری شۆڕشگێڕ لە کوردستان لە بەکارهێنانی تووشی دوو دڵی دەبن و دەست دەپارێزن. کونگرە لە درێژەی باسەکانی خۆی دا لە سەر ئەم بابەتەدا بۆچونێکی لیبرالی کە خەباتی چەکداری لە

کوردستان هەر لە سەرەتایەوە تا ئیستا دەباتە ژێر پرسیار و دەور و نەقشی ئەو خەباتە لە زیندو راگرتن و بەرە پێش بردنی خەباتی سیاسی و مەدەنی ئەمرۆ دا ئینکار دەکات داییە بەر رەخنە و هەر وەها لە هەمان کاتدا موخالەفەتی خۆی بەرانبەر بە هەر چەشنە ماجراجوئیەکی نیزامی لە هەل و مەرجی ئیستا دا کە زیان بە خەباتی سیاسی و جەماوەری دەگەیەنێ، دەربرێ.

دوای باس و لێکولینەوە لە راپورتی سیاسی، کونگرە راپورتی تەشکیلاتی کومیتەی ناوەندی دایە بەر باس و هەلسەنگاندن. رەخنە و ئامۆژگاریەکان لە سەر ئەو راپورتە بە راشکاوی و لە کەش و هەوایەکی هاورێیانە دا هاتە گورێ.

دوایین برگەی کاری کونگرە هەڵبژاردنی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بوو. کونگرە ١٩ کەس لە ئەندامانی حیزبی کومونیستی بۆ کومیتەی ناوەندی هەڵبژارد و رێبەرایەتی کۆمەلەی هەتا کونگرەی داهاتوو پێ سپاردن.

ئەندامانی هەڵبژێردراو بە پێی پیتی ئەلف و بێ بریتی بوون لە:

**ئەختەر کەمانگەر، ئەدیب وەتەن دوست، ئەحمەد خۆرشیدی، ئیبراهیم عەلیزادە، ئەحمەد سالحی، رەئوف پەرەستار، رەشید رەزاقی، رەحیم عەزیزپوور، سروە ناسری. حەسەن ڕەحمان پەنا، حەسەن شەمسی، سەلاح مازوجی، فەراسەت سالحی، فەرهاد شەعبانی، فەریدە رەزایـی. مۆزەفەر پاک سرێشت، هەڵمەت پاییەندی، هاشم محەممەد نەژاد و هوشیار دەوریشی.**

کۆتایی
1/1/2012

# بەڵگەنامەکان

# گرینگترین ڕووداوەکانی

# مێژووی کۆمەڵە

**پێکهاتنی کۆمەڵە:................................................................................... تاران ١٣٤٨**

**یەکەم زەربەی ساواك لە کۆمەڵە:............................................................... تاران ١٣٤٨**

**دەرچوونی نامیلکەی، "بۆچی پرژ و بڵاوین و چۆن یەك بگرین": ............. زستانی ١٣٤٩**

**دووهەم زەربەی ساواك لە کۆمەڵە: ................................................ بانە و بۆکان ١٣٥٢**

**سێهەم زەربەی ساواك لە کۆمەڵە: ........................................................ تاران ١٣٥٣**

**گیانبەخت کردنی خانەی موعینی، ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە .......... ٣١ی جوزەردانی ١٣٥٧**

**کونگرەی یەکەمی کۆمەڵە:...................................... کۆتایی پاییز و دەستپێکی زستانی ١٣٥٧**

**گیانبەخت کردنی حەمە حسین کەریمی، ڕۆژی کۆمەڵە: ...................... ٢٦ی ڕێبەندانی ١٣٥٧**

**پێکهاتنی یەکێتی جوتیارانی مەریوان ....................................................... زستانی ١٣٥٧**

**پێکهاتنی یەکێتی جوتیاران لە شوێنەکانی دیکەی کوردستان...................... بەهاری ١٣٥٨**

**پیکهاتنی جەمعیەتەکانی دیموکراتیك لە شارەکانی کوردوستان ...................... بەهاری ١٣٥٨**

**دەرچوونی یەکەم ژمارەی گۆڤاری شۆڕش زمانحاڵی نەزەری ــ سیاسی کۆمەڵە:... زستانی ١٣٥٨**

**ڕێپێوانی خەڵکی سنە بەرەو مەریوان بۆ ئازاد کردنی زیندانیان لەسەر بانگەوازی کۆمەڵە هاوینی ١٣٥٨**

**کۆچی مێژووی خەڵکی شاری مەریوان لەسەر بانگەوازی کۆمەڵە......... ١ پووشپەری ١٣٥٨**

**هێرشی بەربلاوی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان.................. ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨**

**دەرچوونی بانگەوازی کۆمەڵە بۆ موقاومەتی جەماوەری................ ٢٩ی گەلاوێژی ١٣٥٨**

**گیانبەخت کردنی فوئاد مستەفا سوڵتانی لە ڕێبەرانی کۆمەڵە .......... ٩ی خەرمانانی ١٣٥٨**

**ئاگربڕ و کۆتایی شەڕی ۳ مانگە لە گەل کۆماری ئیسلامی ............ ۲٦ی خەزەڵوەر ۱۳۵۸**
**پێکهاتنی دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد بۆ وتووێژ.......................... گەلاڕێزانی ۱۳۵۸**
**یەکەم گفتگۆی رەسمی لەگەڵ نوێنەرانی رژیمی کۆماری ئیسلامی ....... ۱۹ی سەرماوەزی ۱۳۵۸**
**دەرچوونی گەلاڵەی ۲٦ مادەیی خودموختاری کوردستان........... ۲٤ی سەرماوەزی ۱۳۵۸**
**چەك کردنی بنکەکانی سوپای رزگاری لە جنوبی کوردستان................ ڕێبەندانی ۱۳۵۸**
**پێکهاتنی بنکەی گەڕەکەکان لە شاری سنە........................................ خاکەلێوەی ۱۳۵۸**
**پێکهاتنی کۆموسیونی فێرکردن و بارهێنانی کۆمەڵە.................................. پاییزی ۱۳۵۸**
**مانگرتنی گشتی خەڵکی شاری سنە بۆ ماوەی ۲۹ رۆژ لەسەر بانگەوازی کۆمەڵە... ۱۱ی بەفرانباری ۱۳۵۸**

**دەرچوونی یەکەم ژمارەی پێشڕەو ئورگانی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە ............ بەهاری ۱۳۵۹**
**هێرشی سەرلە نوێی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان و مقاومەتی ۲٤ رۆژەی شاری سنە...... ۱۰خاکەلێوەی ۱۳۵۹**

**یەکەم شاڵاوی دەستگیری لە تەشکیلاتی تارانی کۆمەڵە......................................... ۱۳٦۱**
**شالاوی دەستگیری لە تەشکیلاتی تەورێزی کۆمەڵە................................................ ۱۳٦۰**
**گیانلەدەستدانی هاوڕێیانی رێگای توورکەمەنسەحرا .......................... ۹خاکەلێوەی ۱۳۵۹**
**موقاومەتی شارەکانی دیکەی کوردستان بەرانبەر بە هێرش.............................. بەهاری ۱۳۵۹**

| ١٨ | زبیدی خالەندی | --- | ١٣٦٠ | تیرباران | مەهاباد |
| ١٩ | مینا عەلیایی | --- | --- | تۆپ باران | ----- |
| ٢٠ | زەهرا دانشورفەزلی | --- | ١٣٦١ | --------------- | ----- |
| ٢١ | فرنووش وکیل زادە | ١٣٣٤ | ١٣٦١ | تیرباران | زیندانی ئەوینی تاران |
| ٢٢ | جەمیلەی فەتحی | --- | ١٣٦١ | تیرباران | زیندانی شیراز |
| ٢٣ | فەریدەی یوسفی | --- | ١٣٦١ | نەخۆشی | ----- |
| ٢٤ | ماری تەرەقی | --- | ١٣٦٢ | تیرباران | زیندانی ئەوینی تاران |
| ٢٥ | سەفیە محەممەدی | --- | ١٣٦٢ | تیرباران | زیندانی ئەوینی تاران |
| ٢٦ | شەویۆ سەیدزاهدی | --- | ١٣٦٢ | تیرباران | زیندانی سنە |
| ٢٧ | ئامینی حوسێنی | --- | ١٣٦٢ | تیرباران | زیندانی سنە |
| ٢٨ | نەرمینی کەریمی | --- | ١٣٦٢ | ئەشکەنجە | ----- |
| ٢٩ | مەعسوومی سەرهەنگی | --- | ١٣٦٢ | تیرباران | زیندانی مەهاباد |
| ٣٠ | نەسرینی پاک نیا | --- | ١٣٦٢ | ئەشکەنجە | زیندانی مەهاباد |
| ٣١ | خۆشناو قازیزادە | --- | ١٣٦٢ | ئەشکەنجە | زیندانی مەهاباد |

| ردیف | ناو و شۆرەت | لە دایک بووی | تاریخی گیانبەخت کردن | هۆی گیانبەخت کردن | شوێن |
|---|---|---|---|---|---|
| -- | ---------- | | | -------------------------- | --------- |
| ٣٢ | پوورانی جەمپوور | ------ | ١٣٦٢ | تیرباران | زیندانی ئەوەینی تاران |
| ٣٣ | ئەمیمەی تەقەدوسی | --- | ١٣٦٢ | تیرباران | زیندانی ئەوەینی تاران |
| ٣٤ | منیر هاشمی مەهین | ١٣٣٢ | ١٣٦٢ | ئەشکەنجە | زیندانی ئەوەینی تاران |
| ٣٥ | عەبدوللازادە | ١٣٣٣ | ١٣٦٢ | ئەشکەنجە | زیندانی سەقز |
| ٣٦ | وەحیدەی وەحیدی | --- | ١٣٦٢ | ئەشکەنجە | زیندانی سەقز |
| ٣٧ | شوعلەی ئیبراهیمی | --- | ١٣٦٢ | ئەشکەنجە | زیندانی سەقز |
| ٣٨ | سەفیەی محەممەدی | --- | ١٣٦٢ | تیرباران | زیندانی سنە |
| ٣٩ | میتهری زەمانی | --- | ١٣٦٢ | تیرباران | زیندانی ئەوەینی تاران |
| ٤٠ | ئەسمەری مەجنوون | --- | ١٣٦٢ | شەر لەگەڵ هێزەکانی رژیم | ----- |
| ٤١ | مەحبووبەی کوردیانی تەرەقی | --- | ١٣٦٢ | شەڕی نێوان کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات | ----- |
| ٤٢ | فریشتەی حەکیمی | --- | ١٣٦٢ | بەهۆی رووداوێکی دڵتەزێن | ----- |
| ٤٣ | وەنەوشەی سابتی (جمیلە) | ١٣٣٧ | ١٣٦٢ | بەهۆی رووداوێکی دڵتەزێن | ----- |
| ٤٤ | فریشتەی هەرەبیانی خۆشخو | ١٣٤٢ | ١٣٦٢ | تیرباران | زیندانی ئەوەینی تاران |
| ٤٥ | فەریدەی یوسفی | ١٣٣٥ | ١٣٦٢ | تیرباران. | زیندانی ئەوەینی تاران |
| ٤٦ | جەمیلەی غەفاری | --- | ١٣٦٢ | اشەر لەگەڵ هێزەکانی رژیم | ----- |
| ٤٧ | مەستوورەی ناسری | --- | ١٣٦٣ | شەر لەگەڵ هێزەکانی رژیم | ----- |
| ٤٨ | تاهیرەی ئامانجی | --- | ١٣٦٣ | شەر لەگەڵ هێزەکانی رژیم | ----- |
| ٤٩ | تەلیعەی عەلی رمایی | --- | ١٣٦٣ | شەڕی نێوان کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات | ----- |
| ٥٠ | ئامینی زەمانی (چیمەن) | ١٣٤٤ | ١٣٦٣ | بەهۆی رووداوێکی دڵتەزێن | ----- |
| ٥١ | هاجەری فەیزی | ١٣٤٠ | ١٣٦٣ | تیرۆر | ----- |
| ٥٢ | فەرەح ئەمەن | ١٣٤١ | ١٣٦٣ | تیرباران | ----- |
| ٥٣ | رووناک مەحموودزادە | --- | ١٣٦٣ | شەر لەگەڵ هێزەکانی رژیم | ----- |
| ٥٤ | شەهلا محەممەدی | ١٣٤٤ | ١٣٦٣ | شەر لەگەڵ هێزەکانی رژیم | ----- |
| ٥٥ | فاتمەی رەحمانی | ١٣٤٥ | ١٣٦٣ | شەر لەگەڵ هێزەکانی رژیم | ----- |
| ٥٦ | باشەی شوکری (بەیان) | ١٣٤٥ | ١٣٦٣ | شەڕی نێوان کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات | ----- |
| ٥٧ | فاتمەی حەکیمی (شەوبۆ) | ١٣٤٥ | ١٣٦٣ | شەڕی نێوان کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات | ----- |
| ٥٨ | ساحیبەی ناسری | ١٣٤٤ | ١٣٦٣ | شەڕی نێوان کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات | ----- |
| ٥٩ | ژیلا عەندەلیبی | ١٣٤٤ | ١٣٦٣ | شەڕی نێوان کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات | ----- |
| ٦٠ | فائیزە شەهابی | ١٣٣٨ | ١٣٦٣ | شەر لەگەڵ هێزەکانی رژیم | ----- |
| ٦١ | ئەزیفەی لوتف وڵڵاهی | ١٣٤٣ | ١٣٦٣ | شەڕی نێوان کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات | ----- |

| ردیف | ناو و شۆرەت | لە دایک بووی | تاریخی گیانبەخت کردن | هۆیگ گیانبەخت کردن | شوێن |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| ٦٢ | فائیزەی شەهابی | ١٣٤٣ | ١٣٦٣ | شەڕ لەگەڵ هێزەکانی رژیم | ----- |
| ٦٣ | مەهناز مەدەنی | ١٣٤٢ | ١٣٦٣ | شەڕ لەگەڵ هێزەکانی رژیم | ----- |
| ٦٤ | لەتیفەی عەباسی | --- | ١٣٦٣ | تیرباران | زیندانی سەقز |
| ٦٥ | تورانی رەحیم پور | --- | ١٣٦٣ | شەڕی نێوان کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات | ----- |
| ٦٦ | توبا فەیزی | --- | ١٣٦٤ | شەڕ لەگەڵ هێزەکانی رژیم | سەقز(پیرووینس) |
| ٦٧ | ناسکی فەتحی (گولالە) | --- | ١٣٦٤ | شەڕی نێوان کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات | ----- |
| ٦٨ | نازیتا شەریفی | ١٣٣٥ | ١٣٦٤ | شەڕی نێوان کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات | ----- |
| ٦٩ | نەسرینی حەسەن خانی | ١٣٤٣ | ١٣٦٤ | شەڕی نێوان کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات | مەهاباد |
| ٧٠ | زارای دانشفەڕ | --- | ١٣٦٤ | شەڕ لەگەڵ هێزەکانی رژیم | قوول ئەستێری بانە |
| ٧١ | مریمی ساعدپەنا(کبری مارنج) | --- | ١٣٦٤ | شەڕ لەگەڵ هێزەکانی رژیم | ----- |
| ٧٢ | شەریفەی تالبی | ١٣٤٦ | ١٣٦٤ | کەوتنە سەر "مین"ی هێزەکانی ج.ا.ا | ----- |
| ٧٣ | (فەرزانە) سانیەی | ١٣٤٦ | ١٣٦٤ | شەڕ لەگەڵ هێزەکانی رژیم | ----- |
| ٧٤ | بەهرامی ئەشرەفی | --- | ١٣٦٤ | شەڕی نێوان کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات | ----- |
| ٧٥ | پەناهەندە حەوسەت | --- | ١٣٦٤ | شەڕی نێوان کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات | ----- |
| ٧٦ | محەممەدپوور پرشنگ | --- | ١٣٦٤ | شەڕی نێوان کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات | ----- |
| ٧٧ | رستەم گرجی حومەیرا | --- | ١٣٦٤ | شەڕی نێوان کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات | ----- |
| ٧٨ | باسامی خەدیجەی | --- | ١٣٦٤ | شەڕی نێوان کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات | ----- |
| ٧٩ | ئەحمەدی مونیری | --- | ١٣٦٤ | شەڕی نێوان کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات | ورمێ |
| ٨٠ | ملرسی درەخشانی | --- | ١٣٦٤ | تیرۆر | ----- |
| ٨١ | وەیسی ئەشرەفی | --- | ١٣٦٤ | تیرباران | ----- |
| ٨٢ | حوسێن پەناهی | --- | ١٣٦٥ | بومبارانی تەیارەکانی ... | سنە |
| ٨٣ | حەبیبەی شیروانی | --- | ١٣٦٥ | شەڕ لەگەڵ هێزەکانی رژیم | ----- |
| ٨٤ | رەوشەنەکی زەنگی | ١٣٤١ | ١٣٦٥ | کەمینی هێزەکانی ج.ا.ا | ---- |
| ٨٥ | شاەدوخت هوشیاریان (ئازەر) | ١٣٤٠ | ١٣٦٥ | تۆپ باران | ----- |
| ٨٦ | پروین رستەم گرجی(کەژاڵ) | ١٣٣٨ | ١٣٦٥ | تۆپ باران | ----- |
| ٨٧ | نەسرینی رۆستەم گرجی (ویدا) | --- | ١٣٦٦ | بە کارەساتی دڵتەزێن | ----- |
| ٨٨ | فاتمی بناوەند | --- | ١٣٦٦ | شەڕ لەگەڵ هێزەکانی رژیم | قەراغ چۆمی سیروان |
| ٨٩ | زیوە رەشیدی( زیبا) | --- | ١٣٦٦ | شەڕ لەگەڵ هێزەکانی رژیم | قەراغ چۆمی سیروان |
| ٩٠ | سووسەنی فەریقی | --- | ١٣٦٦ | شەڕ لەگەڵ هێزەکانی رژیم | قەراغ چۆمی سیروان |
| ٩١ | ئارەزوو دوست | --- | ١٣٦٦ | شەڕ لەگەڵ هێزەکانی رژیم | قەراغ چۆمی سیروان |

| ردیف | ناو و شۆرەت | لە دایک بووی | تاریخی گیانبەخت کردن | هۆی گیانبەخت کردن | شوێن |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| ٩٢ | فەرەنگیس شاهۆیی | --- | ١٣٦٧ | بۆمباران | ----- |
| ٩٣ | فریشتەی رەزایی | --- | ١٣٦٧ | بۆمباران | ----- |
| ٩٤ | زەمانە قادری (ژاڵە) | --- | ١٣٦٧ | تیرباران | زیندانی سنە |
| ٩٥ | عەتیە شەریفی | --- | ١٣٦٧ | تیرباران | زیندانی سنە |
| ٩٦ | ئامینی پەرەستار | --- | ١٣٦٧ | ئەشکەنجە | ----- |
| ٩٧ | شهلا کلاە قوچی | --- | ١٣٦٧ | تیرباران | زیندانی سنە |
| ٩٨ | شەهینی ساعدی | --- | ١٣٦٧ | شەڕی نێوان کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات | ----- |
| ٩٩ | بێری شەریفی | --- | ١٣٦٨ | کارەساتی دڵتەزێن | ----- |
| ١٠٠ | نازادار هەجیجی | --- | ١٣٦٨ | شەڕ لەگەڵ هێزەکانی ڕژێم | قەراغ چۆمی سیروان |
| ١٠١ | فەریبا | --- | ١٣٦٩ | بە کارەساتی دڵتەزێن | ----- |
| ١٠٢ | فەریبا فەرشچی | --- | --- | ئەشکەنجە | زیندانی سنە |
| ١٠٣ | حەنیفەی رەزاپوور | ١٣٤٠ | ١٣٦٥ | تەسادوفی ماشێن | جادەی سەقز |

# بەڵگە و دۆکیۆمێنتەکانی چاپی سێیەم

وتاری کاک فوئاد لە کۆتایی کۆچ دا لە ئۆرووگای مەریوان

پێشەکی

هەموو خەڵکی شاری مەریوان وەکوو دەربڕینی نارەزایی خۆیان لە چەکدارکردنی کۆنەپەرەستانی مەحەللی لە لایەن دەوڵەتی جمهوری ئیسلامی یەوە و بەرانبەر بە ئاکاری سەرکوتگەرانەی دیکەی ئەو رژیمە، لە شار کۆچیان کردبوو، وە لە ئوردووگایەک لە١٢ کیلومیتری ئەو شارەدا دامەزرابوون . ئەو ئوردووگایە لە شەو و رۆژی ٣٠ و ٣١ی .پووشپەڕەوە تا ١٣ی گەلاوێژ بەرپا بوو

شیعاری کۆچ کردووان ئەمە بوو : "نە خەیاڵی شەڕکردنمان هەیە، نەمل بۆ مل هوڕی "پاسداران رادەکێشین!

لە هەموو ئەو ماوەیەدا کە ئۆردووگا بەرپا بوو، پادگان پەیتا پەیتا بە ئەرتەشی و پاسدار کە لە پادگان و شارەکانی دیکەی ئێرانەوە بۆی دەنێردرا بە هێزتر دەکرا و پیلانی ئەو بەکرێگیراونە چەند جار بووە هۆی تێکهەڵچوون و شەڕ. ئەو کات رژیم مەترسی شەڕی کردبووە شمشێرێک و بە سەر سەری خەڵکەوە رای گرتبوو. لە هەلومەرجێکی ئاوادا وتووێژی سەخت و دژواری نێوان نوێنەرانی خەڵکی مەریوان و کاربەدەستانی رژیم بەردەوام بوو. لەو کاتەدا دەست دانە کۆچی جەماوەری، وەکوو شێوەیەک لە نارەزایی دەربڕین و خەبات، سیاسەتێکی تەواو دروست بوو. چونکوو رژیمی ناهومێد دەکرد وە لە حاڵێکدا بەکرێگیراوان بەتاڵووکە بە شوێن بیانوویەکەوە بوون کە شەڕ دەست پێبکەن ناچاری دەکردن بێن و دانیشن وتووێژ بکەن! لەو کارەساتەدا دەرکەوت کە بەکرێگیراوانی جمهوری ئیسلامی، چ ئەوانەی عابا لە کۆڵ بوون و چ ئەوانەی قۆپکە لە شان؛ ریاکاری و درۆزنی و پەستی و لە باری دژ بەشۆڕش بوونیانەوە فەرقیان نییە! کاک فوئاد رۆژی ئاخری کۆچ لە ئۆردوگای مەریوان وتارێکی بۆ خەڵک پێشکەش :کرد کە ئەوە دەقەکەیتی

ئەگەر رێگام بدەن منیش باسی ئەم رووداوە(1) ئەکەم. بزانین ئایا تا ئێستا بە قازانجمان بووە یان بە زەرەمان؟ لە برێک دۆستانم بیستووە کە ئەڵێن "بریا هەر لە سەرەتاوە کۆچمان "نەکردبایە؛ ئەوە نییە ئاخری هەر قەرارە ئەرتەش بێتە ناوشار؟

وای دابنێین کابرایەک ماڵێک ئەکاتەوە. لەم بابەتەوە لەوانەیە برێک قەرزداریش بێ. یا زەرەر بکا، بەڵام لەم لاوە لە کرێ نشینی رزگاری ئەبێ و ئەمە بە قازانجیەتی! من ئێستا لە قسەکانم دا روونی ئەکەمەوە کە ئێمە لەم کارەدا کە دەستمان داوەتێ، تا حاڵی حازر یانێ تا گەڕانەوەمان بۆ شار، سەرکەوتوو بووین.

بۆ چی؟ چیمان دەستکەوتبوو؟ یەکەم دەستکەوتمان سەرکوت کردنی جاشەکانی ناوخۆ بوو. ئێمە ئەوانمان سەرکوت کرد. ئایا کەسێک هەیە پێی وابێت ئەوە وانییە؟

دووهەمین دەستکەوتمان ئەمەیە کە؛ پاسدارەکان هەر کوێ چوون، نەغەدە، گونبەد، خوڕەمشار، بۆ هەر کوێیان ناردوون رژاونەتە ناو شار و کوشتاریان کردووە. بەڵام لێرە بە هۆی قارەمانیەتی خەڵک و پێشمەرگەکانیانەوە نەمانهێشت بێنە ناو شار، ئەوان بە تەما بوون بە شەڕ بێنە ناو شار بەڵام تەلەفاتیان دا و نەیانتوانی. بۆیە لەم بابەتەشەوە سەرکەوتوو بووین.

سێهەمین دەستکەوتمان یەکیەتییەکە کە ئێستا لە ناو خەڵکدا پێکهاتووە. یەکیەتی یەک کە تا ئێستا وێنەی نەبوو. ئێمە لە دوا رۆژدا بۆ هەموو کارەکانی تر پێویستمان بەو یەکیەتییە هەیە. ئەمرۆ لەگەڵ چەن کەس لە باوک و براکان سەبارەت بەوە قسەمان ئەکرد کە ئەم یەکیەتییە، بە هەر جۆرێک بووە بپارێزین. تەنانەت برێکیان پێشنیاریان ئەوە بوو کە پێش گەڕانەوەمان بۆ شار سوێند بۆ یەکتر بخۆین، ئەم بە دەربەست بوون بۆ یەکیەتییە، یەکجار بە نرخە! ئەبێتە هۆی ئەوەی کە زوڵم لە هەر کەس کرا لە حیاتی خزم و کەس، هەموو خەڵکی شار لە سەری بێنە جواب و دیفاعی لێ بکەن. ئەم یەکیەتی یە ئەبێ بە دڵ و بە گیان بپارێزرێ!

بەڵام لەم بابەتەشەوە شاری مەریوان بە تەنیا نەبوو. یەکێکی تر لەو دەستکەوتانەمان کە بە چاوی خۆتان دیتان، پشتیوانی برایانی لادێیی و زەحمەتکێشانی دێهات بوو. لە هەموو شوێن و لە هەموو رێگایەکەوە هاتنە یارمەتیمان. نان و پێخۆر و هەر چەشنە یارمەتییەک کە لێیان خیزیا، کردیان. (ئێمە بەرە بەرە ئەو شتانەی ماونەتەوە دابەشیان دەکەین). لێرەوە دیارە کە یەکیەتی خەڵکی شار و دێ لە مەریوان زۆر پتەوتر بووەتەوە و ئەمە دەستکەوتێکی ترە بۆ دوارۆژ.

بەڵام ئەم یەکیەتی یە تەنیا لە ناوچەی مەریوان نەبوو. کام لە ئێوە ئەو خوشک و برا سنەیی یانە لە بیر ئەبەنەوە کە چەک بە دەست شەش رۆژ پیادەڕەوی یان کرد و هاتن بۆ پشتیوانی و پشتگیریتان؟ هەر ئێستا دەورەی ٨٠٠ کەس لە دۆستانی سەقز و بانە و بۆکان و مهاباد و

سەردەشتیش بەڕێوەن. ئەم یەکیەتی یە هەتا ئێستا لە پانایی کوردستاندا بێ وێنە بووە و بۆ دوا .ڕۆژی خەباتی گەلی کوردیش بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، لە هەموو شتێک پێویست ترە

هەموومان دەزانین کە گرنگترین چەکی خەڵکی ئێران بۆ رووخانی رژیمی شا، هەر یەکیەتی بوو. ئەگەر ئێمەش ئەو یەکیەتی یە بپارێزین هێزی ئەرتەش دوو لایەنەش بێتەوە دەرەقەتمان .نایە. ئەمەش دەستکەوتێکی دیکەمان بووە لەم خەباتەدا

ئەو رۆژەی کە دۆستانی سنەیی مان گەیشتنە بەرەوە، ئێوە بە چاوی خۆتان هەر لەم ئۆردوگایەدا دیتان کە سەرەڕای خەڵکی کوردستان، لە شارەکانی ئێرانیشەوە گەلێک نوێنەر هاتبوون. لە خوڕەمشار و شیراز و تارانەوە نوێنەر هاتبوون. لە بیرتانە شیعاریان ئەدا "ئێران سەراسەر وەک کوردستان لێ ئەکەین؟!" ئەمە قسەیان بوو. ئەوان پشتیوانی ئێمە بوون. هەر وەک ئاگادارن هەر ئێستا چەن دوکتورێک میوانمانن. ئەمانە لە کوێ وە هاتوون؟ ئەمانە هەموو ئەوە نشان ئەدەن کە ئێمە خەڵکی مەریوان توانیومانە بەم کارەی خۆمان پشتیوانی گەلانی ئێران بۆ لای خۆمان راکێشین. وە لەمەش بە دواوە ئەم پشتیوانی یە درێژەی ئەبێ. لە رۆژنامەدا خوێندتانەوە کە خەڵکی سیستان و بەلوچستان، یانێ لەوپەڕی رۆژهەڵاتی ئێرانەوە، لە پێناو هاوپشتی ئێمەدا فیداکارییان کردووە. ئێمە قەت نابێ ئەوەمان لە بیر بچێتەوە. ئەبێت .ڕۆژی خۆی ئەوەندەی لە تواناماندا بێت فیداکاری یان بۆ بکەین

یەکێکی تر لە گرنگترین دەستکەوتەکان ئەوە بوو کە داخوازی گەلی کورد بەرانبەر بە دەوڵەت هێنرایە کایەوە! لەو لاشەوە جەوهەر و ماهیەتی دەوڵەت کە ئەیەوێت زوڵم و زۆرمان لێ بکا. شەڕمان لەگەڵ ئەکا و تانک و تۆپ ئەنێرێتە سەرمان، لە پێش چاوی گەلی کورد و گەلێک لە خەڵکی ئێران روون بووەوە. تەبلیغاتی رادیۆ و تەلەویزیۆن بە ئێمە ئەڵێ کافر، پێمان ئەڵێ یاخی و وەحشی. بۆ نمونە ئەو شەوە سەرەتای قسەی چەمران جێگری سەرۆک وەزیر ئەوە بوو کە ئەیوت: "کاتێک ئەبینم ئێوە نوێژ ئەکەن و رۆژوو ئەگرن پێم سەیرە!" ئەو دۆستانەی کە لەوێ بوون بیستیان کە چەمران وای وت. هەر ئەم قسانەش لە رادیۆ و تەلەویزیۆنەکانەوە ئەڵێنەوە. ئینسانێکی ئاسایی خەڵکی تاران یان قوم یان شیرازیش باوەڕ بە قسەیان ئەکا. ئێمە ئەبێ بکەینە کارێک کە زەینی ئەو خەڵکە رۆشن بێتەوە. کە دوارۆژ وەکوو موجاهید و داوتەڵەب بۆ شەڕ کردن نەیەنە سەرمان. ئێمە ئەبێ ددان بە خۆمان دا بگرین و کارێک بکەین ئەوان روون بنەوە. ئایەتوڵا لاهوتی ئەیوت، ئەو موجاهیدانە کاتێک لە ماڵی خۆیان دێنە دەر خوداحافیزی شەهید

بوون لە دایک و خوشکی خۆیان ئەکەن. یانێ بە غەرەزێکی ئاواوە ئەیان نێرن. زۆربەیان ئەگەر روون بنەوە نایەن. ئەڵبەت دیارە ئەگەر هاتنە شەڕمان شەڕیان لەگەڵ ئەکەین و چلۆن جاشەکانمان تەفر و توونا کرد ئەوانیش تەفر و توونا ئەکەین.

یەکێکی تر لە دەستکەوتەکانمان ئەمە بوو، دەوڵەت کە شۆراکەمانی بە ڕەسمی نەئەناسی و ئەیانوت شۆرا ئاژاوەگێڕ بووە؛ ( لە حاڵێکدا هەموومان ئەزانین ئەوە درۆیە و خەڵک بە تێکڕا لەم خەباتەدا بەشدارن و بە تایبەت شەڕەکە رۆژی ٢٣ی پوشپەڕ روویدا شۆرا رۆژی ٢٦ی پوشپەڕ پێکات!) بە سەر هەموو ئەوانە دا، ئەوان ناچار بوون دان بە ئەوەدا بنێن کە شۆرا هەیە و بیسەلمێنن کە ئەبێ لەگەڵ شۆرا دانیشن و قسە بکەن و پەیمان لەگەڵ مۆر بکەن.

لە کاتی رووخانی رژیمی شاوە هەتا ئێستا کامە کاربەدەستی دەوڵەتی، گەورە تا بچووک، ملی بەوەداوە کە بێت و لەگەڵ نوێنەرانی خەڵکی مەریوان قسە بکا، قەت نەهاتن! بەڵام ئێمە کردمانە کارێک کە سەرەتا رەئیسی سپای پاسداران و پاشان لاهوتی و نوێنەرانی وەزارەتی کیشوەر ناچاربن بێن. یانێ کەسانێک لە پایەبەرزترین کاربەدەستان ملیان بەوەدا کە بێن و قسەمان لەگەڵ بکەن. گوێ لە قسەمان بگرن! پاش هەموو ئەوانەش جێگری سەرۆک وەزیرمان ناچار کرد کە بێتە ئێرە. ئەویش نەک وەها کە ئێمە بڕۆین بۆ لای ئەوان، بەڵکوو ئەوانمان ناچار کرد بێن وتووێژمان لەگەڵ بکەن. ئەمەش دەستکەوتێکی ترمانە. بێجگە لەمانە ئەگەر ئەم بەینە گوێتان لە رادیۆکانی دەرەوە راگرتبێ بیستووتانە کە دەنگ و باسی مەریوان و کوردستان لە جیهاندا بڵاوبووەتەوە و ئەمە خۆی بووەتە هۆی ئەوەی کە بیرورای خەڵکی دونیا دەرحەق بە مەسەلەکەمان روون تر بێتەوە.

ئەمانە هەموو دەستکەوتن! نابێ لە پێش چاومان ون بن. پێتان وانەبێ کارێکی بچووکمان کردووە! ئەوانەی لە سنەوە بە پیادە هاتبوون شیعاریان ئەدا: "مەریوان! مەریوان! سەنگەری ئازادەگان!" ئێمە ئەبێ قارەمانانە و شان بە شانی ئەوانەی لە هەموو لایەکی کوردستان و ئێران پشتگیریمان ئەکەن دەستکەوتەکانمان بپارێزین. مەریوان ئەبێ هەر سەنگەری ئازادەگان بێ.

بەڵام هەر وەک لە سەرەتای قسەکانمەوە وتم؛ کەسێک کە ماڵێک ئەکاتەوە، لەوانەیە لەم کارەدا تووشی زەرەریش بێ و لە پێی قەرزدار بێ. کارەکەی ئێمەش وابووە کە ئەرتەش دێتە نێوشار(2) و نایەڵێ هیچ کەس لە نێو شاردا چەکی پێ بێت. ئەڵبەت لە دەرەوەی شار وانییە.

سەبارەت بە چەک هەڵگرتنیش هەر کەسە لە ویجدانی خۆی بپرسێ، ئەگەر بە راستی خاترجەمی و هێمنایەتی بووایە، ئەگەر جاشەکان تەقەیان لە خەڵک نەکردایە و لە خیابانەکان خەڵکیان نەدایەتە بەر تەقە ئیتر کەی پێویستی دەکرد کەسێک لە شار چەکی پێ بێ؟ ئەگەر کاربەدەستانی دەوڵەتی درۆ نەکەن و نەهێڵن جاشەکان سەربەرز کەنەوە ئێمە نیگابانمان بۆ چی یە؟ ئەگەریش پەیمانیان شکاند***، هیچ کەس نابێ ئەوەند ترسنۆک بێ کە چەکی خۆی لە .شوێنێک دانێ کە ئەوان بێن و بیبەن! بەڵکوو ئەبێ جێگایەکی بۆ فیکر بکا و قایم رای بگرێ

دیارە ئەگەر لە جیاتی ئەرتەش ئێمە خۆمان ئەو کارانەمان بکردایە زۆر باشتر بوو. بەڵام هەر وەک برێک لە دۆستانیش(3) پێشتر وتیان ئێمە نەمانتووانی ئەوەیان بەسەردا بسەپێنین! ئەوا چەندین رۆژە کە ئێمە بێ پشوو خەریکی قسە و وتووێژین ئەوان چەند جار وتووێژەکەیان بەجێ هێشت. چەندین جار هەیئەتی جۆراوجۆ هاتوون و رۆیشتوون. ئەگەر ئێمە لەسەر ئەو داخوازییە زیاتر پێمان داگرتایە، ئەبووایە خۆمان بۆ شەڕ کردن ئامادە بکردایە و ئێمەش وەکوو شۆرا هەرچی هێنامان و بردمان بەوە گەیشتین کە ئەم شەڕە ئێستا بە قازانجمان نییە و جارێ .(نابێ خۆی لێ بدەین (4

ئەوەشتان لە بەرچاوبێت کە ئەگەر ئێمە ئەو رێککەوتنەمان نەکردایە، جەماعەتێک تاقەتیان نەئەما و لێمان جیا ئەبوونەوە. بۆ ئەوەی ئەم یەکگرتنەمان تێک نەچێ، بە پێویستمان زانی شێوەی کارەکە بگۆڕین. جگە لەوەش رژیم بە رادیۆ و تەلەویزیۆن لە ناو خەڵکی ناوچەکانی تری ئێراندا تەبلیغاتێکی زۆری لە دژی ئێمە وەڕێ خستبوو. ئێمە پاش ئەم رێککەوتنە بەرانبەر بە ئەو .درۆ و دەلەسەیانە خەبات دەکەین

ئەوان قەوڵیان داوە، قەوڵی شەرەف _ئەگەر شەرەفیان هەبێ_ کە ئەرتەش هەتا مانگێکی تر لە شاردا ئەمێنێتەوە و لەو ماوەیەشدا بە بێ چەک بە ناو شاردا ئەگەڕێ. پاش ئەو یەک مانگە !شۆرا شارەبانی دائەمەرزێنێ و ئەرتەش ئەگەڕێتەوە بۆ پادگان

دیارە هەمووومان لەوەی کە ئەرتەش دێتە ناو شار ناڕەحەتین، بەڵام بەڕاستی پێم وایە ئەگەر سەرجەم حیسابی بکەن، لەسەدا هەشتا سەرکەوتوو بووین. وانەزانین کە تێکشکاوین! ئەوان ناچار بوون کە زۆربەی داخوازەکانی ئێمە بسەلمێنن. بەڵام یەک شتمان لە بیر نەچێتەوە ئەویش ئەوە کە دەوڵەت هێزی هەیە. ئێمە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان یەک رێگای ئەساسیمان هەیە

ئەویش یەکگرتوویی خۆمانە. یەکگرتوویی لەگەڵ دێهاتی دەور و پشت، یەکگرتوویی لەگەڵ باقی ناوچەکانی کوردستان و یەکگرتوویی لەگەڵ گەلانی ئێران و هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ئێران. خەباتی ئێمە هەتا  ئێستا تا رادەیەک بەو مەبەستە گەیشتووە. ئەبێ لەمە بەولاوەش لەسەری برۆین.

ئەمە بوو ئەو شتانەی کە سەبارەت بە دەستکەوتی باش و تەجرەبەی تاڵی ئەم خەباتەمان بە نەزەرم گەیشت. ئێستا مەسەلەیەکی تر هەیە. سەبارەت بەو دۆستانەی خەڵکی سەقز و بانە کە بەڕێوەن و بەتەمان هەر لە سەر راپەیمایی یەکەیان برۆن و بگەنە مەریوان. ئەبێ ساغ بینەوە بزانین ئایا لێرە بمێنینەوە و پێشوازییان لێ بکەین؟ یان بگەڕێینەوە و لە نێو شار بەپیریانەوە بچین؟! من لام وایە شار باشترە!(5) ئێوە ئەڵێن چی؟ داخوازییەکی تریشم هەیە، داوا ئەکەم ئەگەر ئەم پەیمانە و ئەم سوڵحەتان پێ باشە ئەبێ بەڕێوەی ببەین با دەرکەوێ کێ پیلانگێڕە، کێ جاشە و ئاژاوەگێڕی دەکا.

پەراوێزەکان:

مەبەست شەڕە خوێناویەکەی مەریوان و کۆچی ئێعترازی و پیادەڕەوی سنە_مەریوان و _(1) سەقز_مەریوان، وتووێژ، رککەوتن لەگەڵ کاربەدەستانی رژیم و بڕیاری گەڕانەوە بۆ شار و بە گشتی خەباتی ئەو سەردەمەی خەڵکی مەریوانە.

بە پێی رێککەوتنێک کە مۆر کرا، قەرار درا کە بۆ ماوەی یەک مانگ دیژبان پارێزگاری _(2) لە شاری مەریوان بکا (ئەڵبەت بە بێ چەک) وە لەو ماوەیە دا شوورایەک بە ئینتخابات پێک بێ و ئەو شوورایە شارەبانی (پۆلیس)ی شار دامەرزێنێ و بیگرێتە ژێر چاوەدێری. لەم ماوەیەدا لە نێو شار کەس نابێ بە ئاشکرا چەکی پێ بێ. پاش ئەو ماوەیەش ئەرتەش دەبێ بگەڕێتەوە بۆ پادگان.

واتە مەودایان بە جاشەکان دایەوە و کۆنەپەرەستانیان بەهێز کردەوە؛_(3)

ئەوانەی پێشتر قسەیان کردووە _(4) .

سەیر ئەوەیە کە ئەو کات نوێنەرانی سازمانی چریکی فەدایی لە مەریوان لەگەڵ هەر _(5) چەشنە سازانێک موخالیف بوون. ئەمەش هەڵوێستێکی بە ئاشکرا ئانارشیستی بوو، کە توانای راستەقینەی خەڵکی بۆ درێژەدان بەو خەباتەی لە بەرچاو نەدەگرت و ئێمەی بە تەنیا دەخستە بەرانبەر ئەو شەڕە ناوەختە لە دژی رژیم.

ئەو کات جەماعەتێک لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە دەبێ لە بەر هاتنی ئەو میوانانە (کە _(6) دووهەم دەستە بوون) رۆژێکی تریش لە ئوردووگا بمێننەوە. بەڵام کافوئاد نەزەری وابوو کە باشترە بگەڕێنەوە شار و لەوێ پێشوازی لە میوانەکان بکەن. سەرئەنجام هەر ئەو نەزەرەش زاڵ بوو.

بەیاننامەی پێکهاتنی هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد

ڕێککەوتننامە

لەم هەل و مەرجە هەستیارە مێژووییەدا کە خەڵکی کوردستان، یەکڕیز پشتیوانی خۆیان لە خەباتی ڕەوای حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتیە سیاسی و مەزهەبیە پێشکەوتنخوازەکان دەربڕیوە و لە ئاکامی خۆڕاگری قارەمانانەی خەڵکی کورد و پێشمەرگەکانی کوردستان، دەوڵەت تەمایولی بە ڕێگا چارەی ئاشتیانە نیشان داوە، ئێمە حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان و سەید عێزەددینی حوسێنی، کە ئاڵای خەبات بۆ وەدەست هێنانی خودموختاری لە چوارچێوەی تەواویەتی خاکی ئێرانمان هەڵگرتووە، لە پێناو چارەسەری کێشە و گرفتە بنەڕەتیەکانی کوردستان و بە تایبەت هاتنەدی خودموختاری و بەشداری لە وتوێژ لەگەڵ هەیئەتی تایبەتی دەوڵەت پێشنیار دەکرێ. هەیئەتێك پێکهاتوو لە سەید عێزەددین حوسێنی و نوێنەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران (کۆمەڵە) و ڕێکخراوی چریکە فیداییەکانی خەڵکی ئێران – شاخەی کوردستان– بەمجۆرە پێکدێت تا لە سەرجەم قۆناغەکانی وتوێژەکاندا بەشداری بکات.

.سەید عێزەددینی حوسێنی – سەرۆکی هەیئەتی نوێنەرایەتی-١

.حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران – وتەبێژی هەیئەت -٢

.ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران – ئەندامی هەیئەت -٣

.ڕێکخراوی چریکە فیداییەکانی خەڵکی ئێران– شاخەی کوردستان– ئەندامی هەیئەت-٤

بێگومان پێش دەست پێکردنی وتوێژەکانی ئەم هەیئەتە، چوارچێوەی داخوازییەکانی خەڵکی کورد و هێڵە سەرەکیەکانی وتوێژ دیاری دەکرێت.

لە جەریانی وتوێژی نوێنەران هەر یەك لە ئەندامان مافی ئەوەیان هەیە لە چوارچێوەی دیاریکراودا، بابەتێك کە بە پێویستی دەزانن لە یادداشتێکدا پێشکەش بە وتەبێژی بکەن، تا بێتەگۆڕێ. لە هەر یەك لە کۆبوونەوەکانی وتوێژدا ئەگەر پێویست بکات وتەبێژ دەتوانێ دەرفەتی قسەکردن بە هەر یەك لە ئەندامانی هەیئەتی نێونرایەتی بدات.

سەید عێزەددینی حوسێنی – حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران– ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران (کۆمەڵ) – ڕێکخراوی چریکە فیداییەکانی خەڵکی ئێران – شاخەی کوردستان-

بەفرانباری١٣٥٨ی هەتاوی

لە یەکەم ڕۆژەکانی بەفرانباری ساڵی١٣٥٨ گەڵاڵەی هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد ئامادە کراو و پێشکەش بە نوێنەرانی دەوڵەتی ناوەندی کرا.

بەڵگەی یەکەمی ئەم گەڵاڵەیە بە زمانی فارسیە. ڕەشنووسی یەکەمی لە لایەن "سارم سادق وەزیری" ئامادە کرا بوو کە لە لایەن کومیسیۆنێك کە لە لایەن هەیئەتی نوێنەرایەتیەوە دیاری کرا بوو، ئامادە و پەسند کرا. ئەوەش وەرگێڕدراوی کوردی ئەم بەڵگەیەیە.

گەڵاڵەی هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد بۆ خودموختاری کوردستان

ماددەی ١ ) کوردستانی ئێران بەشێکە لە جوغرافیای ئێران کە لە بواری مێژووییەوە دانیشتوانی لە کورد پێکهاتوون، کە ئێستاش زۆربەی دانیشتوانی کوردەکان لە خۆ دەگرێت. ئەم خاکە سەرجەم ناوچە کوردنشینەکانی ئۆستانەکانی ئیلام، کرماشان، کوردستان و ئازەربایجانی ڕۆژاوا لەخۆ دەگرێت.

ماددەی ٢) کوردستانی ئێران بەشێك لە وڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێرانە کە پەیوەندی قوڵی مێژوویی، ئابوری، سیاسی و فەرهەنگی خەڵکی کورد، دانیشتوانی ئەو شوێنە لەگەڵ سەرجەم نەتەوەکانی دانیشتووی ئەو لەگەڵ نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێران بە یەکەوە دەبەستێتەوە.

ماددەی ٣) دەسەڵاتی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بە شێوەی خودموختاری لە چوارچێوەی یەکگرتوویی سیاسی، ئابوری و تەواوییەتی خاکی وڵاتی ئێرانەوە مسۆگەر دەبێت.

ماددەی٤)دەوڵەتی ناوەندی کۆماری ئیسلامی ئێران لە پێناو دابین بوونی یەکگرتوویی سیاسی و تەواوییەتی خاکی وڵات، ریٚ و شوێنی پێویست و پەیوەندیدار بەم مەسەلانەوە لە ناوچەی خودموختاری کوردستان دەگرێتەبەر:

الف: کاروباری پەیوەندیدار بە بەرگری لە سەربەخۆیی و پاراستنی تەواوییەتی خاکی ئێران لە ئاست هێرشی بێگانە کە لە لایەن هێزی ٣ لایەنەی زەوی، هەوایی و دەریایی ئەرتەشەوە مسۆگەر دەبێت، لە لایەن ئۆرگانەکانی حکومەتی ناوەندیەوە ئیدارە و بەڕێوە دەبرێت.

ب: کاروباری سیاسەت و پەیوەندیەکانی دەرەوە لە ئەستۆی دەوڵەتی ناوەندی دایە.

ج:بازرگانی دەرەکی و گومرکەکان و سیاسەتە گشتیەکانی پەیوەندیدار بەم کارەوە لە لایەن دەوڵەتی ناوەندی بەڕێوە دەچێت.

د: بەرنامەی درێژخایەنی ئابوری کە پێویستی بە سەرمایەدانانی گەورە هەیە، و رێکخستنی سیستم و ئیدارەی پولّی و ئەرزی وڵات لە ئەستۆی ئۆرگانە دەوڵەتیەکان دا دەبێت.

تێبینی ١- لە بواری کاروباری بەرگری، ئەم بنەمایە کە پادگان و ناوەندە نیزامیەکان دەبیٚ لەسەر سنوورەکان و دوور لە شارەکان بن، بەردەوام دەبیٚ لەبەرچاو بگیرێت. بە جۆرێك کە لە ژێرناوی پێویستی نیزامی و هتد... هیچ جۆرە کردەوەیەك و هەنگاوێك کە دەستێوەردانی نێزامی لە کاروباری نێوخۆیی ناوچەی خودموختاری بە شوێنەوە بێت، سەر نەگرێت.

تێبینی ٢- سەرباز وەزیفەکانی ناوچەی خودموختاری کوردستانی ئێران دەبیٚ پایگا نیزامی و سەربازخانەکانی جێگیر لە کوردستان خزمەتیان پیٚ بکرێت.

تێبینی ٣- لە ئیداراتی خۆجێی سەبارەت بە بازرگانی دەرەکی و گورگەکان و بەرنامەی درێژخایەنی ئابوری و بەڕێوە بردنی سیستمی پولّی وڵات لە ناوچەی خودموختاری کوردستان لە کارمەندانی ئەو ناوچەیە پێك بێن.

مادده‌ی٥) بێجگه له‌و خاڵانه‌ی كه له مادده‌ی (٤) ئاماژه‌یان پێكراوه، به‌ڕێوه بردنی ده‌سه‌ڵاتی سه‌رجه‌م كاروباره‌كان و ڕێ و شوێنه‌كانی ناوچه‌ی خودموختاری كوردستان به بێ هیچ جۆره ده‌ست تێوه‌ردانێك له سه‌ڵاحییه‌تی ئۆرگانه‌كانی ناوچه‌ی خودموختاریه.

مادده‌ی ٦) مه‌جلیسی میللی كوردستان، به‌رزترین ئۆرگانی ده‌سه‌ڵاتداره‌تی خه‌ڵكی كورد له ناوچه‌كانی خودموختاری كوردستانی ئێران ده‌بێ. ئه‌م مه‌جلیسه له ڕێگای هه‌ڵبژاردنی ئازاد، ڕاسته‌وخۆ، به نهێنی و هه‌مه لایه‌نه‌ی سه‌رجه‌م دانیشتوانی كوردستانی ئێران، هه‌ر دوو ساڵ جارێك هه‌ڵده‌بژێردرێ و پێكدێت.

تێبینی١ : بۆ هه‌ر ٥٠ كه‌س له دانیشتوانی ئێران نوێنه‌رێك بۆ مه‌جلیسی میللی كوردستان هه‌ڵده‌بژێردرێت.

مادده‌ی ٧) مه‌جلیسی میللی كوردستان، سه‌رجه‌م یاسا و ڕێسای په‌یوه‌ندیدار به نیزام نامه‌ی نێوخۆیی و هه‌روه‌ها هه‌ڵبژاردنی شوراكانی شار و دێ، ئاماده و په‌سند ده‌كات.

مادده‌ی ٨) مه‌جلیسی میللی كوردستان به سه‌رنجدان به یاسا گشتییه‌كانی وڵات، ته‌واوی یاسا و ڕێساكانی ئێستای ڕێكخراوه‌كانی خودموختاری كوردستان په‌سند ده‌كات.

مادده‌ی٩) مه‌جلیسی میللی كوردستان، حكومه‌تی خودموختاری كوردستان بۆ به‌ڕێوه بردنی تێكڕای كاروباری سیاسی، ئابوری، ئیداری، فه‌رهه‌نگی و ئینتیزامی ناوچه‌ی خودموختاری كوردستان هه‌ڵده‌بژێرێ.

مادده‌ی١٠) حكومه‌تی خودموختاری كوردستان له ئاست مه‌جلیسی میللی كوردستان به‌رپرسایه‌تی هاوبه‌شیان ده‌بێت و هه‌ر یه‌ك له ئه‌ندامانی حكومه‌تی خودموختاریش جیاجیا له ئاست مه‌جلیسی میللی كوردستان، به‌رپرسیار ده‌بن.

تێبینی ١ : ئەندامانی حکومەتی خودموختاری کوردستان لە بواری سلسلە مەراتیب و تەشریفاتی ئیداری وڵات، لە پلەی جێگرانی وەزارەتخانەکانی حکومەتی ناوەندیدا دەبن.

ماددەی(١١) مەجلیسی میللی کوردستان، ماف و ئەرکی ئەوەی هەیە کە هەل و مەرجی هەڵسووڕانی ئازاد و دێموکراتیکی ژیانی کۆمەڵایەتی لە بواری ئازادی حیزب و کۆڕ و کۆبوونەوە و چاپەمەنی و دەربڕینی بیروڕا و مەزهەب و ئەنجوومەنە دێموکراتیکەکان و مافی مانگرتن لە سەرتاسەری کوردستان بڕەخسێنیٚ و چاوەدێری ورد بە سەر ڕێراستن و بە کردەوە دەرهاتنی لە لایەن "قوەی موجریە"وە بکات.

ماددەی١٢) بودجەی کوردستانی خودموختار بە هۆی حکومەتی خودموختاری کوردستان ڕێك دەخرێت و بە مەجلیسی میللی کوردستان پێشنیاری دەکات و پاش پەسند کرانی، بە کردەوە دەردێت.

ماددەی١٣) سەرچاوەکانی دابین کردنی ئیعتیباری بودجەی کوردستانی خودموختار بریتین لە:

الف: ماڵیاتەکان، گومرك و سەرجەم داهاتە خۆجێییەکان.

ب: بەشێك لە بودجەی گشتی وڵات کە لە لایەن حکومەتی ناوەندی، بۆ حکومەتی خودموختاری کوردستان تەرخان دەکرێت.

ماددەی١٤) پلانی یەکسان و گەشەی ئابوری کوردستان بە مەبەستی قەرەبوو کردنەوەی دواکەوتوویی سەرچاوە گرتوو لە ستەمی میللی، واتە دامەزراندنی سەنعەتی میللی، گەشە پێدانی کشت و کاڵ و ئاژەڵداری، پێشکەوتنی کاروباری ریفاهی و ئاوەدانی و خزمەتگوزاری گشتی بە جۆرێك کە ئاڵ و گۆڕی بنەڕەتی لە ژیانی جەماوەری زەحمەتکێشی کوردستان پێك بێنێت. بێجگە لەوەیکە لە بەندی ٦ی ماددەی ٤دا هاتووە، ئەرکی حکومەتی خودموختاری کوردستان دەبیٚ

تێبینی ماددەی١٤ : پاش کەمکردنەوەی بودجەی پەیوەندیدار بە کاروباری دەوڵەتی ناوەندی، بە ڕێژەی ئاستی جەمعییەت لە نێوان ناوچە جیاجیاکانی وڵات دابەش دەکرێت. پێوانەی دابەشکردنی ئەم بودجەیە با

جۆرێك دەبێت كە بە مەبەستی قەرەبوو كردنەوەی دواكەوتوویی ئابوریی سەرچاوە گرتوو لە ستەمی میللی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە و لەوانە كوردستانی خودموختار دەبیٚ لەگەڵ ئاستی دواكەوتوویی ئەوان لە داهاتی نێونجی سەرانەی وڵاتدا بگونجیٚ.

ماددەی١٥) زمانی كوردی لە سەرجەم ئیدارەكانی ناوچەی خودموختاری كوردستان و هەموو ئیدارەی ئۆرگانەكانی خودموختار و سەرجەم ئیدارەكان، زمانی فارسی دەبێت. هەروەها بە پێداگری لەسەر ئەوەیكە زمانی فارسی، بەردەوام زمانی رەسمی سەرتاسەری ئێران و لەوانە كوردستانیش دەبێت.

ماددەی١٦) لە ناوچەی خودموختاری كوردستانی ئێران، ئاموزش و پەروەردە لە هەموو ئاستەكان، لەوانە سەرەتایی، ناوەندی و خوێندنی باڵا بە زمانی كوردی دەبێت، بەڵام وتنەوەی زمانیش پاش كۆتایی ساڵی چوارەمی سەرەتایی لە تێكڕای قوتابخانەكانی كوردستانی ئێران، ئیجباری دەبێت.

تێبینی: كەمایەتیە میللیەكانی ناوچەی خودموختاری كوردستانی ئێران، مافی خۆیانە فەرهەنگ و سوننەتی میللی خۆیان بپارێزن و پەرەی پێبدەن و لە قوتابخانەكانی خۆیان، زمانی زگماكی خۆیان بخوێنن.

ماددەی١٧) دامەزراندنی ناوەند و بنكەی ئاموزشی و فەرهەنگی و بەرنامەی كار و چالاكی ئەم ناوەند و دامەزراوانەی ناوچەی خودموختاری كوردستانی ئێران، لە ژێر چاوەدێری حكومەتی خودموختاری كوردستانی ئێراندا دەبێت.

ماددەی١٨) پاراستنی ئاسایشی نێوخۆیی و كاروباری ئینتیزامی ناوچەی خودموختاری كوردستانی ئێران لە شار و دیٚ، لە لایەن هێزی پێشمەرگە، كە بە رەسمی لە لایەن حكومەتی خودموختاری كوردستانی ئێرانەوە دادەمەزرێن، دابین دەبێت.

ماددەی١٩) بەرپرسانی ئینتیزامی شار و دێ، لە ناوچەی خودموختاری کوردستانی ئێران دیاری دەکرێن و لە ئاست ئەوەدا بەرپرسیار دەبن.

ماددەی٢٠) هەموو ساڵێك ژمارەیەك خوێندکار لە لایەن حکومەتی خودموختاری کوردستانی ئێرانەوە لە قوتابخانە نیزامیەکان بە مەبەستی دابین بوونی پێویستیەکانی هێزەکانی بەرگری ناوچەی خودموختاری کوردستان، دەرس دەخوێنن. ئەرکی سەرشانی رێکخراوەکانی حکومەتی ناوەندی ئێرانە کە تێکڕای پێویستیە پەروەردەیی و ئاموزشیەکانی ئەم خوێندکارانە دابین بکات و پێداویستیەکانی چەك و تەقەمەنی هێزە ئینتیزامیەکانی نێوخۆیی کوردستان بە شێوەیەکی گونجاو دابین بکەن.

ماددەی٢١)"قوەی قەزائیە"ی ناوچەی خودموختاری کوردستانی ئێران بە جیاواز لە سەرجەم "قوەکانی دیکە" لە لایەن دادگا سەربەخۆکانەوە بەرێوە دەچن.

ماددەی٢٢) حاکمەکانی ناوچەی خودموختاری کوردستانی ئێران سەبارەت بە مەسەلە عورفیەکان بە پێی یاسای عورفی سەرتاسەری وڵات و یاساکانی پەسند کراوی مەجلیسی میللی کوردستانی خودموختار لە چوارچێوەی سەڵاحیەتەکانی خۆی دایانناوە و لەسەر بنەمای ئوسولی حقوقی و گونجاو لەگەڵ جاڕنامەی جیهانی مرۆڤ و پەیماننامەی جیهانی مافە مەدەنیەکان بێت و سەبارەت بە "ئەحواڵ شەخسی" بە پێی قاعیدەی مەزهەبی ئیدیعا کراوەکان، دیفاع بکات.

ماددەی٢٣) شوعبەیەکی دیوانی بەرزی وڵات لە ناوچەی خودموختاری کوردستانی ئێران دادەمەزرێ و ئاکامەکانی دەنگی حاکمەکانی ناوچەی خودموختاری کوردستانی ئێران لەم شوعبەیەدا، لێکدەدرێتەوە.

تێبینی: دادڕەسی لە دادگاکانی ناوچەی خودموختاری کوردستانی ئێران بە زمانەکانی کوردی و فارسی دەبێت.

ماددەی٢٤) لە پێناو بەهێز کردنی پەیوەندی خەڵکانی ئێران بێجگە لەوەیکە دانیشتوانی کوردستان وەك سەرجەم ناوچەکانی ئێران نوێنەرانی خۆیان بە گوێرەی جەمعیەتی کوردستان، بەشداری لە ئۆرگانەکانی حکومەتی ناوەندی (هەیئەتی وەزیران و وەزارەتخانەکان) دەکەن.

ماددەی٢٥) لە پێناو تەزمینی بنەمای خودموختاری کوردستان و پراستنی مافەکانی تێکڕای خەڵکی ئێران لە ناوەندی وڵات پێك دێت و هەر یەك لە نەتەوەکانی ئێران، ٣ نوێنەر بۆ شوڕای گەلانی ئێران رەوانە دەکەن.

تێبینی: ٣ نوێنەری ناوچەی خودموختاری کوردستانی ئێران لە لایەن مەجلیسی میللی کوردستانەوە هەڵدەبژێردرێت.

ماددەی٢٦) سەرجەم یاسا پەسند کراوەکانی مەجلیسی شوڕای میللی ئێران کە پەیوەندی بە ماف و پەیوەندییەکانی نەتەوەکانی ئێرانەوە هەبێ، دەبێت لە شوڕای بەرزی نەتەوەکانی ئێران بێتە ئاراوە و پەسند بکرێت.

بەفرانباری١٣٥٨ی هەتاوی

**متن كامل قعطنامه  مصوب نمايندگان مردم كردستان در شهر سنندج به تاريخ 2 فروردين ماه 1358**

در مقدمه اين قعطنامه آماده است كه: لازم ميدانيم بار ديگر پشتيباني كامل خود را از تمام 8 ماده تقديمي به دولت مركزي در شهر مهاباد  كه به توسط نمايندگان خلق كرد تصويب شد و به تعيد مردم كردستان رسيد، اعلام داريم. همچين در همين مقدمه آماده است هر گونه تمايل تجزيه طلبي را رد ميكنيم:

1-حق تعيين سرنوشت به معني استقرار حاكميت سياسي و اقتصادي و فرهنگي خلق ها بر سرزمين تاريخي خودشان مي باشد و در رابطه با اين حقيقت كه شناسايي اين حق، وحدت ملي و تماميت ارضي را تضمين و تامين خواهد كرد.

2- از نظر سياسي بايد حكومت خودمختار كردستان توسط خود مردم كرد برگزيده شود و قدرت سياسي و اداره  سرزمين كردستان را به دست گيرد و در اتحاد برادرانه با ملل داراي حقوق مساوي در حكومت مركزي مشاركت نمايد.

3- قطع وابستگي هاي نظامي به كشورهاي امپرياليستي و همه ي قدرت هاي توسعه طلب خارجي و ايجاد يك ارتش خلقي در سراسر ايران جهت محافظت از مرزهاي كشور و دست آوردهاي انقلاب كه به توسط حكومت مركزي اداره خواهد شد.

4-ايجاد يك نيروي انتظامي مردمي كه عامل تامين امنيت و نظم داخلي بوده و تحت نظر حكمت خود مختار كردستان به جاي سازمانهاي شهرباني و ژاندارمري سابق انجام وظيفه نمايد.

5- سياست خارجي به وسيله حكمت مركزي اداره خواهد شد كه خطوط اسلي آن در حفظ استقلال و تماميت ارضي ايران و مبارزه عليه قدرت هاي امپرياليستي و هرگونه وابستگي به قدرت هاي جهاني و منطقه ايي و توسعه طلب، پشتيباني از نهضت هاي آزادي بخش خلق هاي تحت ستم و همكاري دوستانه با تمام كشورهايي كه حق حاكميت و استقلال ايران را به رسميت مي شناسند، خلاصه ميشود.

6- محو تمام اشكال و مظاهر ستم فرهنگي كه متضمن آزادي و احترام به مذهب و زبان و اداب و رسوم و عقايد كلييه ملت هاي ايران است. به رسميت شناختن زبان كردي به عنوان زبان رسمي در تمام مؤسسات اجتماعي و اداري و اموزشي سرزمين كردستان با توجه و تاكيد بر اين نكته كه زبان فارسي كماكان زبان رسمي سرتاسر ايران خواهد بود.

7-پيشرفت دادن به كشاورزي و سنعت در كردستان و تامين چنان اولويتي كه متضمن جبران عقب ماندگي ناشي از ستم ملي باشد و قطع كامل نفوز اقتصادي امپرياليستي و استعماري در سطح كشور و پايگاه هاي آن در كردستان.

8-از حكمت موقت انقلاب اسلامي انتظار دارد كه در رابطه با در حل مسائل مربوط به كرد و كردستان از تماس و مذاكره و سازش با عناسر مرتجع و فرست طلب خوداري كرده و متوجه باشد حل مسائل اساسي مردم تنها در چهارچوب توافق و تفاهم برادرانه با نمايندگان مردم مقدور است.

اين قطع نامه به وسيله سيد عزالدين حسيني، رئيس هيت نمايندگي كردستان در مذاكره با نمايندگان دولت مركزي در شهر سنندج به تاريخ 2 فروردين ماه 1358 امضا شده است.

# بەرنامەی کۆمەڵە بۆ دەسەڵاتی جەماوەری لە کوردستان

## پێشەکی

کۆمەڵە بە پێی بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە پێناو کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری چینی سەرمایەدار و پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی سوسیالیستی خەبات دەکات. ئامانجی کۆتایی ئێمە بەدیهێنانی کۆمەڵگایەکە کە ئازادی و ئاسایس بۆ هەمووان جێگای کۆیلەتی و بێ عەداڵەتی و بێ بەشی بگرێتەوە و بواری یەکسان بۆ گەشە و هەڵدانی لێهاتووییەکان و لێوەشاوەییەکانی ئینسان برەخسێ، کۆمەڵگایەک کە هەر کەسە و بەرادەی توانایی خۆی کار دەکات و بە پری پێویستی خۆی لە ئیمکاناتی ژیان بەهرەمەند دەبێت و دەوڵەتێک لە ئارادا نییە کە لە سەروی کۆمەڵگاوە بێ و بەندی کۆیلەتی و ژێردەستەیی کەسەکان بە رابردووەکانی چەوسانەوە، ستەم، کۆنەپەرستی و نەزانییەوە گرێ بدات.

بەڵام لە هەلومەرجێکدا کە هەتا ئێستاکەش نیزامی سەرمایەداری لە ئارادایە، ئێمە وێرای خەباتی بێوچان بۆ دامەزراندنی سیستمێکی سوسیالیستی، بۆ ساتێکیش لە خەبات بۆ بەجێ گەیاندنی چاکسازی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی و فەرەنگیی پێشرەو و پێشکەوتنخواز لە پێناو باشتر بوونی هەلومەرجی ژیانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و ژێر دەستە و ئینسانی تر کردن و هێمنانە تر کردنی کۆمەڵگا و شوێنی ژیانیان هەر لە چوار چێوەی ئەو نیزامەی کە لە ئارادایە، دەست هەڵناگرین. راگەیاندنی بەرنامەی کۆمەڵە بۆ دەسەڵاتی خەڵک لە کوردستان هەنگاوێکی گرینگی ئەم ستراتیژییەیە.

کۆمەڵە، مافی سەرجەم نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێران بۆ دیارکردنی چارەنووسی خۆیان بە رەسمی دەناسێ. لە هەمان کاتیشدا خوازیاری یەکگرتوویی ئارەزوومەندانە و ئازادانەی سەرجەم ئەو نەتەوانەیە. لە روانگەی ئێمەوە بەرژەوەندی خەباتی

چینی کرێکار له‌ پێناو سوسیالیزمدا، یه‌کێتی و یه‌کگرتوویی سیاسی و حیزبی چینی کرێکاری ئێرانی پێویسته‌ و کۆمه‌له‌ له‌ پێناو دابین بوونی یه‌کریزی چینی کرێکاری ئێران له‌ هه‌موو بواره‌کانی خه‌باتدا، تێده‌کۆشێ.

## به‌رنامه‌ی کۆمه‌ڵه‌ بۆ ده‌سه‌ڵاتی جه‌ماوه‌ری له‌ کوردستان

**به‌ سه‌رنج دان به‌وه‌ی که‌:**

١- قه‌یرانی ئابوری و سیاسی رژیمی کۆماری ئیسلامی و به‌ڵا و نه‌هامه‌تیه‌کانی سه‌رچاوه‌ گرتوو له‌ ده‌سه‌ڵاتی نیزامی سه‌رمایه‌داری، گه‌شه‌ی بزووتنه‌وه‌ی کرێکاریی و سه‌رجه‌م بزووتنه‌وه‌ کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کان و ناره‌زایه‌تی به‌رینی جه‌ماوه‌ری خه‌ڵک، روودانــی ئاخێزێکی جه‌ماوه‌ری، ئاسۆی رووخانی کۆماری ئیسلامی و تێکه‌ و پێچرانی دام ده‌زگای هێزه‌کان و ده‌سه‌ڵاته‌که‌ی بۆته‌ ئیمکانێکی ماددی و واقعی له‌ کوردستان.

٢- حیزب و هێزه‌ بورژواییه‌کانی کوردستان هه‌ر له‌ ئێستاوه‌ هــه‌وڵ ده‌ده‌ن بۆچوونی خۆیان سه‌باره‌ت به‌ سه‌رکه‌وتنی بزووتنه‌وه‌ی کوردستان له‌ ناو بیروڕای گشتیدا جێ بخه‌ن و هه‌وڵده‌ده‌ن دامه‌زراندنی حکومه‌تێکی فیدراڵی له‌ سه‌ر بنه‌مای سیستمی پارلمانی وه‌ک مکانیزمی به‌شداری خه‌ڵک له‌ کاروباری سیاسی و ئیداره‌ی کۆمه‌ڵگا و ناوه‌رۆکی سه‌رکه‌وتن به‌ سه‌ر خه‌ڵکدا بسه‌پێنین.

٣- نیشاندانی تێگه‌یشتن و بۆچوونێکی روون له‌ مانای راسته‌قینه‌ی سه‌رکه‌وتنی بزوتنه‌وه‌ی شۆرشگێرانه‌ی کوردستان، چۆنیه‌تی به‌شداری راسته‌وخۆی جه‌ماوه‌ری خه‌ڵکی کوردستان له‌ ده‌سه‌ڵاتی سیاسی و ئیداره‌ی کۆمه‌ڵگا و چۆنیه‌تی هاتنه‌دی ویست و داواکارییه‌کانیان زه‌رووره‌تی په‌یدا کردوه‌ و جێ خستنی

مانا و جەوهەری راستەقینەی سەرکەوتن لە ناو جەماوەری خەڵکی ستەم لێکراوی کوردستان لە پێش مەرجەکانی سەرکەوتنی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی کوردستان دەبێ، کۆمەڵە (رێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران) کە خۆی لە هاندەران و رێکخەرانی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی کوردستان بوە و پشتیوانی بەشێکی بەرین لە کۆمەڵگای کوردستانی مسۆگەر کردوە، بەرنامەی خۆی لە پێناو دەسەڵاتی خەڵک لە سەر بنەمای سیستمی شورایی لە کوردستان رادەگەیەنێ.

## پێویستییەکانی هاتنە دی دەسەڵاتی خەڵک لە کوردستان

١–چینی کرێکار و زەحمەتکێشانی شار و دێ هێزی سەرەکی پاڵنەری بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی کوردستان پێک دێنێ، گەشەی بزووتنەوەی سوسیالیستی چینی کرێکار، وەرێ خستنی رێکخراوەی جەماوەری و چینایەتی کرێکاران، رێکخراو بوونی بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی نارەزایەتی خەڵک لە دژی رژیم لە پێویستییەکانی پێشرەوی و سەرکەوتنی ئەم بزووتنەوەی و هاتنە دی دەسەڵاتی جەماوەری چەوساوە و ستەم لێکراوی کوردستانە.

٢– مەرجی پێویستی پێشرەوی بزووتنەوەی شۆرشگێرانە و هاتنە دی دەسەڵاتی خەڵک، دابرانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشە لە ستراتیژ، ئاسۆ، ئامانجەکان و سیاسەتەکانی حیزبە بورژوازییەکانی کوردستان و بە هێز کردنی ستراتیژی سوسیالیستی لە بەرانبەر ستراتیژی ناسیونالیستی بە پانتایی کۆمەڵایەتییە. ئەنجام دانی ئەم ئەرکە گەورەیە لە گرەوی رۆشنایی تێگەیشتنێکی روون لە ئامانج و بەرنامە بۆ ئاڵوگۆری راستەقینە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستاندایە.

٣- دابین بوونی ئیرادەی ئازادانەی خەڵکی کوردستان بە سەر چارەنووسی خۆیاندا بەرهەمی درێژەی خەباتێکی جەماوەری هەمە لایەنەی، سیاسی، کۆمەلایەتی و نیزامی لە دژی کۆماری ئیسلامییە، ئەم خەباتە لەگەل هەر هەنگاوێکی بەرە و پێشیی خۆی جەماوەری خەلک بە مەبەستی دامەزراندنی دەسەلاتی داهاتووی خۆیان تەیارتر دەکات و سەرەنجام بە تەوژمی هەمەلایەنە بۆ سەر تەواوییەتی رژیمی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان پێویستییەکانی سەرکەوتنی یەکجارەکی مسۆگەر دەکات.

٤- بە دارمان و لە بەریەک هەڵوەشانی هێز و ناوەندەکانی حکومەتی ناوەندی و پاشەکشێی ئەاون، کار تەواو نابێ. سەرکەوتن لەم قۆناغەدا بە پێک هێنای ئورگانەکانی دەسەلاتدارەتی جەماوەری لە شار و دێ و رێکخستنی پێکهاتەیەکی دەسەلاتی شورایی لە کوردستان گەشە دەکات.

٥- تەزمینی بەردەوامیی سەرکەوتن، لە گـرەوی تێک شکاندنی یەکجارەکی دەسەلاتی دەولەتی مەرکەزی و پێشرەوی بزوتنەوەی کرێکاریی لە ئاستی سەرتاسەری دایە. ساناترین و هەموارترین رێگای پاراستنی دەسکەوتەکانی بزووتنەوەیەکی شۆرشگێرانەی سەرکەوتوو لە کوردستان لێک هەلپێکرانیەتی لەگەل شورشێکی سەرتاسەریی لە ئێراندا.

## بەشی یەکەم:
## پێکهاتەی دەسەلات لە کوردستان

### ئەلف: دەسـەلاتـی شـوراـیـی وەک نیزامێکی بانتری کۆمەلایەتی

ئەزموونی سەرتاسەری جیهان بە باشی نیشانی داوە کە دێموکراسی پارلمانی، جەماوەری بێ بەشی کۆمەلگا لە دام ودەزگای بەرێوە بەرایەتی کارو بار و مودیرییەتی راستەوخۆی

کۆمەڵگا و دەسەڵات بە سەر چارە نووسی خۆیاندا دوور دەخاتەوە و ئەم ئەرکە بە نوێنەرانێک لە پارلمان دەسپێردرێ کە دەنگدەران هیچ کۆنترۆڵێکیان بە سەر کار و کردەوەکانی ئەواندا نییە. لەم سیستمەدا نوێنەرانی پارلمانیش بە کردەوە کۆنترۆڵیان بە سەر چۆنیەتی بەرێوە چوونی ئەو یاسا و رێسایانەی کە دەنووسرێن دا، نییە. دەسەلاتی واقعی لە نیزامی پارلمانیدا بە دەست ئورگانە بەرێوەبەرەکانی، وەزارەتخانەکان، ئەرتەش، پۆلیس و رێکخراوە ئەمنیەتیەکانەوەیە. لە نیزامی پارلمانیدا هەر چەند ساڵ جارێک نوێنەرانی پارلمان دەگۆردرێن، دەولەتەکان دەگۆردرێن، بەلام پێکهاتەی سەرەکی ئەرکانی دەســەلات واتە بوروکراسی دەولەتی، ئەرتەش، پۆلیس و ناوندەکانی ئاسایش هەر وەک خۆیان دەمێننەوە.

لە بەرانبەر نیزامی پارلمانیدا، سیستمی شورایی باشترین و گونجاوترین ئامرازی بەشداری سەرجەمی چینی کرێکار و جەماوەری خەلک وەک یاسا دانەر و بەرێوەبەری یاسا بۆ ئێدارە کردن و راپەراندنی کاروباری کۆمەلگا.

لە هەلومەرجێکدا کە پێشکەوتنە تێکنۆلوژیکییەکان زیاتر لە هەر سەردەمێکی تر پێوەندییەکانی گەشە پێداوە و ئیمکانی دەست پێراگەیشتن بە زانیارییەکانی لە سەرجەم بوارەکاندا بۆ هەموو کەس رەخساندوە، نیزامی شورایی، ئەرکی بەشداری راستەوخۆی کرێکاران و جەماوەری خەلک بۆ ئێدارەی کاروباری کۆمەلگا زیاتر لە پێشوو ئاسانتر دەکات. ئەم سیستمە دەتوانێ پێش بە دامەزرانی سیستمێکی بوروکراتیک کە بۆ جارێکی تر لە سەر سەری خەلکی راپەریو قەرار بگرێ و ئەوان بکات بە بینەرێکی بێ دەسەلاتی گۆرەپانی سیاسەت، بگرێ.

خەلکانێک کە پێکهاتەی نیزامی شورایی پێک دێنن خۆیان هەم یاسا دانەر و هەم بەرێوەبەری یاسا دەبن. لەم نیزامە حکومەتییەدا سەرجەم کاربەدەستانی ئیداری و سیاسی و قەزایی

له لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن و هەر کاتێک زۆربەی خەڵک ئیرادە بکەن، لە هەر سەردەمێکدا دەتوانن بیانگۆڕن. بەرپرسان لە بەرزترین ئاستی حکومەتی شوراییدا وەک خزمەتکاری خەڵک کار دەکەن و لانی زۆری مووچەی ئەوان یەکسانە لەگەڵ مووچەی کرێکارێکی پسپۆڕ.

ب: پێکهاتەی دەسەڵاتی شورایی

**× دەسەڵاتی شورایی پێکهاتەیەکی "هێرەمی"یە کە شورای گەرەکەکان، شورای شارەکان، شورای ئەیالەتی و کۆنگرەی سەرتاسەری شوراکان لە خۆدەگرێ و وەک بەرزترین ئورگانی دەسەڵاتدترییەتی دەبێ. کۆنگرەی سەرتاسەری شۆراکان هەم یاسا دانەرە و هەم بەرزترین ناوەندی دەوڵەتییە بۆ کاروباری ئیجرایی کە رێکی دەخات و چاودێری بە سەر کارەکانیاندا دەکات.**

**×لە دەسەڵاتی شورایی دا سیستمی قەزایی بە تەواوی لە سیستمی ئیجرایی جیا دەکرێتەوە و سەربەخۆ دەبێ. قازپیەکان و سەرجەم کاربەدەستانی قەزایی لە رێگای خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن و هەر کاتێک زۆربەی دەنگدەران ئیرادە بکەن، دەتوانن گۆڕانکاری تێدا پێک بێنن. سەرجەم دادگا تایبەتییەکان هەڵدەوەشێنەوە و تێکرای موحاکمە کردنەکان بە ئاشکرا و بە بەشدرای لێژنەی "مونسیفە" بەرێوە دەچێ.**

ج: هێزی چەکدار

ئەرتەش، سپای پاسداران و سەرجەم ئۆرگانە ئیتلاعاتی و ئەمنییەتی و نیزامیەکانی کۆماری ئیسلامی هەڵدەوەشێنەوە و ناوەندێکی چەکداری جەماوەری لە ژێر ئەرک و فەرمانی کۆنگرەی سەرتاسەری شوراکان دادەمەزرێ.

هێزی چەکداری خۆجێیی لە ژێر فەرماندەیی کۆنگرەی سەرتاسەری شۆراکان کاروباری پێوەندیدار بە بەرگری لە دەسکەوتەکانی خەڵکی کوردستان لە بەرانبەر هێرشی دەوڵەتی

ناوەندی و یان هەر هێزێکی تری لە ئەستۆ دەبێ، ئەم هێزە مافی هیچ جۆرە دەست تێوەردانێکی لە کاروباری نێوخۆیی کوردستاندا نابێ.

ئاسایشی نێوخۆیی کوردستان لە ڕێگای هێزێکەوە دابین دەبێ کە لە لایەن بەرزترین ناوەندی دەوڵەتی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی سەرتارسەری شوراکان سازمان دەدرێ و کۆنگرەش چاودێری بەسەر کار و کردەوەکانیدا دەکات.

## بەشی دووهەم:
## مافی دیاریکردنی چارەنووس

١- بوونی ستەمی نەتەوایەتی لە سەردەمی ڕژیمی پاشایەتی و چ لە سەردەمی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، وێڕای درندانەترین شێوازەکانی سەرکوتگەری لە دژی خەڵکی کوردستان، بەردەوام هۆکارێک بوون بۆ دواکەوتوویی ئابووری و فەرهەنگی ئەم ناوچەیە و خەلکی کوردستانی ئێران گەلێک جاران لە دژی ئەو ستەمکاریە و لە پێناو وەدەست هێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس خەباتیان کردوە. هەر بۆیە لە کوردستانی ئازاد کراودا مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەلکی کوردستان بە مانای ئازادی جیا بوونەوە لە ئێران و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ وەک یاسا رادەگەیەندرێ و مەرجی پێویست بۆ کەلک وەرگرتنی وشیارانە لەم مافە دابین دەکرێ و گارانتی لە پشت دەبێ.

٢- ئەگەر بە دابین بوونی ڕەسمی، عەمەلی و واقیعی هەلومەرجێک کە لەو بەرنامەیەدا ئاماژەی پێکراوە، خەلکی کوردستان بریار بدەن کە لە چوارچێوەی ئێراندا دەمێننەوە، لە وەها بارودۆخێکدا ئەرکی دەوڵەتی ناوەندییە کە بێجگە لە قەبووڵی سەرجەم مەرجەکانی گونجێندراو لەم بەرنامەیەدا هەر وەها بە پێی

سیاسەتێکی گەڵاڵە بۆ داڕێژراوی ئابووری، دواکەوتووییەکانی سەرچاوە گرتوو لە هەڵاواردنی نەتەوایەتی بە تەرخان کردنی بودجە و ئیمکاناتی پێویست لە سەرجەم بوارەکاندا قەرەبوو بکاتەوە.

٣-چوارچێوەی پێکهاتەی ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی شورایی کوردستان بە پێی دەنگی ئازادانەی خەڵکی ناوچە کورد نشینەکانی رۆژئاوای ئێران دیاری دەکرێ. سەرجەم خەڵکی نیشتەجێی ئەم ناوچەیە بەجیا لە نەتەوە، رەگەز و مەزهەب لە تەواوی بوارەکاندا، بەشداری لە نیزامی یاسا دانــان، بەڕێوەبەرایەتی و قەزایی کوردستاندا دەکەن و بەبێ هیچ هەڵاواردنێک لە مافی وەک یەک لەگەڵ دانیشتوانی خەڵکی کوردستان بەشدارن.

٤- حکومەتی کوردستان هەر جۆرە سات و سەودایەکی دەوڵەتی ناوەندی لەگەڵ هێزە خۆجێییەکان سەبارەت بە دیاریکردنی پێکهاتەی سیاسی کوردستان بە نایاسایی و بە نارەوا دەزانێ.

دیاریکردنی چارەنووسی هەر گەڵاڵەیەک سەبارەت بە چۆنیەتی ئیدارەی کۆمەڵگای کوردستان و شێوازەکانی پێوەندیی لەگەڵ دەولەتی ناوەندی لە ڕێگای دەنگی گشتی خەڵکی کوردستانەوە دەبێ.

## بەشی سێهەم:
## ماف و ئازدییە فەردی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان

١-مافی دەنگدانی گشتی، وەک یەک و راستەوخۆ و نهێنی بۆ تەواوی کەسانێ کە تەمەنیان لە سەروی ١٦ سال، بێ لەبەرچاو گرتنی رەگەز، مەیلی مەزهەبی، قەومی و بیروڕای سیاسی. مافی خۆ پالاوتن و هەلبژێران لە سەروی تەمەن ١٨ سال لە هەر ناوەند و ئورگانێکی نوێنەرایەتیدا.

٢- ئازادیِ بێ ئەم لاوئەولای سیاسی، ئازادی پێکهێنانی حیزب و هەلسوورانی سیاسی، ئازادی بیرورا دەبرین، ئازادی راگەیاندن و چاپەمەنی، ئازادی کۆڕ و کۆبوونەوە، خۆپیێشاندان، مانگرتن، پێکهێنانی شورا، سەندیکا و هەر جۆرە پێکهاتەیەکی سینفی و سیاسی. بوار رەخساندن بۆ دەست راگەیشتنی تێکرایی بە راگەیەنەرە گشتییەکان، رادیۆ و رایەڵە تەلەویزیۆنیەکان و قەدەغە بوونی هەر جۆرە سانسۆرێک.

٣-جیایی مەزهەب لە دەوڵەت، هەڵوەشاندنەوەی هەر جۆرە ئیمتیاز و هەڵاواردنێک لە کار و پیشەی دەوڵەتی و مافەکانی تاک لە سەر بنەمای مەزهەب و پلەوپایەی مەزهەبی، بوونی باوەڕ بە مەزهەب و یان بێ باوەڕ بوون بە مەزهەب، هەڵوەشاندنەوەی تەواوی یارمەتییە مالی و غەیرە مالییەکانی دەولەت بە کار و تێکۆشان و دامـەزراوە مەزهەبییەکان، بابەتە دەرسییەکان و یاسا و رێسای مەزهەبی لە قوتابخانەکان و دامــەزراوە و ناوەندە ئاموزشییەکانی دەولەتی. هیچکام لە مەزهەبەکان وەک مەزهەبی رەسمی لە کوردستان بە رەسمی ناناسرێ، مەزهەب بە ئەمری تایبەتی کەسەکان دەژمێردرێ و سەرجەم کەسەکان لە کوردستان لە هەڵبژاردنی هەر مەزهەبێک و یا نەبوونی هیچ مەزهەبێک دا ئازادن.

٤- یەکسانی تەواوی مافی یاسایی سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگا لە کوردستان بەدەر لە نەتەوە، مەزهەب، بیروباوەڕی سیاسی ئەوان.

٥- زمانی کوردی بە رەسمی لە قوتابخانە و زانستگەکانی کوردستان دەوترێتەوە و لە سەرجەم ئیدارە دەوڵەتی و دامەزراوە فەرهەنگی و هونەری و راگەیەنەرە گشتییەکاندا بەکار دەبردرێ.

٦-ئازادی هەڵبژاردنی پیشە و شوێنی نیشتەجێ بوون، پارێزراوی یاسایی هەر کەسێک و شوێنی نیشتەجێ بوونی، هەڵوەشانەوەی تەواوی ئەو یاسا و رێسایانەی کە لە سەر بنەمای دەست تێوەردانی

پۆلیس لە ژیانی مرۆڤەکاندا داڕێژراون و هەڵوەشانەوەی سەرجەم ئەو ناوەندانەی کە بەڕێوەبەری یاسایەکی ئەوتۆن.

ئـــازادی سەفەر و نیشتەجێ بـــوون لە تـــەواوی ناوچە جۆراوجۆرەکانی وڵات و ئازادی سەفەر و هات و چۆ بۆ دەرەوەی وڵات بۆ هەموو کەس.

٧-لە کوردستانی ئازاد کراودا پەنابەرانی سیاسی بەبێ مەرج وەردەگیرێن. هەر کرێکارێکی کۆچبەر و یان هەر پەنابەرێک مافی بەرابەر و یەکسانی لەگەڵ سەرجەم دانیشتوان دەبێ.

٨- مافی چاودێری تەواوی خەڵک بە سەر سیاسەتی دەرەوەدا، هەڵوەشانەوەی هەر جۆرە دیپلۆماسیەتێکی نهێنی، ناسینی یەکسانی مافەکانی سەرجەم نەتەوەکان، پشتیوانی لە بزووتنەوە کرێکاریی، سوسیالیستی و ئازادیخوازەکان لە سەرتاسەری جیهان.

٩- حکومەتی شورایی خەڵکی کوردستان پشتیوانی لە خەباتی خەڵکی کوردستان لە بەشەکانی تردا لە پێناو ئازادی و رزگاری لە ستەمی میللی دەکات و بە ئەرکی خۆی دەزانێ.

١٠- هەڵوەشانەوەی سزای ئێعدام وەک یاسا رادەگەیەندرێ و لانی زۆری ماوەی زیندانی بۆ ئەو کەسانەی کە بە بەندی هەمیشەیی مەحکوم دەکرێن، دیاری دەکرێت.

## بەشی چوارەم:
## مافەکانی ژنان

لە کوردستانی ئازاد کراوی ژێر دەسەڵاتی شۆرشگێرانەدا سەرجەم هەڵاواردنەکانی دژ بە ژنان هەڵدەوەشێتەوە و لە پێناو دابین بوونی یەکسانی تەواو لە نێوان ژن و پیاو، مافەکانی ژنان لە سەرجەم بوارەکانی ژیانی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی و بنەماڵەدا دەکرێن بە یاسا.

**× مافە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان**

- ژنان و پیاوان دەبێ بە یەکسانی و وەک یەک مافی هەڵبژاردن و هەڵبژێرانیان لە تەواوی ئۆرگانەکانی یاسادانان، قەزایی و ئیجراییدا لە ئاستی سەرتاسەری و خۆجێیدا پێ بدرێ. تەواوی ئەو یاسا و ڕێسایانەی کە ئازادی ژنان بۆ چۆنیەتی لەبەرکردنی جل و بەرگ بەرتەسک دەکاتەوە لە چەشنی یاسای حیجابی زۆرەملی هەڵدەوەشێنەوە.
- هەر جۆرە ڕێ و شوێنێکی پێوەندیدار بە جیا کردنەوەی ژنان و پیاوان لە کۆڕو کۆبوونەوەکان، قوتابخانە و زانستگەکان، ناوەندەکان و ئامرازێ هاتووچۆی گشتی هەڵدەوەشێتەوە.
- هەر جۆرە هەڵاواردنێک بە پێی ڕەگەز لە بواری پەروەردە و بارهێنان هەڵدەوەشێتەوە. پۆلەکانی وانەی قوتابخانەکان لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا دەبێ تێکەڵاوبن.
- ژنان مافی خۆیانە کە لە سەرجەم بەشەکانی وەرزشی، هونەری و زانستیدا بەشداربن و دەبێ تەواوی ئیمکاناتیان لەم پەیوەندییەدا بۆ دابین بکرێ.
- ژنان دەبێ لە ژێر گوشاری کاری ماڵ ڕزگاریان ببێ و ئاسانکاری بۆ بەشداریی ئەوان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بکرێ و بۆ ئەو مەبەستە دامەزراوەی خزمەتگوزاری تایبەت لە چەشنی دایەنگە، شوێنی حەوانەوەی منالان، جل شۆر و هتد... لە گەڕەکەکاندا دابندرێ و بە خۆڕایی لە خزمەتی گشتیدا بن.

**× مافە ئابوورییەکان**

- یەکسانیی تەواوی نێوان ژن و پیاو لە کار و پیشە، پێدانی حەقدەستی وەک یەک بۆ کاری وەک یەک بە ژنان و پیاوان، بیمەی کۆمەڵایەتی یەکسان بۆ ژنان و پیاوان. پێدانی مافی دوو ڕۆژ پشووی مانگانە بۆ ئەو ژنانەی کار دەکەن، قەدەغە بوونی پێ ئەسپاردنی هەر جۆرە کارێکی قورس و مەترسیدار بە ژنانی دووگیان. قەدەغە بوونی دەرکردنی ژنانی دووگیان بە هەر بیانوویەک. خۆپاراستن لە دامەزراندنی ژنانی دووگیان و منالەبەر،

به نایاسایی دادەندرێ و بە تاوان دەژمێردرێ. قەدەغە بوونی ڕاگەیاندنی ڕەگەز لە بڵاو کراوە و بانگەوازەکانی دامەزراندن و خوێندندا– (مەگەر لە هێندێک بواری تایبەت و پێویستدا کە یاسا دیاری دەکات.)

– کەڵک وەرگرتن لە ٦ مانگ پشوودان بۆ سەردەمی دووگیانی و ساڵێک مەرەخەسی بۆ چاودێری کردنی کۆرپەلە بە ڕێککەوتن لەگەل سەرپەرەستەکانیان کەلکی لێوەردەگیرێ.

**× مافەکانی ژن لە بنەماڵەدا**

ئازادی لە هاوسەرگیریدا و هەڵبژاردنی هاوسەر، قەدەغەبوونی هەرجۆرە سات و سەودایەک لە چەشنی شیربایی، مارەیی، جیاز و هتد لە کاری هاوسەرگیریدا. بە ڕەسمی ناسینی هاوسەرگیری لە ڕێگای تۆمارکردنی لە ناوەندەکانی دەولەتیدا، قەدەغە بوونی سیغە و چەند هاوسەری.

یەکسانیی مافی ژن و پیاو لە جیا بوونەوە و سەرپەرستی منالان، قەدەغە بوونی هاوسەرگیری بۆ ژنان و پیاوانی خوارتر لە تەمەنی ١٨ ساڵ. ئەو کەس و ناوەندە مەزهەبییانەی کە کەسانی خوار تەمەنی ١٨ ساڵ مارەی شەرعی دەکەن، تاوانبار دەژمێردرێن. قەدەغە بوونی پەیوەندیی جنسیی کەسانی سەرو تەمەن ١٨ ساڵ لەگەل کچان و کورانی خوار تەمەن ١٦ ساڵ.

– ژن و پیاو لە بەرانبەر یەکتردا و هەر وەها لە بەرانبەر منال و سەرجەم لایەنەکانی ژیانی هاوبەشدا دەبێ ماف و بەرپرسیارێتی یەکسانیان هەبێ، شوێنی ژیان دەبێ بە ڕێککەوتنی هاوبەشی هەر دوو لایەن هەلبژێردرێ. یاسایەک کە تەنیا مافی پیاوان بۆ دیاریکردنی شوێنی نیشتەجێ بوون بە ڕەسمی دەناسێ، دەبێ هەلوەشێتەوە. مافی ژنان بۆ کار کردن و سەفەر نابێ ببەسترێتەوە بە پیاو و لە دەستی پیاودا بێ.

– تەواوی ئەو یاسا شەرعی و عورفییانەی کە لە ژێر ناوی بەرگری لە ناموس، سزای سەر جینایەتکارانی دژ بە ژن کەم

دەکاتەوە، دەبێ هەڵوەشێنەوە. بۆ تاوان و ئەو جینایەتانەی کە لە لایەن باوک، برا، مێرد و یان هەر کەسێکی تر دژ بە ژنان لە ژێر ناوی بەرگری لە نامووس و شتی لەم چەشنە، سزای قورس دیاری دەکرێ. هەر جۆرە کردەوەیەکی توندوتیژییانە دژ بە ژن لە بنەماڵەدا بە تاوان دەژمێردرێ و دەبێ یاسا لێی بکۆڵێتەوە. هەر جۆرە هەڵاواردن و نایەکسانییەکی نێوان ژن و پیاو لە یاسای تایبەت بە میرات، دابەشکردنی دارایی و ماڵ و ئیمتیازاتی یاسای پیاوان و پشتاوپشتی باوکییەتی سەبارەت بە مەسەلەی چاودێری و سەرپەرستی دا هەڵدەوەشێتەوە. ژنان و پیاوان دەبێ وەک یەک مافی جیا بوونەوە و تەڵاقیان هەبێ. لە کاتێکدا دوو لایەن چ ژن و چ پیاو مەیلیان بە جیا بوونەوە هەبێ یاسا دەبێ جیایی ئەوان بە رەسمی بناسێ. مافی دایکایەتی دەبێ سەربەخۆ و جیا لە هاوسەرێتی بە رەسمی بناسرێ. ئەو ژنانەی کە بەبێ شوو کردن منالیان دەبێ، دەبێ سەرجەم مافە فەردی و کۆمەڵایەتییەکانی دایکایەتییان بۆ دابین بکرێ. منالەکانیشیان دەبێ سەرجەم یاسا کۆمەڵایەتیەکان بیانگرێتەوە. پەیوەندیی تایبەتی ژن و پیاو جێگای رێزە و دەبێ لە هەر جۆرە دەست درێژی کردنێک پارێزراو بێت. دەست تێوەردان لە ژیانی تایبەتی ژن و پیاو لە لایەن هەر کەسێک و ناوەندەکانی دەولەتییەوە بە تەواوی قەدەغەیە.

**× لە بار بردن**

– کۆمەڵگای سەرمایەداری تەنیا دوو رێگای لە بەردەم ئەو ژنانە داناوە کە لە سەر ویستی خۆیان دووگیان نابن: لەناو بردنی کۆرپەلە و یان چوونە ژێر باری هەلومەرجی دژواری دەروونی، ئابووریی و کۆمەڵایەتی لە کاتێکدا ئەگەر بیانهەوێ کۆرپەکە بپارێزن. هەژاری و دەست تەنگی بۆ دابین کردنی ئابووریی منالان، کۆمەڵێک کۆسپ و تەگەرەی واقیعی و عەمەلی کە بەهۆی هەبوونی منال و چاودێری و پەروەردە کردنی، لەسەر رێگای بەشداریی ژنان لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووریی دا

